# ئەدۆنیس




ئەدۆنیس لە چەند تیۆرێکدا ■ تیۆری
پاشنوێگەری لە ئاسۆی شیعری ئەدۆنیسدا ■ لێکۆڵینەوە

بەرلین لەو بەیانییەدا ■ شیعر
گفتوگۆ
ئەدۆنیس
شۆڕش
حاڵەتی کانییەک
حاڵەتی کورسییەک
درەختی خەمۆکی
سەرەتای دۆستایەتی
سەرەتای ناولێنان
گۆرانییەک بۆ مانا
گۆرانییەک بۆ فاتیمە
حاڵەتی ساتێک
تاریکی خۆی چرایە



## ئەدۆنیس لە چەند تێزێکدا

١ـ ئەدۆنیس دەمانخاتە کەش‌و هەوای رۆشنبیرییەکی باوی جیهانی خۆمان‌و داوامن لێدەکا بە وردی لە سروشتی ئەو رۆشنبیرییە وردبینەوە. لەو زەمینەشدا هەوڵدەدا هاوتایەکی شیعری بۆ رەخنەی فەلسەفیی ئەم رۆشنبیرییە پێکبهێنێ.

٢ـ بە بۆچوونی ئەدۆنیس مرۆڤی عەرەب ئەمڕۆ لە تاکگەرایی خۆی داماڵراوە، بە رووی ئەویتردا ناوەستێتەوە, ئیتر ئەویتر شێوەی سیستەمێکی داخراو بێ، یان شێوەی کۆمەڵگایەك, هەر وەك چۆن لە رووی جیهاندا ناوەستێ، تاکە کردەیەکی چاکەی، کە بۆی ماوەتەوە چاکەی ونبوونێتی لە رەوتی کۆمەڵ ․رایەتیدا.

٣ـ ئەدۆنیس زۆر چاك دەزانێ بە بەردەوامی لەبەر هەڕەشەی ئەوەدایە ببێتە بابەتێکی فڕێدراو بۆ دەرەوەی خۆی. بۆیە پێمان رادەگەیەنێ هەر، کە هەست بکا بوونی مەوزوعی رێ لە جوڵەی خودخوازی دەگرێ سەر لە نوێ بەرەو جیهانی ناوەوەی پاشەکشێ دەکا.

٤ـ گەڕانەوەی ئەدۆنیس بۆ خودی خۆی سەرەتای سەرکێشییەکی (کێرکگاردیانە)یە بە مەبەستی داواکردنی تاکخوازی‌و بوون بە تاك.

بەڵام بوون بە تاك ئامانجێ نییە بۆ خۆیو لە خۆیدا، بەڵكو قۆناغێكە لەم سەركێشێتییەدا ناتوانێ دەسبەرداری بێ بۆ گەیشتن بە حاڵەتێ لە بوونی خودخوازی، كە هاوسەنگییەك لە نێوان سەربەستیو جوداخوازی لەوانی ترو كرانەوەیش لە تەكیاندا دروست دەكا.

٥- ئەوەی تێبینی دەكرێ، ئەوەیە، كە ئەدۆنیس هۆكانی نێوان خۆیو جیهانی دەرەوە دەپچڕێ (جیهانی شتە هەستپێكراوەكان)، كە هەڕەشەی ئەوەی لێدەكا بیكا بە شت، واتە كاری هەستی دەوەستێنێ تا بەرەو جیهانی ناوەوە پاشەكشێ بكا. بەڵام ئامانجی ئەم گەڕانەوەیە لە جیهانی دەرەوە بۆ جیهانی ناوەوە پاشەكشێكردن نییە لە جیهانی كار.

٦- بە خودكردنی جیهان لای ئەدۆنیس لەم وتەیەی ئەدۆنیس دا: "من فیزیای شتەكانم" دەگاتە ئەوپەڕی. پێویستیشە تێبینی بكەین بە خودكردنی جیهان لای ئەدۆنیس لە مەدلوولی تاكگەرایی بەتاڵە. ئیتر خود بە مانا ئیبستمۆلۆجییەكەی بێ یان مانا ئەنتۆلۆجییەكەی.

٧- لە پرۆسەی بە خودكردنی جیهانو شتەكاندا ئەدۆنیس (هۆسرلیانە) دەست پێدەكاو (نیچە)و یانەیش كۆتایی پێدێنێ.

٨- ئەدۆنیس بایەخ بە پەیوەندیی نێوان حەقیقەتو مەعریفەو سیستەمی هەڵقوڵاو لێیان دەدا. بەڵام ئەوەی بە لای ئەمەوە گرنگە، دروستبوونی ئەم پەیوەندییەیە لە ژێر سایەی رۆشنبیرییەكی دەسەڵات ئامێزی جیهانی خۆیو ئەنجامەكانیشی. ئەمەیش لە (فۆكۆ)ی جیادەكاتەوە، كە بایەخدەرە بە تێزێكی زۆر گشتییانە سەبارەت بە پەیوەندیی راستیو مەعریفەو دەسەڵات دوور لە رەچاوكردنی مەرجی رۆشنبیریی دیاریكراو لای مرۆڤ. رەنگە رێگای رێكخستنی پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتو راستی لە كۆمەڵگایەكەوە بگۆڕرێ بۆ كۆمەڵگایەكی تر.

٩- ئەدۆنیس هیچ گەردێكی لە چەمكی مەعریفەی رەهادا نەبینیوە, بەڵام لە بیری سۆفی وەرگرتووە, بە پلەی یەكەم, نەك لە فەلسەفەی هیگل. ئەم چەمكەیش رۆڵێكی زۆرو سەرەكی لە ئەزموونەكەیداو لەسەر هەموو ئاستەكان بینیوە.



بەرلین لەو بەیانییەدا

وەرگێڕانی : باوکی

دامون

سپیدە دەستی گرتمو سپاردمی بە ڕێگایەك یەكەمجارە دەیگرمەبەر, بە ڕێگا شەقامەكەم گوت فەرهەنگی وشە نوێیكانیم بۆ بكاتـەوە، كـە لـە نووسینەوەی نابێتەوە.. وشەگەلێ لە مەعدەن لە وێنەو شێوەگەلێكدا هەموو ناوچەكان پێیان پڕ دەبن, وشە گەلێ لە هیچ, بەڵام من هیچم لێ هەڵنەگرتن جگە لەوەی بەو بەرگە قایل بوو كە مرەكەبێك درووی‌و چنی ئێستا ئەم لاپەڕەیە بۆیە دەكات.

خەو پەنجەرەو ژورەكەمی بێداركردبووەوە, خەوتن بە پێی خاوس بۆ دارستانەكە دەرچوو. سەیرمكرد لە ڕێگایدا سڵاو لـە چلگەلێكی نیمـچە رووت دەكات. سڵاوی لە گیاگەلێ كرد لە چەند نوسینێكی تەمومژاوی دەچوون خۆریش لێیان ناگا.

سڵاوی لە كورسی تەختە كرد, لە كورسی بەردینە. سڵاوی لە چەند كونێك كرد نەمدەزانی باڵندە تیایاندا دەژین یا سمۆرە. سەری درەختـیش وەك چەند قەڵەمڕەنگێ دەركەوتن وێنەی فەزا بكێشن.

هیچ ڕێبوارێك لێی نەپرسیم: تۆ كێیت؟ لە كوێوە هاتوی؟ كاتێ خەریك بوو لەگەڵ پیرە پیاوێكی تردا بكەوینـە ژێر تایـەی سـەیارەیەكەوە كـە كتوپڕ كوێرانە دەرپەڕی. ئەم رووداوە تیشكێكی بۆ هەردوو چاوم هێنایەوە سەركێشانە لێیان دەرپەڕی‌و بە هەموو لایەكدا ئـاوارە دەبـوو. لـەو وەختەوە, هێمنانە چاوم دەگێڕا, تێبینی ئەوەم دەكرد كە بەراستی كتوپڕ تووشم بـوو: گۆڕگـەلێك كەوتبوونـە سـەر فـەزای ئـەم شـارە بـەرزو رازاوە, ئەم گەماڵە سەگە شپرزەیە لە چ شتێك‌و بە چ زمانێك بۆ دەڵە سەگی هاوەڵی دەدوێ؟

ئیتر دەبێ بۆ ئەوەی بگەمە ماڵی رونی‌و ئاشكرایی لەبـەر دەرگـای تەمومژ بگـەم لـەم شـارا؟ ئامێرێك تێپـەڕی‌و رایكـرد.. بـاڵای یاریكـەرێكی هەرزەی هەیە, ئەڵێی كەشتییەكی فەزاییەو بەسەر روخساری خاكدا دەفڕێ, .. ئەی ئامێر سەفای گیا لێڵمەكە.

ڕێدەکەم, لە تەکما یادو بیرم وەك ریزێکی درێژی ئەو کچە قوتابیانەی کە خۆیان لە قوتابخانە دەدزنەوە ڕێدەکەن. گەڵای گوڵگەلێك بەسەر شۆستەدا سیسدەبێتەوە, ئافرەتان, هاوشێوەی خۆیان, تێپەڕدەبن, بێئەوەی ئاوڕ بدەنەوە یان ئاخێك هەڵکێشن.

ئاونگی بەیان وەك چا لە فنجانێك دەڕژێ شێوەی چرۆیان هەیە, زۆرجار لە شێوەی ئەو گەڵایەدان کە بەسەر گەردنی ڕوەکدا شۆڕدەبێتەوە.

تیشکێکی ڕەنگ بزرکاو بەسەر شۆستەکاندا دەسوڕێتەوە ئەڵێی پاسەوانێکە زوو بێداردەبێتەوە.. پێڵوەکانی دەگلۆفێ, پێش ئەوەی شتێك بخوات.

وادەبینم لە هەموو گوڵێکدا ئامێرێکی سەیر هەیە دەستکردی سروشتە شیعر نەبێت هیچ نابێژێ.

بەڵام سروشت چ سودێکی هەیە گوڵو گیاو ڕووەك بە یەکەوە بگونجێنێ, یا لە نێوانیاندا کینە دابگیرسێنێ, وەك ئەوەی شاعیر بە وشەی دەکا؟ سروشت بۆ وادەکات لەچی ورد دەبێتەوە؟

گەرەکە ئەم دوو پرسیارە دەربارەی وشەکانی لە شاعیر خۆی بکەم, ئەوە بە توڕەیی وەڵام دەداتەوە: ئەی بۆ لە سرووشت ناپرسی؟ لەم کتێبەی کە سروشت دەینوسێ چەند هەنگاو و داس و تەور دەردەچن, ناشزانم بۆ کوێ دەڕۆن. سەیریش لەوەدایە پاشماوەیەك جێناهێڵن هەڵبگیرێت. لە هەموو گوڵێکدا دوو وشەم دەدی جودا نەدەبوونەوە: وشەی سوور, وشەی خەم. دڵنیاش نیم لەوەی ئەم خوێنەی لەم کیشوەرەدا دەڕێژرێ کاری بەم دیاردەیەوە هەبێت!

بەڵام تیشکی خۆر مێژوو لەسەر شۆستەو کێڵگەو بەردەم دەرگای ماڵاندا پاکدەکاتەوە, زەمەنی منداڵی بەسەر سنگییەوە هەڵدەگرێ, لەو کاتەدا دایکان سەر لە کوڕانیان دەدەن لە گۆڕستاندا, تا بە تاجە گوڵ گۆڕەکانیان برازێننەوە.

ئایا شیعر بەسیەتی هەر تەنها بروسکە لەناو وەختا هەڵکۆڵێ؟ بەسێتی هەر تەنها مەنفای خۆی لە شوێندا وەك پۆلێك پەپولە بەرەڵا بکا؟

بەڵام بە چ زمانێك پرسیار لە دارکەووت بکەم؟و لەسەر چ لایەکی سەرشانی ئەم باڵندە هەردوو باڵی ماندووم بکەمەوە؟

ئەی شیعر ڕوپۆش لەسەر چاوی خۆڵ لادە, قووڵ ئێجگار قوڵ دڵی مادە هەڵکۆڵە.

ئاواتەخوازی تەنها پارچەی مانا ببینی, سورانە پەرشبێتەوە وەك پارچەی ئەو عاشقە

خوداوەندی کلۆڵ ئورفیوس؟

دانپیادەنێم: نهێنیم بە تەواوی داپۆشیوم, نهێنیم لەوەدایە ئەویندارى دەکەم.

دانپیادەنێم: ئەوە منداڵیمە, نە بەهەشتو نە نازو نە نیعمەت! دەتدەم بە خۆما, تیادا دەتوێمەوە, ئەی گوڵاڵە سوورە, ئەی ناوەکەی ترم.

خەریکە ئێستا دڵنیابم لەوەی: شەو کۆیەو تیشکیش تاك.

نەخێر, ناکۆتایی لێرە یا ئەوەی پێیدەوترێ نەمریی چ پایەیەکی وای نییە بگاتە مەستیی (النفری) یا سەرسوڕمانی(المعری).

٧

# گفتوگۆ

لێرەدا بەیەك دەگەین‌و گۆرانی دەڵێین‌و دەنوسین

– ئەمە کەمە

دەڕۆین دروشم دەڵێین و هاوار دەکەین

– ئەمە کەمە

ڕێگا دەبڕین‌و هێرشدەبەین

– ئەمە کەمە

ئەم روخسارانە دەگۆڕین‌و ئەم تاریکییە رادەماڵین,

– ئەمە کەمە

{ ئەو, ئێستا, بەناو پارچەی تێکشکاودا تێدەپەڕێت‌و بە خەون‌و هەنگاوەکانی دەڵێ: ئەمە شیاو و تەواو نییە}.

جیابونیەوە

ژوانێکی دیمان دەبێت بۆ ئاخاوتن.



سەرەتای ناولێنان

هەموو شوێنێکمان ناونا شمشێرو

ئینجا کەوتینە بنیاتنانی مانگێك لە گفتوگۆ,

دارستانی سەر

هەسارەگەلێك لە شەوی وردە ئێسکوپروسك

مەملەکەتی شتەکانمان دامەزراند.



هێمایەکە, یا پردێك

بۆ هەرەسێك دێت

بۆ کۆتاییەکانی تر..

ئەم بەردە مەلەوانەی ناو سییەکانت هەڵئەمژم, و هەناسە

دەدەم.

ئەمە سییەکانمە

لە ئەولای تری یادگەمەوە.

تۆم لە دەنگی زیندووانا چڕی,

لە بێدەنگی مردوواندا هەڵمکۆڵیت لە لەهجەکاندا,

ڕێگاکاندا, لە هەموو فەزایەکدا, تۆم نوسی,

تا وشەکانم فریویاندام, خۆم بسڕمەوە..

ئەمە خۆڵەمێشتە؟ بەڵام ئایا هەموو خۆڵەمێشێك ڕوخسار

دروستدەکات؟

ئێستا تۆ ناناسم, پرسیارێك:

تۆ مرەکەبی یا لاستیکی سڕینەوەی؟

ناتبینم, ئێستا, تەمە:

ئایا تۆ دەموچاوی یا ئاوێنەی



## حاڵەتی کانییەک

ئەم کانییە دوورخراوەتەوە

بۆ تینویش تاراوگەیە ئەم ئاوە

لە وشەو شتەکاندا

ئایا کانیش ناپاکی دەکا,

ئایا ئەوەی سێتاری ئاو دەینوسێت

ئەم دەیسڕێتەوە؟

## حاڵەتی کورسییەک

چوارپەلن

بەڵام نازانم کامیان قاچن,

کامیان مەچەکتن,

ماوەتەوە گەواهی بدەم: تۆ خۆڕاگرتری لە چوارپەلی مرۆ, تۆیش نەمرتری.



ئەدۆنیس

وتی: ئەم درەختە جارانی منداڵیم چۆن بوو هەروا ماوە.

ئەو ڕێگایانەی دەچنە سەری کتێبن, کێڵگەکانیش وێنەن.



## درەختی خەمۆکی

پەڕەیەک دێتە پێشەوەو لە چاڵی نووسیندا ئیسراحەت دەکا

گوڵی خەمۆکی هەڵدەگرێ

بەر لەوەی ئاخاوتن ببێت بە رەنگ لە توێکڵی تاریکیدا زاوزێ دەکا

پەڕەیەکی گەشتیار پێشەکەوێت سەر لە زەمینی غەرابەت دەدا

دارستان دوای دارستان

پەڕەیەک گوڵی خەمۆکی هەڵدەگرێ..



سەرەتای دۆستایەتی

لە دوو هەزاردا..

مەبەستم ئێستایە, مەبەستم سبەی, یا دوو سبەی بوو, بۆ خوانی خۆم داوەتت دەکەم

خۆرو ئاوو گیا دەبنە میوان

شەڕ لەسەر ئەوە دەکەین: چ خ‌ـ‌ ێکمان توندترە..

لەژێر ئاسمانی شیعردا ئاشتدەبینەو,

مەملەکەتی دوو دژ رادەگەیەنیز

یەکێتی دوو دژ رادەگەیەنین.



## گۆرانییەک بۆ مانا

ئەمە نە زەمەنی سەرەتاو نە دوا زەمەنە
روباری برینە لە سنگی ئادەم هەڵدەقوڵێ,
ماناکەی بە زەویدا رۆدەچێ,
خۆریش بە وێنەی ئاشکرایەتی.

## گۆرانییەک بۆ فاتیمە

فاتیمە
مانگی ساردو بێداری یاخی بوو لە بورجەکەی دادەگرێت
هەنگاوەکانی بەرەو ماڵی خۆی دەبات
تا بیکات بە هاورێی منداڵە نوستووەکەی.

## حاڵەتی ساتێک

ساتێک
لە شوکردنی شارو رەتکردنەوە لەدایکبوو
هێنام بۆ فەزای خۆم, ئەنگوستیلەکەم پێبەخشی, هەر کە زەوی تەنگبوو, بێداریدەکەمەوە ئێستا ئەو لە خۆشی ریتمی خۆیدایە ئێستا ئەو لەگەڵما دەژی.



تاریکی خۆی چرایە

**وەرگێر: ئاوات حەسەن ئەمین**

هەوڵێ بۆ خوێندنەوەی تابلۆ, سڵاو بۆ زیاد دلوول:

(١)

بە دوای شتێکدا لە یەکەم جێگایدا ئەگەڕێ

ڕەنگەکانیش بەرز ئەبنەوەو

دائەبەزنە سەر میعراجی ڕووناکی..!

(٢)

شتەکان نین, کە منالْییاز ئەگێڕنەوە.

منالْیی خۆی ئەیگێڕێتەوە.

(٣)

دەستی ڕووناکیی شتێ لە شەو دەرباز ئەکاو

بە ئاوی کازیوە ئەیشواتەوە.

(٤)

ڕەنگێکی وەکو شەو ڕووناکی ئەپۆشێ

ڕەنگێکی وەکو ڕووناکی شەو ئەپۆشێ.

(٥)

قسە لەگەڵ ئەم کورسیەدا بکە

گوێی بۆ ڕاگرە

باسی ئەو دارە ئەکا لێوەی هاتووەو

سەربردەی ئەو خۆڵەی پەیوەستی بووەو

سەربردەی ئەو لەشەی لە ناویا شناوەتەوە.

(٦)

ڕەنگەکان سەرچاوەن

هەندێکیان خەون و
هەندێکیان تیشکن،
پاشماوەکانیشیان
چەند پرچێکی درێژن.

(٧)

چەند خۆشە جێو بانی ژوان
لە نێوان رەنگ و شتەکان و
شتەکان و شتەکانا.
لەو نوێنانەوە ئارەق ئەتکێ
وەکو ئەوەی ئارەقی
کارو ماندوێتی و سۆز بێ.

(٨)

شت درووستبوونی و رەنگبوونی
سەراب و ئاوە.. لە یەک کاتا..!

(٩)

بۆچی هەندێ جار
شتەکان وا دیارن، کە بەسەر چوون؟
وەکو ئەوەی ئەوان
واتای شتە بەردەوامەکان بدۆزنەوە.

(١٠)

شتەکان ئاوێتە ئەبن.. زاوزێ ئەکەن
تایبەتمەندێتییان ئاڵوگۆڕ پێئەکەن.
بۆشای.. شێوەی پری هەیە،
لە ساتێکا، کە خوێن لەبەر شوێن ئەڕواو
بێدەنگیش بۆ خۆی دەنگێکی ترە..!

(١١)

شێوەی ژنێ لە جێگایەکی نەبینراوەوە هەڵدێ
پرچەکانی تەسلیم بە هەستی جێگا ئەکا
بیرەوەری و راستی لە یەک لەشدایە،
ئای چەندە بە ئاسانی روو ئەدا..!

(١٤)

ئەندێشە بەخەبەرەکان
بەیانیان لە خەو رائەبن،
هەر نەخەوتوون!
لێی نزیک ئەبێتەوەو تێی ئەفکرێ
خەریکە بەری بکەوێ و
هەر بەخەبەرە.
بێ کۆتاییە نەخەوتن لە ماڵی رەنگەکانا!

(١٥)

رێکخستنێکی پتەو لە ئاوریشمی لیبوردنایە.
نەبینراویش کتێبێکە
لە دەستی بینراوا..!

(١٦)

گۆڕەپانی رەنگەکان وەک دەریاچەیەک وان،
کە بەلەمی تێڕوانینیان تیایا سەر ئاو کەوتبێ،
رووناکیش لە ئەژنۆکانی ئەوا
لە پێچراوەیەکی رەشدا ئەبریسکێتەوە
(تاریکیش خۆی چرایە..)

(١٧)

پەڵەیەکی زۆر لە بۆشاییەکی تەنکا
وەک باڵ وایە بەسەر تەما
بشنێتەوە.

(١٨)

ئەمە مەرەکەبی منالیە
جیهان شەقامێکە لە رەنگەکان
ماڵی گەردوون بە بارتەقای نابێ
چەندین رەنگ لە دەرگاو پەنجەرەکانیەوە دزە ئەکەن
تا لە ئاهەنگی بووکێنیی بیرەوەریا
بەشداری بکەن.

(١٩)

زۆرجار ئاڵای کاکل
بەسەر ئاڵای توێکڵا زاڵە.

(٢٠)

مادە.. پیاسەیەکی رۆحیە.



## پاشنوێگەری لە ئاسۆی شیعری ئەدۆنیسدا

لە راستیدا چامەی نوێ لە بنەڕەتدا پەرچە کرداری بووە، کە دژ بە هەموو پێوەرەکانی سەدەی حەقدەیەم پیادەو بەرجەستە بووە. دیارە دەشێ ئەمەش شێوەیەکی نوێ بێ بۆ شیعر.[1]
هێشتا شەپۆلەکانی وتاری نوێگەریی رۆژئاوا نەیدابوو بەوکەنارەدا کە چاوەڕوان دەکرا. هەر ئەو کاتە زەینی ئەو کەسانەی پێوەی خەریکبوون هەروەها ئەوانەیش کە نەخشەکێشەرانی باڵەکانی بون لە ئاسۆی فەلسەفیدا هەڵگیرساو دەسکەوتەکەی رەتکرد، بەر لەوەی ماوەیەکی وەهای بۆ برەخسێ، کە بنجی پێ داکوتێو هەڵی سەنگێنێ، تاکو بتوانرێ دادگاییەکی مەوزوعی بکرێ
کاتێ، کە رۆژئاوا لە سەرەتای پەنجاکاندا بە هۆی ئەوسەرکەوتنە گەورەیەوە سەرسامو دڵخۆش بوو، کە گەیاندییە دەروازەی نوێگەریی رۆژئاوا، هەر وەك پەرۆشو تامەزرۆی ئەوەش بوو، کە باڵای بە نیشانەی رێچکەشکێنی برازێنێتەوەو مەدالیای پێشەنگی بە بەرۆکیدا بکاو پشتگیری بۆ رۆڵی مێژوویی خۆی دەستەبەر بکا. هەر ئەو کاتەش رۆژئاوا خۆی نوێگەریی رەتکردو بەرەو پاش نوێگەری کەوتبووە رێ.
هەرچەند لەوێدا ناکۆکی هەیە لە بارەی رێچکەشکێنیی و دیاریکردنی دامەزرێنەری تیۆرەدا، بەڵام دەکرێ بڵێین دامەزرێنەرانی نوێگەری و پیشەنگانی ئەم بیرمەندانە بوون: وەك: (ئارنوڵد توبینی)و (چارلز ئۆلسن)و (لیزلی فیدلەر).

هەرچەندە پێویستە ئەوەش بزانین، کە لە خوێنەری ژیرو کارامەو پشوودرێژ شاراوە نییەو دەتوانێ هەر لەو بەرهەمانەی داهێنەرە بلیمەتەکانی پێشین، کە لە نوێگەریدا دەستەبەریانکردووە، درك بە پێشبینیەکانی پاش نوێگەری بکا, لە بەر ئەوەی هەندێ لە بلیمەتە بەهرەمەندە داهێنەرەکانی عەرەب ئەزموونە نوێگەرییەکانیان زۆر بە راشکاوی رەتکردنی نوێگەرییان گرتبووە خۆیان، یان بڵێین رەتکردنی نوێگەری لە هەناوی ئەزموونەکانیاندا بەدی دەکرا. جا لێرەدا بە شوێن دیاریترینی ئەو پایەو بنەمایانەی پاش نوێگەریدا دەگەڕێنو دیاریان دەکەین، کە لە بەرهەمەکانی ئەم دواییەی (ئەدۆنیس) دایە. لە دیوانی (احتفاو بالشیاو الغامچه الواچحه) بە پێی ئەو مەرجو پایە فەلسەفیانەی، کە بۆ ئەم تیوورە دیاریکراوەو دانراوە: <u>یەکەم: رزگاریی رزگارکردن:</u>
لەدایکبوونو سەرهەڵدانی چەمکی پاش نوێگەری وەك پەرچەکرداری بەرامبەر بەو بەرهەمە داهێنراوە نوێگەرییە وابوو، کە چەقی لەسەر ئەوشتانەدا بەستبوو، کارڕایی لە ئازادکردنی مرۆڤ لە هەموو ئەو خەیاڵو وەهمانە دەکەن، کە لە دەرەنجامی تێڕوانینی رواڵەتیدا بۆ ئەو ئەزموونو دیاردانە دروستبوونو هاتوونەتە ئاراوە. دواتر بە گشتی کردنیان وەك سنوورو پێوەرگەلێكو چەند ئاسۆیەك، کە لایەکی گرنگ لە چنینو دروستکردنو خولقاندنیان پێك بهێنن. بە شێوەیەکی وەها، کە نوێگەری وەها لێبکا پەردە لەسەر ... کەلەپچەیی هەڵمالێ. با دیاریدەیەکی کودتاگەریش بووبێو هاوکات بووبێتە هۆی زیادکردنی کۆتو پێوەندو چەوساندنەوەی بە هۆی توندو تۆڵکردنی ئەزموونی سەردەمی

١- سوزان بیرنارد.

خۆی لە لایەکەوە وەک بوونێکی گشتیو لە لایەکی تریشەوە بەرزنرخاندنو پیرۆزکردنی دەسەڵاتی ئەو راقە عەقڵانییە بە یاسا کراوە، کە لە ناخو گەوهەرو قووڵاییدا لە سەر بنچینەی ئەو دۆزە تیوورییە بنیاد نرابوو، کە شیاوی ئامادەیی ئەوەی تێدا بووە بە شێوەیەکی باڵایی وەها گەشە بکا، کە نوێگەری بگەیەنێتە ئاستێکی وا ملهوڕێکی کۆتو زنجیری نوێ بخولقێنێ، کە هیچ گوێ بە بەردەوامبوونی گۆڕانو وەرچەرخاندنەکان نەدا.

جا ئا ئەمە ئەوە بوو، کە ڕێگەی بۆ لەدایکبوونی ئاسۆی پاش نوێگەری لە پێناوی ڕزگارکردنی ئەم ڕزگارکردنەدا خۆشکرد. ئەدۆنیس لەم رووەوە سنووری گرێکوێرەکانی عەقڵانی هەڵدەوەشێنێتەوەو تیکیاندەشکێنێ، هاوکات قۆناغی کاریگەریشی دەخاتەڕوو، هەر وەک شوناسنامەکەیشی ڕزگار دەکا لە شوێن پەنجەکانی دەسەڵات: "بنەماکە هەمیشە دووبارەبوونەوەی ئاوازەیە، بەردەوام دەریا مەستو سەرگەرمە، لە بەر ئەوە هەرگیز نابینین بووەستێ." هەروەها دێو خوێندنەوەی ئەو کردارە دژگەراییەمان بۆ دێنێ، کە ڕزگاریی ڕزگارکردنی لەسەر دامەزراوەو دیاریشی بۆ ئاسۆکانی گۆڕانی شیعری ڕزگاری ئەمەیە، کە لای خوارەوە پێشکەشیان دەکا.

هێڵی عەقڵانی:

ئەدۆنیس سەرکەوتن لە بنیادنانی هونەری شیعرەکانیدا بۆ ئەو ڕۆحەی بەدەست دێنێ، کە لە داهێنانە بەردەوامەکەیدا هەمیشە پرشنگ دەداو دەدرەوشێتەوە، بە بێ یاسایەکی عەقڵیو بە بێ مەرجی ئەو سنوورانەی وابەستەن بەزەمەنێکی دیاری کراوەوە. بەڵێ ئەوە شیعرە، کە خەونەکانی بوونگەری دامەزاراند، ئەو بوونگەرییەی بە بەردەوامی خولقاندنو وەرچەرخاندنەکانی لەدایك دەبن: "عەقڵ بە دەورماندا دەسووڕێتەوە، دڵیش لە بەردەمماندا ڕێ دەکا، شێتیش منداڵییەو لە باخچەی عەقڵدا جوانترین یاریی خۆی دەکا." لە ڕاستیدا عەقڵ لە ئاسۆی شیعری (ئەدۆنیسی)دا کۆتو زنجیرو چەسپاندنە، بەڵام ئەوەی گێتی بە هەوێنی ژینی کڵپەدار بنیاتناوە، گۆڕانو نوێبوونەوەو وەرچەرخانی خاوەن ماهییەتی بەرهەم هێنەرە بۆ گەردوون، ئەوە یاری کردنە لە باخچەی عەقڵدا بۆ ئەوەی بتوانێ بە هەموولایەکدا بڕواو بپەڕێتەوە. عەقڵ چالاکییەکی جیاکارە بۆ ئەو وێناگەلانەی، کە دایاندەمەزرێنێو پەیڕەویی سەرگەرمیو مەستیی ڕەزامەندیی بە ئامادەکردنی، نەك بە ڕەتکردنەوەو لەتکردنی.

دژە بنەچەکان (چد الاصول) هەرچەند، کە نوێگەری کردارێکی کودەتایی ڕاشکاو بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکەوتە دابڕان لەگەڵ رابوردووو ریشەکێشکردنی. واتە نوێگەری وابەستەبوو بە وەرچەرخاندنەوە، تا وای لێهات بووە بوارێکی ئازاد بۆ گۆڕان. وەرچەرخان بەڵام هێندە هەبوو، کە لە گەشتی ڕێکردنو گۆڕانەکانید بنەمایەگەلێکی بۆ ئەو وەرچەرخاندنانە دامەزراند، کە لە ئەنجامدا چەسپانو نەگۆڕییەك پەیدابوو، کە دەسەڵاتی بە سەر وەرچەرخاندا سەپاندو شەتەکیداو دەوری گرت. ئەوە بوو، کە دواتر (پاش نوێگەری) هات بۆ ئەوەی تەنانەت دژی ئەو بنەچانەش بوەستێتەوە، کە دەسەڵات بەسەر وەرچەرخاندا دەسەپێنن: "تۆ چەند کەسێکی لە یەک کاتدا شتێ دەڵێیتو دژەکەیشی دەڵێی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تۆ (موتەناقز) ناهاوجۆر نیت, گرنگی بەوە نادەی، کە ناونراوە ڕاستیەکان، بەڵکو ئەوەی مەبەستتەو گرنگیی پێدەدەی دەرکەوتنی چرکە ساتەکانی نەبوونو گومانو سەرسامیو سەرگەردانییە، کە ڕووبەڕووی حاڵەتەکانی بوون دەبنەوە. خوێنەری خۆت بۆ کەشێ لە نەبوون تووڕ دەدەی، نەك نەبوون بەو سیفەتەی سیستەمێ بێ، بەڵکو بەو سیفەتەی، کە کەشو هەوایەکی جیهان بێو چەژو خۆشیی بزاڤتو جوڵانیشی هەبێ." ئەو وێنایە کارو کرداری داهێنانە بە لای (ئەدۆنیس)ەوە، هەر وەک بوونی شێتی، چونکە (ئەدۆنیس) وەك خۆی دەڵێ: "من تەنها ئەو شتانە بنیاد دەنێمو دایاندەمەزرێنم، کە دەتخەنە گومانەوەو هەڵتدەوەشێننەوەو ڕووخێنەرن."

دووەم: ڕەتکردنی خورپە:

نوێگەری سەری بە دیواری تێزەکەی خۆیدا دا. بەڵێ ئەوەی، کە وەك کەشو هەوایەکی لەواو دەیبینی بۆ بەرزبوونەوەو سەولگرتنو سووڕانەوە، ڕووبەڕووی بۆوەو سەری پیاداو دەرکەوت، کە دیوارێکی پتەوەو زۆر زیادەڕەوی لە بەرزکردنەوەیدا کراوە, بە جۆرێ هێندە بەرزبۆتەوە، کە واقیعی ڕەتکردووە بە لادانو مەیلکردنی بۆ لای زەینییەتی ئایدیالیستی سوریالی. جا لەو قۆناغەدا دوای پاشنوێگەری باشترین دەرو ڕزگارکەری مەوزعی بوو, واتە هاوکێشەیەکی تەواو مەوزوعی بوو لە ڕووی بنیادو دەست بەکارییەوە. ئەمە دژی واقیعی نەگۆڕو ڕەتکردنی ئەم خورپەیە بوو بە ڕێکردن بەرەو خەیاڵدانی واقیعو مەوزوعییەتی خەیاڵی. ئەگەر واقیعی ئێمە کەسێ بووایە، قبووڵی نەدەکرد لەو وشانەدا دەرکەوی، کە لە بارەی.

جەستە خەیاڵ
لە جوانترین خانویدا
نیشتەجێ دەبێ
خەیاڵ یەسنایەکە،

کە ناتوانین بەجێی بهێنین لە ماڵی واقیعدا نەبێ. خەیاڵ دەنووسێ، بەڵام تەنها واقیعەکە دەیخوێنێتەوە.

لە راستیدا شێوەی مەعریفی لە ئاسۆی (ئەدۆنیسی شیعری)دا بونیادێکی مەعریفییە. دواتر واقیع مەعریفەیە، کە شێوەی خۆی وەبەرهەم دێنێ، واتە خەیاڵدانی واقیع. ئەمەش مانای ئەوەیە، کە پاش نوێگەری لە تۆمارگەرییەتی واقیع، هەروەها لە مێژووگەریدا. ئەو چرکەساتە پێکەوە ژیانەیش قوتاربوو، کە لە پرێکدا نوێگەری سەری بەرێکەوت، هاوکات لە فەنتازی خەیاڵو زەینییەتی شکۆمەندیو جوامێریش رزگاری بوو.

سێیەم: وەرچەرخاندنی واتا:

پاشنوێگەری لە هەوڵو تەقەلای ئەوەدایە، کە پایەکانی نوێگەری برمێنێو تەختو تاراجی تێك بدا. دیارە ئەمەش لە رێگەی لەنێوبردنی نەگۆڕیی واتاو نەهێشتنی نوخبەیەتیو سڕینەوەی پیرۆزکردنی زەینیەت ئەوە بوو، کە کردارێکی دژایەتیی شان بەشانی بنچینەکانی نوێگەری دامەزراند.

لێرەدا دیارترین وێناکانی پاشنوێگەری لە دوای نوێگەری دەخەینە بەرچاو، کە لە دوای رووکارەوە رووکارەو هیچی تر نییە، تەنها رۆژانەو ئێستاو واقیعو پەراوێزبوو نەبێ. بەرهەمی شیعری لە رووی داهێنانەوە بە خودی خۆی راوەستاوە: "بە راستی ئەستێرە لە کێڵگەی چەرخدا بەردە/ ئاواز بۆ گوێیە/ رەنگ بۆ چاوە. لە لای خوارەوە بە خێرایی دیارترین وێناکانی ئەم کردارەی دژی نوێگەرییە دەخەینەروو:

١ - دژی دوالیزمەکان:

چیتر ئەوە نەما دوالیزمەکان بەخشندەو چاوگەبن بۆ بنیادنانی کاری پاشنوێگەری وەك ئەوەی لە سەردەمی نوێگەریدا بوو. ئەو دوالیزمانەی، کە لە بازنەو سنووری دەسەڵات دەرنەدەچوون، ناشرین کرانو لە نێو چوونو پووکانەوە، وەك گرنگو ناگرنگ، بنەچەو لق. هەر وەك پاشنوێگەری هات هەرەمی بنیادی پێکهێنەریشی رووخاندو هەڵیوەشاندەوە. واتە پاشنوێگەری بونیادێکی فەزای پرسیارئامێزی کاملە بە نوێبوونەوەو لەدایکبوونی بە بەردەوامی، وەك کۆمەڵێ تێروانینو دیدی کراوەو تیشکرێژ وایە. (ئەدۆنیس) لە رووی خستنەرووی بونیادی گشتیی فرەپەیوەندی لە پێکهێنانی بەردەوامیدا دەڵێ: "لە ناهیچ دادەبڕێمو جیادەبمەوەو دەبمە تەوەر لەگەڵ گشتیدا."

دارستانی پەیوەندییەکان بێ سنوورن. ئەوەی، کە لە نێوان منو ئەو بیابانەدا درێژدەبێتەوە، واقیعە. لە راستیدا کرداری شیعری لای (ئەدۆنیس) لە رێکردنی کردارو دروستبوونیدا لە دەست ئەو دروستبوونە دوالیزمییە قوتار دەبێ، کە پەیوەندو زنجیرکراوە بە مەرجییەتی جەمسەرگەرێتیی دەسەڵاتدارو میکانیزمی بونیادنانی هەرمییەوە. ئەمەیش لە رێگەی خستنەرووی پەیوەندگەلێکی وەها، کە ئەو مەرجانەیان هەڵوەشانۆتەوەو ناشرینیانکردووە.

ب - دژی گشتگیریو دروستبوونی کەرتو پەرتبوون. پاشنوێگەری گشتگیری لەتکرد، هەروەها ئەو تێروانینە بتایەتییەش، کە نوێگەری خولقاندی، بۆ ئەوەی وەك بت بپەرسترێ، ئەو تەسەوفە خۆراییەشی لە تاریکی وەهەمدا سیسو وشك کرد, چونکە نوێگەری لە هەناوی خوێنی خۆیدا مندال بووەوە. ئەوە بوو پاشنوێگەری هاتو دیدو تێروانینی گشتگیریی گوری بۆ تێروانینی کەرتو پەرت ، هەر هەمووی پارچە پارچەو کەرتو پەرت دەبێ, بە دوو کەرتبوونێکی بەردەوام.

(ئەدۆنیس) کاتێ باس لە دروستبوونی کەرتو پەرت دەکا وەك جەمسەرێ بۆبنیادنانی تێروانینی شیعری:

"مەستیی تەقینەوەکان تاقیکەرەوە،
مەستیو سەرگەرمیی دەنگدانەوە
رووی خۆم مەرەخەس دەکەم
لەفەزای گریمانەکاندا."

ئا بەم جۆرە ئاسۆی (ئەدۆنیسی شیعرییەتی) خۆی دادەهێنێ لەسەر تیشکی پرشینگدار بۆ تێروانینی ئەو برینەی لەسەر بەردەوامی نوێبوونەوە دادەمەزرێ، نەك لەسەر چەقبەستنی نەگۆڕی، یەکبوون یەکبوونی نایەکبوونە. بەڵێ داهێنانی (ئەدۆنیس) فەزای کەرتو پەرتبوونو خودی برینە بە بەردەوامی. ئاماژەیەکی گرنگ هەیە لە کۆتایی ئەم گەشتە کورتە سەرپێییەدا، کە لە دەرکەوتنەکانی پاشنوێگەری لە ئاسۆی (ئەدۆنیسی شیعریدا) دەردەکەون, ئەوەیش ئەوەیە، کە خوێنەری دارشتنە دواییەکانی دیوانی (احتفاو بالأشیاو الغامچە الواچحە) درك بەو تێکەڵاوکردنو ئاوێتەبوونە دەکا، کە لە نێوان چەمکی نوێگەریو پاشنوێگەریدا لە نێو چامەکانی ئەو دیوانەدا دەردەکەوێ.

لە راستیدا پاشنوێگەری لە ئاسۆی (ئەدۆنیس)دا لەدایك بووە، وەك تیشکدانەوەو دەرکەوتنێ بۆ نیشانەی داهێنانی هونەری لە رێگەی رەتکردنە بەردەوامە یەکبینەکانەوە لە شیعری (ئەدۆنیس)دا. وە نەبێ لە رێگەی رێککەوتنو راپێچکردن لەگەڵ پایەو بنەمای فەلسەفیو تیۆریدا سەری هەڵدابێ، نەخێر، بەڵکو ئەم بە پێچەوانەی ئەوەوەیە، کە بە رێکەوت لە رۆژئاوادا روویدا. بەڵێ بە راستی ئا ئەوەیە هەڵکەوتنو بلیمەتیی داهێنانی راستەقینە



# سەرەتاو چاوێکی ڕیش سپی

## موحسین ئەدیب

MOHSIN ADIB

شیعر

پێشکەشە بە: گیانی زیندووی باوکم

بە ئەندازەی مەستیی ئاو
چاوەکانت ببڕە ئاسۆ
نیگاکانت لە بناری چاوێکی ڕیش سپیدا کۆکەرەوە
لەگەڵ ئاوازی هەناسەکاندا
هەوڵ بدە گۆرانی بۆ توتە بچڕی
بکۆشە بە تەنیشت بارانەوە
لەگەڵ شیعرەکانی سەمادا ببنەوە قەترەیێ لە بوون
هەوڵ بدە پڕپڕ بی، یان، خاڵی خاڵی
پڕبوون پڕێتی لە شیعر.. لە نیگا
پڕپڕە لە وەرین.. لە سەما
خاڵیبوون پڕێتی لە عەشق، لە ئامێز
پڕبوون بارینە
خاڵیبوون کریستاڵ
هەوڵ بدە پڕپڕ بی، یان خاڵی خاڵی
خاڵیبوون پڕێتی لە سەرە داوەکانی سەرەتا
خاڵی خاڵییە لە پێ شەقو پەقەکانی پیری
با بگەڕێینەوە بۆ سەرەتا.. بۆ خاڵیبوون
ئەوەی وانە کریستاڵیەکانی خاڵیبوونی
حەرف.. حەرف حونجە نەکردبێ
ئەستەمە لە ئاوازی ترپە ترپی دڵی پڕبوون حاڵی بێ
مەحاڵە بێ حاڵیبوون لە باو بۆران
لە تورەیی وەرزە بێ زمانەکانی سەرەتا
بمانەوێ لە حیکمەتی گوێ ڕایەڵی ئاو بۆ جۆگەو ئاوارەیی ڕووبار
بگەین
دەبێ لەو حاڵی بین
سەرەتاو نیهایەتی هەموو وەرزەکان
چیرۆکەکانی پڕبوونو خاڵیبوونمان بۆ
دەگێڕنەوە..!
هەوڵ بدە..
بەر لەوەی لەگەڵ شیعردا زەماوەندکەی
بەدەستو پەنجە نەرمەکانی ئاو
کریستاڵێ لە پەڕەکان بچنی
ئێمە بۆیە دەنووسین..!
چونکە پڕپڕین لە دونیاو
خاڵی خاڵین لە خۆمان
ئێمە بۆ ئەوەی مانایەك بدەینە خاڵی بوون
دەبێ تەڕبینو بڕژێینو
فنجانە نێرگزیەکان توورەکەین
دەبێ پڕبین
پڕبوون پڕێتی لە ڕژان.... لە هەوڵدان
بۆ مەحو کردنەوەی تەڕی

دەبێ هەوڵ بدەین..
بەر لەوەی تەڕبین
خۆمان فێری ئاوازەکانی گۆرانیی ئاو بکەین
چۆن دەکرێ ئاو زیندانی بکەین و
ئاو دەستەمۆ بکەین و
گوێ لە موعاناتەکانی کانی
نەگرین؟

لەوانەیە لەو چرکەیەی باس لە پڕبوون بکەین
خاڵی ببینەوە..
دەشێ ئەو کاتەی باس لە خاڵیبوونەوە بکەین
پڕببینەوە..
ئێمە بەر لەوەی پڕبین لە حەرف..
خۆمان لە دنیایەک ڕستەی لاڵ خاڵی کردەوەو
دەبوو بەر لەوەی سەفەرکەین..
تۆزو گەردی ژێر پێی دەرسەکانی هەنگاومان
حونجە بکردایە..
گەرەک بوو..
بەر لەوەی بنووسین
حسابمان بۆ کوژانەوە بکردایە
کوژانەوەو کوشتنی ئەو ڕستانەی نەدەبوو بێنە بوون
تا ئێمە نەبینە قاتیلیان
ئێمە هەر
لە سەرەتاوە نەدەبوو
بە گوێی ئەو مامۆستایانە بکەین،
کە لەپێناو
بە ڕەشهێشتنەوەی تەختە ڕەشەکانی هاوڕێمانا
ئەمری کوشتنی ئەو پیتانەیان پێدەکردین،
کە بە چ حاڵێ بە دارشەقەکانی پەنجەمان
فێری نووسینەوەیان بووبووین
ئێمە نەدبوو هەر
لە سەرەتاوە ڕازی بووینایە ئەو ماچانەمان
بەسەر ڕوومەتی تەختە ڕەشەکانەوە
مەحو.. کر.. دا.. یە.. تە.. وە،
کە تەباشیرە عاشقەکانی پەنجەی ئێمە
لە مێژووی بەرائەتی خۆیاندا تۆماریانکردبوو..
ئێمە دەبوو
لە تەباشیرەکانەوە فێربووینایە
چۆن لەپێناو حەرفدا ببینە قوربانی چاوی نووسین!
لەپێناو سپیکردنەوەی ڕەشاییەکاندا
خۆمان خاڵی کردایەتەوە.............
نەوەک لە مامۆستاکانەوە
فێری فرێدانی تەباشیرەکان بووینایە
چاوە ریشسپییەکان پێمان دەڵێن:
" ــ ئێمە نابێ بنووسین، گەر بیرمان لە سڕینەوەی هەناسە لێو تەرەکانی ڕوومەتی پەنجەرەکان کردەوە، دەبوو بەر لەوەی هەناسەکانی چەند حەرفێ لە گۆڕستانی وشەیەکدا بنێژین."
لە فەلسەفەی سەرەتاکانی حەرف... بگەیشتینایە..
حەرف..... بەستەزمانترین مەخلوقە.....
لە بریی ئەوەی لێیەوە فێری وانەکانی پڕبوون بین..
پێیی جەنجاڵبووین
ئێمە لە بریی ئەوەی پڕبین.... جەنجاڵبووین
لە بریی ئەوەی خاڵیبین.... پووچەڵبووینەوە
ئێمە گەر بە گومان نەبووینایە
لە زیندوویی شیعرەکانمان..
بۆشاییمان لە جوگرافیای دەقدا بەجێ نەدەهێشت....
موجامەلەی
پرچی فاریزەو
مەمکی نوقتەمان نەدەکرد
گەر چاوێکمان بە مێژووی لاڵیدا بگێڕایە
هەرگیز هاوارەکانمان لە ژێر چنگی ئەو گەڵایانەدا
کپ نەدەبوونەوە،
کە ئیحتیلالی ڕوومەتی شەرمنی ئاویان کردبوو
هاوار لەگەڵ مێژووی لالی ئاودا... سەرهەڵدەداو
لەگەڵ لەدایکبوونی دەنگی شەلالەکانا

بالآ دەگرێ  پڕبوون پڕێتی لە ئاوو
خاڵیبوون پڕێتی لە ئاگر
ئێمە
بۆ هێورکردنەوەی ئاگرە شەهوانیەکانی خاڵیبوونو
ڕۆشنکردنەوەی ئاوە عەییارەکانی پڕبوون
پێویستیمان بە کریستاڵێك هەیە
بە هاوارەکانی ئاگر نەڕەنجێو
بە هەناسە لێو تەڕەکانی ئاو نەتۆرێ..!
بۆئەوەی لە حیکمەتی گریان بگەین
گەرەکە لە نێوان ئەشكو چاودا
مەسافەیەك بۆ ژوانی برژانگەکان بدۆزینەوە
بۆ ئەوەی جەستەی جگەرەیەك
لە پەرستگای مێژووی دووکەڵدا نەچەمێتەوە..!
گەرەکە بە جۆرێ دی
ماچو لێوەکان بخەینە رستەوە
ئێمە دەبوو
پەیوەندییەکانی نێوان
لێوو وتنمان،
پەنجەو نووسینمان
راڤە کردایە،
بەر لەوەی باس لە دوژمنایەتیی نێوان
لێوو نووسینمان..
وتنو پەنجەمان
بکردایە.
کێ دەڵێ
جیاوازی لە نێوان ماچو نووسیندا هەیە؟!
لە نێوان لێوو پەنجەدا..؟!
کێ دەڵێ
پیتە شەهیدەکانی سەر ڕێگای تەختە ڕەشەکان
دەستیان لە درووستکردنی مێژووی تەمو
شۆڕشی دووکەڵدا نییە؟
کێ دەزانێ..؟
تەڕیی ماچ.....

دەچێتەوە سەر کام لە وەچە عاشقەکانی ئاو؟
ئەو تەتەرانە کێبوون؟
دەیانویست خەبەری بەشەڕهاتنی ئاوو پەنجەمان، پەنجەو
شیعرەکانمان پێ رابگەیەنن؟
چەند درۆزن بوون ئەو تەتەرانە
کاتێ باسی
کێشەی نێوان تەڕیی لێوو کوڵمی ئاویان بۆ دەکردین
کێ دەتوانێ
بمانگەڕێنێتەوە سەرەتای مێژووی تاقگە
سەرەتای زەماوەندی ئاو لەگەڵ دەنگ
سەرەتای بەشەڕهاتنی ئاو لەگەڵ ڕەنگ
کێ دەڵێ
رووبار خۆدزینەوەی بەردەوامی ئاو نییە
لە نێرگزێتیی ڕەنگەکان؟!
ئاو دەیەوێ بە ئاوی بمێنێتەوە...
بۆیە لە (سەرەتا)و (چاوە ڕیش سپییەکان) نەبێت
بێباکە لەهەموو شتێ..
بەتەنها چاوە ڕیش سپییەکان ئاگاداری مێژووی
زەماوەندی نێوان ئاوو دەنگن
چاوە ڕیش سپییەکان
دەتوانن لە ئاودا خاك بخەنە رستەوە
بە تەنها زەوی دەتوانێ نهێنییە لێو تەڕەکانی ئاو
لە شیعرێکدا کۆ..کا..تە..وە
چاوە ڕیش سپییەکان پێمان دەڵێن
ئاو پڕپڕە لە وێنە
بەفر لە کۆرپە نازدارو عەییارەکانی ئاوەو
ئەو دەمانەی دەیەوێ
بە دزیی ئاسمانەوە سەما
بکاو لە باوەشی گەرمی خاکدا وەنەوز بدا،
خاك دەیدزێ
نەبادا نهێنییەکانی ئاو بدرکێنێ
لە مێژە چاوێکی ڕیش سپی.. پێی وتووم..
پەیوەندیی نێوان چاوی ئاوو باوەشی خاك

بە سەرابی بیابان لەبەین ناچێ

سەراب لە بیاباندا نەبێ

ناتوانێ ئیدیعای ئەوە بکا

دەچێتەوە سەر وەچەیەك

لە وەچە شۆڕشگێڕەکانی ئاوەو

وەختی خۆێ تاوێرە بەردە عاشقەکانی سنگی ئاو

شاربەدەریان کردووە

چاوێکی ریش سپی دەزانێ

دڵی ئاو گەورەیە،

زۆر گەورەترە لە تۆران

زۆر مەزنترە لە فەوتان

ئاو پڕێتی لە وەفا

خاڵییە لە درۆ

رۆحی ئاو

وەك چۆن بەسەر رووومەتی

دەریای کورە گەورەیەوە دەبێتە تەم،

ئاواش لە هەڵکورزانی گەڵایەکدا دەبێتە دووکەڵ

ئاو پەنجەی تەڕ بە پرچی هەمووواندا دێنێ

زویریی هەموو ئەو گەڵایانە دەخوێنێتەوە،

کە پایزەکان

بەسەر پرچی رەشی شەقامەکاندا دەینووسنەوە

بە تەنها چاوە ریش سپییەکان

دەزانن ئەو نهێنییە چییە لە نێوان

نێگای رۆژو فەنابوونی روحی ئاودا

ئاو پڕپڕە لە وێنە.....................

لە رووباردا پڕێتی لە شۆڕش..

لە دەریادا پڕێتی لە میهر بۆ مانەوە.....

ئاو.. لە.. شەونمدا

قەترەیەك ماچەو لەسەر رووومەتی گەڵای گوڵو

لە سپێدەیەکدا هەناسەیەکی هەتاو

شەرەفی شەهیدی پێ دەبەخشێ

لە باراندا.. ئاو پڕپڕە لە بارین

لە بەفردا عاشقێکە

مەمکی گەڵاو باڵای درەخت رادەمووسێ

لە کانیدا پڕێتی لە شەوی ئیشراق

لە هەناسەی عاشقانی ئەو دیوی شار

ئاوو شیعر دوانەیەکن

دەچنەوە سەر تەڵیسمێك

لە سرکی..

لە شۆڕش..

لە پێکەنین بەدەم پەنجەوە

ئەو دەمەی لە گەڵ پرچیاندا یاری دەکا

بە تەنها چاوێکی ریش سپی

دەزانێ جەستەی ئاو گۆڕستانی نییە،

چونکە ئاو ئەوەیە، کە هەیەو

ئەوەیە، کە بووەو

ئەوەشە، کە دەبێ

هەر ئەو چاوەشە دەزانێ

ژیان هەر ئەوەیە، کە هەیە,

نە ئەوەیە، کە بووەو

نە ئەوەشە، کە دەبێ.



# پارتی باران

## نزار قەبانی

گۆڕینی: باوکی چیا

لەو ئاسمانانە بێزارم، کە یەك بە دوایَ یەکەوەن،
کە وەکو (دەریای درێژ)ن.
ئاسمانی شینی پڕ لە بێزاری،
ئاسمانی شینی خاوو سست،
ئاسمانی شینی پڕ لە باوێشك،
ئاسمانی شینی پڕ لە مەرگ.
من زەریا دەبڕم، بەرەو ئاسمانێکی تر مل دەنێم ..
تا ئەوپەڕی گەشتەکان دەڕۆم ...
لە تاو هەتاویَ رادەکەم، کە بە قەمچی لێم دەدا، کە بە
تێلای بێزاری لێم دەدا!
لەو شارانە هەڵدێم، کە سەدان ساڵە نوستوون،
لەبەر پێی مانگدا راکشاون.
ئەو چاوانە لە دوای خۆمەوە جێ دێڵم، کە شووشەنو
ئەو ئاسمانانە جێ دێڵم، کە بەردنو
خێوەتو دەواری خێڵەکانی
(تمیمو موزەر) جێ دێڵم.
پێم مەڵێ: "بگەڕێرەوە بۆ لای هەتاو،
چونکە ئێستا من لایەنگری بارانم!!
پارتی باران ...!!
تەنها پارتێکە، کە من بووم بە لایەنگری،
پاش ئەوەی کوللەی بیابانەکان

نیوەی دەممو
نیوەی پەنجەکانیان خواردووم،
پاش ئەوەی کوللەی خاوەن بیروباوەڕ
پاشماوەی چیلکەو چەواڵی مێشکمو
گۆشتی شیعرەکانیان خواردووم
پارتی باران...
منی لە بودجەی ئاووهەوایەکی سازگار
لە عیشقێکی سافو بێگەرد
لە هاوارێکی بە ئارام
لە شێتییەکی بە ئاسوودە
دەرکردو
فێری کردم
چۆن لە ژێر دانی زریانەکان
بخوێنمەوەو بنووسم.
من قینم لەو شارانە دەبێتەوە،
کە گێنگڵم پێ نادەن،
کە گاڵتەم پێ ناکەن،
کە یاساکانی هاتووچۆی نێو دەروونم،
بزووتنەوەی شیعرەکانم
لە نێو دەمارەکانی خوێنمدا
تێكو پێك نادەن...

من له شارێکی وەها چیبکەم؟
که وەکو خۆم دەمهێڵنەوە..!
نه پیتەکانی زمانمی تیا زیاد دەکا،
نه ژمارەی پەنجەکانمی تیا زۆر دەبێ،
نه دڵیشم پتر تیایدا لێ دەدا،
نه چەشنی گروپی خوێنمی تیا دەگۆڕێ؟
من له شارێکی وەها چی بکەم...
نه کۆڵوانەیەکم دەداتێ،
که کۆچم کرد به ملی خۆمەوەی بپێچم؟
نه خۆی به پاڵتۆمەکەمەوە دەگرێ،
که بەسەر پەیژەی فڕۆکەیەکەوە دەبم،
نه گون بۆ پەڕەکانم دروست دەکا،
نه درزێ دەخاته سەر لێوم..؟
من له شارێکی وەها چی بکەم،
که چۆلەکەی سەرسوڕمانم له نێو چاوم
بێدار دەکا،
که به گڕی چەند پرسیارێ نەمسووتێنێ،
که کلیلی خەونەکانم نەداته دەست،
که بۆ دۆزینەوەی ئازادین هانم نەدا.
من له شارێکی وەها چی بکەم،
که تنها پەڕاوەکانی (جاهلییەت)ی تیا دەخوێنرێنەوە؟
من له نیشتمانێکی وەها چی بکەم،
که قاوەی بەیانییانی
له نێوان کیسەخۆڵی بەردەرگاو
تەلبەنه دڕکاوییەکانو
وێنەیەکی (حەزرەتی یوسف)دا فڕ دەکا!
من له نیشتمانێکی وەها چی بکەم،
که له نێو زابیگەی دایکیشم
دەمپشکنێ؟!
له وتەکانی کۆچکردوو (یوسف ئیدریس):

هێنده ئۆکسجینی ئازادی نییه
که بەشی هەناسەهەڵمژینی تاقه نووسەری
بکا!!"
له جوانترین چامەکانم
ئەوانه بوون، که هەر به زستان دەژیان،
بەڵام دەخزانه توێی دەمارەکانی هەستمەوەو
دەیانبرژاندم،
دەیانکردم به کوڵلەیەکی ئاگراوی...
شگوفتی شاعیر ئەوە بوو،
که ئاو نەبوو..
ئەو ئاوی دەردەهێنا،
که ئافرەت نەبوو..
ئەو ئافرەتی دادەهێنا،
که عیشق نەبوو..
ئەو سیناریۆی عیشقو خۆشەویستیی دادەنا..!
شگوفتی گەورەشی ئەوە بوو،
که دەچووه سەر سەکۆی پەتی قەنارەکەی
ئازادیی دادەهێنا..
نووسەر له نیشتمانی مندا..
تەنها به زمانی خۆی نەبێ
به هەموو زمانەکانی دیی جیهان.. دناخڤێ
ئای، که زمانێکی ترسناکمان هەیە...
کلاوڕۆژنەی هەموو ئازادییەکیان لێ گرتووە...

لەندەن/ دیسەمبەری ١٩٩١



# ئای لە خەمی گەورەی دڵم

د . فەریدون عەبدول بەرزنجی

ئەو شتانەی، کە پێکەوە دەمانبینین،
کە ئێواران تەنیا دەبم,
یەك
بە
یەك
یان
باسی عەشقی تۆم بۆ دەکەن
تۆ بە رۆحێکی جوانەوە
بە زەردەخەنەی سەرلێوت,
خۆشیت بە دارو دیوارو
بە رێبوارو
بە منی دڵدار دەبەخشی
بۆنی تۆی لێ بهاتایە
خاڵی بوو لە وشەی رقو
بەدەر لە بۆنی پەستی بوو
هەموو شت,

هەر باسی خۆشەویستی بوو

***

ئێستا رۆحم بریندارە
لە خەڵوەتگای خەمی خۆما
رووەو ئەو دارە دەوەستم،
کە هەر رۆژێ هەست دەکەم
رۆحی تۆ وەك باڵندەیەك
سپی تر لە بەفری کوێستان
بەسەریەوە
نیشتۆتەوە
ئای لە خەمی گەورەی دڵم
هاوار لەو ئاگرە بەتینەی
لە دەروونما کەوتۆتەوە
من بەم بارانی فرمێسکەو
گڕو کڵپەی دەروونەوە
هەموو رۆژ
لەگەڵ رۆحە باڵندەکەی تۆدا دەدوێم
دەڵێم ئاخۆ
لە بەهەشتی کام حەزەوە
لە ناو کام باخو رەزەوە
بەرەو ئەم ناوە فریویت؟!
ئاوا بە دەم پێکەنینی جارانتەوە
گوڵو میوەو خۆشەویستیت لێ دەبارێ؟

٢٠٠٥/٩/٣



د. مارف عومەر گوڵ

# من، لە دەقێکی سێ گۆشەییدا

نەمنووسی! هەتا وشە، زویر زویر نەهاتە لام

نەمنووسی! هەتا گەڵا، دانە دانە بە درەختی چاوەڕوانیدا دانەوەری

نەمنووسی! هەتا ڕەشەبا لوولی نەدام بە لاولاوی ئۆقرەیەکی تەمەن درێژەوە

نەگریام! تا خواوەند نەیدامە دەست شەپۆلە سەرشێتەکانی ژیان

نەگریام! تا پەڵە هەورێکم لە سەر دەستی خۆم دانەگرتە خوارێ

نەگریام! تا ئەو هەورەم لێ نەبووە ڕێژنەیەك لە سەرابستانێکدا

پێنەکەنیم! هەتا بەهارێکم لێ نەبوو بە بەیارێك، بەیارێکم لێ نەبوو بە بەهارێك

پێنەکەنیم! هەتا خوڕەمی ئاوێکم لێ نەبووە چك چك، پلوسکێکم لێ نەبووە چەم

پێنەکەنیم! هەتا کاروانەرێ نەبووە توولەرێیەکی نەهات، هەڵەمووتێکم لێ نەبووە راستە ڕێ

هەڵنەپەریم! تا زەماوەندێك لە لیتەدا نەبوو بەرەشبەڵەك، بووك و زاوا بە دوو ئاراستەی جیادا ئاوا نەبوون

هەڵنەپەریم! تا ژێیەك لە گەردنی کەمانێك جیا نەبۆوە، پەنجەی ژەنیار بە دوای نۆتەیەکدا هەڵنەپەڕی

هەڵنەپەریم! تا ئاهەنگی خەفەت لە ڕۆژی لە دایکبووندا جۆشی نەسەند

شێت نەبووم! تا باڵندەیەکی سەرگەردان لە ناو کلپەدا نەنیشتەوە

شێت نەبووم! تا گڕ لە پووشەڵانی باڵام بەر نەبوو

شێت نەبووم! تا لە دونیایەکی جەنجاڵدا ماڵێکم نەکرد لە خەرابات!

۲۰۰٦/۲/۲٥
سلێمانی

ئەی حەقیقەت!

فێرتکردم چۆن بێمەلات.

دەخیلتم کوایت؟!

ئەی حەقیقەت!

لە تۆ فێربووم

چۆن دەبمە

نامۆیەکی بێ ناونیشانو بێ ولات!

وا من هاتم..

بە سەرگەردی سەرو پاتم..

دەخیلتم کوایت؟!

**

لەم شارەدا،

کە شەو دایێ،

ئاسمان قەتران دەبارێنێ،

ئالای شەکاوەی رۆژی خەڵك

مل کەچ دەکا

درنجی مۆن لە کلکیەوەی دەئالێنێ،

کونەلووتی پێ دەئاخنێ

چاوی کوێری خۆی هەڵدێنێ!

دەردی (تاعوون) هێرش دێنێ.

خاو خاو

پێچو لوول دەخواتو

لەسەرسك خۆی بۆ دەخشێنێ.

**

کە شەو هاتو

دیسانەوە..

فریشتەکان لە دوودڵیدا

هاتنو چوون..

نازانن بنوون یا نەنوون؟!

* ئەوسا

سێ چوار تەرم هەڵگر

ئەدەن بە لاما..



کات ژمێر ٢٥: بەهات حەسیب قەرەداغی

چەشنی گڕ

"تەرمی کێ بێ؟!"

* دەنگێ لە دوور

دوور لە بوونو

دوور لە نەبوون..

بانگم دەکا

لێی تێناگەم!

"دەنگی کێ بێ؟!"

* تارماییەك

دەچێتە سەر مەزارێكو

شیوەن دەکا..

"ئاخۆ کێ بێ؟!"

باوەشم بۆ دەگرێتەوە،

بانگم دەکا..

هەرچەند دەکەم هەر تێناگەم!

هەنگاوێ.. دوان،
هەزار هەنگاو،
ئێجگار دوورەو
هەر پێی ناگەم!
نازانم خەونە یا راستی؟!
ئەگەر..
خەونە، با بپچڕێ،
یان ئەوەتا،
بۆ یەکجار بگەمە ئاستی!
(تاعوون) دێتو لاشەیەکی لینجو قورسە.
مۆرێ دەدا، لە دەرگای شار.
قفلێ لە رەورەوەی مێژوو..
هێندە خاو دێ
دڵ کەف دەکا
بۆ نێو شار دێ
نێو جەرگەی شار.
دونیا سەرو بن دەکاتو
(ئەم) دەخاتە جێگەی (ئەو)و
بە دەم گاڵتەو خەنینەوە
بیرو هۆشیان
لە نێو مشتیا دێنێو دەبا!
بە نێو لنگیا دێنێو دەبا!
* (تاعوون) دێتو
رۆژژمێرو سیمای مێژوو دەشێوێنێ.
سەرو بنی وەرزەکانیش تێکەڵ دەکا.
بەردەبێتە لاکەی سەردەم
وەك سەگی هار!
مانگ دەکاتە سێ چوار رۆژو
هەفتە دەبێتە دوو چرکە
ساتێ دەبێتە دوو سەدە!
(سبەی) بە (دوێ)و
ئەمساڵ بە پار!!

* وا شەو داهات!
وا رەشایی بە لێشاو هات!
وا سەر لە نوێ
کاروانی ماندووو شکەستە
کەوتەوە رێ..
رێگەی ونبوون.
وا هەزاران هەنگاوی تر
نزیك بۆوە،
لە تەواوبوون!
**
کەس نازانێ ئەم کۆچە شێتو سامناکە،
هەتاکو کەی،
هەر مل دەنێ؟!
کەس نازانێ
ئەم داستانە پڕ نهێنیو کارەساتە
چۆنو بە چی
کۆتایی دێ؟!
کۆچ سامناکەو کەس تێناگا
بۆ کوێو بۆ چیو تا کوێ دەچێ؟!
ئەم ئاژەڵە دەردەدارە..
بەرەو کام هەڵدێر پێش دەدا؟!
کەس نازانێ کەی لە چرە دووکەڵێکدا
بڕیاری مەرگی خۆی دەدا!
**
* کاتژمێر وا (بیستو پێنجە)و
لە دوورەوە.. بەدیت دەکەم.
رووت لە هۆدەکەی من ناوە.
چییە هەمدیس وا رەشپۆشی؟!
قورس قورس هەنگاو دەنێی،
نە دەنگ نە سەنگ..
خشپەت نایە؟!

ئەو بوخچەیەی بن هەنگڵت،
کام نەخۆشیی بۆ من تیایە؟
ئاشکرایکە
ئەم هاتنە پڕ
نەهاتییەی تۆ
سێبەری کام مەرگەساتی وا لە دوایە..؟
کام پرسیاری جەرگبڕو
کامە وەڵامی نابەجێی
لە تویّدایە..
کام بەڵایە؟!
**
لێیدە لە زەنگ!
کابرایەکم توورەو شکاو..
زەمانێکە
سەرم دەخوریّ بۆ کۆڕی جەنگ!
لێیدە لە زەنگ!
لێیدە لە زەنگ!
با هەڵگیریّ سنووری نێوان دەنگو رەنگ!
بەرەو رووت دێم،
دەکشێیتەوە..
بەرەو رووم دێی
دەکشێمەوە.
هەریەکەمان لە سووچێکا خۆ توند دەکەین.
لە جەنگەڵی وشەو جوێندا .. خۆ ون دەکەین!
"وەك سەگو مانگ!
وەکو خەوی شیرینو بانگ!"
**
خۆت مەڵاسدە!
لە من وایە لێمدەترسێی..
لە تۆش وایە لێتدەترسێم.
خۆت مەڵاسدە!

راستە من نازانم تۆ چیت
بەڵام تۆش نازانیت من کێم؟!
کاتژمێر وا (بیستو پێنج)و (یەك چرکەیە)
هەی هوو.. کەچی،
لە من وایە.. ئاخۆ کەیە؟!
ئەی میوانی ئەودیو زەمەن!
چەندە قورسیو چەندە خاوی!
بیستو هەشت ساڵی تەمەنم لە ئوتوداو قەدم کردن!
کەچی هێشتا بە لای تۆوە، هەر منداڵکەی جارانم..
تۆش هەر خۆتی.. نەگۆڕاوی،
درنجێکی چەپۆك قورسی.. تەنیا چاوی!
**
بەرەو رووت دێم ناکشێیتەوە!
بەرەو رووم دێی
بەرەو دونیای تێکشکانو دووکەڵو خوێن
دەکشێمەوە!
کەللەم تا دێ
ئاڵۆز دەبیّو قورس دادێ،
هێڵنج دەدەم..
بەلادا دێم..
سەرم گلۆر دەبێتەوە بۆ بنی پێم
جووت ئەژنۆمی لیّ توند دەکەم،
دوا جار سیگاریّ پیّ دەکەم..
هێندە نابا..
زرم!
زرم!
لە دەرکی ژوورەکەم دەدریّ.
ناپرسم، کێی؟!
...
بەری چاوم تاریك دایەت
لە کەوڵی خۆما ون دەبم

لە ژێر قامچیی ترس‌و لەرزا
تۆپەڵ دەبم!
جیرەیەك لە دەرگاوە دێ
سەد قرچە لە پەراسووم
"من لاوازم..
من ماندووم!"
چاوەڕوانم هەر ساتێ
وەك بروسکە.. وەك بەڵا
چەپۆکێ وردوخاشمکا!
لەتێ گوێزانی کوڵ‌و کوێر
تێم بەربێ..
لە سەد لاوە تەراشمکا!
**

* لەم کات‌وشوێنە وێرانا
ئەی حەقیقەت!
وەکو رەعشەت..
بڕژێرە نێو مێشك‌و دڵم!
لەو رۆژەوەی تۆم لێ ونی
ئەی حەقیقەت
شەهیدێکی بێ ناوونیشان‌و بێ گڵم!
**

* ئەی حەقیقەت! دەخیلتم کوای؟!
هێندە گەرام.. هێندە گەڕام،
ئاوی مێشك‌و دڵم داهات.
ئەی حەقیقەت! دەخیلتم کوای؟!
خۆزگە ونبوونت خەو دەبوو..
خۆزگە ئەم شەوە رەشپۆشە
دەریایەك نووری تۆ دەبوو!!

١٩٧٨ بۆ ١٩٨٦



بەشی لە چامەی پیتەکانی پاییز: گەزاڵ ئیبراهیم

یارانی من باران درەنگ هات,

پێدەچوو شەقامەکانی ئاسمان,

لەبەر پیاسەی رۆحیانەتی عاشقەکان بەرنەکەوێ.

لەسەر لوتکەی هەناسەی دڵم,

لە نێوانی زەوی‌و ئاسمان

چاوەکانماں سوورکردوەو وەکو فەرش رامان خستووە,

پەنجەرەکانی دڵمان,

بەرامبەر قیبلەی وەرین کردۆتەوە.

چەپکێك گوڵی چاوەڕوانی‌و

باقیەك درەختی تامەزرۆیی

لە ڕێگەکە دانراون..
باڵندەکانی دارستان،
مارشی تینوویەتی دەڵێن و
هەتاوی خۆی دەخاتە ژێر پێخەفی هەورەوە..
باران نەهات!
وا پێدەچێ لەبەردەمی ئاوێنەدا،
دۆش دامابێ و تا قەشەنگ بێت،
هەرچی مرواری مێژوو هەیە
لەنێو نمەکانی خۆیدا هەڵیواسێ...
لەو ڕۆژەدا ژنێکی پیری دنیا دیدە،
تازە لە چیای چاوەڕوانی گەڕابۆوە.
هاواری کرد:
لەوەتەی باران هەیە هەروایە!
هەر کاتێك درەنگ گەیشتە زەوی
بزانن سترانی نییە بۆ وتن..
ئاخر وایە!
ئەو، وراست دەکات
بەبێ دەنگی نایەوێت بباریێ
بەبێ هەور، بەبێ تریشقەو
بەبێ نەغمەو، بەبێ ستران
چۆن دەیەوێ دڵۆپەکانی بگاتە دڵی زەوی
چۆن دەیەوێ پیانۆی
ڕەعدەکان بێدەنگ بێ..
باران ئەم وەرزە تاقەتی چووە لە بارین!
ئەگەر نەیەت،

من ناچارم چاوەکانم هەڵگرمەوەو خۆم ببارم،
بەبێ بارین
من و زەوی ناتوانین بژین..
ئاخر ئێمە گەر ئولفەتمان بە تەڕبوونەوە گرتبێ،
چۆن دەتوانین؟
زلەو بیابانە ڕق ئەستوورو
لەسەر ئەو لوتکە وشکەدا
بێ ئەو بژین..
من دەزانم هەر دەباریێ،
ئێستاش نەبێ، تاوێکی تر
لە ماڵەکەی خواوەندەوە
نمەکانی فڕێ دەداو
خۆی دەباریێ.
من دەزانم ئەو ناتوانێ هەتا درەنگێ،
لەناو هێلانەیەکی چۆڵ و بێ دەنگ
خۆی ڕاگرێ
هەروا بووە، ئەم ئێوارەش گەر ڕێی گۆڕی،
سبەی هەر دێ
ئەو ناتوانێ بەبێ زەوی و
لووتکەو بەردو
بیابان و درەختەکان
لەلای خاکی ئەسپی بۆراق خۆی ڕابگرێ..
ئەگەر باران گەیشتە ئێرە،
من پێی دەڵێم:
جارێکی تر خۆت ون مەکە



هۆمەر قەلا:هاورێ نەمەلی

لەسەر گازی پشت لەسەر قەرەوێڵەکەی راکشابوو، دەستی چەپی بۆ شیشەکەی لای چەپی خۆی درێژکرد، وردە وردە خۆی بۆ دواوە راکێشاو دانیشت. کەمێ بە بالآی شیشەکەدا روانی، سەیرێکی خوارەوەی کرد، لەوە دەچوو بیەوێ لەسەر قەرەوێڵەکە بێتە خوارەوە. توندتر دەستی بە شیشەکەوە گرتو هەردوو لاقی بۆ خوارە شۆڕکردەوە، هاوشانی شیشەکە بە پێوە وەستا. دەستی راستی بە قەراغی قەرەوێڵەکەوە گرت. بە دەستەکەی دی شیشەکەی بە چەشنی رەوڕەوەی منداڵیی خۆی پاڵپێوەنا. لەسەرخۆ بە یەك دوو هەنگاو خۆی گەیاندە کورسیەکەی تەنیشتی پەنجەرەکە، بە هێواشی دانیشت. چاوەکانی لە نێو شووشەی پەنجەرەکەوە بۆ شەقامەکەی ئەوبەرەوە لە خوارەوە داشۆڕا. بارانێکی زۆر ورد دەباری، لە پڕوشەی بەفر دەچوو، گڵۆپی شەقامەکان هێشتا هەڵنەکرابوون، بەڵام هەندێ لە ئۆتۆمبیلەکان لایتیان داگیرساندبوو. گڵۆپی نێو ماڵو کۆڵانەکان بە کزییەوە سەرەتاتکێی شەوێکی دییان دەکرد.

جوانیی زەردەپەڕی ئەو ئێوارەیە تێکەڵ بە نەرمەبارانو هەورێکی کاڵ لەو بەرزایی باڵەخانەیەوە ئێشی جەستە ماندووەکەی کەمتر دەکردەوە. سەرنجو ئەندێشەی، لەگەڵ هاتنی تیشکی گڵۆپەکان، پەردەی بەسەر تاریکستانی ئەودیو پەنجەرەکەو ناوەوەی خۆیدا دابوو.
ئۆتۆمبیلەکان یەك بەدوای یەك، بەبێ هۆڕن لێدان چاوەڕوانی ترافیك لایتەکەیان دەکرد، تا لە سوورەوە ببێ بە زەرد ئینجا بە سەوز، گڵۆپەکان تا دەهاتن زیاتر تیشکیان دەدرەوشانەوە.
لەگەڵ ئەوەی هێشتا بەهار نەهاتبوو، بەڵام زۆربەی دارەکانو باخچەکان سەوزاییەکی تەواویان پێوەدیاربوو.
کپیی ژوورەکەو جوانیی دنیای دەرەوە باڵیان بەسەر روخساری سپی هەڵگەڕاو و ماندوویدا کێشابوو. بەڵام ختوکەی ئەندێشەیەکی خۆش لەسەر لێوەکانی بەدی دەکران. بە قوڵایی چاوە تەلیسماویەکانی قولاپی بۆ ئەودیو پەنجەرەکە شۆڕکردەوە تا لەو جیهانە سەرمەستەدا ماسیی بیری راوبکا.
ئێستا لە کوێوە هەندێك لە باڵادەستو دکتۆرو رۆشنبیرانی لای خۆمانم بەناو هەواکێشی ئەم ژوورەدا بهێنایەتە ئەم شوێنە، تا لە تەك خۆمدا دانیشتنایە. بە چاوانی خۆیان خزمەتی کارمەندانی ئەم

نەخۆشخانەیەیان ببینیایە. لەوانەش زیاتر ئەم ژوورە پاك‌و بێگەردە, كە لە ژووری سویتی هوتێلێكی پێنج ئەستێرە دەچێ. لەجیاتی نانی بەیانی سێ ژەمە نەخۆش بە ئارەزووی خۆیان خواردنەكانیان دیاری دەكەن. باوەڕم وایە دوور لە نەخۆشییەكەی ملیۆنەرەكانی لای خۆمان بەم شێوەیە خزمەت ناكرێن.

لێرەشەوە سەرنجیانم بۆ ئەودیو پەنجەرەكە رابكێشایە تا هێمنی‌و جوانیی شارستانیەتی ئەم وڵاتەیان ببینیایە. لەسەر كورسیەكە هەستا, بە چەشنی پێشوو سووك سووك پاڵی بە شیشەكەوە بەرەو شوێنەكەی خۆی نا. پێش ئەوەی دانیشێتو دەستی راستی بۆ سوراحیی ئاوەكەی سەر مێزی تەنیشتی قەرەوێڵەكە درێژكرد. كەمێكی قلْپاندە پەرداخە پلاستیكەكەوە. سوراحیەكەی داناو لیوەكانی پێ تەڕكردن.

لەو كاتەدا لە دەرگای ژوورەكە درا, نێرسەكە بە خۆی‌و بتڵێ خوێنەوە خۆی بە ژووردا كرد. بە بینینی نێرسەكە پەتی ئەندێشەی پچڕا, بزەو ختوكەی سەرلێوەكانی رەوینەوە. زانی كاتی تێكردنی بتڵێ خوێنی ترە لەسەر قەرەوێڵەكەی دانیشت, خۆی بۆ دواوە راكێشاو قاچەكانی بەرزكردەوەو پاڵی بە پشتیەكەوە دا. نێرسەكە بە پێكەنینەوە سەرنجی بۆ لای خۆی راكێشا.

- ئێوارەت باش, هیوادارم ئەمە دوا بتڵ بێ. وەكو دەزانی تا ئەم بتڵەش تەواو دەبێ, هەروەكو جاران زوو زوو دەبێ پاڵە پەستۆی خوێنت بگیرێ.

بەدەم قسەی خۆشەوە بتڵە بەتاڵەكەی لە شیشەكە كردەوەو بۆرییە نایلۆنەكەی لێكردەوەو لەسەری بتڵە پڕەكەی قایم كرد. جوان روانییە هاتنی قەترەكانی, ئینجا دەستی بۆ دەستی چەپی برد, تەماشای دەرزییە چەقێنراوەكانی دەستی كرد.

— دەزانم ئەمانە جار جار ئازارت دەدەن‌و زۆر ناخۆشە, بەڵام چارنییە, ئەمانەوێ زوو چاك ببیتەوەو بڕۆیتەوە نێو ماڵ‌و منداڵەكانت.

بە ئیشارەت دەستی بۆ پلاكی زەنگی لای سەرییەوە راكێشا, بە بزەو پێكەنینەوە ماڵئاوایی لێكردو بەجێی هێشت.

بە چەشنی پێشوو لەسەر پشت راكشا, چاوەكانی لە دڵۆپ دڵۆپی خوێنەكە بریبوو تك تك زۆر لەسەرخۆ دەهاتنە خوارەوە.

- من هەر لەسەرەتاوە جەزم بە چارەت نەبوو, لەوە دەچێ لێم نەگەڕێ. بەسەر خوێنەكەی خۆمدا زاڵبی‌و خوا دەزانێ لە گیانی چ مرۆڤێ وەرگیرابێ. كێ دەڵێ لە دوا رۆژدا من بەهۆی ئەم دڵۆپانەوە

دووچاری نەخۆشییەكی سەخت نابم. كێش دەڵێ ئەوەی ئەو خوێنەی بەخشیوە چ مرۆڤ پەروەرێ بووە..!

خوێن پێناسەی زۆری هەیە, خوێن ژیانە, هەر لە تاو خوێنرشتن من وڵاتی خۆمم بەجێ هێشت. لە شەقەی باڵیدا بۆ ئەو رۆژگارانەی زیاد لە بیست‌و سێ ساڵ لەوەو بەر, كە فەرمانی خنكاندن‌و دەساڵ نەدانەوەی تەرمەكەی بە كەس‌و كاری, لە دادگایەكی ناداوەرانەدا بەسەریدا سەپێندرابوو فڕی. زۆر لەو هاوڕێیانەی هاتنەوە یاد, لەگەڵ ئەودا بوون. ئەوانەی بە بەختەوەر زانی، كە بە هۆی فەرمانی درێژی لێبووردن رزگاریان بوو. لە دەرگا درا, هەمان نێرس بە ئامێری گرتنی فشاری خوێن‌و بتڵێك ئاوی مقەتەرەوە خۆی بە ژووردا كرد. بەرەو شیشەكە چوو, بە زەردەخەنەیەكی شەرماوییەوەو داوای لێبووردنی لێكرد, لەبەر ئەوەی زوو بۆلای هاتووەتەوە. دەستی بۆلای سەرووی شیشەكە درێژكرد, بە چەشنی گۆڕینی بتڵی ئاوەكە بوو. لە هەمان كات بە ئیشارەت تێیگەیاند كە دەیەوێت فشاری خوێنەكەی بگرێت. ئەو قۆڵی بردە پێشەوەو نێرسەكە بە كاری خۆی هەستا, لەوە دەچوو پاڵە پەستۆی خوێنەكەی بەرەو سەقامگیری چووبێت.

— زۆر باشە شەست‌و سێ لەسەر نەوەت‌و پێنج, من ئەمشەو لێرەم, دوایی دێمەوە بۆ لات.

نێرسەكە بۆ جارێكی دی بەجێی هێشت, ئەویش بەوە راهاتبوو, بۆیە زۆری نەخایاند جارێكی دی چاوەكانی بەسەر ترپەی دڵۆپی هاتنە خوارەوەی خوێنەكە بە هێواشی بۆ ناو گیانی نیشتنەوە. بەناو كونی لاستیكی خوێن هێنەرەكەدا چووە ژوورەوە تا لەناو بتڵە پلاستیكەكەدا خۆی ونكرد. بەرەو لاپاڵی چیایەك لە وڵاتی خۆی لەنگەری گرت.

ئێوارەیەكی درەنگ بوو لە گوندی باوەخۆشێن دامەزرابوون. بە چوار پێشمەرگە كە سێ پارتی كۆمۆنیست‌و سێ پێشمەرگەی بەبێ چەك ژمارەیان نۆزدە كەس بوون. ئەمە یەكەم جار بوو ئەوان بۆ مانەوەی شەو روویان لەو گوندە كردبوو, سەرەتای

دەستپێکردنی شەڕی نێوان عێراقو ئێران بوو. دیار بوو مەرامێکیان هەبوو.. پاش نانخواردنی ئێوارە وەکو پیشەی هەمیشەییان روویان لە مزگەوت کرد.

زۆر نەبوو ئەو ببووە خاوەن چەکی خۆی, کلاشینکۆفێکی نوێی وەرگرتبوو. ئامر کەرتەکەیان زۆری خۆش دەویست, وەکو کادیرو رۆشنبیرێکی کەرتەکەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد بە هێواشی لێی چووە پێشەوە, تێی گەیاند کە کاری پێیەتی, دەستی بە قۆڵیدا کرد, کەمێك لەوانی تری دوور خستەوە.

ـ بەیانی لە تاریكو لێڵەدا نیازمانە لەو رەبییە بدەین کە ئەمڕۆ نیشانم دایت. بە گوێرەی ئەو هەواڵەی بە من گەیشتووە, زیلێك لەو کاتەدا هەموو رۆژێك دێت سەربازەکان ئاڵوگۆڕ پێدەکات. پلانم وا داناوە منو هیواو مام دەروێش لەو کاتەدا من بە ئاربیجی لە نزیکەوە لێیان بدەم ئەوانیش پارێزگاری لە من بکەن.ئێوەش هەمان کات خواردنو خواردنەوە لەگەڵ خۆتاندا بەرنە سەر شاخ نەوەکو دوای ئەو کارە کۆپتەرو جەیشو جاش بۆ تۆڵە روو لەم ناوە بکات. خۆت دەزانی هیوا تازە لە بەری بەمۆ گەڕاوەتەوە, لە کاك شەوکەت زوویر بووە, چەکی پێ نییە, بۆیە هیوام وایە تۆ تفەنگەکەی خۆتی بۆ ئەم چالاکییە بدەیتێ, منیش دەمانچەکەی خۆمت دەدەمێ.

ئەو هەستی کرد مەبەستی کاك بەختیار چییە. چۆن لەوەو پێش هیوای دەناسی, دەیزانی چ کوڕێکی کارامەو چاو نەترسە, بەبێ ئەوەی شتێکی ئەوتۆ بڵێ سەری رەزامەندی بۆ لەقاند.

لەوە دەچوو خەو ببینێت نێرسەکە دەستێکی بە شانیدا دا. بە پێکەنینەوە تێیگەیاند کە کاتی گرتنی پاڵەپەستۆی خوێنەکەیەتی. قۆڵی راستی لێ نزیك کردەوە تا نێرسەکە بەکاری خۆی هەستێت. گوێکانی گوێبیستی خوێندنەوەی ئامێری پاڵەپەستۆی خوێنەکەی دەکرد.

ـ حەفتا لەسەر سەدو بیست, هەر زۆر باشە, بەڵام جارێ هەر نزمە . تاریکی تەواو باڵی بەسەر دەرەوەدا کێشابوو. لە رەنگاو رەنگی تەندروستی هەبێت. ماوەیەکی لەوێدا بەسەربردو بۆ جێگاکەی بە هەمان شێوە گەڕایەوە. لەسەر پشت راکشا, هەستی بە باشبوون دەکرد. بەڵام هەرچی کرد نەیدەتوانی لە ژوورێکی وا رووناك بەو شێوەیە خەوی لێبکەوێت. چاوەکانی نابوونە سەر یەکدی, بەڵام بە ئاگابوو.

ئەمان بە گوێرەی ئەوەی ئامر کەرتەکەیان رێگای بۆ دانابوون لە کێوەکەی ئەوبەری باوەخۆشێن نزیك هۆمەر قەڵا دوو دوو لەژێر دارو دەوەنو بەردە گەورەکاندا خۆیان حەشاردابوو. چاوەڕوانی گڵۆپەکانو لایتی ئوتومبیلەکان زیاتر هیچی دیکە بەدی نەدەکران, جار جارە لایتی ئەو فڕۆکانە بە ئاسمانەوە لە نزیك فڕۆکەخانە گەورەکەی ئەولای

نەخۆشخانەکە بەدی دەکرد.

نێرسەکە بە زەردەخەنەوە پێی وت, کە هەوڵی پشوودانو نوستن بدات. هەرچییەکیشی پێویست بوو دەست بە جەرەسەکەی ئەولای خۆیدا بنێت.

شەوباشی لێکرد بە پێکەنینەوە سووك دەرگای ژوورەکەی لەسەر داخستو بەجێی هێشت.

ـ لەو هەموو شەڕو بەربەرکانێیەدا, لە ژووری زیندانو ژێر پەتی قەنارەدا نەکوژرامو رزگارم بوو, تۆ بڵێی بە نەخۆشیی برینداربوونی دیواری گەدە تەواو ببم! ؟ هەوڵیدا بنوێ, چاوەکانی نایە سەر یەك, ئەمشەو سێهەمین شەویەتی, کەلەسەر گازی پشت راکشابوو. دوو سێ جار شوێنی دەرزی خوێن تێکردنو ئاوی موقەتەر, کە لە سەرو مەچەکی دەستی چەپیدا چەقێنرابوون, شوێنەکانیان گۆڕدرابوون. ئەمە سێهەمین بتڵی خوێنو چوارەمین بتڵی ئاوی موقەتەرە لەجیاتی خواردن, تەواو ماندوویەتی بە رووخساریەوە دیار بوو.

هەوای ژوورەکە وا کۆنترۆڵ کرابوو, کە نەخۆش هەست بە سەرماو گەرما نەکات. لەناویدا تەوالێتو دەستشۆرو دوشی تێدابوو.

چەرچەفێکی تەنکی سپی بەخۆیدا دابوو, رایکێشایە سەر دەمو چاوی, بەڵام زۆری پێنەچوو لایدا. سووك سووك لەسەر قەرەوێڵەکەی هاتە خوارەوە. دەستێکی بە چەشنی جاران بە شیشەکەوە گرت. هەستایە سەر پێ, بەرەو ژووری حەمامو تەوالێتەکە شیشەکەی لەگەڵ خۆی راکێشا, بەبێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەکی لەسەر گرمەی ئاربیجیان دەکرد, زۆری نەخایاند گرمەو ناڵە پەیدابوو, بە دوایدا چەندین دەستڕێژ کران. لەناو خۆیاندا بە ئیشارەت, بە دەم تەماشا کردنەوە, چاوەڕوانی گەڕانەوەی کاك بەختیارو هیواو مام دەروێشیان دەکرد. چاویان

لێبوو ئاگر لە زیلەکە بەرز دەبووەوە, پشێوی لە دەوروبەری رەبیەکە پەیدا بوو. چاویشیان لە هاوڕێکانیان بوو, بە خێرایی بەرەو لای ئەوان دەهاتن.

ئەو سەرکەوتنە بزەی بەسەر لێوەکانیدا دەپرژاند لەوە دەچوو ماندوویی حەسابێتەوە, بەڵام لە هەمان کاتدا فرمێسک بەسەر روومەتیدا وەك دڵۆپی خوێن‌و ئاوەکەی سەر شیشەکە بەلا روومەتیدا دەهاتنە خوارێ, بەبێ ئەوەی چاوەکانی بکاتەوە, لەوە دەچوو بۆ چەند ساتێك بێدەنگی باڵی بەسەر لێوو پێڵوی چاوەکانیدا راکێشابێ.



## داستانی هۆڵێک: سەلام مەنمی

که چوویته نێو هۆڵەکەوەو دانیشتیو رووت کرده شانۆکه، یەکسەر وێنەی دوو سوارچاکی به ئەزموون دەبینی، که زیاتر لێیان نزیکبوویتەوه، له نێو شەپۆلی رابوردوودا رۆدەچیو دوایی رووداوەکان مەشکەهۆن دەگەیو لاولاوی تێك دەئاڵێن. ئەگەر بلێی ئەو وێنانه وەستاوو چەقیوو دەستەوسانو دوورەپەرێز نین, بەڵکو لەگەڵ کۆتره باڵ سپییەکان بەسەردەبرد, لاپەڕەکانی مێژووی (کاردۆ)یان هەڵدەدایەوه, هۆڵەکەیان له سۆزو ئاواز تەژی دەکرد, به پێی وەرزەکانەوه دەچوون, هەر وەرزەش له ئاوازێ دەیخوێند..

وێنەکان سەریان به یەکەوەناو لەگەڵ خۆیانو کۆترەباڵ سپییەکان کەوتنه ئاخاوتنو گەرەکیان بوو لۆفەو نهێنییەکانی نێو هۆڵەکه بۆ کۆترەکان شی بکەنەوەو گڕ له گومانەکان بەردەن..

<u>وێنەکان</u>: لەم شوێنەی ئێمەدا وێنەی ئەژدیهایەکی حەوت سەری چوارچاوی کەڵبه خوێناوی هەبوو, شفرەکانی یەکانەیی هەڵکەوتبوو, تینوێتیی به خوێن دەشکا, ئەو رۆژەی خوێنی نەرشتایە، مێزی به نێوچەوانی خۆیدا دەکرد, خەوی دەزڕا, بۆ دەسماڵێ، نەك بازاڕی مەملەکەتێکی گڕ دەدا. پیرۆزترین شت له لای ئەو جەنگی سوور بوو, له شادەمارەکانیدا نووسرابوون جەنگ. منداڵ هێشتا له سکی دایکیدابوو، کەچی جلی سەربازیی بۆ به کردن دەدا. به هاتنی دڕندەکانیش رەویان کردو ئەم ناوچەیەیان بەجێهێشت.

<u>وێنەی یەکەم</u>: مێزەرێکی سپیو عەبایەکی شاڵ سورمەیی پۆشیبوو, ریشی تیوتیوه دابوو, ژمارەیەك له ژمارەکانی رشتەی مرواریی به دەستەوه بوو, روویکرده کۆتره باڵ سپیەکان: " ـ رەنگه زۆربەتان، یان هەندێکتان وابزانن شوێنو مێژووی ئەم هۆڵه، که پێی دەڵێن (هۆڵی دیالۆك)، هەر وا چراخانو ئاوەنیاوو ئاوەدان بووەو خەرمانی زەردەخەنەو ئاهەنگی تیادا به دەم بای شەماڵەوه دراوه, پەپوولەو هەنگ خەرمانبەرەکەتیان لێکردوەو منداڵەکان چاویان به شاری یاری رشتووه, مانگو ئەستێره سەرچۆپییان تیادا گرتووه, سەفینو کاروخو گاراو پیرەمەگروون، وەك ئێستا ئاڵایان شەکاوەتەوەو مێزەریان قیت بووەو رۆژێ له رۆژان تەمو مژ کەپرۆکەی به سەریانەوه نەکردووەو فرۆکه گوێی کەڕ نەکردوون، کۆتره سپیەکانیش هەر گمەیان هاتووەو گوێ بیستی فرمانەکانی وشەکان بوونو به سەربەستی له شەقەی باڵیان داوەو به دوای واتاکانیاندا وێڵ بوون، حەفیان به ملیانەوه نەئاڵاوەو رێگایان به کولەوەیباب نەچێنراوه. کەسیش ناوی بێ کوانووو قەرەجو دورڕاجیان بەسەردا نەسەپاندوون, فتوای ناهەقو پڕ له شەرمەزاریی پێنەداون."

وێنـەی دووەم: مرۆڤێکـی دەسـتە زەلامـی ژێـرو مافتـاس بـوو، وەك خەنجـەری دەبـان جەوهـەری لـێ دەبـاری، لـە نێـو ژانـی گـەل‌و کوێرەوەرییەکانیاندا ژیانی دەبردەسەر، جانتا یاسا دۆستەکەی لای خۆیەوە داناو بە ئامادەبووانی دەگوت: " ـ هۆڵی دیالۆگ کاتی خـۆی لـە چەند ژوورێ پێکهاتبوو، هەتا بلێی چڵکن‌و پڵکن‌و دووکەڵاوی‌و تاریك‌و شووم بوو، ئەو ژوورانە لـە نێـو خەڵکیدا بـە (گـەوڕ) ناسـرابوون، بـەڵام لەگەڵ گەوڕی ئاساییدا جیاوازییان زۆر بوو، گەوڕی ئاسایی دالّدەی مەڕی چەرم‌و سورو پەرو تەوو بزنـی هـەمس‌و پۆش‌و خـەزاڵ‌و بەلەڕەشـی دەدا.. بەڵام ئەم گەوڕانە ئابڕووتکاون، ئەسپێ‌و کێم‌و کوڕنوو، وەك تەتەڵە مـیران رەشـیان دەکـردەوەو دابوویانـە کالانـەی چاوی بەنـدەکان، لاشەیان دەرزی ئاژن کرابوون. مارو دووپشکەکان لە دیوارەکانەوە دەهاتنـە دەرەوەو وەزەنـی خۆیـان دەکـرد، بتـڵ‌و کێبڵـەکانیان لـە نێـوان شاخەکانیاندا داناو ددانە کەڵکیتییەکانیان لێدەخستنەکارو لالغاوەیان سوور دەبوو. ئەوە سەیر بوو تێریـان نـەدەخوارد، ئەمانـە تـرس‌و بـیم‌و دڵـەڕاوکێیان شـین دەکـرد جـەنگی دەروونییـان دەباراند، شـەو نـەبوو مـردن لـە دەرگای بەنـدەکان نـەدا. سـەختترین کـات ئـەو کاتانـەبوو دەمەتەورەکان نێو چاو قۆقزەکان لە نیوەشەودا هەڵیاندەکوتایە سەر گەوڕی ژنەکان‌و زاق‌و زریقیان پێدەخستن، پەلی هەر یەکەیان بە دەست دەمە تەورێکەوە بوو دەیانبردن بۆ ژوورەکانی خۆیان‌و مرخیان پێدەمرانن، بۆ بەیانیش دەرپێ‌و سوخمەکانیان نیشانی ئێمەی بەنـدکراو دەداو دەیان گوت: " ـ خاوەنی ئەمانە دەناسن..؟"

لەمانەش سەیرتر ئەوە بوو، کە دەمە تەورەکان، چەرداوە رووەکان دەست‌و قاچیان مانـدوو دەبـوون، فریشتەکانیان ئـەتك دەکـردو مرخیـان دەمراند، پەنایان بۆ مزگەوتە بچووکەکەی لای پلیکانەکان دەبرد، ئەو مزگەوتەی چەند حەسیرو بەرماڵی لەسەر راخرابوو، وێنەی (ئیمام عەلی‌و سلێمان)یان لەسەر نەخشێنرابوو، نێو میحرابەکەیان ماچ دەکرد، کـە لێدەبوونـەوە پـەلاماری بتـڵ‌و کێبـڵ‌و قامچییان دەدایـەوە دەکەوتنـەوە ئەتککردن، کەڵبەیانیان خوێناوی دەکردەوە. داخی شێتەکان سەوزەو کۆتـایی نایـەت‌و بابەتگـەلێکی بێ وێنـەن. هـەر شـەوەی شـتێکیان بـە هۆڵەکەدا دەکردو بەندەکان هەتا نێوقـەدیان وشـك دەبـوو، ئەوەنـدەی تـر رەنگـی مردووییـان لێ دەنیشـت‌و ئـەو دنیایـەیان بـە چـاوی خۆیـان دەبینی‌و هەریەکە لای خۆیەوە دەیگوت: " ـ ئێستا دەست دەخاتـە سـەرم‌و بازەکـە بەسـەرمەوە دەنیشێتەوەو دۆزەخ راپێـچم دەکـاو هـەڵم دەلووشێ..."

ئەی بۆ سەگە گەمۆڕەکانی نێو گەوڕەکان ناڵێی..؟ خۆیـان کردبـووە رەقـەمارو نقـەیان لـەخۆیان بڕیبـوو، بـەڵام دەسـەڵات بەدەسـت ئـامێرە نهێنگرەکانی بەرباخەڵیان بوو گیزەی مێشوولەشیان تۆمار دەکرد، ئەوەی ئامێرەکە پێـوەی دەدا، چـوونی هـەبوو، بـەڵام گەڕانـەوەی نـەبوو. وشەکانیش بەردەوام لە باڵەفڕەدا نەبوون‌و باڵیان نەگرتـەوەو دوای واتاکانیـان نەکـەوتوون، دەرگاکانیـان لێداخراوە، لەبـەر ئـەوەی کرمـەبڕە کرمەژنی کردوون، سەوزایی لێ بڕیون.

لە کۆتاییدا دەڵێم: " ـ نەتانتوانی لەگەڵ ئەو کەش‌و هەواو وەرزە سەوزانەدا هەنگاو بنێن‌و بەکرەیی لەمەزراکانـدا بکـەن‌و شـاراو خەرمانـەکان تێروتەسەل بکەن‌و مالووسکەی سوورهەڵدەنەوەو خەرمانەکە هەڵگرن. لەبەر ئەوەی تەم‌و مـژ دەوری تـەنیون، پرسـیارەکان واقیـان وڕ مـاوە، وەڵامەکان خنکاون، چاوی ئەستێرەکان گڵۆپەکان کزو کەلەلان، کۆترە باڵ سپیەکان تەرا بوون، سەرو پۆتەڵاکی گوڵەکان، درەختەکان گڵەبان کراون، قرپۆکە یاساکان کەڕو لاڵن، خۆڵ‌و دۆ بە سەریاندا کراوە، بەسەر لە سەر دەم‌و چاویان نووسراوە (؟؟!!) رەشەبا، وەیشوومە تـەکیان بە شەماڵ‌و بەهار هەڵچنیوە، ئەگەر بڵێن دەمێکە هەستمان بەمانە کردووە، ئەوانەی لێرەدا کـوژراون زوو زوو دێنـە خـەومان‌و یەخـەی خۆیـان دادەدڕن، لێوی خۆیان دەکرۆژن، بەزەییاین بە خۆیاندا دێتەوەو دەڵێن: " ـ چیمان بە خۆمان کرد، کار وا بـڕوا منـیش ئێـرە بـەجێ دەهـێڵم‌و دەچمەوە بۆ ئەشکەوتەکەی مالوومەو سەرلەنوێ دەست پێدەکەمەوە.



دوانامە:فوزیە مەتمی

نە باهۆرە بوو نە گێجەبا، نە شەپۆلانی دەریای تورە تا سروشت شیرت بۆ دابداو تاوێ داساکێ. خەمێکی جاویدانی بوو، دەتوت کراسێکەو بە بالآت براوەو بۆ ئەوە لە دایکبووی پێگە بە پێگە رێ لەگەڵت تەی بکا. ئەم دڵە بۆ ئەوەندە بە گەورەیی دروست بووە، میهرو سۆزی نە هێندەی قەدو قامەتەو نە هێندەی توانای دەربڕینێ پەرەمووچو پێنووسو زمان. وەهمێ.. تەنیا وەهمێ دەرچوو، لە نێو خوێنت دەگەراو دەگەرا، وەك ئازیزمردەی گۆڕغەریب تا دەمی لێژبوونەوەی نێو گۆڕیچە لە گەڵتدا بوو.

دوو حەوتووی رێك بوو، چاو لە رێگاو بە هەموو شتێ دڵ گوشادو گەشبین، بەو بابوێرەی وێنەیەكو هەواڵێکی بۆ دەهێنای، بەو پەیکەدا، کە هەردەم دەیوت:

"- چی دی ئەو دەلاقەیە والآ مەکە، کە دەنگۆی ئەو ئاوازەت بە گوێ دەدا. بۆ گەشتنەوە بە کچەکەت، رێگاکان زۆرنو هەقیش بە تۆیە مامۆستا." دوو دەمژمێری مابوو بۆ چوونە خوێندنگە, لە بێوازیدا بڕستت لێ بڕابوو, پەندۆڵی دەمژمێرەکەش کیسەلآنە دەیبڕی، بەرەو ژووری (شەنو خەرمان) بە رێکەوتی.. بە ئەسپایی دەرگاکەت کردەوە, ئەوان هێشتا نوقمی شەپۆلانی خەونەکانیان بوون وەك دوو کیژۆڵەی چواردە بەهار لە نێو پێخەفەکانیاندا خۆیان گرمۆڵە کردبوو، دەتوت وێنەی هەمان ئەو دەمو ساتەن، کە لە ئامێرێکی سۆنەرەوە نیشانت دەدران، یەکە یەکە کەزیەو ئەگریجەت بە رووودا لابردن, رووومەتەکانیانت راموسی، (شەن) بە نیمچە نیگایەکەوە زەردەخەنەیەکی بۆ کردیو خۆی وەرچەرخاندە دیوەکەی تری، (خەرمانە) وە ئاگانەهات، بەر لەوەی ژوورەکە جێبهێڵی، قولپی گریانێکی تەمەن (١٦) ساڵان ئیستی پێکردیو ریسەکەی لێکردیتەوە بە خوری. ویستت نەگریت. سیمای دوو کچی چواردە بەهار یەکەم تۆماری بینینی چاوەکانت بێ، فرمێسك لە فەرهەنگی ئەو دەمو ساتەی دەرکەیت، نەکا ودمی باش نەبێ بۆ ئەم بەیانیە تاقانەیە، پاڵت بە دیوارەکەوەداو لەبەر خۆوە وتت: "١٦ساڵە ژان دەمگرێو چاوڕوانی لە دایکبوونەوەی کۆرپەیەکی نێو دنیای غایەڵەکانم، لە وەنەوزی هەر بۆرژانێکا بە دەستێ جلی کوردیی رەنگ پشکۆییەوە دەتبینم،

چاوەڕوانیی لە برێم نابا، من (ئەیوب)م هەرگیز پشتێ ئومێدم ناچەمێ، ببورن کچە شیرینەکانم رەنگە وەك ئەوەی خواستم نەمتوانیبێ پەروەردەتانکەم، دەزانم رۆژێ دادێ دەبنە دادوەرو لە بەردەم دادگایتاندا مەحکوم دەبم، بۆچی؟ بۆچیەکانتان دەزانم رستی دەنك بە دەنکی مرواری فرمێسکەکانم، وەك متوموروەکانتان لە سندوقچەیەکا پارێزراوە، هەنسك‌و تەرپی چاوەکانم بە دەردێکیان بردووم، مانەندی دەفتەری والآ دەمخوێننەوەو بێدەنگ بێدەنگ دیزە بە دەرخۆنەی دەکەن، لێگەرێن با ئەمرۆش وەك رۆژانی دی بێ، تەنیا دوای چەند ساتێکی تر، کە گەڕامەوە، دەزانن لە دووری چ گوڵبەژنێ بە کام گڕی ژیلەی بێ دووکەڵ‌و بڵێسە لە ناخەوە سوتێنراوم. ئان‌و سات بەرەو لای مینای مێزی خۆ رازاندنەوەکە کەوتیە رێ، خۆشیت لە سەیرکردنی روخساری خۆت دەهات، وەك منداڵێ حەزت دەکرد گەمە لەگەڵ وێنەی خۆتدا بکەی. "تۆ بڵێی چوبێتەوە سەرخۆم؟! کیژۆڵەیەکی چاو مەست‌و بەژن زراڤو کەزیە رەش خۆی‌و جانتای کتێبەکانی لە خوار دیواری قەڵاوە رێ دەکا، جەحێڵانیش سەراسیمەن لە بەردەم لەنجەو لارەکەی." ئومێدی بە یەکگەیشتنەوە، یان هەواڵێکی دوورە ئازیزان رەنگ‌و روخساری مرۆ دەژێنێتەوە، جوان‌و جوانتر دەینوێنێ، نەرمە پێڵی ئەو دەریایەی چەند ساڵە مەلەی تیا دەکەی هەنووکە بەرەو کەنارێکت دەبا، تەرزی بیرت بەهەر چوار دەوری ماڵەکەدا دەگەرێ‌و وێڵە بە دوای گۆشەیەکدا، کە بە رەوای (وێنە)کەی بزانێ. دەستەکانت لەسەر کەوانی هەردوو برۆت دانا، دواتر بەرەو خوارتر هێڵتکێشا، بێ ویست لەسەر کەمەرت گیرسانەوە، قورسایی دەستەکانت گەرمی گەیاندە سەرسکت: "نۆ مانگ‌و نۆ رۆژ لە هەناومدا هەڵمگرتی، لە ئێسك‌و گۆشت‌و سۆزی خۆم بەخەمەوە بۆ لەدایکبوونێ پێم گەیاندی، کە بە شیری ئەم مەمکانە گۆشت بکەم، بە دەنگی ئنگا ئنگاکەت وە ئاگا بێم." ئیدی ئاوێنەکەت لێ بووە متووی ئەلبوومی رۆژەکان تا قووڵتر بتڕوانیایە دێرینترین دیمەنی دەهێنایەوە پێش چاو. دیمەنەکان زۆر بوون. رووپەڕی هەریەکێکیان زەردو رەنگ هەڵبڕسکاو بوون، پێ دەچوو نمەی فرمێسکی رۆژانی چاوەڕوانی هەڵی پرواندبێ، هەندێکیان بۆنیان ناخۆشبوو، ناخۆش وەك ئەو دەم‌و ساتانەی ئەو بەسەرخۆشیی دەهاتەوەو قوڵپوقۆ دەڕشایەوە، بۆنی عارەق‌و ویسکی تەواوی ماڵەکەی پڕ کردبوو، سەرو پرچت شەمزاو داوەکانی رەق‌و بە یەکدا نووساو بوون، بە لیکاوی ئێڵنج‌و رشانەوەی شەوانی ئەوی بەدمەست، روومەتەکانت شینی رەنگ کەوەیی بوون، شوێن بتڵی عارەق‌و فرمێسك روخسارتی شێواندبوو، سەرت کاس بە وشەی بەدگۆی میرغەزەبێ، هەندێ دیمەنیش تۆمارێکی بێدەنگ بوون‌و بەرەنگ‌و رووخسار دەدوان. دەتوت لە دەستی نەزانێکەوە گیراون تەڵخ‌و تاریك چاوە زمانزانەکان دەیتوانی گەردی ئەو رۆژانە رامالێ‌و ئەو دیوی تاریکیەکە ببینێ، هەندێ دیمەنیش زەنایان ئەوەندە بەرز بوو، ترست هەبوو لە وەئاگاهاتنەوەی شەن‌و خەرمان، ئیدی گیانت بەوە بوو باوکیان رۆژانی دی ئاسا، زوو ماڵی بەجێهێشتبوو بەرەو سەرکار بەرێ کەوتبوو، دۆش دامابووی، پێدەچوو دیمەنەکان تا کۆتایی سیناریۆکە یەکێتیی بابەت بپارێزن، ژووری دادگایەك ژاوەی دەهات، لە دەنگۆی ئەو کەسانەی کێشمەکێشمی ئەو زەماوەندانە بێزاری کردبوون، لە قەدەرێکی بێ سەرو بەرەوە پێکهاتبوون، دیمەنی رێ برین لە شەوی ئەنگوستەچاوو بولێڵی بەیان رەو بە نێو شەوبای کەوشەنبەزێنداو بەجێهێشتنی زێدو دایکێکی پیر لە ترسی پەیداکردنی گوێ لە دارو دیوار، لە شوێنێکدا دەستت بە دەمتەوە دەگرت نەکا کەس گوێی لەو چرپەیە بێ، کە بە هاورێکەت دەووت: "سکم هەیە، بەڵام خۆ ئەو نەیزانیوە، کە شاریشمان جێهێشت، ئیدی هەر پێی نازانێ." لە دیمەنێکیشدا. دەنگی گریان‌و گینگڵدان لە تاو ئازاری بەر موسڵدان‌و سێبەنەت سێ شەوو سێ رۆژی پێ خایندبووی. پەرستارێ لە هۆڵی نەشتەرگەریدا داوای ناوی باوکی کۆرپەکەتی لێکردبووی. بەر لەوەی هۆشت بێتەوە، ئەو شەوە ئاسا لێنەگەرا شەوێ تێپەرێ بەسەر حەوتووی شەوارەی زەیستانیدا کۆرپەکەی لە پەرستارەکە وەرگرتبوو، هەر ئەو شەوە سنووری ئێرانی بەزاندبوو، گەرابۆوە، پەشێو حاڵ‌و وەیلان لە تاو ئازاری مەمکەکانت، ژیابوونەوەو گۆکان خەرمانەیان دابوو، لە چاوەڕوانی مژینی ساوایەکا بێقەرار بوون، نە سینەیەك ئەو سەرە پڕ لە سەربوردەی لە ئامێز دەگرت، نە نەوایەك دەیتوانی دالدەت بدا. نامەیەکیشت بە لەرزە لەرز دەخوێندەوە، کە بەخەتێکی گەورە نووسرا بوو: "بۆ پێت وابوو گەر برۆیت‌و شار

جێ بهێڵێ لە دەستم دەردەچیت، چاك بزانە ئێستا موستەشارم، گەر خوانەکردە خەیاڵێ لە کەللەی دای بۆ وەرگرتنەوەی کچەکەت ئەوە بزانە پیرە داکت لە زینداندا، وەك سەگ پەت دەکەم. خۆ بیرت نەچووە، کە سێ برات پێشمەرگەیەو یەکیشت لە هەندەرانە."

دەگریایتو بە هەنکە هەنکی بێهێزی زەیستانێکەوە وتت: "نا دایە گیان هەرگیز نامەوێ تۆ بە پزیسکی ئەو ئاگرە بسووتێی، کە لە هەناومدایە، وام دانا تۆبووکم لە دەستچوو." مەودای پردی ئارام ئەوەندە درێژبوو، سۆزی خۆشەویستی یەکی دایکانە نەبوایە (١٦) ساڵ رێی نەدەبری بێپسان، چاوەکان کاڵ دەبوونەوە لە چاوەڕوانیدا، کە وەرز تێدەپەڕی لە زەینتدا ئەو خەپەتۆڵە دەبوو بە ئەسپایی گوێت هەڵدەخست، گفەی رەشەباو شەقازیلەی سەرمای پایز گەڵاکانی پەرشدەردەوە بەسەر شاردا، بە چۆك دادەهاتیو دەتوت: "خودایە، بکەیت لە ژێر دەستی کەسێکا بێ سۆزی تۆی لە دڵدا بێ شەوانە گەرم داتبپۆشێ." کە ساڵ تێدەپەری دەتدواند، ئێستا پیرەوکە بووە، وەك ئاواز لە دەست چوان بە بەر خۆوە دەتوت: "بە کەس کەسانت نادەم، بە ناکەسانت نادەم، بە رێگای دوورت نادەم، بە ماڵی پوورت نادەم، ناتکەم بە بووکی خاڵ، بتکا بە کۆتری ماڵ. ناشتدەم بە کوڕی تاقانە، بتبا بۆ باڵەخانە، ناتدەم بە کورە خەیاتێ، بتبا بۆ دوور وڵاتێ.

لە تاراوگەش موغازەکان پڕ لە جلوبەرگی نایابو عەنتیکە بوون، قەڵماسنگی نیگات تێدە ئاڵاندو لە دڵەوە دەتخواست دەستەکانت بگرتایەو مووروت بۆ کەزیە بەندیو رستەك بۆ ملیو چەچەوانە بۆ دەستو پەنجەکانی بکڕی. لە دیمەنێکدا مامۆستاییەکەت پیادە دەکرد، زمانی دایکت دەگوتەوە، هەرۆژەو بە یەکێ لە کچە خوێندکارەکانت دەچوان، گیانت بە باوکی شەنو خەرمان بوو، شەکەتی ئەو رازە نهێنیەی بە هێمنی ئەدگارەکانی دەرەواندەوەو سەری نەدەکردە سەرتو چاوی پرسیاری نەدەبڕییە گرێی هەمیشەیی نێوچەوانت. زۆری خایاند نووتەکی نێو تونێلی پڕ لە رووداوو پێشهاتەکان، گەورە ترین دیمەن ئەو دیمەنە بوو، نەك رووپەڕی مینای ئاوێنە گەورەکە. سینەی ئاسمانیش کەم بوو، بۆ پێشاندانی ئەو رۆژانە، لە جێیەك دەنگوێ زەنگی ئاگاداریو فرۆکە بوو بۆردومانی دەکرد، لە لایەك دێکان رادەگوێزرانو جەژنانەی شاریش پۆلێ گورپوکاڵی لە ژێر ئازارا دەرنەچوو، بە داراکراو بوو. شار رەشپۆش بوو، گوێکان هەراس نەدەبوون لە بیستن، دەتوت زەمەنی کێبرکێی سەربوردەکانە، جەنگەکان ئەوەندە زۆربوون، شەرمت بە خۆت دەهات. لە ناوهێنانی هەندێکیان، وەك دێوانە دەست بە نزاو دەم بە وێردو رووت لە ئاسمان بوو، دەتوت فرەزەندێ لە کچۆڵە دیلو فرێنراوەکەت زیاتر شك نابەی، لە مەعشەری کۆڕەودا حەوت شەو حەوت رۆژ، خەو بە راگوزرایش بە لای چاوەکانتا نەهات، شێلگیرانە لە شاشەی تەلەفزیونو هەواڵەکانت دەروانی،

لە دوورەوە مەلی چاوەکانت وێڵ گەردو باڵ ئەنگێواو تەنیا لە دارکاژی باڵای ئەو کچانەوە دەئاڵا، کە تەمەنیان شانزەی لە بەهاری ژیان تێپەراند بوو. لە سەرو بەندی رۆژانی کۆڕەودا بارێژە فرمێسکەکانت بە جۆرێ دایکرد هەوری ئاسمانی کوردستانیشی گریان. بەر لەوەی تەرزی بیرت دوا لاپەرەی ئەلبوومی یادەوەریەکانت پێ دابخا، دوا دیمەن گرژیو ئاڵۆزی تەواوی وێنەکانی بە دوو رستە خاوکردووە، وەك دێوانەیەکی سەرحاڵ، هەر ئەوە بوو، بە چۆکا نەدەهاتی لە بەردەم ئەو پیاوە مسافیرەی بەرەو کوردستان دەهاتەوە، بۆ دواجار، کە پێی وتی: "من پەیمانم داوێتێ پەیمان، هەنووکە ئەوانە پەتیان پساوە، تا سەفەرەکەی خۆت هەڵدەکۆڵی وێنەیەکی کچەکەت لە شاری هەولێریوە پێدەگەیەنم."

ئیدی دەمەدەمی چێشتەنگاو ویستت بەرەو خوێندنگا بکەویتە رێ، لەبەر خۆوە پرسیارگەلێکت بەرێ دەکرد. تۆ بڵێ..! تۆ بڵێ..! دەروازەکەت کردەوە، نامەیەك ئاخنرابووە لاشیپانی دەروازەکە، بە پرتاو کەوتیتە خوێندنەوەی: "ببورە خانمی بەرێز، ئەمن دوو رۆژانە گەراومەتەوە، دەبوو لە سەر پەیمانی خۆم بێم بۆ لات، بەڵام دەروستی رووبەڕووبوونەوەی ئانو ساتی گەیاندنی ئەو کۆستە نەهاتم، خوا سەبووریی خەمتان با، بەسەر پرسەی کچەکەتانا گەرامەوە، کە لە داخی بابو زرداکەکەی خۆی سوتاندبوو."




هێرمێنۆتیکی مودێرن و ئەدەبی کوردی:عەزیز ولیانی

## ١ـ کورتە ئاماژەیەک بە رەوتی مێژوویی‌و ناوەڕۆکی ئەم شێوازە:

مرۆڤ، وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، هەستی تامەزرۆیی هانیداوە بۆ ناسینی جیهان‌و خۆی بە کەرەستەو ئامرازی پێشکەوتووەوە تەیاربکا.

لە سەردەمێکی مێژووییدا، لە رەوتی ناسینی جیهاندا، چەندایەتی‌و چۆنایەتیی ئامراز بۆتە هۆی زاڵبوون‌و دەسەڵاتی زانستە سرووشتییەکان.

بە پێی پێویستیی مێژوویی، مرۆڤ لە سایەی پێشکەوتنی گشت لایەنی ئەم زانستانەو بەرفرەوانبوونی ئاسۆی روانینی لە واتای ژیان، رێی بۆ سەرهەڵدانی زانستەکانی مرۆڤایەتی‌و کۆمەڵایەتی خۆشکردووە. شوێندانانی راستەوخۆی رەوتی خێرای گۆڕانکارییەکانی سەردەمیش، لە لقەکانی سەر بە ژیان‌و ئامانجی مرۆڤ ئەو هەڵەی رەخساندووە، کە ئەو زانستانە بە سەربەخۆیی‌و دوور لە بەستێنی سروشتی رۆڵ بگێڕن. رێنوێنیی مرۆڤ بەرەو باشترناسین‌و تەئویلی (لێکدانەوەی) جیهان لقێکی گرنگ‌و بەرچاوی زانستی مرۆڤایەتیی کۆمەڵایەتییە، هەڵبەت ئەم وتەیە بەو واتایە نییە، کە لێکدانەوەگەری تەنیا پەیوەندیی هەیە بە ئەرکی ئەم زانستەوە بێ. لە راستیدا ژیانی مرۆڤ لە هیچ سەردەمێکیدا لە لێکدانەوەگەری بێبەش نەبووە. نموونەی سەرەتایی لە بیروراکانی ئایینی، سەردەمی کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ئوستورە بەسەر بیرو زەینی مرۆڤدا، سەردەمێ، کە بۆ زانین‌و باشتر تێگەیشتنی دەق رووکرایە عەقڵانیەتی واقیعخواز (ئاوەزگەریی داکەوتخواز) لەم کاتەوە هەتا سەردەمی پاش مۆدێرن رێبازێ، کە دەسەڵاتی تەواوی بەسەر گیانی دەق هەبوو، بۆچوونی یەك واتایە. واتە لە بەستێنی لێکدانەوەدا تەنیا بیرو بۆچوونی دانەر جێی برواو متمانەیەو بەس.

روونە، کە چۆنایەتیی ئەم رێبازەش بە پێی رادەی پێشکەوتوویی‌و بەرزبوونەوەی ئاستی فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکان‌و زۆر بارودۆخی تر لە گۆڕاندا بووە، بۆ نموونە سانت بۆڤ (١٨٠٤-١٨٦٩) پێی وابووە، بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمی هەر نووسەرێ پێویستە، کە شارەزای ژیانی تایبەتی‌و خودی نووسەرەکە بین. تێن (١٨٢٨-١٨٩٣) باوەڕی وابووە، کە رەخنەگر دەبێ لە شوێن‌و کات‌و رەگەزی نووسەر بکۆڵێتەوە. ئێرنێست رێنان (١٧٢٣-١٨٩٢) لە لایەنی کۆمەڵایەتی‌و دەروونیی نووسەر دەکۆڵییەوە[١]. هەروەها یەکێ لە هۆکارە گرنگەکانی مانەوەو دەسەڵاتی ئەم شێوازە بەسەر نووسراوی ئەدەبیی هەر نەتەوەیەکدا پەیوەندیی بە رادەی دەسەڵاتداری‌و ژێرچەپۆکەبوونی زمانی ئەو نەتەوەیە هەیە.

هەڵبەت رەوشتی "دیلیی بەندیخانەی دەق"، یان بە وتەیەکی تر، خۆبەستنەوە بە تەنیا بە یەك واتاوە لە دەقدا، لە لای ئێمەدا نامۆ نییە. لە باغی وێژەو ئەدەبی کوردیشدا نەمامی ساوای دەق‌و لێکدانەوەگەری سەردەمێکی زۆر لە ژێر فشارو تەوژمی رەشەبای ئەم بۆچوونە بووەو هێشتا تازە دێ چرۆی بپشکوێ.

لە لێکدانەوەگەریدا ئەوەی زەینی خوێنەر بهاژێنێ‌و بیخاتە ژێر رکێف‌و دەسەڵاتی، چوارچێوەی دیاریکراوی دەقە. هەر بەوەش رەخنەگر دەتوانێ لە مەبەستی دانەر نزیکدەبێتەوە. واتە دەق لە ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان دانەرو خوێنەرەوە دێتە کایەوە.

دانەر دەق خوێنەر

لێرەدا نووسەر تەنیا دەورگێڕی سەرەکییەو ئەوەی بەرچاو ناکەوێ دەورو کارایی رەخنەگر یان توێژەرە. دیارە ئەم باسە بە گشتی فۆلکلۆرو بەتایبەتیش بەیت‌و باوی کوردی دەگرێتەبەر. چون هەوەڵ دانەری زۆربەی نزیك بە تێکرای بە ئەوان، کەنسایەتییەکی ناسراو نین، واتە کاتێ دەڵێین بەیتبێژ، مەبەست کەسایەتییەکی تێکراییە، نەك تایبەتی. کەسایەتییەك، کە لە ناخی پەیوەندییە ئابووری‌و کۆمەڵایەتییەکانی زێدو نیشتمانی خۆیەوە سەریهەڵداوەو نامۆ بە خەڵکی سەردەمی خۆی نەبووە. بەیتی کوردی رەنگدانەوەیەکە لە بارودۆخ‌و پەیوەندییەکانی گشت لایەنەکانی کۆمەڵگای کوردی لە مێژوویدا.

پەیام‌و راسپاردەی بەیت بە زمانی بەیتبێژان سنووری زمانی تێپەڕکردووەو هەروا بەردەوامە.

بەم پێیە، کەسایەتیی دانەر بۆ ئێمەش (خوێنەر، گوێگر) ناسەرە.

لەم شێوەیەدا توێژەر دەبێتە وێژەری دانەر، یاخود ئەرکی شیکردنەوەی ئەو مەبەستە دەخاتە ئەستۆ. ئەم شێوە لێدوانە لە

قوتابخانەكانی ئاینیدا پێشینەیەكی لە مێژیینەدا هەیە. یەكێ لە خاڵە گرنگەكانی, لەبەرچاونەگرتنی تایبەتمەندییەكانی مێژووی دەقە، كە بە نۆرەی خۆی دەبێتە هۆی بەرتەسكبوونەوەی مەودای بڕیاری خوێنەر بۆ هەڵسەنگاندنی واتای دەق. بێگومان مەبەست ئەوە ناگەیەنێ، كە شێوازی (هێرمێنۆتیك) هیچ پێشینەیەكی لە مێژوودا نەبووەو تەنیا پەیوەندیی بە سەردەمی ئێستاوە هەیە.

ئەگەر سەرنج بدەینە لاپەڕەكانی مێژووی بەر لە زایین, دەبینین ناوی یەكێ لە وتارەكانی ئەرستۆ "هێرمینۆتیكا"یە, كە لەسەردەمی ئێستادا ڕێبازی لێكدانەوەی (لێكدانەوەگەری)ی مۆدێرنی پێ ناودێر كراوە.

شلایر ماخێری ئەڵمانی (١٧٦٧-١٨٣٤) سەرەڕای هۆگریی زۆری بە ڕۆمانتیك, تێكۆشانی سەرەكیی خۆی بۆ پشكنینی دەق‌و بۆ دۆزینەوەی چەندین بۆچوون‌و واتا تەرخانكردووە. لە سەرەتادا دەستی داوەتە لێكدانەوەی ئینجیل‌و لە پێناوی ئەم ئەركەدا گەلێ زانیاریی بە كەڵكی داوەتە دەست, كە ئێستا وەك سەرەتایەك بۆ هێرمینۆتیكی نوێ دێتە ئەژمار. بە چەشنێ، ئالاهەڵگرانی ئەم شێوازە, ئەو بیرمەندە بە سەرقافڵەی ئەم ڕێباز دەزانن. بە پێی بڕوای ڕێڕەوانی ئەم ڕێبازە، خوێنەر تەنیا لەگەڵ واتای داسەپێنراوی دەقدا بەرەوڕوو نابێتەوە. ئەوەش كاتێك دێتە دی، كە بە هیچ كلوجێ، لە سەرەتاوە بیر‌و زەینمان بە تەنیا بە مەبەستی دانەر نەبەسترێتەوەو شوێنپێی بۆچوونی نەكەوین.

با ساكارتر بڵێین: لە كاتی خوێندنەوەو وردبوونەوەمان لە هەر دەقێ, واتایەكی ئەوتۆی لێوەردەگرین‌و بە ڕواڵەت ئامانجمان دەپێكین, بەڵام گرنگ, توێژینەوەی ئێمەیە لە واتای وەرگیراو لە مێشكماندا. بە وتەی (هانس جۆرج گادامێر) كاری هێرمینۆتیك, بەر لە هەر شتێ، تێگەیشتنە لە دەق٢. ئەمەش مسۆگەر نابێ ئەگەر لە سەرەتاوە بە زەینی پرسیار نەڕوانینە دەق‌و بە قسەی نەهێنین. بە وتەی (پۆل ریكۆر) دەق وەكو لاڵ وایەو توانای وەڵامدانەوەی نییەو پێویستە سەرلەنوێ ئەو گیانەی بخەینەوە بەر, كە لە ناخی دەقدا خۆی حەشارداوە. بە بڕوای من ئەركی هێرمینۆتیك پەرەسەندنی خوێندنەوەیە بۆ گەیشتن بە مەبەست[٣].

بەم جۆرە، دەق دەلاقە گاڵەدراوەكانی خۆی بە ڕووی ئێمەدا دەكاتەوە تا بتوانین ڕۆچینە ناخی مەبەست. ئەگینا دیاردەكانی نێو دەق هەروا نامۆو نەناس دەمێننەوە. بە وتەی (گێرتس)، دەبێ بێدەنگی بەسەر دەقدا نەسەپێنین‌و ڕێگا بدەین دەق وەقسە بێ[٤].

ئێستا بێینە سەر باسی ئەم پرسیارە، كە ئایا چوارچێوەی هێرمینۆتیكی مۆدێرن تەنیا بە دەقی ئەدەبی نوێوە بەستراوە؟ ئایا ڕەخنەگر لە ئاستی نێوەڕۆكی گشت دەقێكدا بەرپرسە؟ ڕاشكاوتر بڵێین: ئایا هەر دەقێكی ئەدەبی لە ڕووی نێوەڕۆكەوە خاوەنی ئەم پلەو بایەخە هەیە بكەوێتە بەر سێرەی لێكدانەوە؟ دەق ئاخۆ دەبێ چ تایبەتمەندییەكی هەبێ؟

گوتمان هێرمینۆتیك واتە زانستی لێكدانەوە بە گوێرەی شێوازێ بە پێی پێویستی، پەرەگرتنی لێكۆڵینەوە سەری هەڵداوە، نەك فەلسەفە یاخود مەكتەبێكی سەربەخۆ، كە بە شوێن‌و كاتەوە ببەسترێتەوە. ئەم ڕێبازە ئەرك‌و بەرپرسی خۆی لە ئاست هەر قۆناغێكی مێژووییدا لە ڕێی دەقەوە دەنوێنێ. ئەوە شێوازی داڕشتن‌و نێوەڕۆكی دەقە، كە دەبێتە پێوانەیەك بۆ لێكدانەوە، نەك كەسایەتی نەدار، یان زەمان‌و شوێن. وێدەچێ دانەرێ لە سەردەمی كلاسیكدا لە بەرهەمی خۆیدا هیچ شوبهاندنی مەبەست نەبووبێ. ئەوە ئامرازی ئەوڕۆی ڕەخنەیەو واتایەكی نوێ بە دەق دەبەخشێ, كە هیچ پەیوەندییەی بە مەبەستی دانەرەوە نییە.

هەڵبەت هەندێ لە ڕێڕەوانی هێرمینۆتیك، بۆ وێنە (ئیمبرتۆ ئیكۆ) لەسەر ئەو باوەڕەیە، كە لە كاری تەئویلدا تا ڕادەیەك دەبێ مافی دانەر وەبەرچاو بگیرێ[٥].

بۆ زانیاریی زۆرترو هەستپێکردنی وتار، نموونەیەکی کوردی دەخەینە بەرچاو، کە بە راشکاوی شێوە روانینی هێرمینۆتیکی مۆدێرنی تێدا بەدی دەکرێ:

دڵ، کە غەیری ئەمە جامی جەمی داوا نەدەکرد
هەر لەلای خۆی بوو تەمەنناشی لە بێگانە دەکرد[6].

ئەم نموونەیە پڕە لە پرسیار، رەخنەگر بە تایبەتیو خوێنەر بە گشتی بواری ئەوەی هەیە بە شێوەی سەربەخۆ بکەوێتە لێکدانەوەو دۆزینەوەی وەڵام، بێ خۆبەستنەوە بە بیرو مەبەستی نووسەر، ئەرخەیان دەست بکا بە پشکنینی واتای حەشاردراو، ئەوجا جیاوازیی بۆچوونی لەگەڵ رواڵەتی دەقدا هەبێ.

## ٢- بەدیکردنی رەگی هێرمینۆتیکی مۆدێرن لە ئەدەبی کوردیدا:

سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم، سەرەتای ژیانی (شلایر ماخێر)ی بناغەدانەری هێرمینۆتیکی مۆدێرن، وەك یەکەم وەرزی سەرهەڵدانو گەشەی ئەم شێوازە وەبەرچاو دێو قۆناغی پەرەگرتنی هەتا سەدەی بیستەم دەگرێتەوە. دەبینین ئەم شێوازە تەنانەت لە وڵاتانی ئەوروپایشدا هێشتا تەمەنێکی وای نەبووە، ئەی کەواتە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتدا چۆن دەبێ. بارودۆخی سیاسیو جەغزی سەدان ساڵەی نیزامی فیکری باوك مەزنی، گرنگترینو بەرچاوترین گرفتی سەر رێی پەرەگرتنی زمانو ئەدەبی نەتەوەکەمان دێتە ژمار. کەوابوو نزمبوونی ئاستی تیۆری ئەدەب بە گشتیو بەستێنی رەخنە بە تایبەتی، بابەتێکی ئاساییو سرووشتییە. بە داخەوە لە بواری هەڵسەنگاندنو رەخنەدا چیی وامان لە جانتادا نییە، زۆربەی رەخنەکان تا ئێستا، شکاندنی سەرو سەکوتی نووسەرن، نەك وردبوونەوە بن لە نێوەرۆکی دەقو تایبەتمەندییەکانی رەخنە. کەوابوو بە لەبەرچاوگرتنی پایەخی ئەم لقە ئەدەبییە لە ئاستی جیهانیدا، دەبێ بڵێین لەم بارەیەوە ئێمە هێشتا لە نیوەرێداینو "رێگە سەختو پڕ لە کەندو لەندو هەڵدێرو گەوە"یە[7].

لقێکی گرنگ لە ئەدەبی کوردیدا هەڵبەت شیعرەو زۆربەی شاعیرانی کلاسیك لە بەستێنی عیرفانی، کۆمەڵایەتی، لیریکیو هەستی ناسیۆنالیستیدا شاسوارێکی بە دەستو بردی مەیدانی داهێنانی ئەدەبین، وەك: ئیما، ئیهام، ئیستیعارە، سەمبول... کە تا ئێستا لێکۆڵینەوەی شایانی سەرنجیان لەسەر کراوە[8]. بەڵام بەشی زۆریان لە باری واتا چەشنی یەکەم دەگرنەبەر (بڕوانە بەشی یەکەمی وتار)، واتە ئاکامی لێکدانەوەیان بە هەر رەنگێ بێ مەبەستی دانەر دەگرێتەوەو سەربەخۆیی خوێنەر زەوت دەکا. هەروەها شێوازی دارشتنو نێوەرۆکیان تا ئەو رادەیە نییە، کە بکەونە بەر لێکدانەوەو وردبوونەوەی ئەورۆیی، چونکە یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی دەقێکی شیاوی لێکدانەوە، دارماڵبوونی ئەوە لە رەمزو گرێ، واتە دەقێ، کە لە هەموو بارەوە تا ئەو رادەیە سادەو ساکار بێ، کە خوێنەر بە یەکەمجار پەیامو راسپاردەی دەق وەرگرێو هیچ پرسیارێ لە زەینی خوێنەردا نەمێنێ. بۆ وێنە: سەرنج دەدەینە چەند نموونە لە بەرهەمی شاعیرانی پایەبەرزی ئەدەبی کوردی، کە هەندێ لەوان شیعری لێکدانەوەشیان گوتووە، کە لە درێژەی وتاردا باسیان لێدەکەین:

**ئەم کۆمەڵی گوڵاڵە، کە ئاڵن لە کێوو کەژ**
**ئاویان دراوە گشتی بە خوێنە رژاوەکەم**[9]

یان:

**قەت لە دنیادا نەبوو بێجگە لە ناخۆشیی بەشم**
**ماتو داماوو پەشێوو بێکەسو چارە رەشم**[10]

دەبینین چ جێگای پرسیارو تێروانینیان تێدا بەدی ناکرێ. دەق دەبێ رێگا بۆ توێژەر، یان خوێنەر بە گەمێی پرسیارو وەڵام لە دەریای بێ سنووریدا مەلە بکا. هەڵبەت کاتێ باس لە رەمزو گرێ دەکەین، مەبەست ئەوە نییە، کە ئاکامی دۆزینەوەی هیچ پەیوەندیی بە واتای ژیانو کۆمەڵەوە نەبێ. چونکە بەهرەیەکی تری هێرمینۆتیکی مۆدێرن، جگە لە ناسینی دیاردەکان، ناسینی

"خۆمان"ە. خۆمان وەك كەسایەتییەكی كۆمەڵایەتی. بەڵام هەندێ لە شیعرەكان, هەڵگری باری فەلسەفین, واتە خوێنەر لێبڕاو دەبێ بۆ دۆزینەوەی مەبەست بكەوێتە بیركردنەوەوە. وەك ئەم دوو بەیتەی (نالی)، كە لە دوایین بەیتدا بە"داوە شەعر"ی ناو دەباو وریایی بە خوێنەر دەدا، كە زۆر بە وردی لێی بڕوانێ:

هەر چاوەیێ، كە وشك‌و عەقیمی بوڵندییە
وەك تەبعی من بە نەزمی خۆشی تەغمە زایەوە
نالی بە داوە شەعری دەقیقی خەیاڵی شێعر
بۆ ئەو كەسەی، كە شاعیرە سەد داوی نایەوە

وەك فاتح مەلا كەریم, جیا لە واتای مانای, ئەم لێكدانەوەیەشی بۆ كردووە:
بەیتی هەوەڵ: واتە هەر كەس سروشتی بەرزبێ‌و سەر دانەنەوێنێ, سەرچاوەی رزق‌و رۆزی وشك ئەكاو هیچی دەستگیر نابێ, چونكە ئەم جیهانە ئێستاش هەر لەسەر رووپامالی‌و ماستاوكردن‌و شانتەكاندن‌و درۆ لەگەڵ خودا كردن بەندە[12] .واتە وەبیرهێنانەوەی ئەو شیعرەی نەمر هێمن[13] .

هەر كەسێ سەربەرزە لەم وێرانەدا توشی غەم‌و دەردە
چیای سەركەش ببینە قەت سەری بێ هەورو تەم نابێ

بایەخدانان بۆ تایبەتمەندییەكانی زانستی هێرمینۆتیكی مۆدێرن ئەم بەرپرسییەمان دەخاتە ئەستۆ، كە بۆ دۆزینەوەی شێوازی ناوبراو سەرنجی زیاتر بە ئەدەبی نوێی كوردی بدەین. چونكە سەرەڕای كەندو كۆسپی لە رادەبەدەر, توانیومانە بەرپرسانە كەلێن بخەینە پەرژین‌و پێ بنێینە جیهانی ئەدەبی ئەوڕۆیی. بڵاوكردنەوەی چەند رۆمان‌و كۆمەڵە چیرۆك‌و شیعری نوێ لەم ساڵانەی دواییدا هەنگاوێكە بەرەو نزیكبوونەوەی خێرا لە مەبەستی باسكراو, ئێستاش چەند نموونەیەك لە شیعری (خەوە بەردینە)ی سوارە ئێلخانی زادە[14] , بە سەرنجدان‌و وردبوونەوە لە واتای شیعرەكە رەوتی گشتی‌و واتای رواڵەتی ئەومان بەم چەشنە دێتە بەرچاو: "لە سەرە بەهارێكا كانیاوێكی قەتیس‌و دیل‌و نەحەجماوی زیندانی خاك, رۆژێ بە تەوژمەوە گوێسوانەی زیخ‌و چەو دەڕمێنێ‌و لووزەو دەبەستێ‌و بەرەو زێ, بەرەو كابەی ئامانج یانی بەرەو شارە دەریا رێ دەبڕێ."[15]
لە یەكەم روانیندا دەردەكەوێ شاعیر لە زۆربەی وشەكان، وەك ئامرازێكی سەمبولی كەڵكی وەرگرتووە, بە جۆرێ، كە باری سەمبول بەسەر كەش‌و هەوای شیعردا زاڵە. بەڵام بە وردی‌و لێزانییەوە رایەڵ‌و پۆی سەمبولی تەنیوەتەوە. بە وتەی خۆی لە توێی تارادا بووكی مەفهوم دەشارێتەوە،[16] كە لێرەدا لادانی پەردەی چەند تۆوی لە رواڵەتی شیعرو پشكنین‌و تەئویلی سەربەخۆ, مەبەستی راستەوخۆی باسەكەمانە.
لە تایبەتییەكانی لێكدانەوەی دەقێكی سەركەوتوو, ئەوەیە چەند بۆچوونی جیاوازی لەسەر دەبێ, واتە هەر رەخنەگرێ، یان خوێنەرێ بە پێی رادەی تێگەیشتن‌و وردبینیی خۆی، بۆچوونی خۆی دەبێ. هەڵوێستی ئێستا لە ئاست بەشێكی شیعری (خەوە بەردینە) دەتوانێ یەكێ لەوان بێ. هەڵبەت وەك پێرستێ لە لێكدانەوەی دەق، نەك روونكردنەوەو شیكردنەوە. یەكەم روانینی گشتی بە مەبەستی لێكدانەوە, تابلۆیەكی زیندوویە لە خەبات‌و شۆڕشی نەتەوەیەك بۆ رزگاری‌و گەیشتن بە سەربەخۆیی:
لە چەشنی گەرووی كەو
كەوی دۆمی یەخسیری زیندانی داری
پڕی سەوزە بەستەی خرۆشانی باڕی
***

كچی نوور قەتیسی دەستی دێوی كێوە
***

بەخوڕ خۆ بە دیواری كێوا ئەدا ئاو
ئاماژە بە چۆنایەتیی میحنەت‌و دەست بەسەربوونی ئەم نەتەوەیە بۆتە دەستپێكی ماجەرا, پاشان ویست‌و تامەزرۆیی لە رادەبەدەری ئەو بۆ رزگاربوون (شێوازی دەنگ هەڵبڕین)و دیاریكردنی سەردەمی بزوتنەوەی تێدا بەدی دەكرێ‌و ئەوجا بڕیاری كارا بۆ راپەڕین:
ئەڵێی بورجی خاپوری مێژووی لە مێژین
لە درزی هەزار خشتی رۆژو شەوانی
دلۆپەی چپەی پۆلی پەریانی دادا
ئەڵێی پێكەنینی كچی سەرگورشتەی قەدیمی

لە ئەندامی تاپۆی وەکو بوومەلێڵی
سنووری شەوی دوێنێ، ئەورۆی بەیانی
پەچەی قورسی نسیانی لادا

ناساندنی تایبەتمەندییەکی زانستیو بەرچاوی بزووتنەوەی نەتەوەیی، یان بە وتەیەکی تر راگەیاندنی ئەم راستییە، کە راپەرینی ناوبراو بە پێی پێویستی مێژوویی سەریهەڵداوەو پەرەی سەندووە، کارتێکردنو مەودای بەرینی بزووتنەوە، گشت گوندو ئاواییو شار دەگرێتەبەر، لە هەمان کاتدا لە پاڵپشتی بیرو رێبازی نوێ بە زەبری خۆی پەردەی ترسو بێدەنگی دادەدرێ. لە هەر گازو رێبازی وا گازی ئاوی دەگاتێ. ئەم راپەرینو وەرێکەوتنە گشتیو تێکراییە، لەبەر ئەوەی لەسەر پێویستییەکی مێژوویی سەریهەڵداوە. بۆیە خاڵێکی بەهێزو لە هەمان کاتیشدا لاوازە.

لەگەڵ "ماسییە رەشە بچکۆلە"ی سەمەدی بێهرەنگی[17]. چونکە ئەمیان بڕیاری بەرەنگاری لە لایەن تاکە کەس، وەك سەمبولی ئەندامێکی رووناکبیری کۆمەڵ، هەر دێو رووداو بەرەو رەوتی بارهێنانی قارەمان دەباتە پێش. با بڕوانین:

کە دەردی گرانی هەموو رێبوارێ وەنەوزە

***

لەبەر نووری خۆرا
گەڵی کوێرەکانی شەوارەن
زنەی دەم بە هاواری درۆزن هەزارن،
کە تەسلیمی سێحرو تەسلیمی بنارن
بەبێ هەوڵی هەڵدانو چارانی چارن
بە هیوان بگرمێنێ هەوری بەهاری
رەها بن لە زیندانی بەردینی غار

تابلۆیەکی تر، باری وەستانو کڕیو بێدەنگیی گەلانی ترو تەنانەت چەواشەبوونی بە نێو راپەرینی هەندێ داماوو دەستەوەستان، کە چاوەنواڕی قارەمانە تا بە هەڵوێستی بە زەبرو خێرا بێتە هانایو بە موعجیزەیەکی نادیار رزگاری بکاو زۆر بۆچوونی دیکە. ئەمجا با ئاوڕێ لە مامۆستا (هێمن) بدەینەوە:

من گوڵی سەر گۆڕی ئاواتی لە مێژینەم بەڵام
ڕێژنەیەکم لێبدا پێم وایە بۆ روان ببمەوە[18]

واتای رواڵەتی شیعر لە هیچ کەس شاراوە نییە، بەڵام خۆ بە رەهەندی مێژوودا رەهێڵەو بێنە بەرچاو، کە نەتەوەیەك بە درێژایی مێژووی پڕ تەمەنی، ساتێ لە هەڵسوکەوتی هەوڵی بێ وچان بۆ گەیشتن بە سەربەستیو رزگاری نەسەکنیوە، کە سەد مەخابن، هەر جارێ بە هۆی گەلێ هۆکاری گرنگ، لە بریی ئەوەی ئاوێزانی باڵای بووکی ئاوات بێ، جواناوی جوانەمەرگی لە روو سڕیوەو گوڵی کازیوە نەدیوی لە ژێر بارستی تیغو درکی شەوەزەنگ ژاکاوە. بەڵام سەرباری سەدان دەردو سەخڵەت، دەستی لە ئومێد بەرنەداوەو هەموو ساتێ چاوەڕوان بووە، کە هەلێ هەڵکەوێو کورتە دەرفەتێ برەخسێ، تا، سەرەرای شكو گومان، لە سەرکەوتن، سەرلەنوێ راپەرێو هەستێتە پێ. ئەم بۆچوونە تەنها لێکدانەوەیەکە لە دەق، چونکە هەر وەك گوتمان: دەقێ دەکارێ هەڵگری چەندین لێکدانەوە بێ. بۆ وێنە: ئەم دەقە دەتوانێ لێکدانەوەیەکی کۆمەڵایەتیشی هەبێ. هەڵبەت دەبێ ئەم راستییە لەبیر نەکەین، کە هەر دەقێ مەیدانێکی بەرفرەوان نییە بۆ هەر چەشنە لێکدانەوەیەك. بە وتەی (پۆل ریکۆر): "دەق کەشو هەوای بەر تەنگی لێکدانەوەکانە."[19] واتە هەر چەشنە لێکدانەوەیەك لەگەڵ دەق رێك ناکەوێ، هەروەك (میشێل فۆکۆ) سەبارەت بە بیرو بۆچوونەکانی نیتچە دەڵێ: "بەرهەمەکانی نیتچە لێکدانەوەی مارکیسیزمو فرۆیدیزم هەڵناگرن."[20] یان (پۆل ریکۆر) لە نێوان دەقو چەشنەکانی لێکدانەوەدا سنووری دیاریکراو دادەنێو دەڵێ: "لێکدانەوەی دەروونناسی لەگەڵ دەقی ئەدەبی یەك ناگرێتەوە."[21]

سەبارەت بەئەو تاکە شیعرەو سەرجەمی شیعری نوێی کوردی بە گشتی، دەبێ بڵێین، کە بە پێی بەڵگەی مێژووییو راستییەکانی سەردەمی ئێستا، نەتەوەیەك، کە مۆتەی فشارو بێبەشیو چەوسانەوە بە دایم ئاوقای ملی بووە، بەرهەمە ئەدەبییەکەشی خولقاوی بارودۆخێکی وەهایە. کەوابوو، ئاساییە بەشی زۆریان "لێکدانەوەی نەتەوەیی" هەڵگرن. سەبارەت بە خۆنەبەستنەوەش بە بیرو راو مەبەستی دانەر، یان بڵێین سەربەخۆیی خوێنەر لە لێکدانەوەدا، فرانسیس بیکۆن دەڵێ: "کاری توێژەر تەنیا کاتێ بایەخدارە، کە بۆچوونی لەسەر دەقێ بێ، تەنانەت نووسەری ئەو دەقەش تووشی سەرسوڕماوی بکا."[22]

لەم پێوەندیەدا دەڵێین: سوارە ئیلخانی زادە گوتوویەتی: "ئەوە راستە من (خەوە بەردینە)م داناوە, بەڵام کاک (س.م) چاکتر لێی حاڵیبەو بۆچوونی باشتری لەسەری هەیە." وەك پوختەی مەبەست, پێویستە بڵێین: کە نەبوونی دەسەڵاتداری میللیو هەلومەرجی نالەباری سیاسیو بواری گەشەسەندنی وێژەو ئەدەبی کوردی تا ئەو رادەیە نییە, کە دەقی زۆرو بەرچاومان هەبێ, کە ببنە هۆکار بۆ دەوڵەمەندکردنی تیۆری رەخنە. بە سەرنجدان بەم راستییە, شێوازی هێرمینۆتیکی مۆدێرن وەك یەکێ لە چەشنەکانی رەخنەو هەڵسەنگاندنی دەقی کوردی, دەتوانێ ببێتە هەنگاوێکی بەرەو پێشو سەرکەوتوو لە پێناو پەرەسەندنی سەربەخۆیی خوێنەر لە پرۆسەی خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی دەق.

## سەرچاوەکان:

نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، تیۆرەکانی خوێندنەوەو هێرمینۆتیك, دەروازەیەکی تیۆری، گۆڤاری رامان. ژمارە ٣٩, ل٢١, ١٩٩٩.

هێرمینۆتیك مدرن (گزیدەی جستارها), نیچە, هیدگر, گادامر, ریکور, فوکو, اکو, درایفوس...., ترجمە بابك احمدیو دیگران, چاپ دوم, نشر مرکز, ١٣٧٩.

زندگی در دنیای متن, ریکور– پل, ترجمە بابك احمدی, نشر مرکز, چاپ دوم, ١٣٧٨.

روزنامە افتاب امروز, ١٣٧٨.

بەشی سێهەمی سەرچاوەی ژمارە ٢.

شەونم, وەرگێردراوی سەد غەزەلی حافز, حەقیقی– عەبباس, ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی.

نالەی جودایی هێمن.

بۆ زانیاری زیاتر بروانە تەفسیرو لێکدانەوەی دیوانەکانی نالی, مەحوی, سالم, حاجی قادرو گەلێ وتارو بۆچوون لەسەر پێشەکی "مەمو زین"ی خانی لە گۆڤارەکانی دەرەوەی وڵات.

دیوانی ئەحمەد موختار بەگی جاف.

تاریكو روون, هێمن.

دیوانی نالی, مەلا عەبدولکەریمی مودەریسو کورەکانی.

هەمان سەرچاوە.

تاریكو روون.

ئیلخانی زادە – سوارە, خەوە بەردینە, چاپی یەکەم, ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی, ١٣٧٢.

گۆڤاری سروە, ئاغایی– مارف, لێکدانەوەی خەوە بەردینە, ژمارە ٨٤.

ئیلخانی زادە– سوارە, تاپۆو بوومەلێڵ, چاپی یەکەم, نەشری پانیز, ل١٥٧, ١٣٧٢.

بۆ هەڵسەنگاندنو ئاگاداری لە رادەی وێکچوونو جیاوازییان, بروانە خەوە بەردینەو "ماهی سیاه کوچولو"ی سەمەد بێهرەنگی.

سەرچاوەی ژمارە ٩, ل٩٣.

سەرچاوەی ژمارە ٣.

سەرچاوەی ژمارە ٢.

سەرچاوەی ژمارە ٣.

تجدد و تجددستیزی در ایران, میلانی– عەباس, چاپ اول, ١٣٧٨.



## گەنجە کوردەکان یەکەپرۆژەی مەعریفییان لە مێژوودا: فەرهادپیربال

"هەڵستاون جەوانانی وەتەن دیسان بەبێ باکی
لە حەسرەت دەوری کۆنە موڵکی بابیان هاتنە چالاکی
دە دڵ عەزمو لە سەر شۆڕی جەوانی, هاتوون دەخوازن
کە بڕژێنن لەسەر خاکی وەتەن خوێنیان بەسەرپاکی
لە غوربەت لاوی کوردان بۆ نیگای وەسڵی تۆ مەحزوون
شەو و ڕۆژ ناسرەون بۆ شەهیدی شیرین ژەهرە تریاکی"
"مستەفا شەوقی قازی زادە"

هەڵبەت دۆزینەوەی ناوێ بۆ ئەو وەچە ڕووناکبیرە کوردە، کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای بیستەمدا ڕاپەڕینێکیان لە بواری ڕۆشنبیریی کوردیدا بەرپا کرد، ناسینەوەی پرۆژە ئەپستمۆلۆژییەکەیانمان بۆ ئاسانتر دەکا.

ئەم چەند دێڕەش هەوڵدانێکە بۆ دەستنیشانکردنی پەل و پۆ مەعریفییەکانی ئەو نەوە ڕاچەنیوە، کە بە هاوهەنگاویی لەگەڵ (گەنجە تورکەکان)ی تورکیادا، کە لە ژێر کاریگەریی ئەورووپادا لەدایك بوو، کولتووری کوردی تازەکردەوە.

### پێشینەیەکی مێژوویی:

عوسمانییەکان, لەبەر ئەوەی پایتەختی ئیمپراتۆریەتەکەیان لە ئەورروپاوە نزیك بوو, پەیوەندیی بازرگانیو سیاسیو ڕۆشنبیریی پتەویان لەگەڵ وڵاتانی ئەو کیشوەرەدا هەبوو، بۆیە تورکەکان زۆر زوو (پێش گەلانی کوردو عەرەبو فارس) توانیویانە پەیوەندی بە ژیانی کولتووریو سیاسیی ئەورروپاوە بکەن.

لە ماوەی نێوان ١٨٣٩ تا ١٨٧٦, کە لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانیدا بە قۆناغی (تەنزیمات)، واتە (حکومەتی دەستوری) ناسراوە, هەر بزووتنەوەیەکی ئایدیۆلۆژیو کولتووری لە ئەورووپادا دروست ببوایە, یەکسەر لەو تورکیایەشدا دەنگی دەدایەوەو سوودی لێ وەردەگیرا. ئەم قۆناغی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمە لە ژیانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بە قۆناغی بووژانەوەی سیاسیو کولتووریو شارستانیش لە قەڵەم دەدرێ.

لەم قۆناغەدا چەند نووسەرو سیاسەتمەدارو ڕووناکبیری عوسمانی لە (کوردو تورکو عەرەبو چەرکەس)، کە ماوەی زۆری ژیانیان لە ئەورروپاو بەتایبەتی لە فەرەنسادا بەسەر بردبوو, بە نووسینو وەرگێڕان تەکانێکی گەورەیان دایە ڕۆشنبیریو داهێنانو پەرەسەندنی بیر. لەوانە، بۆ نموونە: عبدوڵلا جەودەت, ئیسحاق سکوتی, ڕەزا گۆگ ئەلب, ئیبراهیم شیناسی ١٨٢٦- ١٨٧١, نامیق کەمال ١٨٤٠-١٨٨٨, عەلی بەگ ١٨٤٤ - ١٨٩٩, ئەحمەد مەدحەت ئەفەندی ١٨٤٤ - ١٩١٢, شەمسەدین سامی ١٨٥٠-١٩٠٧, مەحمود ئەکرەم ڕەجایی زادە ١٨٤٧ - ١٩١٣, محەمەد ڕەفعەت ١٨٥١ - ١٩٠٧, ئەبو زیا تۆفیق ١٨٤٩ - ١٩١٣, تۆفیق فیکرەت, جەناب شەهابەدینو دەیانی تریش. ئەمانە لە ڕووەی داهێنانەوە, لە ڕێگای وەرگێڕانی بەرهەمەکانی ڕۆژئاواوە, گوڕێکی تازەو ناوەڕۆکێکی مۆدێرنیان بە بزاقی بیرو ڕووناکبیریو ئەدەبیاتیان بەخشی.

لەو سەردەمەی (تەنزیمات)دا یەکەمین حیزبو کۆمەڵەو ڕێکخراوە پیشەییو ئازادیخوازو ریفۆرمیستەکان، یان شۆڕشگێڕەکان، هەروەها یەکەمین قوتابخانەو یانەو چاپخانەو پەیمانگەو زانکۆو ڕۆژنامەو گۆڤارو شانۆنامە، یەکەمین بیرمەندە ڕۆشنگەرەکانیش سەریان هەڵداو ناوی عوسمانییە نوێیەکان (یَنی ئۆسمانیلار)یان لە خۆیان نا، کە پاشتر ڕەهەندێکی سیاسیی وەرگێڕاو لە ژێر ناوی (تورکە گەنجەکان) ناسرانەوە.[1]

زاراوەی (گەنجە تورکەکان) بە عەرەبی (ترکیا الفتاە) بە فەرەنساییش Jeunes Turcs بەم شێوەیەی خوارەوە پەیدا بوو:

لە مانگی ٢ی ساڵی (١٨٦٧)دا ڕۆژنامەیەکی بەلژیکی بە ناوی (لۆ نۆرد) هەواڵی ئەوەی بڵاوکردۆتەوە، کە میری تورک (مستەفا فازیل) بانقێکی لە تورکیادا دامەزراندووە. ئەم میرە تورکە لە نامەیەکیدا لایەنگرانی خۆیی لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی (تورکیای گەنج jeune Turquie)دا شاباش کردووە. ئەو میرە ئەم زاراوەیەی بێگومان لە زاراوەی (ئیتالیای گەنج)و (فەرەنسای گەنج)و (ئەڵمانیای گەنج)ەوە وەرگرتبوو، کە پێشتر لای ئەوروپییەکانەوە بەکارهاتبوو. زاراوەی (تورکیای گەنج) یەکسەر دوای ئەوە لە لایەن ڕۆژنامەی Courier Orientەوە بەکارهاتۆتەوە، چونکە سەرنووسەرەکەی دۆستی ڕووناکبیرە ئازادیخوازە عوسمانییەکان بوو. ئەوجا هەمان زاراوە لە لایەن ڕۆژنامەی (مخبر)ەوە، لە تورکیا لە ١٨٦٧/٢/٢١ بەکارهاتەوە، لە کۆتاییشدا لە لایەن عەلی سوواڤیو نامیق کەمال لە جێی زاراوەی عوسمانییە تازەکان (یَنی ئوسمانیلار) بەکارهاتووە. ئیدی بەم شێوەیە، ڕۆشنبیرە تورکەکان پەیتا پەیتا بڵاوکراوەکانیان لە ژێر ئەم ناوەدا، یان لە ژێر ناوە فەرەنسایەکەدا (ژۆن تورک jeunes Turcs)، واتە (گەنجە تورکەکان)دا بڵاوبوونەتەوە.[2]

## زاراوەی (گەنجە کوردەکان) چ پەیوەندیی بە (گەنجە تورکەکان)ەوە هەیە؟:

ناونانی ئەو نەوە مۆدێرنو گۆڕانخوازەی کورد بە (گەنجە کوردەکان) بێگومان بە مەبەستی لاساییکردنەوەی زاراوەی (گەنجە تورکەکان) نییە، بەڵکو بە مەبەستی ئەوەیە، کە دەمانەوێ ئەوە بسەلمێنین، کە نەتەوەی کوردیش وەک ئەڵمانو فەرەنساییو تورکو ئیتالییەکان، لەو سەردەمەدا لە نێو ژانی نوێبوونەوەیەکی کولتووریدا ژیاوەو ویستوویەتی پڕۆژەیەکی ئیپستمۆلۆژیی هەبێو ڕێنیسانسێکی کولتووری بەرپا بکا، تەنانەت خودی ئەم گەنجە کوردانە چەند توخمێکی بنەڕەتی بوون بۆ خوڵقاندنی بزافی (گەنجە تورکەکان)و بناغەیەک بوون بۆ ئەو پڕۆژە مەعریفیە مەزنە، کە سەرتاپای دارو پەردووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەڵوەشاندووە.

بەڵام، لێرەدا، ئاخۆ ئێمە بە کام بەڵگەو ماف دەتوانین ناوی (گەنجە کوردەکان) لەم نەوە نووسەرو ڕووناکبیرە نوێخوازە بنێین؟

د. عەبدوڵڵا جەودەت، کە خۆی دامەزرێنەری بزافەکە بووە، یەکەمین کەس بووە، کە لەسەر کێشی (گەنجە کوردەکان) لە وتاری (بیر خگاب)، لە ژمارە (١)ی گۆڤاری (ڕۆژی کورد) لە ئەستەمبۆڵ ساڵی ١٩١٣، ناو لەم نەسلە کوردە دەنێ: (گەنجە کوردەکان). دەڵێ: "ئەمەش چونکە ئەم نەسلە تازەیە بووە پردێ لە نێوان ئەورووپاو کوردستان: کولتووری دونیای ڕۆژئاوای بە تورکیاشەوە بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا گەیاندە کوردستان. پاشان ئەم زاراوەیە، دیارە بە تەواوەتی لە نێوەندە ڕووناکبیرییەکانی ئەو کاتەدا بڵاوبۆتەوە. بەڵگەشمان ئەوەیە، کە (حاجی موسا)ی سەرۆک عەشیرەتی کۆرچیخانی کۆمەکدەری ڕێکخراوی هێڤی گوتوویەتی: "ئەگەر (گەنجە کوردەکان) کوورەیێ دروست بکەن، ئێمە ئامادەین ببین بە دارو خۆمان لەو کوورەیەدا بسووتێنین."[3] ئەم قسەیەش ئەوە دەگەیەنێ، کە ئەم ڕووناکبیرە گەنجە کوردانە لە بەستێنی سیاسیشدا کاریانکردووەو چەندیش باوەڕپێکراوی خەڵکو عەشیرەتەکانیش بوون.

لە بەستێنی ئەکادیمیشدا کوردناسی رووس (ڤ. ئە. گەردلیڤسکی) بە هەمان شێوە زاراوەی (گەنجە کوردەکان)ی بەرامبەر (گەنجە تورکەکان) بەکارهێناوە.[4]

## فاکتەرو هۆکارەکانی درووستبوونی بزاڤی (گەنجە کوردەکان):

لە سەرەتای ئەم باسەوە گوتمان (گەنجە کوردەکان) ئەو نووسەرو سیاسەتمەدارو ڕووناکبیرە کوردانەن، کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو

سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ڕێگەی پرۆژەیەکی مەعریفیو کاری ڕێکخراوەیی، یان سیاسییەوە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی نەتەوەییماندا یەکەم هەنگاویان بەرەو شارستانیکردنی کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەڵناوە. ئەوان بوون، کە بۆ سەرەتا ئەو پردانەیان درووستکردووە، کە ئێمڕۆ ئێمە بە ئاقارەکانی ئازادیو ریفۆرمو تازەبوونەوە دەگەیێنن. ڕاستییەکەشی، ئەگەر باس لە مێژووی مۆدێرنیزم بکرێ، ئەوا لە چوارچێوەی کولتووری کوردستانیدا ئەم بزاڤەی (گەنجە کوردەکان) بە یەکەمین دەروازەکانی نوێبوونەوەو مۆدێرنیتەی کورد دەژمێردرێ.

ئەو گەنجە کوردانە لە ژێر چەند کاریگەرییەکدا بەری داری بارو دۆخێکی شارستانیی تازە بوون. ڕاستییەکەشی، خودی خۆشیان، لە هەمان کاتدا خوڵقێنەری ئەو بارو دۆخو هۆکارانە بوون، بەسەر یەکتر کاریگەرێتییەکانیان وەردەگرتو لە هەمان کاتدا دەشیانبەخشییەوە. دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشانی ئەو پەیوەندییە ئۆرگانیکە لە نێوان بارو دۆخو فاکتەرەکانو ئەواندا بکەین:

پێش دەرکەوتنی ئەو گەنجە کوردانە, تەنانەت بە هاوزەمانی ئەوانیش, واتە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەمدا، هەستی نەتەوەخوازیو ڕاپەڕینە چەکداریو نیشتمانییەکان بڵاچەیان سەندووە: میرنشینی سۆران ١٧٨٤–ئابی ١٨٣٦, میرنشینی بابان ١٨٥١, میرنشینی بادینان – ١٨٣٧, میرنشینی بەدرخان –١٨٤٧، کە لە ١٨٤٢دا ئاڵاو دراوی خۆیشی دامەزراندووە." هەروەها ڕاپەڕینەکانی یەزدان شێر ٥٣– ١٨٥٥, ڕاپەڕینەکانی شێخ عوبیدوڵڵای نەهری ١٨٧٨–١٨٨٢, ڕاپەڕینەکانی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی ١٩٠٧–١٩١٢، ڕاپەڕینەکانی سمکۆ ئاغای شکاک ١٩١٣, شێخ مەحمود لە ١٩١٨ – ١٩٢٣, دەرسیم لە سەرەتای ساڵانی ١٩٢٠, شێخ سەعیدی پیران لە ١٩٢٥, تا دەگاتە ساڵی ١٩١٩: داخوازینامە نێودەوڵەتیەکەی ژەنەراڵ شەریف پاشا لە کۆنفراسی ئاشتی لە پاریس بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی. هەموو ئەمانە زەمینەیان بۆ ئەوە خۆشکردووە، کە ئەوەی نوێی گەنجەکان (نووسەرو سیاسەتمەدارو ڕووناکبیران) بە شێوەیەکی تازە بیر بکەنەوە, بە

ئاوایەکی مۆدێرنو بەرنامەرێژ خەبات بکەن.

کەواتە بە پێچەوانەی دۆخی ڕۆژئاواو هەندێ نەتەوەی دیکە، بناغەی ئەو پرۆژە مەعریفیەی کوردو لە بەستێنی مۆدێرنیتەو نوێکردنەوەدا لای (گەنجە کوردەکان) بریتی بووە لە هەستیرزگاریخوازی نەتەوەیی, کە لە کۆتاییدا ڕاپێچاون بەرەو چەمکەکانی دیکەی وەک: مافی ئافرەت, ئازادیی ڕا دەربڕین, دیموکراسی, فیدراڵی, مەدەنیەت.. هتد.

لە سەرەتادا لای کورد هەستێکی ئازادیخوازیی نەتەوەیی هەبووە، ئوجا ئەو هەستە ئازادیخوازە نەتەوەییە خۆی لە چەمکە کۆمەلایەتیو شارستانیو مرۆڤایەتیو کولتوورییەکان ئاڵاندووە.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمو سەرەتای بیستەمدا, ژمارەیەکی زۆری نووسەرو ڕووناکبیرانی کورد لە چوار پارچەکەی کوردستانەوە ڕوویانکردۆتە ئەستەمبووڵو ئەوجاش پایتەختەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا. هەڵبەت ئەستەمبوڵ لەو سەردەمەدا بۆتە مەڵبەندێکی ڕۆشنگەرو تیشکهاوێژی ئەوتۆ، کە نووسەرو ڕۆشنبیرانی، نەک تەنیا کورد, بەڵکو ئەوانی زۆربەی میللەتانی وەک عەرەبو تورکو ئەرمەنو بولگاریو چەرکەسو فارسو هی دیکەشی تێدا کۆبوونەتەوە. ئاڵوگۆڕی کولتووریی فرەوانی تێدا ئەنجام دراوە. ئەستەمبووڵ, ئەم پایتەختە ڕەنگینە فرەکولتوورە, بۆتە پردێ, لە نێوان بیری ڕۆشنی هەموو جیهانو کولتووری هەموو ئەورووپاو دنیای دواکەوتوویی میللەتانی ڕۆژهەڵات. لەوانەش کورد. هەر وەک حاجی قادری کۆیی دەڵێ:

سەوادی ئەعزەمی قوستەنتەنییە گەلێ بێ ناوی کردە صەدری ئەعزەم درووستبوونی ئەم پەیوەندییە قوڵەی نێوان کوردو ڕۆژئاوا لە ڕێگەی (ئەستەنبووڵ)ەوە فاکتەرێکی بەهێزی تر بووە بۆ گەڵاڵەبوونی ئەم پرۆژەیەیی گەنجە کوردەکان. هەروەها هۆکارێکی دیکەی دامەزراندنی ئەو بزاڤەیان بووە. ئەمەش لەبەر ئەوەی لەسەر دەستی ئەو نووسەرو ڕووناکبیرە گەنجە کوردە ئاوارەو دوور وڵاتانەوە بووە، کە بیرو نووسینو بیری کورد پەروەریو ئەدەب تێکەڵ بە یەکتربوونو چەمکی تازە لە بارەی ژیانو ئەدەبو هونەرو شارستانیەت لەدایکبوون, کۆمەڵێ پێشبینیو تێگەیشتنی هاوچەرخو بیروڕای تازە سەریان هەڵداوە. ئەو ڕووناکبیرو نووسەرانە لە ١٩٢٣ەوە بەولاوە,

دوای قەدەغەکردنی زمان و کولتووری کوردی و راوەدوونانی رووناکبیرە کوردەکان لە لایەن رژێمی تورکیاوە پەیتا پەیتا گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان، لەوانە: برایانی بەدرخان و عوسمان سەبری و قەدریجان و جگەرخوێن گەڕونەتەوە بۆ کوردستانی سوریا هەروەها حوسێن حوزنی موکریانی، پیرەمێرد، ئیسماعیل حەقی بابان، رەفیق حلمی و ئەمین زەکی بەگ گەڕاونەتەوە بۆ کوردستانی عێراق. بە تایبەتی لە کوردستانی عێراقدا مالێکی کولتووریی هێندە رەسەن و بە بڕشتیان دروستکردووە، کە تا ئەمڕۆش لە سای بەرو سێبەری ئەواندا دەژین. تەنانەت لەو زەمانەشدا هەر کاتێ لە ئەستەمبووڵ و هەندێکیشیان لە پایتەختەکانی رۆژئاوادا دەژیان. دیسان هەر توانیبوویان لەوێوە بناغەی ئەو رێنیسانسە کولتوورییە دابڕێژن.

## ئایا (گەنجە کوردەکان) پرۆژەیەکی مەعریفییان هەبووە؟:

گەر دیارترین سیمای کۆمەڵگەی مەدەنی کاری رێکخراوەیی و خەباتی سیاسیی لە بریی جموجۆڵی چەکداری و عەشایەرگەری بێ، ئەوا (گەنجە کوردەکان) دەبنە یەکەمین گرووپی ئەو رووناکبیرە کوردانەی، کە ویستوویانە لە کەناڵێکی مەعریفی و مەدەنییەوە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا تێبکۆشن. ئەمەش، لەبەر ئەوەی ئەوانە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورددا چوون خەباتی چەکدارییان وەرگێڕاوەتە سەر خەباتێکی کولتووری، خەباتی ئەپستمۆلۆژییان لە جێی میلیتاریەت و چەکداناوە و هەموو ئامرازەکانی ئەو پرۆژە مەعریفیەیان تاقیکردۆتەوە.

شایانی باسە، هەرچی چالاکی و کارێکی هەیە، کە ئەو گەنجە کوردانە ئەنجامیان دابێ، واتە جێبەجێکردنی سەر تا پای پرۆژە مەعریفییەکە و پێداویستییەکانی، هەر لە کڕینی چاپخانە و دامەزراندنی بنکە کولتووری و سیاسیەکانەوە بگرە، تا دەگاتە دامەزراندنی قوتابخانەکان و چاپی رۆژنامە و گۆڤارو کتێبەکانیان، نرخیان هەمووی لە باخەڵی خۆیانەوە دەرهاتوون. بۆ نموونە کەسدا: هیچ حکومەت و حیزبێ کۆمەکی نەکردوون. ئەمەش بە پێـ:ـەوانەی دۆخی هەر نەتەوەیەکی جیهان، کە دیارە حکومەتەکەیان، یان لایەنێ لە پشتەوەیان بووە. بێگومان ئەمەش

بۆ گیانی لەخۆبووردوویی و دڵسۆزیی ئەو رووناکبیرە گەنجە کوردانە خۆیان دەگەڕێتەوە.

دیارە سەرتاپای پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، واتە هەر هەموو مێژووی نوێی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوو گەنجی خوێندکاری کوردەوە دەستی پێکردووە: (عەبدوڵڵا جەودەت) و (ئیسحاق سکووتی)، کە یەکەمیان کوردی مەڵبەندی عەرەبگیر بووە. ئەوی دیکەشیان کوردێکی دیاربەکری، هەردووکیشیان قوتابیی کۆلێژی پزیشکی سەربازی بوون لە زانکۆی ئەستەمبووڵ، بەڵام لە ژێر کاریگەریی بنەماکانی شۆڕشی فەرەنساو فەلسەفەی رۆشنگەریی ئەورووپاو سیستەمی پەرلەمانتاریدا بوون. پێش هەر شتێ هاتوون لە ئەستەمبووڵ لە ١٨٨٩/٥/٢١ یەکەمین رێکخراوی سیاسییان لە مێژووی کوردو لە مێژووی هەموو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیشدا بە نهێنی دامەزراندووە، کە ئەویش رێکخراوی (ئیتیحادو تەرەقی)ە. ئەم دوو قوتابییە گەنجە کوردە، کە دوو رووناکبیری ئەرمەن و چەرکەسیشیان لەگەڵدا بووە، لە سەرەتادا بریتی بوون لە تەنیا چوار پێنج قوتابیی گەنج، پاشان بوونەتە یانزدە، ئەوجا پانزدە قوتابی لە زانکۆدا. بەڵام، پاشان ژمارەیان لە دەو لە سەدو لە هەزار تێپەڕیکردووە. تا دواجار بوونەتە رێکخراوێکی جەماوەریی هێندە فرەوان، کە داوای لەن چوبردنی سوڵتانەتی و ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان کردووە. ئامانجیان ئەوە بووە سیستەمێکی (نیمچە عەلمانی) و پەرلەمانتاری و دیموکراسی، یان فیدراڵی دابمەزرێ، کە ماف و ئازادییەکانی تاکەکەس و هەموو توێژو دین و نەتەوەو چینێ مسۆگەر بکا. جگە لەو دوو گەنجە کوردە، دەیان رووناکبیری گەنجی دیکەش بوونەتە ئەندام و خەباتگێڕی ئەم حیزبەی (ئیتیحادو تەرەقی). لەوانە: عەبدولڕەحمان بەدرخان، میقدات– مەدحەت بەدرخان، رەزا گۆگ ئەلب، حیکمەت بابان، ئیسماعیل حەقی بابان، هەروەها ژەنەراڵ شەریف پاشای خەندان، کە لە ١٨٩٨/٧/٩ دەبێتە باڵوێزی دەوڵەتی عوسمانی لە ستۆکهۆڵم. بەڵام لە ژێرەوە ئەندامێکی چالاکی ئەم رێکخراوەی (ئیتیحادو تەرەقی) بوو دژ بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. شایانی باسە، ئەم رێکخراوە، کە دوو گەنجی کورد دایانمەزراندووە، لە کۆتاییدا ناوی لێنرا رێکخراوی (تورکە

گەنجەکان)، کە لە ساڵی ١٩٠٨دا کودتایەکیان بەسەر دەوڵەتدا هێناو دەسەڵاتیان گرتە دەست. بەم شێوەیە، ئیتر لە ١٩٠٨ بەملاوە, وردە وردە چەندین ڕێکخراوی دیکەو یانەی کۆمەڵایەتیو کۆمەڵەی کولتووریی دیکە لە لایەن دەستەی جۆراو جۆری (گەنجە کوردەکان)ەوە لە پێناو ئامانجە کولتووریو مەعریفیو نەتەوەییە کوردەکانەوە دروستبوون:

١ـ لە ١٩٠٨/٩/١٩: ڕێکخراوی (کوردستان تەعالیو عەزمی قەوی جەمعیەتی). شەریف پاشاو عەبدولقادر شەمزینیو ئەمین عالی بەدرخان لە ئەستەمبووڵ دایانمەزراندووە. هەندێ مێژوونووس وای بۆ دەچن، کە ناوی (کورد تەعاونو تەرەقی جەمعیەتی) بووە. ڕۆژنامەیەکیان لە ١٩٠٨دا بڵاودەکردەوە بە ناوی (کورد تەعاونو تەرەقی غەزەتەسی)، کە پیرەمێرد سەرنووسەری بووە, سەعید نەورەسیو عەبدوڵا جەودەتو ئیسماعیل حەقی بابانو چەندین نووسەری دیکە لەو گۆڤارەدا نووسینیان بڵاوکردۆتەوە. لە ٢٥ی ئەیلولی هەمان ساڵدا یانەیەکی ڕۆشنبیریی کوردیشیان کردۆتەوە.

٢ـ هەر لە ١٩٠٨ خەلیلی خەیاڵی، لەگەڵ هەندێ هاوڕێی ڕووناکبیری دیکەی, لە گەڕەکی گیو بەگ پاشا لە ئەستەنبووڵ کۆمەڵەیەکیان بە ناوی (جەمعیەتی تەعاونو تەرەقی) دامەزراندووە. پاشان چاپخانەیەکیشیان بۆ بڵاوکردنەوەی کۆمەڵەکەیان دامەزراندووە.

٣ـ لە ١٩٠٨/٩/٢٥: شەریف پاشا لە ئەستەمبووڵ لەگەڵ ئەمین عالی بەدرخانو شێخ عەبدولقادری شەمزینیو داماو ئەحمەدو زولکەفەل پاشا کۆمەڵەی (کورد تەعالیو تەرەقی جەمعیەتی)یان دامەزراندووە. لە هەمان ڕۆژدا یانەی کۆمەڵەکەش لە ئەستەمبووڵ کراوەتەوەو نوێنەری شاری مووش (ڕەشید بەگ) وتاری کردنەوەی یانەکەی تێدا خوێندۆتەوە.

٤ـ دیسان لە ١٩٠٨ کۆمەڵەی نەشری مەعاریفی کوردی لە ئەستەمبووڵ دامەزراوەو خوێندنگەیەکی بۆ منداڵانی کورد لە ناوچەی (چەنبەرلی تاش)دا درووستکردووە.

حکومەتی (گەنجە تورکەکان) واتە سەرکردایەتیی ڕێکخراوی (ئیتیحادو تەرەقی), کە ئەوکاتە کەوتۆتە نێو دەستی چەند گەنجێکی شۆڤێنیستەوە، دوای بەهارێکی کەمخایەنی زەرد لە پرنسیپەکانی خۆیان لە هەمبەر مافو ئازادییەکانی کورد پەشیمان بوونەتەوە.

ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو گفتو پرنسیپانە بوون، کە بە پێی کۆنگرەی حیزب ساڵی ١٩٠٧ لە پاریس: بەڵێن وابوو خودموختاری بدەنە کورد.

هەر لەو ساڵەدا ١٩٠٨، دوای ئەوەی کۆمەڵەی (ئیتیحادو تەرەقی) تورکە لاوەکان هاتۆتە سەر حوکم, دوای چەند مانگێ دەمو دەست کەوتۆتە دژایەتیی مافو ئازادییەکانی کورد. پێش هەموو شت چووە لە مانگی ١٩٠٨/١٢ ڕێکخراوە کوردییەکەی (کورد تەعاونو تەرەقی جەمعیەتی)یان داخسووە, دیکتاتۆرییەتێکی سەختیشی سەپاندۆتە سەر ئازادییەکانی گەلی کورد. لەم بەستێنەدا ژەنەڕاڵ شەریف پاشا, کە تا دوایین ساڵی ژیانی خۆی بە دڵسۆزو لایەنگیری ئتیحادییەکان دەزانی, سەبارەت بەم هەڵوێستە تورانچێتییە دەرهەق بە کورد, لێیان هەڵدەگەڕێتەوەو دژیان دەوەستێ. ناوبراو یەکێ بوو لە یەکەمینی ئەو گەنجە کوردانەی لە (گەنجە تورکەکان)، واتە لە (ئیتیحادو تەرەقی)دا تووڕە بووەو وازی لە حیزبەکەیان هێناوە! دوای ئەویش د. عەبدوڵڵا جەودەتی دامەزرێنەرو عەبدولڕحمان بەدرخانو وردە وردە هەموو گەنجە کوردەکان (مەگەر تاکو تەرایەکی وەکو ڕەزا گویگ ئەلبو محەمەد شوکری سەگبان نەبێ، کە تەنانەت خۆشیان بە تورانی ناونووس کردوون!.

بەم شێوەیە, کۆتایی ساڵی (١٩٠٨) دەبێتە کۆتایی هانی پەیوەندیی گەنجە کوردەکان بە گەنجە تورکەکانەوەو دەبێتە ساڵی دامەزراندنی ڕێکخراوە کوردییە نەتەوەییەکان بە واتای تەواوی زاراوەی (نەتەوە). چونکە جاران ئیتیحاو تەرەقی ڕێکخراوێکی عوسمانیو سەرۆک بووە, کەریم جەردیس زادە ژمێریار, نزیکەی دوو هەزار ئەندامی هەبوو لەوانە محمد میهریو دکتۆر فوئاد. لە کۆتاییدا ڕێکخراوێکی دیکەی لێ دامەزراوە بە ناوی تەشکیلاتی ئیجتیماعیە, ئەمین عالی بەدرخانو شوکری بابانزادەو عەبدوڵڵا جەودەتو ئەکرەم جەمیل پاشا سەر بەم ڕێکخراوە بوون. گۆڤاری ژین ١٩١٩ ئۆرگانیان بووە.

ئەحمەد خواجە لە کتێبی (چیم دی)دا دەڵێ: "کۆمەڵەی لاوانی

کورد، کە لە هەولێر لەساڵی ١٩٢١ دامەزرابوو, لە هەولێر شانۆگەریی سەلاحەدینیان پێشکەش کردووە. بڵاوکراوەیەکی دەستنوسی رەخنەیی توندوتیژیان هەبوو.
عبدالخالق قگب‌و محەمەد مەحمود قودسی‌و تاهیر سادق‌و مستەفا خۆشناو خیرالله عەبدولکەریم‌و سەید نەزیف کۆیی ئەندامانی دیکەی ئەم کۆمەڵەیە بوون."
لە ١٩٢٦/٢/٢٤ کۆمەڵەی زانستیی کوردان لە سلێمانی, کە ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ‌و کەریم زانستی‌و رەفیق حیلمی دایانمەزراندووە, تیپی شانۆی قوتابخانەی زانستی، کە سەر بەو کۆمەڵەیەی زانستی بووە لە سلێمانی, لە ١٩٢٦ دامەزراوە, چەندین بەرهەمی شانۆیی هەبووە. جگە لە پیشاندانی فیلمی سینەمایی لە نێو ئەم جەمعیەتەدا.
هەموو ئەم کۆمەڵە رۆشنبیری‌و رێکخراوانە, کە دەیان رووناکبیرو سەدان گەنج بەشدارییان تێدا کردووەو ئەندامیان بوون, یەکێکە لە نیشانەو بەڵگەکانی هەبوونی ئەو پرۆژە مەعریفی‌و ژیانە مەدەنییە، کە تازە رووی کربووە کوردان. لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە، هەر لەسەر دەستی یەکێ لەو گەنجە کوردە دیپلۆماسیانەیە، کە بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا کێشەی کورد لەسەر ئاستی ناوخۆو ناوچەییەوە بۆ ئاستێکی جیهانی بەرز دەبێتەوە، ژەنەراڵ شەریف پاشا داخوزینامەیەك پێشکەش بە کۆنفراسی نێودەوڵەتیی ئاشتی لە پاریس لە ساڵی ١٩١٩دا لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی بۆ کورد دەکا.
دیسان هەر بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا هەمان ئەو گەنجە رووناکبیرە کوردە نەخشەیەکی کوردستانی گەورە درووست دەکا، کە وەك ئامرازێکی دەربرینی هەستی نەتەوایەتی لە نێو داخوازیی نامەکەیدا بە ئەرکی بخا.
دەستاوەردێکی ئاپستمۆلۆژیی دیکەی گەنجە کوردەکان, گۆڕینی سیستەمی خوێندن‌و پەروەرین بووە, دامەزراندنی قوتابخانە بووە لە شێوەیەکی نوێدا بە ناوەڕۆکێکی هاوچەرخی ئەوتۆ، کە لەگەڵ دۆخ‌و پێداویستییەکانی هاوزەمان بگونجێ.
زەمانی کلاسیك, واتە زەمانی پێش (گەنجە کوردەکان)، سیستەمی خوێندن، کە پێی دەگوترا (فەقێیاتی)، یان (خوێندنی حوجرە) سیستەمێکی کۆن‌و پاشکەوتووو ئیسلامی بوو. بە پێی قۆناغی یەك لە دوای یەکی خوێندن بەم شێوەیە بووە: سوختە, موقەدیمات خوێن, ناسکە موستەعید, موستەعید. ئەو بابەت‌و دەرسانەش لە حوجرەو مەدرەسەکاندا دەگوترانەوە (قەیدو تەزبیب‌و شەرح‌و حاشیەکان..). دیارە وەك حاجی دەڵێ: "بەربادو بێکەڵك بوون. نەك هەر سوودی ئەوتۆیان نەگەیاندۆتە فەقێیان، بەڵکو بەربەستیش بوون لە بەردەم پێشکەوتنی کورددا. بە درێژایی سەدان ساڵ هەمان سیستەم, هەمان کتێب, هەمان دەرس, هەمان مەعریفەی باوی سواو خۆی دووبارە کردۆتەوە, بێ ئەوەی هیچ ئەبستمۆلۆژیایەکی نوێ دابهێندرێ، کە لەگەڵ داکەوتی نوێی کوردستان‌و لەگەڵ ژیانی جیاوازی ئینسانی جیاوازی هەر قۆناغێ یەکتر بگرێتەوە. تەماشاکە گەنجێکی یاخی, حاجی قادری کۆیی, کاتێ خوێندنی فەقێیاتی تەواو دەکاو روودەکاتە ئەستەمبوڵ, چۆن لەوێ چاوی دەکرێتەوەو تێدەگا، کە ئەو مەلای دەرس‌و موفتییانەی کوردستان چەندە گەوج بوون, چۆنیش هەر هەمان سیستەمی خوێندن لە کوردستاندا ببووە بەربەستێ لە بەردەم پێشکەوتنی قوتابی‌و گەنجی کورد:

ئێستە مەعلومی بوو هەموو میللەت
ئەی مەلای دەرس‌و موفتیی ئوممەت
قەیدو تەزبیب‌و شەرح‌و حاشیەکان
بوونە سەددی مەعاریفی کوردان

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەم بەملاوە, نوێوسەرو رووناکبیرە (گەنجە کوردەکان) دەست دەکەن بە پەیداکردنی هوشیاری‌و وردە وردە رەخنەگرتن. بێداردەبنەوەو دەزانن، کە لەپێناو وەدیهێنانی رێنیسانسێکی کولتووریدا پێویست وایە پرۆژەیەکی مەعریفی دابمەزرێ. بۆ ئەم مەبەستەش دێن پێش هەموو شتێك قوتابخانەی نوێ, واتە قوتابخانەی سەر بە سیستەمی مۆدێرن دادەمەزرێنن. ئەم قوتابخانەو خوێندنگە مۆدێرنانەش بێگومان رۆڵێکی دیاریان هەبوو بەسەر بوژاندنەوەی رۆشنبیری‌و نەشونمای جموجۆڵی ئەدەبی. قوتابخانەکان, جگە لە ناوەڕۆکی

هاوچەرخی ئەبستمۆلۆژیو پەروەردەییو رۆشنبیریان, چالاکییە شانۆییو کولتوریەکانیشیان, رۆڵی مەزنیان لە بڵاوکردنەوەی چەمکە فیکریو رۆشنگەریو ئەدەبییە تازەکانو نوێکردنەوەی چێژی ئیستاتیکیی خەڵکدا بووە.

لە سەردەمی عوسمانییەکاندا لە ١٨٩٢ تا ١٩٠٧ لە ئەستەنبووڵ قوتابخانەیەکی گشتی بە ناوی (عەشیرەت مەکتەبی) بووە، کە منداڵانی کوردیش توانیویانە تیایدا بە زمانی عوسمانیو عەرەبی فێربن. هەروەها لە سلێمانی لە ١٨٩٣ بەملاوە قوتابخانەی روشدیەی عەسکەری کراوەتەوە، کە دەرچووانی نێرراونەتە بەغداو ئەستەمبوڵ بە مەبەستی تەواوکردنی زانستەکانی عەسکەری. ئەمین زەکی بەگو ئیسماعیل حەقی شاوەیسو مەعروف جیاوکو ئەمین رەواندزیو دەیانی دیکە. دەرچووانی ئەم قوتابخانەیەن. سەعید صدقی حەسەن کابان لە ١٩٠٣ بۆتە مامۆستا لەوێ. ئینجا لە ١٨٩٩ مەکتەبی ئەعدادی لە سلێمانی کراوەتەوە, جگە لەمانەش لە ١٩٠٠ لە سەردەمی عوسمانییەکاندا لە هەولێر, بەپێی سجلاتی کۆن, وانەی "لیسانی فەرەنسیو مۆسیقاو رەسمو ئال ئیشلەریو تەربیەی بەدەنیو حوسنی خەت" دەخوێندرا. دوای ئەمیش لە ساڵی ١٩٠٨-١٩٠٩ قوتابخانەیەکی دیکە بە زمانی کوردی لە ناوچەی (چەنبەرلی تاش) لەنێو بینایەی رێکخراوی (کورد نەشری مەعاریف جەمعیەتی) لە ئەستەمبوڵ بە ناوی (کورد نموونە مەکتەب ئیپتیدائیسی- مەشرووتیەت) کراوەتەوە، کە خەلیل خەیاڵیو ئەحمەد کوردیزادە دایانمەزراندووە. مامۆستای ئەو قوتابخانەیە سەعید کوردی بووە، کە ئەوکاتە سەرنووسەری رۆژنامەی شەرقو کوردستان بووە. جەمعیەی ناوبراو لەو کاتەدا کتێبێکی رێزمانیو قوتابخانەیی بۆ قوتابیەکان چاپکردووە, پاشانیش لە ١٩١٠ قوتابخانەیەکی دیکە لە ئەستەنبووڵ لە گەڕەکی دیوانلی دادەمەزرێ, عەبدولرەحمان بەدرخان مامۆستا بووەو مانگی ٣٠ لیرەی عوسمانلی لە باخەڵی خۆی لە خەرجیی ئەو قوتابخانەیە سەرف کردووە. دواتریش لە ١٩١٣/١/٤ قوتابخانەیەکی کوردیی دیکە لە لایەن عەبدولرەزاق بەدرخان لە (خوی) لە کوردستانی ئێران: ئەلفو بێی روسیو ئەدەبی روسیو زمانی کوردی فێری قوتابیان دەکەن. سمکۆ ئاغای شکاک هاوکاریی دەکردن. لە هەمان ساڵو شوێندا دامەزراندنی (کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردستان), لە شاری سلێمانیش لە ١٧ مانگی ئۆگەستی ١٩٢٠ دەبینین "لە مەکتەبی نموونەی سەعادەت قوتابی قەیدو قبول دەکرێو لە یەکی مانگی سێپتەمبەری ١٩٢٠ رۆژی چوارشەممە مەکتەب دەکرێتەوەو دەست بە دەرس خوێندن دەکرێ. حکومەت, کتێب, دەفتەر, قەڵەم, کاغەز, مەرەکەب, تەباشیریان ئەداتێو هیچیان لێ ناستێنێ" هەر لە ساڵی ١٩٢٠ یەکەم کتێبی چاپکراوەی رەسمی لە کوردستانی عێراقدا، کە بۆ قوتابخانەکان ئامادەکراوە بڵاوکراوەتەوە, نووسراوی مامۆستای قوتابخانەی نموونەی سەعادەت, محەمەد باشقە (١٨٩٠-١٩٨٠)، کە بە هاوکاریی مێجەرسۆنو محەمەد زەکی دایناوە بە ناونیشانی (ئەوەڵەمین قیرائەتی کوردی) لە ساڵی ١٩٢٠دا لە چاپخانەی حکومەت لە بەغداد چاپکراوە, ئەوجا لە ١٩٢٦ لە لایەن ئەحمەد عەزیز ئاغاوە (ئەلفو بێ) لە جیاتی (ئەوەڵەمین قیرائەت) بۆ پۆلی یەکەم دانراوە. لە هەولێریش هەر لەو دەوروبەرەدا قوتابخانەی ئەربیل ئولای هەولێر هەبووە، کە تیایدا "لیژنەی فەنو تەمسیل" چالاکیی نواندووەو بە یەکەمین لیژنەی نواندنی شانۆیی لە کوردستاندا دەژمێردرێ. ئیتر وردە وردە دەیان قوتابخانەی دیکە لە کوردستاندا سەریان هەڵداوەو لە نێوەراستی بیستەکاندا قوتابخانە بۆ کچانیش دەرگاکانیان کەوتۆتە سەر پشت[٦].

بەم شێوەیە, ئەو رووناکبیرە گەنجە کوردانە, بە پێچەوانەی شێخو موفتیو مەلاو میرە کوردەکانی سەدەکانی رابردوو, بزوتنەوە کۆمەڵایەتیو نەتەوەخوازییەکەی ئەو سەردەمەی کوردستانیان, لە ئاستی سەرزارەکییەوە, لە ئاستی کارەساتو راپەڕینە رۆژانەکانەوە گەیاندە ئاستی بە ئەبستمۆلۆژیا کردن, ئاستی بە مەعریفەکردنی کردەوەکان, گەیاندیانە ئاستی ئایدۆلۆژیاو بە پرۆژەکردنی نووسینو هوشیاری.. ئەمەش لە رێگەی بڵاوکردنەوەی خوێندەواری بە زمانی کوردیو کردنەوەی قوتابخانەکانو هێنانە ئارای سیستەمێکی پەروەردەیی هاوچەرخو خوڵقاندنی زەمینە بۆ دروستبوونی مەعریفەیەکی نوێ. ئەمە کارێ بوو، کە موفتیو میرو مەلاو شێخو خاوەن تەریقەتەکانی سەردەمی کلاسیک (مەلای جزیریو مەولانا

خالیدی نەقشبەندیو مەلا محمودی بایەزیدیو شێخ رەزای تاڵەبانیو زۆری دیکەش...) هەرگیز نەیانتوانیبوو پەی بە ئەنجامدانی ببەنو جێبەجێی بکەن.

تا دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم — لە چەند شاعیرێ زیاتر — هیچ مەلاو شێخو میرو موفتیو میرزایەك (كە منەوەرەكانی ئەوكاتە بوون) نەهاتوون كتێبێك لە بارەی ژیانو كۆمەڵو زانستو هەرچی شتێكی دیكەوە بە كوردی بنووسن.

ئەمەتا شاعیرێكی گەنجی كۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، حاجی قادری كۆیی، یاخیگەر، رەخنە لەم بێعەقڵیو خۆ بە كەم زانینەی نەسڵی رووناكبیرانی پێش خۆی دەگرێو دەڵێ:

كتێبو دەفتەرو تەئریخو كاغەز

بە كوردی گەر بنووسرایە زەمانی

مەلاو میرو پادشامان هەتا

مەحشەردەما ناوو نیشانی

هیچ خواجەو خانو كوێخاو مەلاو میرو موفتیو موریدێ، كە منەوەرەكانی ئەوكاتە بوون، هیچ نووسراوێكیان (لە شیعر زیاتر بە زمانی كوردی نەنووسیوە؟ دیسان هەر هەمان شاعیری یاخی، كە سەر بە نەوەی گەنجی تازەی راپەنیوی كۆتایی سەدەی نۆزدەیە، بە هوشیارییەكی هێرشكارانەوە دژی مەلاو (عولەما)و ئوستادە كۆنەكانمان گەواهیمان بۆ دەدا:

هەر كوردە لە بەینی كوللی میللەت

بێ بەهرە لە خوێندنو كیتابەت

هۆی سەرەكیی ئەم بە زمانی كوردی نەنووسینە، بە باوەڕی من، لەوەدایە، كە خواجەو كوێخاو مەلاو میرو موفتیو میرزاكان، واتە نەسڵی پیری دەسەڵاتدار، نەیانوویستووە، نەسڵی گەنجو نەوجەوانو قوتابی، واتە شاگردو سوختەو موستەعیدو فەقێكان، لەو نیعمەتە بەهرەمەند بن، كە ناوی خوێندەواریو رۆشنبیریو هونەرو زانستە! ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەموومان دەزانین: توانای نووسینو خوێندنەوە، یان سوودوەرگرتن لە زانستو رۆشنبیریو هونەر گەنجو خوێندكاران دەگەیەنێتە لێوارەكانی یاخیبوونو ئازادی، ئەمەش مەترسی بۆ دەسەڵاتداری پیرو میرو مەلا درووست دەكا.

بە كوردی نووسین، یان توانای كوردی خوێندنەوە، یان تەنانەت هەر فێری خوێندەواری بوونو رۆشنبیر بوون، لە دیدی ئەو مەلاو میرو منەوەرە پیرانەدا، دەكاتە: مەترسیی ئەوەی بەرژەوەندیو پایەو بەهاكانی خۆیان بەسەر خۆیاندا قەڵپ ببێتەوە. بۆیە زۆربەی هەرە زۆریان، نەك هەر بەلایانەوە گرنگ نەبووە خەڵك فێری خوێندەواریو نووسین بن بە كوردیو خوێندنەوە بە كوردی بكەن، بەڵكو رێگەشیان لێگرتوون. تەنیا ئەوەیان لەلا بەس بووە چەند ژمارەیەكی فەقێو شاگرد لە حوجرەكانیاندا رابگرنو ئەویش لە ژێر چاوو زەبری دارحەیزەراندا ! بە پێچەوانەی ئەمانە (گەنجە كوردەكان) هاتن پێش هەموو شتێ بایەخیان بە نووسینی كوردی دا. كەواتە نووسین (پەخشان) بە زمانی دایك خۆی لە خۆیدا پرۆژەیەكی مۆدێرنو هەنگاوێكی نوێگەرا بووە لەو زەمانەدا.

هەر لێرەشەوە دەبینین سەدەكانی رابردوو خاسیەتێكی شەرمەزاریی لەم بەستێنەدا هەیە، ئەویش ئەوەیە، كە هیچ هۆشیارییەكیان لەبارەی خۆیانەوە نەبووەو هیچ هۆشیارییەكیان لەبارەی خۆیانەوە ناداتێ. ئەمەش بە پێچەوانەی (گەنجە كوردەكان)، كە جورئەتی پەیداكردووە هوشیارییەك لە بارەی خۆیەوە ببەخشێو خۆی بنووسێتەوە! تەنانەت لە ئاستی جیاوازییەكانی زمانی دەربڕینیشدا ئەو گەنجە كوردانە هەوڵیانداوە زمانێكی جیاواز لە چاو زمانی كلاسیكی كوردی بەكار بێنن. بەم شێوەیە زمانێكی نوێیان هێنایە ئاراوە، كە شاعیری گەورەی ئەو زەمانەمان، كە (عەبدوڵلا گۆران) ناوی دەنێ (زمانی كوردیی عوسمانلی). ئەو زمانەش، بە بۆچوونی گۆران، تەواو لە ژێر تەئسیری رۆمانتیكە توركەكاندا بوو[٧].

(گەنجە كوردەكان) لە پێناو ئەو رێنیسانسە كولتوورییەدا پرۆژەی هێنانی یەكەمین چاپخانە كوردییەكانیشیان هێنایە دی. ئەو چاپخانانەش ئەمانە بوون:

١—چاپخانەی میقداد— مەدحەت بەدرخان (١٨٩٨). لە ژمارە چواریدا نووسراوە، كە رۆژنامەی كوردستان لە چاپخانەی سەربەخۆی رۆژنامەی (كوردستان)دا چاپكراوە "لمصرێ ل مگبعا جریدە یا كوردستانێ گە بسع بیە" ژمارە پێنجیش لە هەمان ئەو چاپخانە كوردیەدا. لەم دوو ژمارەیەی رۆژنامەی ناوبراوەدا هیچ باسێ لە بارەی كرینی چاپخانەو دامەزراندنی چاپخانەیەكی

سەربەخۆ بۆ رۆژنامەکە نەکراوە, بەلام لەوە دەچێ, کە میقداد مەدحەت بەدرخان لەو ماوەیەدا بە راستی چاپخانەیەکی سەربەخۆی بۆ بلاوکردنەوەی (کوردستان) کڕیبێ. لە هەمان دەورو زەمانەیشدا فرج الله زکی الکردی, کە دیارە رۆشنبیرێکی بە نەژاد کوردی میسری بووە, چەند کتێبێکی بە زمانی عەرەبی چاپکردووەو لەسەر هەر یەکێکیانی نووسیوە (مگبعە کردستان). ئێمە پێمان وایە ئەم دوو چاپخانەیە هەمان شت نین, بەلام نەشمانتوانیوە بزانین ئەو چاپخانەیەی زکی الکردی چی بووە؟ هەرچۆنێ بێ, ئەگەر برایانی بەدرخانو رۆژنامەی کوردستان ١٨٩٨-١٩٠٢

چاپخانەیەکی سەربەخۆشیان هەبووبێ, راستە بە یەکەمین چاپخانەی کوردی لە قەلەم دەدرێ, بەلام زوو جوانەمەرگ کراوەو بەروبوومێکی ئەوتۆی لە ژمارە ٤ و ٥ زیاتر نەبووە.

٢- چاپخانەی ئیجتیهاد (١٩٠٤) خاوەنی د. عەبدوللا جەودەت. رووناکبیری کورد عەبدوللا جەودەت ١٨٦٩-١٩٢٣ کاتێ لە دوورەولاتدا ژیاوە، لە سویسرا، لە ژنێف, لە رۆژی ٤/٨/ ١٩٠٤ یەکەم ژمارەی گۆڤاری ئیجتیهاد بەو چاپخانەیەی خۆی بلاودەکاتەوە. هەروەها هەر لە رێگەی ئەم چاپخانەیەشەوە پرۆژەی بلاوکردنەوەی زنجیرەیەك کتێبی بە زمانی تورکیی عوسمانلیو فەرەنسی گرتۆتە ئەستۆی خۆی, کە تا رۆژی مردنیشی هەر مابوون. ئەم چاپخانەیەی د. عەبدوللا جەودەت بە چاپخانەیەکی کوردی لە قەلەم دەدرێ, چونکە خاوەنەکەی کوردە. دووەم: لەبەر ئەوەی ئەم چاپخانەیە چەندین کتێبو چاپەمەنیی نووسەرە کوردەکانی سەرەتای ئەم سەدەیەی بە زمانی عوسمانلی لە بارەی کولتووری کورد بە چاپ گەیاندووە. هەروەها چەندین رۆژنامەو گۆڤاری کوردی دیکەش، چ بە زمانی تورکیو چ بە زمانی کورد لەم چاپخانەیەی ئیجتیهادی رۆلەی کورد, عەبدوللا جەودەت چاویان بە ژیان هەلهێناوە, لەوانە، بۆ نموونە: ژمارە دووی گۆڤاری (رۆژی کورد) لە سالی ١٩١٣داو چەندین گۆڤارو کتێبی دیکەی کوردیش.

٣-چاپخانەی (تعاون‌و ترقی) ١٩٠٨. رووناکبیری کورد زنار سێلۆپی (قەدری جەمیل پاشا) لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەلێ:

"خەلیلی خەیالی لەگەل هەندێ هاورێی رووناکبیری دیکەی لە سالی ١٩٠٨دا لە گەرەکی گیو بەگ پاشا لە ئەستەمبۆل کۆمەلێکیان دامەزراند بە ناوی (جەمعیەتی تەعاون‌و تەرەقی) پاشان چاپخانەیەکیشیان بۆ بلاوکردنەوەی بلاوکراوەکانی کۆمەلەکەیان دامەزراند."

٤- چاپخانەی کوردستان سالی ١٩١٥. حوسێن حوزنی موکریانی (١٨٨٣-١٩٤٧) لە تافی لاوێتیدا مەلبەندە رۆشنبیریە گەورەکان زۆر گەرابوو. هەر لە تەمەنی بیست سالییەوە خۆی فێری زمانی هیندیو عەرەبیو تورکیو فارسیو رووسیو فەرەنسی کردبوو. باش لە بایەخی چاپخانەو چاپەمەنی تێگەیشتبوو,

بۆیە دوای ئەوەی روسیای جێهێشتو چوو بۆ هیندستان بە رێگای ئەفغانستانەوە چوو بۆ ئەستەمبوول مەلبەندی چاپەمەنی, لەوێ خۆی فێری هونەری خۆشنووسیو زانستیو چاپخانەو چاپەمەنی کرد. ئەوجا دوای ئەوە چوو بۆ ئەلمانیاو لەوێ لە سالی ١٩١٥دا چاپخانەیەکی بە ١٢٠ لیرەی تورکی کڕی لە هەمان سالدا گواستیەوە بۆ شاری حەلەب لە سوریا. موکریانی لە سالی ١٩٢٥دا لەسەر داخوازی سەید تەهای شەمزینی قایمقامی ئەوسای رەواندز چاپخانەکەی لە شاری حەلەبەوە دەگوازێتەوە شاری رەواندزو دەست بە بلاوکردنەوەی زاری کرمانجی (١٩٢٦-١٩٣٢) دەکا. لە سالی ١٩٤٧ بەولاشەوە چاپخانەکە دەگوازێتەوە هەولێرو ناوی لێدەنرێ (چاپخانەی کوردستان). بەم شێوەیە موکریانی بە دامەزرێنەری یەکەم چاپخانەی کوردیی تەمەندرێژ لە مێژووی دامەزراندنو پەرەسەندنی چاپخانەی کوردیدا لە قەلەم دەدرێ. بەشی هەرە زۆری کتێبو بەرهەمە چاپکراوەکانو مەعریفەی کوردستانی عێراق لەم چاپخانەیەوە لەدایکبوون.

دروستکردنی پەیوەندییەکی کولتووریی بەهێز بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورددا لە نێوان کولتووری کوردیو کولتووری رۆژئاوادا, واتە لە نێوان نووسەرانی کوردو نووسەرانی ئەورووپادا پرۆژەیەکی ئەپستمۆلۆژیی دیکەی (گەنجە کوردەکان) بوو, کە سەرکەوتووانە بەجێیان گەیاند. لە ئەنجامیشدا رێنیسانسێکی کولتووریی لێوە هاتە دێ.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمو سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەشێکی

زۆری نووسەران و رووناکبیرانی کورد لە هەرچوار پارچەکەی کوردستانەوە روویانکردبووە ئەستەمبوڵ: محەمەد میهری و مستەفا شەوقی لە سابڵاخەوە، عەبدولڕەحیم رەحمی هەکاری و مەمدوح سەلیم و هەمزە بەگو سەعید کوردی و خەلیل خەیالی و د. عەبدوڵڵا جەودەت و برایانی بەدرخان و قەدری جەمیل پاشا لە دیاربەکرەوە، ئیسماعیل حەقی شاوەیس و پیرەمێردو رەفیق حیلمی و مستەفا پاشا یامولکی و ئەمین زەکی بەگو نەجدەت کەرکوکلی و حوسێن حوزنی موکریانی و ژەنەراڵ شەریف پاشا لە عێراقەوە.

گرووپی نووسەرانی گۆڤاری ژین (١٩١٨–١٩١٩) بۆ نموونەو یەکەمجار باسی ئازادی و مافەکانی ئافرەتی کردووە، کە درەنگتر لە ساڵەکانی بیست و سیدا لە ئەدەبیاتی کوردیدا رەنگی دایەوە. پشتیان بە ئێستەتیکایەکی هاوچەرخ و پێوەرە ئەدەبییە تازەکان بەستبوو، لەژێر کاریگەرێتیی ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئەورووپی و تورکە گەنجەکاندا، هەر ژمارەیەکی ژین (٢٠لاپەڕە) نزیکەی ٧ لاپەڕەی تەرخانکرابوو بۆ بڵاوکردنەوەی داهێنانی ئەدەبیی تازەو رەگەزە تازەکان: چیرۆك، وتار، شانۆنامە، بەتایبەتیش شیعری نوێ، کە مستەفا شەوقی و عەبدولڕەحمان رەحمی هەکاری سەرتۆپی بوون. تەئسیراتی ئەو نووسەرانەی گرووپی ژین زۆر زوو بەسەر کوردستانی عێراقدا رەنگ دەداتەوە، بەتایبەت بەسەر نووسەرانی تێگەیشتنی راستی و پێشکەوتن و ژیانەوەو ژیان. لەوانەیە هەر بۆیەش ئەدەبی کوردی لە عێراقدا لە ١٩٢٠ بەملاوە تەکانێکی بەهێز دەدا.

دروستبوونی ئەو پەیوەندییە کولتوورییە بەهێزە، بۆ یەکەمجار لە مێژووی کورددا لە نێوان ئەدەبی کوردی و ئەدەبی رۆژئاوادا، واتە لە نێوان نووسەرانی کوردو نووسەرانی ئەورووپا، بە خاڵێکی وەرچەرخانی کولتووری دەژمێردرێ. ئەم وەرچەرخانە کولتوورییەش لەسەرخۆو لە ماوەی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای بیستەمدا لە سێ رێگەوە گەیشتۆتە ئێمە:

یەکەم: راستەوخۆ لە رێگەی کولتووری ئەورووپاو زمانە ئەورووپییەکانەوە بووە. ئەمەش لەبەر ئەوەی گەلێ لەو رووناکبیرانە لە زانکۆی پایتەختەکانی ئەورووپا ژیابوون،

خوێندبوویان و بڕوانامەی بەرزیان هێنابووەوە، یان بەلای کەمیەوە فێری زمانەکانی ئەڵمانی و فەرەنسایی و رووسی و ئینگلیزی و یۆنانی ببوون، ئەو ئەدەبیات و وەك دەشزانین، ئەم نووسەرانە هەموویان هەریەکەو لە بواری خۆیدا سوودیان لە کولتورو زمانە ئەورووپاییەکە وەرگرتووە، کە لە تێکڕای چالاکی و بەرهەمەکانیاندا رەنگی داوەتەوە. تەنانەت هەندێکیان تەرجەمەشیان لەو زمانە ئەورووپیانەوە کردووە.

دووەم: لەرێگەی ئەو ئەدەبیاتە ئەورووپییەوە، کە گۆڕابووە سەر زمانی تورکی و لە لایەن نووسەرانی وەك: پیرەمێردو شێخ نوری.



● سوەرەوەردی وفەلسەفەی رووناکی لەنێوان شەریعەتدا:فوادعەبدولرەحمان

پێشەکی: بۆچی سوهرەوەردی؟

لە سەرەتای ئیسلامدا سوننییەکان کاریگەریی بیری فەلسەفیی یۆنانییەکانیان پشتگوێ خستبوو، بەڵام کاتێ کە موعتزیلەکان پەیدابوون، سوننییەکان ناچاربوون بۆ بەرەنگاربوونەوە بیر لەوە بکەنەوە هەندێ دامودەزگاو قوتابخانە دابهێنن، کە بیکەن بە مەڵبەندی خوێندن‌و لێکۆڵینەوەی ئاینیان. لە ئەنجامی ئەوە هەندێ زانای ئیسلامی سوننی هاتنە گۆڕەپانەوەو بەهۆیانەوە هەندێ رێبازو قوتابخانە هاتەکایەوە. یەکێ لەوانە (ئەبولحەسەنی ئەشعەری) بوو، کە جۆرە زانستێکی داهێنا، کە دوایی ناوی لێ نرا (علم الكلام)، کە بە واتای (یەزداننناسی) دێ. ئەو کارەش بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئیسلامدا، ئەو دەرگایەی خستە سەر پشت، کە دەشێ واتاکانی ئایەتەکانی قورئان لێکبدرێتەوەو فەرموودەکانی پێغەمبەر شیبکرێتەوە. هەڵبەت ئەو هەنگاوەش ئەو بیروباوەڕەی ناو ئیسلامی رەتکردەوە، کە نابێ بیر لە لێکدانەوەی وشەکانی ناو قورئان‌و فەرموودە راستەقینەکانی پێغەمبەرو هەڵەو راستییەکانی باوەڕی ئاینیی ئیسلام بکرێتەوە. ئەم بزووتنەوەیە بووە سەکۆیەك بۆ هاتنەکایەوەی ژمارەیە لە فەیلەسووف‌و یەزدانناسی مەزن لە نێو ئیسلامدا، لەوانە (ئیمامی غەزالی)، بۆ ئەوەی بە توندی بەرپەرچی موعتەزیلەکان بداتەوە، کە لە راستیدا مەڵبەنی سەرەکییان خاکی ئێران بوو.

ئیمامی غەزالی، کە قازییەکی ناودار بوو، بیروباوەڕەکانی لە دەروونی سۆفیگەرییەوە هەڵدەقولا، دژی ئەو کەسانە وەستایەوە، کە بیرو بۆچوونیان لە لۆژیکی (ئەریستۆتالیس)ەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە ئەوەی دەسەلماند، کە باوەڕ لە رێگایەکی سروشتی‌و ئاوەزییەوە بێتە مێشکی ئادەمیزادەوە، نەك هەر بە سرووش‌و ئەندێشە. ئەوەی پاش ئەوانە روویدا، ئەوە بوو، موعتەزیلەکان خۆیان لەبەر هێزو دەسەڵاتی خەلیفە سوننیەکاندا نەگرت‌و لەنێوچوون، بەڵام تۆوی بیروبۆچوونەکانیان مایەوە، تا لە سەردەمێکی دواتردا، لە ئێران لای (ئیبن سینا)و لە ئەندەلوس – ئیسپانیا لەلای (ئیبن روشد) سەری هەڵدایەوە. کەواتە (ئیمامی غەزالی) دەرگایەکی گەورەو بەرفرەوانی لە جیهانی رۆژهەڵاتدا والا کردو خستە سەر پشت، بۆ هاتنەکایەوەی رێبازێکی نوێ تر، کە ئەویش رێبازی رووناکگەری بوو: فەلسەفەی رووناکی (حكمه الاشراق) لەسەر دەستی شەهابەددین سوهرەوەردی‌و عیرفانی سۆفیگەری (گنۆس) لەسەر دەستی (ابن العربی).

**سەرچاوەکانی بیری فەلسەفیی**

**سوهرەوەردی:**

سەرچاوەکانی بیری فەلسەفیی سوهرەوەردی هێندە زۆرن، بە ئاسانی پەی بۆ هەموویان نابرێ. رەنگە ئەم فەیلەسووفە تاقە کەسێ بێ لە نێو مێژووی فەلسەفیی ئیسلامدا، کە پێی هاویشتبێتە هەموو بوارە فەلسەفی‌و یازداننناسی‌و سۆفیگەری‌و تەوژم‌و بزووتنەوەو رێبازو قوتابخانە بیرییەکانی نێو جیهانی ئیسلامی‌و دەرەوەی جیهانی ئیسلامییەوە. بۆیە، هەندێ لە زانایان دەڵێن: سوهرەوەردی ژیانەرەوەی فەلسەفەی ئێرانیی کۆن بووەو هەنێکی تر دەڵێن: ئەم فەیلەسووفە هەرگیز بیری لەوە نەکردۆتەوەو بایەخی بۆ کەلەپووری ئێرانی کۆن دانەناوە. بێگومان هەردوو ئەم بۆچوونانە، ئەوە دەگەیەنن، کە ئەم فەیلەسووفە شارەزاییەکی تەواوی لە بارەی بیروباوەڕی (زەردەشتی)یەوە هەبووە. نەك بیروباوەڕە هەرە کۆنەکانی زەردەشتی، بەڵکو ئەو بیروباوەڕانەی، کە لە سەردەمی ساسانییەکان‌و پاش سەردەمی ساسانییەکان پەیدابوون، وەك مەزدەکی‌و زوروانی‌و مانەوی‌و بەتایبەتیش فەلسەفەی خەسرەوانی‌و فەهلەوی، کە ئەم دووانەی دوایی، نەك لە بەرهەمەکانی سوهرەوەردی ناویان هاتووە، بەڵکو لە بەرهەمی فەیلەسووفە ئێرانییەکانی دوای ئەویش ناویان هاتووە. بۆ نموونە لە بەرهەمەکانی (حاجی مەلا هادی سەبزەواری). هیچ کەسێ ناتوانێ نکولی لەوە بکا، کە بیری فەلسەفی لە ئێرانی کۆندا هەرگیز لە ئاین جیانەبۆتەوە. وەك لە یۆنانی کۆندا، لە سەردەمی (ئەریستۆتالیس)دا دەیبینین. لەبەر ئەوە، کە لە بەرهەمەکانی (سوهرەوەردی)دا ئەوە دەبینین، کە باسی لە دانایانی دێرینی ئێران کردووە، مەبەستی ئەو یەزدان‌و خوداوەندو نیمچە خوداوەندە ئەفسانەییانە نەبووە، بەڵکو مەبەستی لەو دانا خاوەن بیرو هۆش‌و زانینانە بووە. واتە ئەوانە بوون، کە باسی (ئەوهورەمەزدای یەزدان)و (ئەهریمەن)و باسی بوون‌و نەبوون‌و سەرچاوەو بنەماکانیان کردووە.

**سەردەمی سوهرەوەردی:**

سوهەرەوەردی پلەو پایەیەکی مەزنی لە نێو مێژووی بیری ئیسلامیدا بۆ خۆی دامەزراندووە" گرنگیی بیری فەلسەفیی سوهرەوەردی لە نیوەی دووەمی سەدەی شەشەمی مێژووی کۆچییەوە دەستی پێکردووەو تاکو ئیمڕۆش ئەو گرنگییەی هەر بەردەوامە.

سوهەرەوەردی لە سەردەمێکی پڕ لە رووداوو بەسەرهاتی مێژوویی گرنگدا ژیاوە. بە تایبەتی، کە جەنگەکانی خاچییەکان گەیشتۆتە ترۆپك، تا لەسەر دەستی سەلاحەدینی ئەیوبی (٥٨٩ ك/ ١١٩٣ ز)دا کۆتایی پێهاتووە. لەو سەردەمەدا دەسەلاتی رێبازی سوننی بەسەر دەسەلاتی هەموو رێبازەکانی تری ئیسلامیدا شکاوە، بە تایبەتی بەسەر دەسەلاتو بزووتنەوەی رێبازی ئیسماعیلییەکان، کە ئەو سەردەمە توندو تیژترین تەوژم بوون لە نێو ئیسلامدا، کە بە هێزەوە بەرەنگاری سوننیەکان دەبوونەوە.

سوهرەوەردی لەو کێشەو هەرایە توندوتیژو پڕ لە بەسەرهاتە گەرمو خێرایانەدا ژیانی زۆری بەسەر نەبرد. تەمەنی ژیانی لە سیو هەشت ساڵ تێپەڕ نەبوو، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم مرۆڤە لەو ماوەی تەمەنە کورتەیدا توانی پەل بۆ زۆرترین بیرو راکان بهاوێو بە خێرایی نزیکەی پەنجا نووسینو نامیلکەو پەرتووك بێنێتە بەرهەم، کە لە هەموویدا ویستوویەتی گرنگترین هەنگاوی فەلسەفی بنێ، کە ببێتە ئاوێتەو گونجاندنی دوو فەلسەفەی رۆژهەلاتیو رۆژئاوایو پێکەوە گرێیان بدا. هەڵبەت هەوێنی ئەو هەوڵو کۆششە قورسو گرانە بووە هۆی داهێنانی رێبازێکی هەرە نوێ لە مێژووی فەلسەفەدا، کە ئەویش (فەلسەفەی رووناکی — حکمە الاشراق)ە، کە روونو بەرنترین وێنەیە لە کۆکردنەوەو هاوگونجانی بیروباوەڕە فەلسەفییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لە نێو مێژووی بیری ئیسلامدا. هەڵبەت ئەم کارەی سوهرەوەردی کردوویەتی هێند ئاسان بێ سەختیو ئازارو دژواری نەبووە، بەڵکو هەر لە یەکەم تەقەللای ئەوکارەیە، ئەم مرۆڤە بەرهەڵستکارو دوژمنو ناحەزی لە توندڕەوەکانو چ لە نەرمرەوەکان، لێ هاتۆتە بەردەمو رەخنەو دژایەتیو بەربەرەکانێی بەو رادەیە لێ هاتۆتە پێش، کە ژیانی پێ لەدەست چووە. هەڵبەت دەنگی ئەو رەخنەگرو بەرهەڵستکارو دوژمنانەی هێندە توندو بە دەسەلاتو بەهێز بوون، بەو رادەیە بووە، کە هەر زوو بەزوو دەنگیان خفە کردووەو لە ژیان لە نێویان بردووە. بەلام دیارە کاریگەریی بیرو بۆچوونەکانی ئەم دانا مەزنە هێندە زۆر بووە، لە پاش مردنیەوە تاکو ئەم سەدەیەش هەر بەسەر نەچووەو بگرە گرنگترین جێگای لە توێی بیروڕاو فەلسەفە جیهانییەکاندا بۆتەوە. نەك هەر ئەوە، بەڵکو ئەو رێبازە فەلسەفییەی دایناوە، کە ناوی (فەلسەفەی رووناکی)یە، بۆتە بەردی بناغەی فەلسەفەی نوێ، کە (فینۆمینۆلۆجیا)یە، کە لەسەر دەستی فەیلەسووفی ئەلمانی (ئێدمۆند هۆسرڵ ١٨٥٩ — ١٩٣٨)و پاشان فەلسەفەی بوونخوازییە، کە لەسەر دەستی (مارتین هایدیگەر)و سارتەرو دوای ئەوان فەیلەسووفانی سەردەمو تازەگەری، وەك: (میشێل فۆکۆ)و (جاك دریدا)، تا دەگاتە دوایین فەیلەسووفی ئەلمانی (هابرماس).

گرنگترینو دێرینترین سەرچاوەکان، کە تیایدا لە بارەی ژیانی (سوهرەوەردی)یەوە نووسرابێتەوە، (نزهە الارواح)ی (سورهەوەردی)و (وفیات الاعیان)ی (ابن خلکان)ن.

ژیانی سوهرەوەردی، دیارە هەر لە بنەماوە، جۆرێ بووە لە داهێنان لە ژیانی فەلسەفیو ژیانی فەیلەسووف بۆ یەکەمجار لە نێو مێژووی ئیسلامدا. نیشانەی ئەوەش ئەوەیە، کە ئەو مرۆڤە هەر لە تەمەنی لاوێو هەرزەکارییەوە، ئەو خولیایە هاتۆتە سەری مەڵبەندو نیشتیمانو جێ لەدایکبوونی خۆی بەجێ بهێڵێو روو لە رۆژئاوای سەرزەمینی ئیسلام بکا، بۆ ئەوەی بگا بەو مەرامەێ، کە دەیویست پێی بگا، کە ئەویش دانایی رووناکی بووە، تا سەر بۆ ئەوەش ناوەتەوەو لەپێناوی ئەو مەرامەدا خۆی بە کوشت داوە، پێش ئەو بۆ کێشەی فەلسەفە، مەگەر تەنها سوقراتی یۆنان ئەوەی کردبێ.

سوهرەوەردی ناوی تەواوی (شەهابەددین کوڕی یەحیای کوڕی حەبەشی کوڕی ئەمیرەکی ئەبولفتوحە، کە بەناوبانگ بووە بە سوهرەوەردیو بە ئەلمەقتوولو بە شیخ الاشراق)، لە ساڵی ٥٤٩ ی کۆچی/ ١١٧٠ ی زایینیدا لە گوندێکدا بە ناوی سوهرەوەرد، کە رەنگە (سوورەبەرد)یش بووبێ، چونکە شوێنەواری دەکەوێتە کوردستانی رۆژهەلاتەوە لە نزیکی شاری ورمێ لەدایك بووە.

سوهەروەردی لە نێو خێزانێکی کوردی شیعەی (ئیسماعیلی)دا، لە ئێراندا پەروەردە بووە. دەگوترێ، کە زیارەتی قەڵای هەڵەمووت یشی کردووە، کە لەو سەردەمەدا بنکەی سەرەکیی بزووتنەوەی ئیسماعیلییەکان بووەو لەوێ هەموو بیرای باتنیی خوێندووە. بەڵام هەر زوو وازی لەو بیرە ئیسماعیلییە باتنیە هێناوەو بۆ خوێندنی حیکمەت بە گەنجی رووی لە مەراغە کردووە، لەوێ بووە بە شاگردی.

لەو سەردەمەدا، کە سوهرەوەردی ژیاوە، ئەو رووداوە گرنگانەی روویانداوە، ئەوەبوون، کە ولاتی شام، کە لە پێشدا لەژێر دەسەڵاتی شیعەکان بووەو گەورەترین مەڵبەندی رێبازەکەیان بووە، بە هۆی سەرکەوتنی فرەنجەکان بەسەر فاتمیەکانو بە هۆی هاتنی سەلاحەدینی ئەیوبیو جەنگی لەگەڵ ئەو فرەنجانەدا، چۆتە ژێر دەسەڵاتی سونییەکانەوە، چونکە موسوڵمانەکان دوای سەلاحەدین کەوتوون، کە لەژێر دەستی فرەنجەکان رزگاری کردوونو (سەلاحەدین)یش سەر بە خەلیفەی عەبباسی بووە، کە خەلیفەی سوننیەکان بووە. لەو سەردەمەدا سوهرەوەردی چۆتە شاری حەڵەب، کە ئەو گۆڕنکارییە لە دەسەلاتی مەزهەبیدا بەتەواوی جێگیر بووە. کەواتە بەر لەو سەردەمە بە ماوەیەکی کەم، دیار بووە، کە خەڵکی ولاتی شام هەموو لەسەر رێبازی شیعە بوون. بەڵام دوای ئەوە هەموو بوون بە سوننی. ئەوانەی هەر بە شیعە ماونەتەوە، وەکو بزووتنەوەی بە نهێنی لەو ناوچانەدا کاریان لە دژی سوننیەکان کردووە، وەك شێوەیەك لە شێوەکانی بەرهەڵستی دژی خەلیفەی سوننی عەباسی، کە بە بزووتنەوەی (باتنی) ناسراوە.

ئەوەی دیاربێو ناشارەوە بێ، سەبارەت بە کوژرانی سوهرەوەری، ئەوەیە، کە ئەو مرۆڤە دانایە لە ئەنجامی کێشەو ململانێی نێوان فاتمیەکانو سونییەکاندا بووە قوربانی، بە تاوانی ئەوەی لەلایەن هەندێ لە مەلاکانی حەڵەب ەوە خرابووە بەرەی ئیسماعیلییەکان، ئەگەرچی بە هیچ جۆرێ لە ئیسماعیلییەکان نەبووە. بەڵام لە رووی فەلسەفییەوە، نەك دەسەلات، باوەڕی تەواوی بە مەسەلەی ویلایەت هەبووە، کە دیارە ئەوە بۆتە هۆیەکی راستەوخۆ بۆ ئەو تاوانبارکردنە. ئەوەی سوهرەوەردی لەو مەسەلەی ولایەتەدا لێی کۆڵیوەتەوە مەسەلەی تیۆرە تایبەتییەکەی بووە، کە سەبارەت بە بنچینەی فەلسەفیی شیعەگەریو سوننیگەری بووە، کە لە زۆر جێگای نووسینەکانیداو لە راوێژەکانیدا ئاماژەی بۆ کردووەو باسی لێوەکردووە.

### لێکۆڵەرەوانی سوهرەوەردی:

شایانی باسە، لە سەردەمی نزیکی پاش مردنی سوهرەوەردی، ناسراوترین قوتابیی خۆی، کە (شارەزووری)یە، لە کتێبی (نزهە الارواح)ەکەیدا بەرفرەوانترین فەهرەستی بۆ بەرهەمەکانی ئەو مامۆستایەی تەرخانکردووە. هەروەها (حاجی خەلیفە)، کتێبەکەی، کە بە ناونیشانی (کشف الچنون)ە، بۆتە گرنگترین سەرچاوە بۆ باس لە بەرهەمەکانی ئەو فەیلەسووفە.

لە ولاتانی رۆژئاواشدا، چوار لە گەورە زانایان، زۆر بە وردی لە بەرهەمەکانی (سوهرەوەردی)یان کۆڵیوەتەوە. یەکەمیان، کە (برۆکلمان)ە، لە کتێبەکەیدا، کە بە ناونیشانی (مێژووی وێژەی عەرەب)ە، زۆر بە گرنگیو بە بایەخەوە ئاماژەی بۆ ئەو بەرهەمانەی سوهرەوەردی کردووە. پاش ئەوە (ریتەر)، کە نووسینەکەی دەربارەی سوهرەوەردی بە راستترین بۆچوونی رۆژهەڵاتناسی دەژمێررێ. بەتایبەتی ئەم رۆژهەڵاتناسە ژیانی ساڵانێکی دووری درێژی خۆی لە ئیستەمبووڵ بۆ ئەو مەبەستی لێکۆڵینەوە لەسەر بەرهەمەکانی ئەو فەیلەسووفە تەرخان کردووە.

بەڵام سەبارەت بە کەسێکی دی، کە (ماسینیۆن)ە، لە راستیدا، کە دەستی کردووە بە لێکۆڵینەوە لەسەر (حەلاج)، حەزی کردووە لەو کەسانەش بکۆڵێتەوە، کە کارتێکردنی (حەلاج)یان لەسەر بووە. بۆ ئەوە دەستی بۆ هەندێ کارو بەرهەمی سوهرەوەردی یش بردووە. بەپێی لێکدانەوەی خۆی، بەرهەمەکانی سوهرەوەردیی کردووە بە سێ بەشەوە، (بەشی کاتی گەنجێتیو بەشی کاتی مەشائیو بەشی کاتی ئیشراقی). هەموو ئەمانەشی لە کتێبەکەیدا تۆمار کردووە، کە بە ناونیشانی (مێژووی سۆفیگەری)یە.

بەڵام زانای ئەوروپی، کە لە (سوهرەوەردی)ی کۆڵیوەتەوەو بە جوانترین شێوە بەرهەمەکانی کۆکردۆتەوەو بەچاپی گەیاندوون، (هینری کۆربان). ئەم زانایە بەشێکی زۆری لە ژیانی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو فەیلەسووفە تەرخان کردووەو بۆ ئەو مەبەستە نزیکەی پەنجا ساڵ لە ئێرانو لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێراندا ماوەتەوە.

### بە پێی مێژووی نووسینیان:

بێگومان ئەو بەرهەمانەی، کە سوهرەوەردی، بە تایبەتی، کە بە زمانی فارسی نووسیونی، لە جوانترین شێوە نووسینەکانن، کە لە هەموو مێژووی گەنجینەی کەلەپووری پەخشانیی ئێرانیدا هاتبێتنە بەرهەم. هەڵبەت ئەو بەرهەمانە کاتێ نووسراونەتەوە، کە نووسینی پەخشانیی لە ئێراندا لە سەردەمی زێڕینییدا بووە. بەڵگەش بۆ ئەوە ئەوەیە، کە لە ناو گەنجینەی کەلەپووری فەلسەفیدا لە ئێرانی ئەو سەردەمە هەرگیز شاکاری وەها نییە لە جوانیو بەهاییی زمانەوانیدا بگاتە ئاستی بەرهەمە فارسییەکانی سوهرەوەردی. بۆ نموونە، لە نامیلکەیەکیدا، کە بە ناونیشانی (لغت موران)و هەوروەها لە نامیلکەیەکی تریدا، کە بە ناونیشانی (دەربارەی حەقیقەتی عیشق)ە، پڕە لە دەستڕەنگینیو بەهرەمەندیی مەزن لە شێوازو داڕشتنی زمانەوانیدا. بێگومان ئەم شاکارانەی سوهرەوەردی بە تەواوی بوونە سەلمانە بۆ ئەوەی، کە زمان گرنگترین بەشی بیرکردنەوەیەو بە هیچ جۆرێ بە بێ یەکتری نایێنە بەرهەم. واتە هەرلایان تەواوکەری یەکترنو سەرچاوەی یەکترنو بە یەکترەوە دەژین. بۆ نموونە: مرۆڤێ گەر بیەوێ بە پوختیو بە چاکی بیری دەربڕێ، دەبێ لە رووی زمان دەربڕینەوە داهێنەرو سەرکەوتووبێ، ئەو بەرهەمە لەکاتی کردنی بە زمانێکی تر راستەقینەی واتاکانی دەربڕینەکەی ئیفلیج دەبن، یاخود دەمرن. لەلایەکی ترەوە سوهرەوەردی هێند بە تواناو سەرکەوتوو بووە لە بواری زمانەوانیدا، بەو رادەیە، کە ئەو بەرهەمانەی بە زمانی عەرەبی نووسیونی، هەر هەمان بەهاییو جوانکاریی تیا دروستکردووە، کە گۆڕیونیەتیە سەر زمانی فارسی. ئەوەی شایانی باسە، من بە تاقە فەیلەسووفێکی ئیسلامیی دەزانم، کە بۆ داڕشتنی بیرە فەلسەفییەکانی، لەو سەردەمە کۆنەدا، بەهرەی وای نواندووە، بەوپەڕی ئازاییو نەترسەوە دەستی بۆ وشەو زاراوەی کوردی بردووەو وەك جوانترین رەنگی گوڵی نێو فەرشو قاڵی خستوویەتییە نێو بەرهەمە فارسییەکانییەوەو ئەو کارەی باشترین یارمەتیدەر بووە لە دەربڕینی بیری فەلسەفی بە زمان. من کە ئەو بەرهەمە فارسییانەی سوهرەوەردیم خوێندۆتەوە، باوەڕ بێ، هەستم بەوە کردووە، بەرهەمێکی فەلسەفی بە گیانی زمانی کوردیدا دەخوێنمەوە، ئەگەرچی ماوەی نێوان سەردەمی ئەو نووسینانەو سەردەمی ئێستای خوێندنەوەم نزیکەی هەزار ساڵ دەبێ. جگە لەوە، سوهرەوەردی ئەوەشی سەلماندووە، کە چ زمانی فارسیو چ وشەو زاراوەی کوردی، وزەو توانایی وەهایان تیادا هەبووە، کە فەلسەفەیان پێ بنووسرێتەوە. من دیارە بۆ ئەوەش دەچم، کە رەنگە بۆ ئەو هۆیە، ئەو سەردەمە سوهرەوەردی دەستی بۆ وشەو زاراوەی کوردی بردبێ، کە پاشماوەی زمانی ئاوێستای زەردەشی بووە، زانیوێتی، کە ئەو وشەو زاراوە کوردییانە بۆ دەربڕینی بیری قورسو ژیربێژیو فیزیکیو یەزدانناسی زۆر لە وشەو زاراوەی فارسی بەهێزتر بووبن، ئەگینا لەوە زیاتر هیچ بەڵگەیەك نییە کە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە بێ.

نموونەی بەرهەمی بەجێماوی

سوهرەوەردی:

الواردات والتقديسات

(بە زمانی عەرەبی):

ئەم بەرهەمە بریتییە لە هەندێ نووسینی نزاو راوێژو نامەی کورت کورت، کە رۆژ رێی تێدەچێ قوتابییەکەی خۆی، کە (شارەزووری) بووە، بەو ناونیشانە کۆی کردبێتەوەو دووبارە وەك دەستنووس نووسیبێتەوە. لەم بەرهەمەدا کاریگەریی ئیشراقیی زەردەشتیو قوتابخانەی حەڕانو نیوپلاتۆنیزم (ئیفلاتوونیی نوێ)و عیرفانی گنۆسی- هیرمسیی پێوە دیارە. پاشان ئەو بابەتو مەسەلانەی لەم بەرهەمەدا هاتوونەتە باس، لای فەیلەسووفەکانی تری ئیسلامدا بەدییان ناکەین، تەنها وەك هەندێ بۆچوونی کورت نەبێ، کە لە پەرتووکی (ئامانجی دانا)دا بەدی دەکرێ، کە دەگوترێ نووسەرەکەی فەیلەسووفو کیمیاناسی گەورەی ئیسپانی (ئەلمەگریتی)یەو لە یەك دوو نامیلکەی (ئیمامی فەخری رازی)دا دەبینرێ. سوهرەوەردی لەم بەرهەمەدا بە وردی مامەڵەی لەگەڵ بابەتی تەلیسمو دیاردە شاراوەو پەنهانەکان کردووە، بەڵام لە روانگەیەکی عیرفانیی سۆفیگەرییەوە، کە بناغەکەی بیری فەلسەفەی ئاینە، کە لەلای یۆنانییە کۆنەکان بە پنیوماتیکۆی، واتە (روحانی) ناسراوە. رەنگە هۆی ئەم دەستوەردانەی سوهرەوەردی لەو بابەتانە بگەڕێتەوە بۆ کاتانەی، کە لە ناوچەی دیاربەکرو نوسەیبینو حەڕان دا ژیاوە، کە کاریگەریی پاشماوەی فیتاگۆرسیو گەردووناسیی گنۆسی یۆنانیو هیرمسی جوولەکەو ئیفلاتۆنیی نوێو زروانگەریو مانەویو بیروباوەڕی حەرانییەکانی بەر لە بیری ئایینیی ئیسلامی لەسەر نیشتووە.

## ........................ "مێژوو"

## "......................................نزامی گەنجەیی کورد

(؟ یا ٦١٤ —٦١٣ / ٥٣٥ ك م)

ن: عادڵ محەمەدپوور

### پێشەکی

پاڵنەری ئەم وتارە، یادداشتەکانی ئەو دەمانەیە کە خوێندکاری خولی ماستەری ئەدەبیاتی فارسی بووم و نیزامی گەنجەویم دەستپێکرد. ئەو کاتانە بەخوێندنەوەی دەقەکانی نزامی هەستم بەوەی دەکرد کە ڕۆحێکی کوردانە لە فۆرماسیۆنی هۆنراوەکانیدا هەڵدەقوڵێ. لەم دانوساندنەدا، جاروبار تووشی هەندێ واژە و دەستەواژە و لێکدراوەی کوردی دەهاتم و لە پەراوێزی کتێبەکەدا دەمنووسینەوە . ئەم توخمە کوردییانە وایان لێکردم زۆرتر لەسەر دۆزەکە دراسە و ڕاژەی ئەدەبی بکەم و بە پێوەندانگی لۆژیکی شیکاری بەکگراوندی ڕاستەکی جەوهەرەزمانیەکە و پرەنسیپەکانی کوردبوونی ئەم شاعیرە فارسی بێژە پەڕەناو و هەڵاوێرد بکەم. لەو بارەوە هەندێ سەرچاوەم پشکنی کە لەسەر هزری هونەری و ژیانی ئەم شاعیرە، شیکاری و لێکۆڵینەوەیان کردبوو . بە وردی ئەمخوێندنەوە و بۆچوونەکانم یادداشت دەکرد . بە خوێندنەوەی ئەو سەرچاوانە کە برێکیان بوچوونی جیاوازیان هەبوو بۆ ( ئەکدەش )ی بوونی نزامی - واتە دوو ڕەگە بوونی کورد و تورك - هەرکام بۆچوونێکی تایبەتیان هەبوو . ( دوکتۆر زەڕین کوب ) لە « پیر گنجە در جستجوي ناکجا آباد » و دوکتور بێهرۆزی سەروەتیان لە « آیینە غیب نظامي گنجە يي » دا ، پێداگری لەسەر کاردانەوەی ڕۆحی زوانی دایکی ( ڕەبیسەی کورد ) لەسەر دەقەکانی ئەو پێنج دەفتەرە شیعریە ( خەمسەی نیزامی ) دەکەن بە تایبەت لە تێکستی « لەیلی و مەجنوون » دا . تەنانەت پێیان وایە ، لەوا کە نزامی بە شانازییەوە ناو لەدایکی و بنەماڵەکەی و خاڵە عومەر وەك دەسەڵاتدارێکی توکمە و ئەشراف و سەرناس دەبات و لە لەیلێ و مەجنووندا شینیان بۆ دەگێڕێ ، بەڵام هەر بەو ریتم و هەست و سۆزەوە ناو لەباوکی و بنەماڵەکەی نابات، تەنیا بە رواڵەت باسیان دەکات و زوویش دەیانخاتە بۆتەی فەرامۆشییەوە.

بەڵام کەسێکی وەك « ر . آزادە » لە کتێبی « شرح زندگي و هنر نظامي گنجوي، انتشارات آکادمي علوم باکو، ١٩٧٩ . م » دا دەمارگیرانە ، پێداگری لەسەر « ڕۆحی ترکانە » ی نیزامی دەکات کە گوایێ ئەمە شای ئەخستان بووە کە نیزامی هانداوە، کە بە زمانی پارسی شیعر بلێت و بۆ چەسپاندنی وتەکەی پەنا دەباتە ئەم دێرەشیعریە:

ترکي صفت وفاي ما نيست

ترکانە سخن سزاي ما نيست. (١) (ليلي و مجنون، ٣٥/٥)

لە راڤەی ئەم دێرەدا، دوکتۆر سەروەتیان، پێی وایە کە « ترکانە سخن »، « ڕۆحی ترکانە » نیە بەڵکوو یانێ « واچەی(سخن)ی ترکانەیە. » لێکدانەوەی واتایی دێرەکە، ئاوایە : « ئەخستان شا داوای داهێنانی چیرۆکی لیلی و مەجنوون لە نزامی دەکا و نزامی بە مەترسییەوە چارەنووسی فێردەوسی دەخاتە بەرچاو بە نموونە دەیهێنێتەوە کە گوایێ سوڵتان مەحموود غەدری لێکردوە. ئەویش دەترسێ غەدری لێبکرێ. شا دەڵێ: بزانە، وەفای ئێمە وەك سفەتی ترکی نیە - ئێمە وەك مەحموودی غەزنەوی بێ وەفا نین و تۆیش - نزامی - وەك فیردەوسی

نیت که له ماق خۆی بێ بەش بوو" بێ بەش بیت . ئێمه ( سخن ترکانه ) ـ واته وتەی پاڵەوانی و ڕەزمی ـمان ناوێ، بەڵکوو داوای هۆنراوەی بەزمی و لیریکا (Love lyric )ی ـ لەیلێ و مەجنوون ـ دەکەین .»(٢)

بۆیەکانێ نووسەری ئەم وتارە لەم پارادۆکسە و دژەبۆچوونانە، کەڵك وەردەگرێ و سوور دەبێ لە سەر پێداگری کوردبوونی نزامی و ڕەنگدانەوەی ڕۆحی زمانی دایکی لەم ئەدەبەدەستەبژێر و شاکارە جیهانیەدا. هەرچەند نیزامی ئەو پێنج دەفتەرەی بە زمانی فارسی نووسیوە، بە ڕاڤەکاری و شیکاری ئەو بەرهەمانە، وێڕای باری ئەدەبی دۆزەکە، هەندێ لایەنی مێژوویی گەلی کورد و دەسەڵاتداریێتی ئەم نەتەوە ڕووندەکرێتەوە. دەلوێ شارەزایانی مێژوو، لەم سووژە کەڵك وەربگرن و بەرگێکی تری زێڕین بە مێژووی نەتەوەیی گەلەکەمان موتوربە بکرێ.

بە پێی ئەو سەرچاوە مێژوویی و ئەدەبیانە کە لەم بارەوە نووسراون و ڕۆچوون بە ناواخنی دەقەکانی نزامیدا ( بە تایبەت لەیلێ و مەجنوون ) تا ڕادایەك توانیومانە ئەو ڕۆحە نەسرەوتە کوردانەی نزامی و بنەماڵەکەی و بەرگێك لە مێژووی کورد لەو سەردەمەدا کە تۆزێ بێوەفایی ڕۆژگار سیمای شەمزاند بوو، نیشان بدەین .

دیمۆگرافی شاری گەنجە

( نێوان سەدەکانی ٢ تا ٦ی کۆچی مانگی )

شاری « گەنجە » کە زێدی شاعیر بووە، دەکەوێتە ئەوپەڕی ڕووباری ئەرەس لە ویلایەتی « ئەران » . ئەران دەڤەرێکی ڕازاوە و سەرسەوز و پڕ داهات کە پانتایی نێوان ئەرەس تا ڕووباری « کور » دەگرێتە خۆی . هەر لە مێژە ئەم ناوچە دەبێتە دونگەی تۆبەکاران و خوادۆزان و جیهادگەرانی توندڕۆ و دەمارگیری موسوڵمان . بۆ ئەوەی گەنجە لە سەر سنووری بەشێك لە دنیای ئیسلام و دنیای خاچ پەرەستیدا واقیع بووبوو ، لە هەر ئاقارێکی ئیسلامییەوە ، لە کورد و تورك و عەرەب و ... لەم دەڤەرەدا بۆ پاراستنی قەڵەمڕەوی ئیسلام و بەشداری لە جیهادی ئیسلامی ، گلێر دەبنەوە . لەم سەروبەندەدا کە ویلایەتی فەلەستین و شام و میسر کەوتبوونە ژێر تازیانەی شاڵاوی دنیای خاچپەرەستییەوە" لە ئەراندا بە چۆڵەختێی دەوڵەتی ڕۆمی ڕۆژهەڵات ـ بیزانس ـ مەسیحییەکانی ڕووس و گورجی و ئەرمەن پەیتا پەیتا لە ژێر تەنگە تاو و پاڵەپەستۆکی و ڕووکردی دەمارگیرانەی ئایینیدا ، پەلاماری گەنجە و شمکوور و بەیلەقان و بردەع و تفلیس دەدرا و وێڕای کوشتن و بڕینی دانیشتوان" ماڵ و سامانیان تاڵان دەکرا . لە ئاوەها کەش و هەوا و ئەتموسفێرێکی کۆمەڵایەتی و دینی و فەزایەکی ئاڵۆسکاودا ، سەرقاڵبوون بە وتنەوەی چیرۆکی کۆن و عاشقانە و غەنایی کە بە چیرۆکی گاوران و ئاورپەرستان و لادینان ناو دەبرا دۆزێکی دژبەر و هەڵویستێکی ناتەبا و ڕووکردێکی پەسەند نەکراو دەدرایە قەڵەم. بەڵام نزامی بە پێچەوانەی ئاوەها فەزایەك، دەستی دایە نەریتشکێنی و شتی جیاواز وتنەوە، کە بتوانێ زاڵ بێ بە سەر ئەم دابە کۆن و ڕزیوەدا. سروشتی بوو کە لە گۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو و لەرزۆك و پۆپۆلیستی ئەو مەودا زەمەنیەدا، شاعیر بەلایەنگری وتنەوەی ئەفسانەی زەند و زەردەشت و پەریان و نەریتی کۆنی موغان و تەنانەت نائەخلاقی و دزێو ... تۆمەتبار دەکرا . بەڵام هەرکات کە شیعرەکانی بۆ جەماوەر دەخوێندەوە، وەك شیعرەکانی « سۆفۆکلس »کە لە دادگای ئاتندا لە سەر نەیاران و دژبەران و ڕەخنەگران ، کاردانەوەی باشی هەبوو و تەسدیقی هونەرەکەیان دەکرد" ئەوانیش سەری کوڕنۆش و هەستی ئەرێنییان بۆ هونەرەکەی نزامی دا دەنەواند.

« کورد ، دەیلەم ، تورك و عەرەب لە چوار قوڕنەوە بۆ بەشداری بە قەولی خۆیان « جیهاد » خنرابوونە ئەم شارەوە . هەموو جۆرێ ئاکار و سەلیقە و داب و نەریتی تەنانەت دزێو و سەرسوڕهێنەریان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو ، هەندێکیان هەڵگری ڕق وکینەی دێرین لە هەمبەر یەکتر بوون . ڕێژەی کوردەکان لە چاو نەتەوەکانی دی ، دەرکەوتی پتر بوو ، تەنانەت لە دەسەڵاتی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو . لە سیاسەتوانی و ولایەتداریدا ، هەموویان بۆ کورد پیازیان پاك دەکرد و لە ژێر سێبەری ئەواندا بوون . ئەران یانێ جێگای

ئارياييەكان و كەسانێك زمانيان ئاريايي بوو ، يانێ زۆرتر مەبەست كوردەكان و زمانی كۆنی ئازەری بوو – نە تركی– كە خۆی لە حەوزەی زمانەوانيدا باسێكی تری جياوازە. » (٣)

*مێژووی دەسەڵاتدارێتی كورد لە*

ئازەربايجان و ئەرمەنستان و ئەبخاز و ...

نزامی لە (هفت پيكر و شرفنامە)دا وێڕای تۆماركردنی دۆخی كۆمەڵايەتی و جوغرافيايی ئاماژەی بە هەندێ چەمكی مێژوويی بە تايبەت مێژووی ئەسكەندەر كردوە. بە بۆچوونی ئەو لەو كاتەدا، ولايەتی ئەبخاز و گەنجە و الان و ارگ و دەربەند و ... هەموويان سەر بە وڵاتی ئێران بوون. نزامی دەڵێ: لە ويلايەتی ئەبخازدا، كوردێكی بە رەچەڵەك مادی بە ناو دەوالی، دەسەڵاتدار بووە و هەموو ئەرمەنستانيش لە ژێر سۆڵتەی ئەم سەرۆكەدا بوون و زۆريش ئازا و بوێر و هەڵكەوتە و رۆسەم ئاسا، بووە:

*در ابخاز گرديست مادي نژاد*

كە از رزم رستم نيارد بە ياد
دوالي بە نام آن سوار دلير
برآرد دوال از تن تندشير
دليران ارمن هواخواه او
كمر بستە بررسم و بر راه او...           (شرفنامە ، ٣٥/٧٠)

لە شەڕێكدا كە ئەسكەندەر لە گەڵ رووسەكاندا دەيكا، كوردەكانی ئەبخاز و ئەرمەنستان بە سەركردەيی و فەرماندارێتی دەوالی باڵی دەسە راسی لەشكری ئەسكەندەر دەبن. ئەگەريش ئەو كارەساتە لە زەمان ئەسكەندەردا راست نەبووبێ بەڵام لە زەمان خودی شاعێردا رەنگە ئەفسانەی رووت نەبێ و بەڵكوو كاكڵێكی مێژوويی بێ بۆ باس و راڤەی باشتر كە دەكرێ بە وردی چاوی لێبكرێ.

لەبارەی ئازايەتی و لێبڕاوی دەوالی و كوردەبەشداربووەكان لەم شەڕەدا كە هێزی نەيار دەهێننە تەنگەتاو، ئاوا دەدوێ:

*ز پولادشان الماس تيغ*

بە خورشيد روشن درآورد ميغ
جداگانە از مركب هر گروە
حصاري برآورد مانند كوە
دوالي و كُردان ايران زمين
سوي ميمنە گرم كردند كين ...           (ش.ن ٥٣/١٨)

بە وتەی نيزامی هەر لەم شەڕەدەسبەيەخە و تاك بەتاكدا، كوردەكان لەگەڵ پێكهاتەی سپای شاڵاوگەری رووس" قەراخانيەكان، فەغفووريەكان، خەزرانيەكان و ... تێكدەشكێن و زۆربەيان دەكوژرێن و تووناوتوون دەكرێن:

*دگر رە يكي روسي گربە چشم*

چوشيران بە ابرو درآوردە خشم
سلاح آزمايي درآموختە
بسي درع را پردە بردوختە...
بە يك ضربتش جان زتن بركشيد
بە جل برقعش برقع اندركشيد
دگر روسيي بست بركين كمر

همان رفت با او كه با آن دگر ... (٤)

« له ساڵەكانی ٣٢٣ ی كۆچی مانگیدا ، بردەع كە ناوەندی كۆنی ویلایەتی ئەران بوو لە لایەن دزە دەریایی و شاڵاوگەرەكانی رووسەوە كاول كرابوو و پێشتر لە ساڵی ٢٤٠ كۆچی شاری گەنجەیش لە نێوان رێگای بردەع ـ تفلیسدا بونیات نرابوویەوە . پاش ساڵانێك لە هەموو بوارێكدا ، رێژەی گەشكە و رسكان و پەرەسەندنی بە خۆیەوە دیبوو . ماوەی ٢٥٥ ساڵ ( ٣٤٠ تا ٥٩٥ ك ) ناوەندی دەسەڵاتدارێتی كورد ـ رەوادییەكان و ئەحمەدیەلیەكان و شەدادییەكان ـ دا بووە . لەم ماوەدا كە كوردەكان دەسەڵاتیان بەسەر گەنجەدا بوو ، لە زۆر لایەنەوە گەشكەی كردوە و حەشامەتی لە رێژەیەكی زۆردا بووە، تەنانەت بوبووە ناوەندێكی سەرسنووری بازەرگانی ... » (٥)

مێژوو پێمان دەڵێ كە ماوەی دوو سەدە و نیو لە دەسەڵاتدارێتی كورد لە ئازەربایجانی ئێران و شۆرەوی پێشوودا تەنیا بە گەنجە تەتیس نەمابوویەوە، بەڵكوو سانەكوردەكان جگە لە گەنجە دەسەڵاتیان بە مل ئەرمەنستان و ئەبخاز وهەردەوێڵ و مەراغەدا و ... دەشكایەوە، لەم مەودا زەمەنیەدا دەسەڵاتێكی ئەوتۆی سیاسی و كەلتووریان هەبووە .

« رەوادیەكان بە رەچەڵەك كورد بوون كە لە ناوینی سەدەی چوارەمدا « ئانی » ناوەندی ئەرمەنستانیان بەدەستەوە بووە و تەنانەت ئەم وڵاتەیان—واتە گەنجە— لكاندبووە سەر قەڵەمرەوی ناوەندی خۆیانەوە. ئەم كوردانە بە پێی هەستیاری و هەڵوێستی خاڵی هاوبەندی ئایینی و دیانەتەوە لە گەڵ سەلجوقیەتوركەكاندا هاریكاریان كردووە و دژ بە خاچ پەرەستەرۆمییەكان خەباتیا نواندوە . ناوی هەندێكیش لەم سانە كوردانە ئەمانەن :

محەممەد كوڕی شەداد ( ٣٤٠ ـ ٣٤٤ ك ) ـ لەشكری كوڕی محەممەد ( ٣٦٠ ـ ٣٦٨ ك) ـ فەزلوون كوڕی محەممەد ( ٣٦٨ ـ ٣٧٥ ك) ـ مووسا كوڕی فەزلوون ( ٤٢٣ ـ ٤٢٧ك ) و ...

جگە لەمانە : مەنوچێهر كوڕی ئەبولسوار و كوڕەكانی فەزلوون و مەحموودی خۆشچێهر و كۆڕەكانی مەحمود كە تا ساڵەكانی ٥٩٥ ی كۆچی لە ئەرمەنستان بە ناو حكوومەتی شەدادیەوە ، دەسەڵاتی سیاسیان هەبووە » (٦)

جگە لە دەسەڵاتدارێتی كوردەكان لە گەنجە و ئەران و ئەرمەنستان و بردەع و ... دا لە ئازەربایجانی ئێرانی ئەمڕۆدا ، بە تایبەت لە مەراغە ، حكوومەتیان كردووە . ئەم سانە كوردانە بە « ئەحمەدیەلیان » ناسراو بون :

« ئەحمەدیەلیان بە رەچەڵەك كوردی رەوادین كە سەرلقی ئەم هۆزە « ئەحمەد كوڕی ئیبراهیم كوڕی وەهسوودانی رەوادییە » . شاری مەراغە دەسەڵاتی سیاسی و كولتووری ئەم هۆزە بووە كە سەرەتای ساڵی شەشی كۆچی دەسەڵاتیان بە مل ئازەربایجاندا شكاوەتەوە و تا سەردەمی ( طغرل ) درێژەی هەبووە .

پاش ئەحمەد یەل كوڕەكەی ( ئاقسنقەر ) كە لە لایەن سوڵتان مەحموود لە سانەسەلجووقییەكانی عێراق پلەیەكی باڵای هەبووە ، حكوومەتی كردووە . پاش ( ئاقسنقەر ) كوڕەكەی ( نصر الدین ارسلان آبە خاس بەگ ) و پاشان ( فلك الدین ) و ( علاء الدین ) كۆڕپە ئەرسەلان لەم بنەماڵەدا ناسراو بوون و دەسەڵاتیان هەبووە . كۆرپە ئەرسەلان لە سەردەمی ( طغرل )دا دەسەڵاتی ئەوتۆی هەبووە و یەكێكیش بووە لە پێهەڵدان و پیاهەڵچنینەكانی ( مەمدووح ) نزامی گەنجەیی. » (٧)
بۆ زانیاري تەواوتر بروانن سەرضاوەي سەرەكي ئەم باسە، تاريخ شهرياران طمنام، ئەحمەدي كيسرەوي (٨)

***نزامی ئەكدەشی،***

نزامی لە دەڤەری ئەران لە شاری گەنجە لە ساڵی ٥٣٥ ی كۆچیدا لە لە بنەماڵەیەكی سەرناسی تۆكمە و خاوەندەسەڵاتی كورد لەدایك بووە . ناوی ئەلیاس بووە و برێكیش بە ئووەیس ناوی دەبەن بەڵام بێ گومان هەڵەیە ، باوكیشی ناوی یۆسف بە رواڵەت ترك زمان و دایكیشی « رەییسەی كورد» بووە كە ئەمە دەگەیەنێ كە نزامی دوورەگە بووە ( باوك ترك و دایك كورد ) كە خۆی لە خوسرەو و شیریندا بە « ئەكدەش » پێناسە دەكات :

نظامي اكدشي خلوت نشين است

که نیمي سرکه نیمي انگبین است (۹)

( اکدش ) یانێ دوورەگە ، مرۆڤ یان گیانلەبەرێ کە لە دوو رەچەڵەك پێکهاتبێ . نزامی خۆی دەڵێ: « نزامی کە ئێستا تەنیا و گۆشەنشینە، دوو رەگە و دوو رەچەڵەکە" نیوێکی سرکەیە و نیوێکی تری هەنگوێن . »

بە پێی دەروونشیکاری شیعرەکانی" بەوا کە بە راشکاوی ناوی لە تورك نەهێناوە و تاریف و پیاهەڵدانێ بۆ نەکردوون ئەو دیوە سرکەئامێزە ، لەتی باوکی بوە" واتە لایەنە رەچەڵەکە تورکەکەی. بەڵام بەوا کە لە شیعرەکانیدا بە شانازییەوە ناوی دایکی ( رەییسەی کورد ) دەبا و بە خاڵە عومەری کە بنەماڵەیەکی سەرناسی خاوەن دەسەڵاتی کورد بوون دەنازێ" ئەو دیوە هەنگوێنە ، کەرتی بنەماڵەی پڕ شانازی دایکی بووبێ کە کورد بوون:

گر مادر من رئیسه‌ي کُرد
مادر صفتانه پیش من مرد
از لابه گري که را کنم یاد
تا پیش من آورد به فریاد
زان بیشترست کاس این درد
کان را به هزار دم توان خورد
با این غم و رنج بي کناره
داروي فرامشیست چاره
ساقي پي بارگیم ریش است
مي ده که ره رحیل پیش است
آن مي که چو شور در سر آرد
از پاي هزار پر در آرد ... (۱۰)

« ئەگەر ئاوا کە دایکم سەرۆکی کورد بوو، دایکانە لە لامدا ماڵاوایی کرد" ئیتر گریان و هاوار بۆ کێ بەرز بکەمەوە" کە بێ بە هانامەوە، خەفەت لە رادەی خواردنەوە پترە و قووڵایی ئەم کۆستە لە باڵای راستمان بەرزترە، جامی ژارئامێزی ئەم ژانە، تەنانەت بە هەزار هەناسە هەڵنالووشرێ" کەوابوو ئەی ساقی ئەو شەرابە پڕکە کە دەمانباتەوە ئاسمانەکان ( شەرابی مەعنەوی)«.

لەم شیعرانەدا خاڵێکی بەرچاو و بەرجەستە دەبینرێ" ئەویش کە لە روانگەی جوانی ناسی و بەرجەستەگی و فۆڕگراندینگی واژەدا، دالی رەییسەی کورد لە سەرەوای شیعرەکەدا هێمایەکە بۆ دەلالەتی بەرجەستەکردنی رەچەڵەکی دایکی کە خاوەن دەسەڵاتدارێتی ئەوتۆ لەگەنجە و دەڤەرەکەدا بوون. بۆ ئەوەی دواتر دەسکاری شیعرەکەی نەکەن" رەییسەی کوردی سەروا هێناوە بۆ زەقی و راشکاوی و دڕدونگ نەبوونی پەیامەکەی .

بەوەی کە بە کورد بوونی خۆی شانازی کردووە و پاش مەرگی خاڵە عومەری کە وەك دایکی نە تەنیا کەسایەتییەکی بەرز و هونەرمەند و خاوەن بەهرە و چێژی هونەری هەبووە بەڵکوو هاندەر و هەڵخڕێنەر و هاریکار و مایەی شانازی و هیوا بووە بۆ ئەو کە بە گوڕ و گڕێکی سۆزئامێزی تایبەتەوە، دەیلاوێنێتەوە و شینی بۆ دەگێڕی و نەبوونی ئەم کەسایەتییە لە بنامەڵەدا بە کۆستێکی گەورە و ژانێکی جەرگبڕ دەزانێ :

گر خواجه عمر که خال من بود
خالي شدنش وبال من بود
از تلخ گواري نواله ام
درناي گلو شکست ناله ام
نخلي که به شهر خرمي کرد
آن شهد ز روي همدمي کرد
از شادي همرهان کشد مور
آن را که ازو فزون بود زور

مي تـرسم از ايـن كـبـود زنجير
كـافـغـان كـنم او شـود گـلـوگـير
سـاقـي ز خُم شـرابخـانـه

*پـيش آر مـيـي چو نـاردانـه*
آن مـي كـه محيط بخش كـشـتـيـست
همشيره ي شيره ي بهشتيست ... (١١)

«دیاردەی کورد لە دەڤەرەکانی گەنجە و ئەران و تەنانەت ئەرمەنستان و گورجستان، وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا" لەو کاتانەدا نیشانەی دەستی باڵای دەسەڵاتدارێتی ئەشرافێتی کورد بووە کە چەشنێك باڵا دەستی توێژی کورد لەو وڵاتەدا دەژمێردرا . کوردەکان لە بردەع و تفلیسدا خاوەن حەیسییەتی کولتووری توکمەی بەرچاو بوون . لەم ساڵانەدا ( ٥١٥ ك ) کە تفلیس کەوتبووە ژێر سەیتەرەی گورجییەکان" ڕێژەی حەشیمەتی کوردان بەرچاو بووە، تەنانەت خۆیان لە قەومی عادەوە دەبەستەوە . لە بردەعدا دەروازەی شار بە ناو کوردەوە ـ باب الاکراد ـ نێودێر کرا بوو. کە تا ساڵەکانی دواییدا ، بازاری حەوتوو لەو شوێنەدا ساز دەکرا. » (١٢)

باری ئەدەبی دەڤەرەکە

وێڕای ئاڵۆزی و ناتەبایی باری پارادۆکسیکاڵی دەڤەرەکە بە هۆی نیشتەجێ بوونی کەمایەتییە جۆراوجۆرەکان، لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی کوردە شەدادییەکاندا، گەنجە ناوەندێك دەژمێردرا بۆ گەشە و سەرهەڵدانی شیعر و ئەدەبی فارسی . قوتابخانەی شیعری ئازەربایجان ( شێوازی ئازەربایجانی ) لەم سەر و بەندەدا لە لایەن خاقانی و فەلەکی شیروانی و موجیری بیلەقانی لە ژێر سەنتەرێتی شرواندا" لە فراژوو بوون و ڕسکاندا بووە . ئەم قوتابخانە لە ژێر کاردانەوەی ئەبولعەلای گەنجەوی هەڵایسابوو و بە دەمەتەقێی شاعیرانەی پوورخەتیبی گەنجەوی و مەهەستی گەنجەوی شاعیران و بێژەرانی دەرباری سانی سەنجەر، ئەم شارەی کردبووە لانکەی ڕسکانی فەرهەنگ و ئەدەب و شیعر کە لە خانەبەندی شێوازناسی شیعری فارسیدا" ناسراوە بە قوتابخانەی شیعری ئازەربایجان ...

پاش ئەم سەروبەندە و لەژێر کاردانەوە و سێبەری ئاوا فەزایەکدا ، ناوی نزامی گەنجەویش دەکەوێتە سەر زارانەوە . وێڕای هەبوونی ئەو حەشیمەتە شاعیرە" هەر کەسێك و غەریبەیەك دێتە ئەم شارە و بۆ ملك الشعرای شار دەپرسێ قامکی ئاماژە بۆ بنەماڵەی « ئەلیاس کوڕی یۆسف » درێژ دەکرێتەوە. نیزامی بە وتەی مێژوونووسان گوایێ" لەم ساڵانەدا کونجی دوورەپارێزی بۆ خۆی دیاری کردبوو — لە ئەدەبی فارسیدا ناسراوە بە ئەدەبی سەر ئەژنۆ (زانو) واتە تێڕامان و موراقەبە و سلووکی ڕۆحی— بە قەولی زەرین کووب « لەم سەروبەندەدا ئەگەرچی نیزامی تەمەنی هێشتا چل ساڵانە بوو بەڵام قورسی و هەیبەتی پیاوێکی توکمەی بە ساڵاچووی لە گوتار و کرداریدا بەخۆیەوە گرتبوو . لە هونەری ئیستەتیك و ڕێتۆریك(جوانی ناسی و ڕەوانبێژی)شیعریدا ، شێوازێکی بەرزی هەبووە کە کەس نەیدەتوانی لاسایی بکاتەوە . بە پێچەوانەی شاعیرانی سەردەم، تەنانەت لە قەسیدەوتنەوەدا کە دیاردەی شێوازی شیعری ئەو سەردەمە بوو، ستایش و پیاهەڵدانی بۆ دەسەڵاتدارانی نەدەکرد . » (١٣)

***قورسایی زمانی نا زگماکی***

کورد بوونی دایکی و بنەماڵەی دایکی کە ڕوونکرایەوە و گوترا کە بنەماڵەیەکی سەرناس و خاوەن ژیار و ژیانی ئەو سەردەمە بوون و تەنانەت دەسەڵاتدارێتی ناوچەکەیان بە دەستەوە بووە و ئەم ڕووکردە کۆمەڵایەتیەمێژووییە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ چەسپاندنی چەشنێکی دەسەڵاتدارێتی ژن سالاری و مەدەنییەتی کورد لەو دەمانەدا کە ماڤ ئافرەتیان پاراستووە. سێبەری ئەم باڵادەستیەی ڕەییسە لەسەر هۆنراوەکانی نزامیدا دیارە. زمانی شیعرەکانی کە ئەگەرچی بەرواڵەت فارسین" بەڵام بە پەیلوا و بۆچوونی نووسەری ئەم دەقە لە دوو ڕوانگەوە لەم تێکستانەدا ، کورد بوونی نزامی دەچەسپێ :

یەکەم هەڵوێستی نەستی و ناخۆئاگای کۆیی شاعیرانەی نزامی, هاوتەریب لەگەڵ هێمای ناوەرۆکی و واتایی کوردانە، بە زمانی فارسی . زمانی دایکی نزامی(زمانی توانستی) کوردی بووە بەڵام زوانی فارسی زوانی فەرمی شیعرەکانی بووە ، ئەم ناتەباییە لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێ کە دیارە زمانێکی قورس و ئیستعاری و ئیستەتیکی و مەدرێسی بەکار هێناوە" نە زمانێکی ئاسایی کە دیاردەی شەقامی خەڵکی پێوە دیار بێ . بەڵام ئەم پرسە هێشتا ساغ نەکراوەتەوە کە بۆ نیزامی بە زوانی کوردی هونراوەی نەهۆنیوەتەوە" لەواش کورد خاوەن دەسەڵات بوون ؟ بەڵام ئەگەری ئەم کێشە لە بەیتێکدا ئاوا بەیان دەکا :

کـا هـن شمشیرم  د ر  سـنـگ  بـو د

کـو ر ە   ي   آ هـنـگـر يـم  تـنـگ  بـو د    (١٤)

« دەستەواژەی ( آ هـن   د ر   سـنـگ ) واتە کوتاندنی ئاسن لە بەرد، رەنگە هەر ئەوە بووبێ کە بە هەڵوێستی شاعیرانە و نەمادی واتایی رۆحی کوردانەوە دژوار و ئاستەنگ بووبێ" بە زمانی فارسی شیعر بڵێتەوە.»

«بە پێچەوانەی قەترانی تەبرێزی لە شیعرەکانیدا بە کێشەی زمانی فارسی بۆ خۆی کە ترك زمانە ئاماژە دەکات و ئەوە بوو بۆ راستکردنەوەی دارشتنی شیعرەکانی پەنا دەباتە ناسر خەسرەو. — بۆ زانیاری پتر بڕوانە سەفەرنامەی ناسرخەسرەو—بەڵام نزامی بە راشکاوی بەم رووکردە ناتەبا و پارادۆکسیکاڵە، ئاماژەی نەکردووە و وەك هەر ئازەربایجانییەك کە بە زوانی فارسی دەری خوێندوویەتی و لەگەڵ رمووزی ئەم ئەدەبدا ئاشنا بووە. مەبەست لە کێشەکە، ناشارەزایی لە زوانی فارسیدا بووە ـ نەك ئەدەبی فارسی ـ لەم دانووساندنە هونەرییەدا، بۆ شکانەوە بە مل زمانی فارسیدا، ئازاری رۆحی زۆری کێشاوە و پێویستی بە قامووس و کتێبخانە و ئامێری تری فێرکاری زمانی فارسی هەبووە .»(١٥)

دووەم : هەندێ دەستەی واژەی کوردی لە ( خەمسەدا ) بە تایبەت  لە لەیلێ و مەجنوون و مەخزەندا کە نموونەیان لە پاشکۆی ئەم وتارەدا پێشکەش دەکرێ.

نزامی تاقانە چیرۆك بێژی

لیریکا ( غنایی )ی فارسی

پێش لە نزامی ئەگەرچی چیرۆکبێژی هۆنراوە باوی هەبووە و شاعیرانێك وەکوو ( ئەبولمۆئەیەدی بەلخی ، بەختیاری ، فێردەوسی ، عەیووقی ، عونسوری و فەخرەدین ئەسعەد گورگانی و ... لەم پانتاییەدا خاوەنی ئەزموون و شێوە و شێوازی تایبەتین, بەڵام خاڵێکی هەرە سەرەکی و شاز و بەرچاو کە نزامی لە هێڵی هونەری و ئەدگار و شێوازی ئەوانیدی جیادەکاتەوە" شکانەوەی دەسەڵاتی ئیستەتیکی و هۆنەری بە مل چیرۆکبێژیدا بەچەشنی وردبینانە لە پانتای لیریکا و ژانێرە بەزمییەکاندا کە نە تەنیا ئەدگار و شێواز و ئوسلووبی خۆی جیا دەکاتەوە" بەڵکوو دەبێتە سەرچەشنێك بۆ ئەزموونی شیعری چیرۆکبێژی پاش خۆی ئەویش لە حەوزەی ئێرۆسئامێزی لیریکا و غنای عاشقانە(Lovelyric) کە رەنگە دوای فەخرەدین ئەسعەدی گورگانی لە وەیس و رامیندا" یەکەی شاعیرانێك بێ کە دیاردەی ئێرۆسیەت و دیمەنە هەوەس ئامێزەکانی تەغەزول و ئەوینی دەرەکی لە پانتای رۆمانە شیعردا باو کردوە بەڵام نە بەو خەسییەتەوە کە لە دیمەنە راشکاوەکانی وەیس و رامیندا هاتووە...

لەسەدەی حەوت و سەدەکانی دواییدا ، شاعیرانێك وەکوو ( خواجووی کرمانی ، ئەمیرخەسرەوی دێهلەوی ، کاتبی تەرشیزی ، جامی ، هاتفی ، مەکتەبی شیرازی ، عورفی و وەحشی بافقی و ... لەسەر رێچکەی هونەری و هێڵی شێوازناسانەی نزامی  بەرهەمی لیریك و بەزمی دەخولقێنن بەڵام هەر هەموویان لە جەغزی لاساییکردنەوە و ژاواندنەوی ئوسلووبی نزامیدا قەتیس دەمێننەوە . ناشتوانن دەقی جیاوازتر لەم ژانێرە شیعریەدا بئافرێنن. ئەم رووکردە هونەرییە رەنگە تەنیا ئەدگارێك بێ کە نیزامی بە خۆیەوە دەبینێ و سەرمەشق و سەرچەشنێك بن بۆ نەوەی پاش خۆی و تەنانەت ئەدەبی دەستەبژێری بەزمی جیهانی. هەر ئەم خاڵە تایبەتییە بووەتە هۆی ئەوە نیزامی لە پانتایی شیعری لیریکا و بەزمیدا بەشێوەی هۆنراوەی درێژ" لە ئەدەبی جیهانیدا خاوەن پەنجە و جێگا و شوێن بمێنێتەوە و دەقەکانی راڤە و ناسکاری بکرێن و

وەربگێڕدرێنەتە سەر زۆربەی زمانەزیندووەکان وەك دەقەکانی خانای قوبادی بۆ کوردی هەورامی. تەنانەت لە لایەن سینماکارانی جیهانییەوە" سناریۆ و فیلمنامەیان لەسەر بنووسرێ و دەراوێك بۆ ئەدەبی فارسی بکاتەوە بە ناو ئەدەبی دراماتیك (نومایشی).

بێ گومان ئەگەر نزامی توانیویەتی بە چەشنێکی زیندوو و بزاوتوو چەمکی عەشق بۆ خوێنەران، ئاوا نیشان بدات ئەم کارە سەرگرتە لە تێکەڵی و ئامێتەیی هارمۆنیای فۆرم و واتایە. تاقە شاعیرێکە کە لەم ئەدگارە هونەرییەدا توانیویەتی سەرکەوتوو بێت. عەشقێك کە نزامی نواندوویەتی ئەگەرچی رووکردێکی گشتییە بۆ هەموان" رەنگە هەرکەس بە چەشنێك چێژی ئەوینی چەشکە کردبێت بەڵام کە بە دیمەنەعەشقامێزەکانی ئەو ( لە لیلێ و مەجنوون و خەسرەو و شیرین)دا رۆ دەچین و لێکیان تێرادەمێنین بۆمان دەردەکەوێ کە دەڵێی هەوەڵجارە کە ئاوا دەرکەوتێتی هەستیاری عەشق بەو خاوێنیەوە دەبینین و چەشکەی دەکەین. تەبایی و هارمۆنیای فۆرم و واتا رووکردێکی دەسەڵاتی هونەری نزامییە کە کاردانەوەی جادووانەی خۆی بۆ هەمیشە لە سەر دڵان و مێشکانی ئاخێوەرانی شیعری غەناییەوە دادەنێ و هەتا هەتایی دەمێنێتەوە . هەر بۆیە لە پانتایی هونینەوەی هونەری چیرۆکبێژی و رۆمانە شیعریدا، نزامی گەنجەیی بووەتە داهێنەر و خولقێنەری زمانی تایبەتی و چەشنی دەربڕینی تایبەت بە خۆی لە پانتایی غەنا و ئێرۆس و لیریکادا .

*نموونەی واژە و دەستەواژەی زمانی دایکی:*

***لێرەدا مەبەست بەدەستەوەدانی نموونەیە بۆچەسپاندنی باسەکە نەك ریزکردنی کۆی واژەو دەستەواژەکان لە پێنج دەفتەرەکەی نزامیدا.***

گلالە کان :

گلالە" هەمان گلارە، گلێنە، گلێرە و بیلبیلەی چاوە، هەندێ لەکوردەکانی ئازەربایجان، گلارەی پێدەڵێن. گلالە بەپێی جێگۆڕکێ فۆنۆلۆژی (ل) بووەتە (ر). (کان)یش ئەمڕازی کۆیە کە ئێستایش مۆرفێمێکی ئەکتیوی کوردییە، پاشگرە بۆکۆکردنەوە و واتاسازی ناوی تاك. چاوەکان، کوڕەکان، کچەکان و ...

گوهر بە گلالە کان بر افشاند
وز گوهرکان شە سخن راند (١٦) ليلي و مجنون (بند ٨/بيت٣/صفحە٦٣ )

***گەوهەر(خوازەیە بۆفرمێسك)ی لە گلێنەی چاوان دەپژاند. واتە دەستی کرد بە گریان و باسی لە کوڕەکەی شا کرد. گەوهەری دووەمیش مەبەست کوڕەکەی شای ئەخستانە.***

گلالە دار: سۆرانی گوڵاڵە ، لە هەورامیدا (ل) گۆڕدراوە بە (ر) گۆراڵێ . لە زمانی فارسیدا ئاوا دەستەواژەیەکمان نیە کە پێکهاتبێ لە: گوڵ+الە بەڵکوو لێکدراوێکی رووتی کوردییە.

باغ ار چە گل و گلالە داراست
از عکس رخت نوالە خوارست (١٧) ل.م ( ١٩٢/٥١/٣٥ )

ماندە شدن : ماندوو بوون ، شەکەت بوون، مانیای هەورامی ، خەسە بوون

چو ماندە شد از عذاب و اندوە
سجادە برون فکند از انبوە (١٨) ( ليلي و مجنون ) بند ١٧ بيت ٢١ ص ١٠٣

گلالە : گوڵاڵە ، لێرەدا خوازەیە بۆ بسك و زوڵف

چون دید کە دیلم است خاموش
کردش ز گلالە گوردین پوش (١٩) ل.م ( ٥٧ - ٨٤ - ٣١٥ )

گلالە تاك : ( زلف تاك ) ـ خوازەیە بۆ گەڵامێو

بـر فـرق چمن گـلالـه ي تـاك
پـيچيده شـود چـو مـار ضحـاك (٢٠)  ل.م : ٨ /٣٢٣/٧ )
( درکەیە بۆ گەڵا پێچراوە و وشك بووەکانی لقەمێو)

نـاوك : ناوکی سۆرانی ، نەهەی هەورامی، ناف ، کونی تیر ، جۆرێ تیرکە کونێکی ئاسنین وا لە ناوەڕاستیا

بـا قـد کمـان ايـن جهـانـگير
در مجري نـاوك افـتـد آن تـير (٢١)  ل.م ( ٥٧/٦/٤٣ )

دل دادن در ... دڵ هاتن لە پێناو ... تەعبیرێکی درکەئامێزی کوردییە: چۆن دڵت دێ ... لەم دێڕەدا دەڵێ: چۆن دڵت دێ بەناحەق خوێنی ئە دوو سە بێگوناحە برێژی.

دل چـون دهدت كـه بـر ستـيزي
خـون دو سـه بـيگـنه بـريـزي (٢٢)  ل.م (١٦٤/١٤/٢١)

شـوي كـردن : شوو کردن ، شووکەردەی هەورامی، مێردکردن

غمخـواره ي او غمـي دگـر يـافـت
كـز كـردن شـوي او خبر يـافـت (٢٣)  ل.م ( ٣٥ - ٤ - ١٨٩ )

بـگـري : هەرمانی ئەمرکردنی دوەم کەسی تاك، بگری ، گرەوە (هەورامی)

افـتـاد پـدر از كـار ، بـگـري
بـگـري بـه سزا و زار بـگـري (٢٤)  ل.م (٣٨ - ٥ - ٢٠٤ )

ـ گـيـا بـه جـيـي گـيـاه : گیای کوردی

ايـن قـوم گـيـاي آن كـيـانـنـد
بـر جـاي كـيـان نـگر كـيـانـنـد (٢٥)  ل.م ( ٣٨ - ٤٨ - ٢٠٧ )

كـلـيـچـه : کولیچە، کولیچێ ی هەورامی

آورد سبـك طـعـام در پـيـش
بـريـان و كـلـيـچـه از عدد بـيش (٢٦)  ل.م ( ٤٦ - ٢٤ - ٢٤٨ )

ديـار : دیدار، دیار، لێرەدا مەبەست ئەو تەعبیرەکوردیەتە کەدەڵێ: بۆ دیتنی زۆر تامەزرۆم یان دەڵێن دیارت نیە.

رنجـور تـنـسـت يـا تـنـومـنـد
هستم بـه ديـارش آرزومـنـد (٢٧)  ل.م ( ٤٧ - ٢٦ - ٢٥٢ )
چـون راه ديـار دوست بـستـنـد
بـر جـوي بـريـده پـل شكستـنـد (٢٨) ل.م ( ١٥ - ٢٧ - ٩٧ )

مەولەوی لەم بارەوە دەڵێ:

دڵ دیار نییەن های نە کەردەبۆ

وە خزمەت ئازیز تەشریف بەردەبۆ (٢٩) ( دیوان ) ل ٢٣٦

سـريـن : سەرین ، سەرنگای هەورامی ، بالشت

گـه ريخـت سرشك بـر سريـنـش
گـه ديـده نـهـاد بـر جبـيـنـش (٣٠)  ل.م ( ٣٢٨/٧٩/٥٨ )

سيمـاب سـريـن : خوازەیە بۆ سەری رازاوە ، لێرەدا رەنگە مەبەستی ئافرەتی کڵاوزەڕدار بێ

شمشاد نـسـيم و ارغـوان خد
سيمـاب سريـن و خيـزران قـد (٣١)  ل.م ( ٢٨٥/١٣/٥٣ )

بـوري : مەبەست ئەسپ یان هێسری مەیلەو سوور یان کاڵە ، هێسرە بۆرێ یان ئەسپی بۆر

بـوري بـه هزار زور مـي رانـد
بـيتي بـه هزار درد مـي خـوانـد (٣٢)  ل.م ( ١٤١/٨/٢٥ )

شیخانـه : نسبەت بە شێخ ، وەك شێخ ، ئاکاری شێخانە ، گۆرانی شێخانە

بـر نجد شدي ز تـيز وجدي
شيخانـه و نـه شيخ نجدي (٣٣) ل.م ( ١٤١/٩/٢٥ )

شیوه / شیـون : وەکوو / گریان ، زاری

## بـر شوي ز شعري كـه خوانـدي

در شيوه ي دوست نكتـه رانـدي (٣٤) ل.م ( ٣٠٠/٧٣/٥٤ )

خـال : خاڵ، خاڵۆ، لاڵ، لاڵۆ، لالە

گـر خـواجـه عمـر كـه خـال مـن بـود
خالي شدنش وبـال مـن بـود (٣٥) ( لـيلي و مجنـون ١١/٣٠/٧٥ )

نموونە لە هەڵبژاردەی مخزن الاسرار دکتر بهروز ثروتيـان، انتشارات تـوس، ١٣٧٢

*زنـگـلـه: زنگولە، زەنگ، زەنگڵەی هەورامی*

طفـل شب آهخت چو بـردايـه دست
زنـگلـه ي روز قـراپـاش بـست(٣٦) (بـنـد ٤/ بـيت٥/ صفحه٧٧)

(کاتێ کە شەو وەك زارۆیەك دەستی ئەهاوێ بۆ دایکی، دایکیشی- بۆ سەرقاڵکردنی- هەتاو وەك زەنگڵەیەك بە پایەوە دەبەستێ.)

پـلـه: پەلە، کەل و پەل، شتوومەکی پیرەژن، پارە و سەرمایەی کەم، بسك و گیسو، بەشی دووەمی جۆرێ ئەتباعە، وەك دەڵێن: شرە و پرە، چیز میز، قرت و فرت مێتافۆرە بۆ شتی زۆر گچك و بێ بایەخ.

بـر پـلـه ي پـيره زنـان ره مـزن
دست بـدار از پـلـه ي پـيرزن (٣٧) م.ا(١١/١٦/١٤٦)

سرسري: سەرسەری، سەتحی، سەرچڵ، بێ بیرکردنەوە، وازوازی

چـونـكه نـسخته سخن سرسري
هست بـرگـو هريـان گـو هري (٣٨) م.ا(٣/١/ ٦٣)

پـا رينـه : پار، پارەکە: ساڵی رابردوو

نـوردل و روشني سينـه كـو؟
راحت و آسايش پـارينـه كـو؟ (٣٩) م.ا (٧٥/٦/١٥)

**ژێدەر و سەرچاوەکان:**

١. ثـروتـيـان بهروز، لـيلي و مجنون، ١٣٦٣، اتـشارات تـوس
٢.ثـروتـيان بهروز، آيـيـنه غيب نـظامـي گـنجه اي، ص٢٩، ١٣٦٩، انـتشارات دانـشگاه آزاد
٣. زريـن كـوب عبدالحسين، پـير گـنجه در جستجوي نـاكجا آبـاد، ص٨، زمستـان١٣٧٢، چـاپ مـهارت
٤. ثـروتـيان بهروز، آيـيـنه غيـب، ص١٢
٥.پـير گـنجه در جستجوي نـاكجا آبـاد

٦. صفا د. ذبيح الله، تاريخ ادبيات ايران جلد٢، صص٤٥و٤٤، تهران ١٣٦٦، انتشارات فردوس
٧. همان منبع قبلي
٨. كسروي احمد، تاريخ شهرياران گمنام، ج٣، ١٣٠٨
٩. ثروتيان بهروز، آيينه غيب ...
١٠. ثروتيان بهروز، آيينه غيب، ص٢٢
١١. ثروتيان بهروز، ليلي و مجنون، ١٣٦٣، انتشارات توس
١٢. زرين كوب، عبدالحسين، پير گنجه در جستجوي ناكجاآباد، ص١٥
١٣. همان منبع قبلي
١٤. ثروتيان بهروز، مخزن الاسرار
١٥. آيينه غيب ... ص ١٥١
١٦-٢٨. ثروتيان بهروز، ليلي و مجنون، ١٣٦٣، انتشارات توس
٢٩. ديوانى مەولەوى تاوە گـۆزى، ل٢٣٦
٣٠-٣٥ . ثروتيان، بهروز، ليلي و مجنون، ١٣٦٣، انتشارات توس
٣٦-٣٩. ثروتيان، بهروز، گزيده مخزن الاسرار، ١٣٧٢، انتشارات توس
٤٠. آيتي عبدالحميد، داستان خسرو و شيرين، ١٣٦٣ تهران، سخن پارسي (٨)
٤١. يوسفي د.غلامحسين، چشمه ي روشن، انتشارات علمي
٤٢. ھەنبانە بۆرينەى مامۆستا ھەژار مۆكريانى
٤٣. خمسه نظامي گنجه يي
٤٤. زرين كوب د. غلامحسين، باكاروان حله، انتشارات جاويدان، ٢٥٣٥

# سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی

## (سەرەتاکانی نوێکردنەوە و هزری سوسیۆ-ناسیۆنالیستیی کوردی)

## (١٩٢٢-١٩٦٥)

د. ئازاد عەبدولواحید کەریم

پوختەی لێکۆڵینەوە

پاش کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی قۆناغی نوێکردنەوە لە شیعری کوردی بە هۆی چەند رەگەزێکی رۆشنبیریو سیاسییەوە سەریهەڵداو بەرەبەرە لەگەڵ خواستو گۆرانکارییەکانی واقیعی سیاسیو کۆمەڵایەتیی کورددا پەرەی سەند. ئەوە بوو شاعیرانی ئەو قۆناغە روویان لە وەرگرتنو چاولێکردنی ئەدەبی بیانی کرد. بەو پێیە بازنەی رۆشنبیریو فێربوونی شێوازی نوێی شیعرنووسینیان تا دەهات فرەوانتر دەبووەوە. هەروەها نموونە شیعرییە بیانییەکانو دەورو پشت کاریگەرییان بە سەر شیعری کوردیدا سەپاند. شاعیرانی کوردی قۆناغی پاش کۆتایی جەنگەکە، ناوی تۆفیق فیکرەتو جەلال ساهیرو نازم حیکمەتو عەبدولحەق حامیدیان بیستبوو، بەرهەمەکانیشیان بەرچاو کەوتبوو. شیعری نوێی کوردی لە پاش دەستپێکردنییەوە لە ماوەی زیاتر لە حەفتا ساڵەیدا، هاوتای ژیانی رۆژانەی کۆمەڵ بوو. هەروەها شێوەیەکیش بوو لە شێوەکانی هۆشیاریو زمانێکی نوێی شیعری. دەشێ شیعری نوێی کوردی وەکو بەرهەمێ بە خاوەن زمانێکی تایبەتی دابنێین، چونکە پاش جەنگی یەکەم شیعری کوردی بو بە دروشمی مەرگەساتو گیانی بە کۆمەڵایەتیبوون، کە بە دیدێکی نوێوە شۆرشێ بوو دژ بە واقیعی گەندەڵو تەعبیرێکی نوێ بوو لە خەونو ئازارەکانی کۆمەڵ.

بە رادەیەك بەرهەمی ئەو شاعیرانە لە چاو شیعری کوردی نوێبوونو لە گەڵ پێکهاتەکانی بیری بەرخوادانی نەتەوایەتی — ساڵانی سییەکانو چلەکانی سەدەی رابردوو — لە رووی روخسارو ناوەرۆکەوە یەکیان دەگرتەوە. لەو روانگەیەوە ئیتر شاعیرانی ئەو قۆناغە هەندێکیان خۆیان لە کلتورە کلاسیکییەکانی شیعری کوردیی پێشتر دوورخستەوە.

بەڵام ئەو شاعیرانەی، کە خۆیان لەو رێبازە دوورخستەوە لە رێگای شێوازە نوێیەکەیانەوە خوازیاری ئەوەبوون، زیاتر بچنە نێو دەروونی مرۆڤی کوردەوە. هەروەها دەیانویست بە تەواوەتی بەهاکانی کلتوری شۆرشگێری لە پرۆسەی بەرەڤانی کردن لە نەتەوەی کورد پراکتیك بکەن.

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

ئەو واقیعە رۆشنبیرییە نوێیەی قۆناغی دوای کۆتایی جەنگی یەکەمو سەرەتاکانی پێش جەنگی دووەمی جیهانی بۆ شاعیرانی کورد رەخسا، هاندەرێ بوو بۆ شاعیران، کە زیاتر واقیعی سیاسی ونەتەوایەتیی بەسەر کورد سەپێنراو بە هەل بزانن. ئەو شاعیرانە بە هەستێکی نەتەوایەتیی راستەقینەوە روویان لە کۆمەڵ دەکرد.

رۆشنبیرییە نوێیەکەی پاش جەنگی یەکەمو پێش بەرپابوونی جەنگی دووەم، هەلێکی نوێی دەستکەوتی شیعری بە شاعیرانی کورد بەخشی. دوای ئەوەی بیری نەتەوایەتی لە شیعرەکانیاندا رەنگیدایەوە. شاعیری تازەگەریی کوردی نێوان هەردوو جەنگەکە وای لێهاتبوو بە هەستو گیانی کوردایەتییەوە خەباتی دەکرد. ئەم لێکۆڵینەوەیەش هەوڵدانێکە بۆ خستنەرووی ئەو بابەتە شیعرییانەی لەو قۆناغەدا بەرجەستە کراون.

گرنگیی بابەتەکە:

شیعری نوێی کوردی لە فۆرمو روخسارە نوێیەکەدا پشتی بە ئەفراندنێکی نوێ بەستبوو، کە لە میانەی چەمکێکی نوێی ئامێتەکراو لە گەڵ وێنەی شیعریدا بەرجەستە کرابوو. لەو بوارەشدا هەموو ژانو کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان دەستنیشان کردبوو. شاعیرانی کورد لەو قۆناغە خۆیان بە رێبازێکی شیعریی تایبەت نەبەستبووەوە. بەڵکو هەوڵیان دەدا بناغەیەکی تەکنیکی نوێ بۆ شیعرەکانیان دابین بکەن، بۆ ئەو

مەبەستەش ئەدەبی ڕۆژئاوا لە بارترین زەمینەی کارتێکەری بوو. گرنگیی بابەتەکەش لەوەدایە، کە قۆناغێکی دیاریکراو لە قۆناغەکانی شیعری نوێی کوردی لە رووی بەرجەستەکردنی بابەتێکی رەخنەی مەعریفییەوە دەستنیشان دەکا.

مێتۆدی لێکۆڵینەوەکە:

لە نووسینەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکەدا، مێتۆدی ( وەسفیی – شیکاری)م بەکارهێناوە.

پێشەکی

لایەنێکی گرنگ لە بزاڤی شیعری نوێی کوردی ئەوەبوو، کە لە سایەی بارودۆخێکی بووژانەوەی بیری نەتەوایەتیدا سەری هەڵدا. شاعیرانی کورد لە نێو کێشە کۆمەڵایەتیو دەروونییەکانی نێوان هەردوو جەنگەکەدا دەژیان. لە لایەکی دیکەوە قاڵبە کۆنەکانی شیعری کلاسیکی ئاواتەکانی شاعیرانی بەدی نەدەهێنا. بۆیە بناغەی ئیستاتیکی شیعری نوێی ڕۆژئاوایی کاریگەرییەکی راستەوخۆی لە شاعیرانی کورد کرد. هەرچەندە کاریگەریی شیعری ڕۆژئاوایی بەسەر شیعری ئەو قۆناغەدا خۆی سەپاند. بەڵام هێشتا ناوەڕۆکی نەتەوایەتیو کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردی لە گەڵ کەلەپووری شیعری کۆنی کوردیو واقیعە نوێیەکە هاوتەبا بوو. "شیعری نیشتمانی کوردی لە بیستەکانو چلەکانی سەدەی بیستەم دەنگدانەوەیەکی سیاسیو کۆمەڵایەتی مەزنی هەبوو. هەروەها توانی وشیاریی نەتەوایەتی لەلای چینو توێژەکانی کورد پتەوتر بکا[1]."

هەڵبەت لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی خاوەن ڕۆشنبیرییەکی تەقلیدی وەکو کوردەواری "نوێخوازییەکە بە بێ رەگەزی ڕۆشنبیریی کارلێکەری نابێ، کە لە دەرەوەی سنووری کۆمەڵگاوە دێو کار لە رەوتەکەی دەکا[2]." پرۆسەی نوێکردنەوەکەش لە پلەی قووڵبوونەوەکەیدا پشتی بە هۆشیاریی نوێکردنەوەکە بەستبوو، کە تا چی رادەیەك شاعیرانی کورد توانیویانە هەموو ئەدگارە سۆسیۆلۆژییەکان لە میانەی شیعرەکانیانەوە بخەنە روو چارەسازیی لە باریشی بۆ دەستنیشان بکەن. وێڕای ئەوەی لە قۆناغە نوێیەکە بە شێوەیەکی فراوانتر بیری نەتەوایەتی بەرجەستە ببوو. بە تایبەتی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ و شکستهێنانی شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی شێخ مەحمودی نەمرو ئەو کارەساتانەی ڕوو بە رووی کورد بوونەوە. لە گێژاوی ئەو رووداوو کارەساتانەوە شاعیرێکی وەکو (گۆران) بە شیعرە نەتەوایەتییەکانی گیانی کوردایەتیو شۆڕشگێڕیی بەگەڕ خستەوە. هەرچەندە (ئایدیۆلۆژیەتەکەی* گۆران) بۆ رزگاریی سەرجەم نەتەوەکانی دنیا بوو. بەڵام هەستی کوردایەتیش بەشێ بوو لەو خەباتە فیکرییەی گۆران (١٩٠٤–١٩٦٢) لە شیعرێکدا روو لە کوردستان دەکاو دەڵێ :

کوردستان: جێگامی، جێی هەزار ساڵەم
پەروەردەی ئەم دۆڵ و سەرلووتکەو پاڵەم !
هەناسەم تێر بۆنی بای کوێستانتە
دوو لێوەم پاراوی بەفراوانتە
سەرنجم راهاتووی زیوی زەرکەفتە
بە زەردەی سەر بەفری ئێوارە وەختە
گوێم فێرە بیستنی خوڕەی قەڵبەزە

---

(١) د. معروف خزندار، موجز تاریخ الادب الکردی المعاصر ، ترجمه عن الروسیه : د. عبدالمجید شیخو ، ١٩٩٣ ، ص١٠١.

(٢) ئازاد عبدالواحدکریم ، نوێکردنەوە لە شیعری کوردیدا ( نامەی ماستەر ) ، زانکۆی بەغدا ، کۆلێجی پەروەردە – ابن رشد – بەغدا ١٩٩٥ ، ل ٧٩–٨٠.

120 جەختی لە سەر نەتەوایەتیی بیر دەکرد. بۆ نمونە لە سەرجەم کۆی بەرهەمەکانی گۆران . تاك وتەرا شیعر دەبینرێ بە تایبەتی بۆ کورد نووسرابێ. تەنها لە کۆمەڵەی پێنجەم نەبێت کە وەسفی نەورۆز و باسی تایبەتی بە کوردو کوردستانی تێدایە. بەڵام پاش ئەوەی چووە ناو ڕیزەکانی حیزبی شیوعییەوە ئیتر شیعری بۆ شۆڕشەکەی لینین و مۆسکۆو ماك ئارثە ر و سینگمان ڕی وکۆریاو میهرەجانەکەی بۆخارست و خەباتی گەلانی ترو شۆڕشە کۆمارییەکەی چواردەی تەمموز دەنووسی .

لەوعاستەی ژوور بەفرە ، داوێن گیای سەوزە [1]

لە میانەی لێکۆڵینەوە لە سەرجەم شیعرەکانی رابەرانی بزاڤی نوێکردنەوەی شیعری کوردیی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم. ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ، کە ئەو شاعیرانە لە رووی بەرجەستەکردنی هەستی نەتەوایەتییەوە دەکرێن بە دوو دەستەوە :

دەستەی یەکەم: بە دیدێکی نەتەوایەتیی کوردانەوە دەیانڕوانییە رووداوەکان. ئەوانەش شاعیرە نەتەوەخوازەکانی وەکو (قانعو ئەسیری وبێکەس...هتد ) بوون . بۆ نموونە قانع (١٨٩٨–١٩٦٥) لە شیعرێکی نەتەوایەتیی شۆڕشگێڕانەدا وتوویەتی:

ئاخرین ماڵی ژیانم کونجی بەندیخانەیە
ئەم کە لەپچە مەرهەمی زامی دڵی دێوانەیە
زۆر دەمێکە چاوەڕوانی زڕەی زنجیر ئەکەم
سەیری ئەم زنجیرە کەن! وەك زێوەری شاهانەیە
بووکی ئازادیم ئەوێ، خوێنم خەنەس بۆ دەستو پێی
حەڵقە حەڵقەی پێوەنم، بۆ پلپلەو لە رزانەیە
گەرچی دوژمن وا ئەزانێ من بە دیلی لاڵ ئەبم
باش بزانێ کونجی زیندانم (قوتابی خانە) یە ! !
بیری ئازادیم لە ویندانا فراوانتر ئەبێ
قوڕ بە سەر ئەو دوژمنە ، هیوای بە بەندیخانەیە [2]

دەستەی دووەم: ئەم دەستەیە لە میانەی بیری کۆمەڵایەتیو جارجارێکیش بە بیری ئایینی پابەندیی خۆیان بە کێشە نەتەوایەتییەکانی کورد دەردەبڕی. بەڵام ئەوەش روویەکی تری بیری نەتەوایەتیی ریالیزمی بوو. لە شاعیرانی کـــوردی ئەو قۆناغە زیاتر شێخ نووری شێخ سالح (١٨٩٦–١٩٥٨) بیری کوردایەتیی بە بیری کۆمەڵایەتییەوە گرێدابوو. بۆ نموونە لە شیعرێکدا بە بیرێکی ماندانی کوردانەوە روو لە میللەتەکەی دەکاو دەڵێ:

یەك نەفەس غافڵ مەبن هەڵسن براگەل فرسەتە
بۆ تەعالی جدو جەهدێ کەن زەمانی غیرەتە
ڕۆژی سەربەستی زەمانی عەیش ونۆش وعوشرەتە
ئەی جوانانی وەتەن رۆژی تەرەققی میللەتە
قەومی کورد ئیتر نەجاتی بوو لە دەس ئەم زیللەتە
هەرچی باش وچاکە بیکەی، وەقتی سەرفی هیمەتە
هەر چ کەسێ کۆشش نەکا، راستت ئەوێ بێ مروەتە
وەقتی تێکۆشینە رۆژی ئیستیقامە، عیفەتە
مەقصەدی کورد هەر تەرەقی دینی ئیسلامیەتە
سا دەخیلتان بم، زەمانی ئیتتیحادو ئولفەتە [1]

یاخود قانع لە بۆنەیەکی ئایینییەوە، روو دەکاتە کوردو دەڵێ:

---

(١) گۆران (دیوان) ، محمدی مەلا کریم ، بەرگی یەکەم ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق ، بەغدا ١٩٨٠ ، ل ١٨٩ .

(٢) قانع (دیوان) ، برهان قانع ، چاپی پێنجەم ،سلێمانی،٢٠٠٣ ، ل ٣٠٦ .

(١) شێخ نووری شێخ سالح(دیوان) ، ئازاد عبد الواحد ، بەرگی یەکەم –بەشی دووەم ، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاو کردنەوەی کوردی ، بەغدا ١٩٨٩ ، ل٣١٣.

ده کورده ! گیانەکەم بەزم وسەفا بەس
سەفای پڕ زەحمەتی باری جەفا بەس
بە دینم بت پەرستی عارە، بۆ دین
دەسا پەرسینی ئاوی (کانی با) بەس
بزانە چۆن ئەچیتە ریزی هاومالْ
بەبیّ قازانج! ئیتر حاوو حەوا بەس
برای کوردم! کە خۆت ناو ناوە (منەوەر)!
بزانە بوغزی شەرعی ( مستەفا ) بەس
مەکەن هەرگیزخەیالّی ژێردەسی خەلّك
. دەسا کۆشش لە هەرکاری فەنا بەس (٢)

بیری نەتەوایەتی لە لای شاعیرانی ئەو قۆناغە کێشەی سەرەکیی ژیانو بوونی مرۆڤایەتیی کورد بوو. دۆزی کورد پەروەریو تایبەتمەندێتیی کۆمەلاّیەتی بوو. شاعیرانی تازەگەری کورد لە بازنەی سەنتراڵییەتی بیرەوە دەرچوونو راستەوخۆ چوونە ناخی پرۆسەی ژیاریی کۆمەلاّیەتیی کوردەوە. ئەو پرۆسەیەی، کە بە درێژایی مێژووی پڕ خەباتی کورد، دەستکەوتێکی نەتەوایەتیی بە کورد بەخشی. لەو میانەیەشەوە شاعیران توانییان پارسەنگی نێوان هاوکێشەی کێشە نەتەوایەتییەکانو شێوازی تەکنیکیی شیعر رابگرن. بەرادەیەك، کە ئەو بابەتە نەتەوایەتییانە بە ناوەرۆکێکی پتەوو زمانێکی شاعیرانە بۆ خەلّکی دەنووسرانەوە. بۆ نموونە بێکەس (١٩٠٥-١٩٤٨) لە شیعرێکدا بە بیرێکی نەتەوایەتیو تەکنیکێکی شیعرییەوە شەیدایی خۆی بۆ نیشتمان دەردەبڕێو دەلّیّ:

ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم وشێوەتم بیرکەوتەوە
وەختی بەندیو ئەسارەت، پیّ بە تەوق و کۆتەوە
من لە زیکرو فیکری تۆ غافلّ نەبووم واتیّ نەگەی
حەپسو تێهەلّدانو زیللەت تۆی لە بیر بردۆتەوە
بەو خودایەی بیّ شەریكو لامەکـــانو واحیدە
عەشقی تۆ نەوعیّ لە دلّما ئاگری کـــردۆتەوە
ئاگرێکی وا هەزار سالّ ئاوی بڕژێنیتـە سەر
قەت گروگلّپەو بلّێسەی تا ئەبەد ناکوژێتەوە
باسی مەحزوونیو کەساسیی خۆت نەکەی توخوا وەتەن
چونکە بەو باسە برینو زامەکەم ئەکولێتەوە (١)

گرنگترین کێشە ئەلای نەوەی شاعیرانی پاش هەردوو جەنگەکە، ئەوەبوو ئەو شاعیرانە وەکو سیاسەتزانیّ رەفتاریان لەگەلّ بیری نەتەوایەتی دەکردو وەکو کێشەی سەرەکیی رۆژانەیان دادەنا. بۆیە لە سەر ئەو بیروباوەڕە ئەو شاعیرانە تووشی گرتنو لێدانو دەردەسەری دەبوون. بەرامبەر بەوەش حکومەتو فەرمانڕەوایانی ئەوسای عێراق. رەفتاری دڕندانەیان لەگەلّ کوردی کوردستانی باشوور بە گشتیو شاعیران بە تایبەتی دەکرد. هەتا دەهاتیش ئاستی هۆشیاریی سیاسی شاعیرانی کورد بەرزتردەبووەوە. هەروەها زیاتر پابەندیی خۆیان بە دۆزی رەوای گەلەکەیان رادەگەیاند. لەو رێڕەوە نەتەوایەتیەش کلتوری نەتەوایەتییو مێژووی خەباتی بیّ وچانی گەلی کوردیان لە ویژدانی کۆمەلّو

(٢) قانع(دیوان) ، برهان قانع ، چاپی پێنجەم ، ل١٣٦.
(١) بیّ کەس(دیوان) ، محمدی مەلا کریم ، چاپی دووهەم ، چاپخانەی الادیب ، بەغدا ١٩٨٠ ، ل٥٥ .

سەرجەم چینی خوێندەوارو خەڵکە سادەکە زیندوودەکردەوە. بە مەبەستی ئەوەی بیکەن بە بناغەی بنیاتنانی ئاییندەو پاشەڕۆژی کورد. یەکێك بوو لەو شاعیرە شۆڕشێگرانەی چەندین جار تووشی گرتنو ئەشکەنجە بووە. بەڵام هەر ورە بەرز بووەو گیانی خەباتی کوردی هانداوە. بۆ نموونە شێخ نووری شێخ سالح لە شیعرێکدا جەخت لە سەر مێژووی خەباتی کورد دەکاتەوەو دەڵێ:

وەکو روحێ لە بەردەمتا کفن بردووشی فەخروشان

زەمانی تێپەڕیوو سەرگوزشتی خۆی ئەکا تەقریر

دەڵێ ئەم جێگەیە بۆ پاشەڕۆژت، قیبلەگاهێکە

سەراپا قەهرەمانو تاجدارن لێرەدا مەدفوون

سەراسەر بەردوو قەبری، رەمزی تاجو تەختی شاهێکە

پەڕەی تەئریخی حوکمی حاکمانی کورد ئەکا گوڵگوون(١)

درێژە پێدانی خەباتی کوردو پێویستیی بەرەو پێشچوون لەگەڵ رەوتی گۆڕانکارییەکان لە رووی سیاسیو ئەدەبییەوە، وای لە شاعیر دەخواست شێوازی شیعر نووسین لە رووی ڕوخسارو ناوەڕۆکەوە بگۆڕێت. ئەو فاکتەرە ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە سەرهەڵدانی قۆناغێکی ئەدەبیی نوێ، کە بە قۆناغی (ریالیزمی نوێ) دەناسرێ. یان سەرەتاکانی سەرهەڵدانی شیعری نوێ بە بەرجەستەکردنی بیری نەتەوایەتی سەری هەڵدا، کە بە پلەی یەکەم بە شیعری نیشتمانی دەستی پێکرد. ئینجا سیاسیو پاشان بە شۆڕشگێڕی بەردەوامی هەبوو.

(١): پێوەرە سۆسیۆلۆژییەکانی ئەو قۆناغە:

شیعری کوردی ئەو قۆناغە پابەندی رەگەزو دیاردە کۆمەڵایەتیو نەتەوایەتییەکان بوو. لە ئاستی رێکخستنیشدا رەفتارە کۆمەڵایەتییەکان بنەماکانی پێکدە هێنا. یان بە راشکاوی تر دەتوانین جەخت لە سەر ئەوە بکەینەوە ، کە شیعری ئەو قۆناغە وەکو میکانیزمی رەفتارە کۆمەڵایەتییەکان هاوتای پرۆسەی بەڕێوەبردنی بیری کۆمەڵایەتی وپابەندبوون بە کۆمەڵ بوو. بۆ نموونە قانع لە وەسییەتێکدا بۆ وریای کوڕی بە بیرێکی کۆمەڵایەتیو ئامۆژگاری کردنەوە دەڵێ:

رۆڵە هەرکەسێ، کە هوشیار نەبێ

بۆ گەلو هۆزی خزمەتکار نەبێ

ئەگەر برات بێ، لە لات یار نەبێ

دڵت بۆ ئیشی بریندار نەبێ

***

رۆڵە نۆکەری بۆ ئاغا مەکە

کڕنووش بۆ خانم، بۆ کوێخامەکە

لە شێخ وسۆفی، مەرحەبا مەکە

بەدرۆو وچاووراو نان پەیدا مەکە(٢)

---

(١) بێکەس(دیوان)،محمدی مەلا کریم،چاپی دووەهەم،ل٥٥.

(٢) قانع(دیوان)،برهان قانع،چاپی پێنجەم،ل٤٤٨.

بە توژینەوە لە هەر دەقێکی ئەدەبی پێویستە رەچاوی تایبەتمەندێتی وشیاریی کۆمەڵایەتیو سەرجەم ئەدگارەکانی بکرێ. بە تایبەتی ئەو تایبەتمەندێتییەی ، کەوەکو چەشنێك لە چەشنەکانی تەعبیری ئیستاتیکیو هونەریی هەڵقوڵاوی نێو رەوشی مێژوویيو کۆمەڵایەتی فەزایەکی تەواو دروست دەکات . لەو ڕوانگەیەوە سەرجەم ئەدگارەکانی دەقی شیعریی ئەو قۆناغە لەوەدا دەردەکەوێت ، کە دەرهاویشتەو بەرهەمی

بزاڤی مێژوو واقیعی کۆمەڵایەتی بوو، کەواتە ئەدەبیش بوو، شێوەیەك لە شێوەكانی وشیاریی كۆمەڵایەتی بەرجەستە دەكرد. بەو مانایەی "پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەدەبی‌و ئایدیۆلۆژی بەشێکە لە پرۆسەی کۆمەڵایەتیی گشتی ولێی جیا نابێتەوە[1]."

وێڕای ئەوە پەیوەندی لە نێوان وشیاریی کۆمەڵایەتی لە گەڵ داهێنانی تاکە کەسی، بە تەنها لە ڕەسەنایەتی ناوەڕۆکی ئەدەبیدا دەرناکەوێت، بەڵکو لە هاوتەبایی بوون و وێکچوون لە نێوان بنیاتی ئەدەبی‌و ستراکتۆرە زەینییە گشتییەکانی کۆمەڵدا دەردەکەوێت. یان ئەو چینانەی دەتوانن لە ڕێگای ئەو وشیارییەوە‌و لە چوارچێوەی ستافێکی شیعریی جۆراوجۆردا تەعبیر لە خواستەکانیان بکەن چی بۆ کۆمەل بەرهەم دێنن ؟ یان ئایا بارودۆخی کۆمەڵایەتیی گونجاو ئەدەبێکی چاك بەرهەم دەهێنێ ؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارانەدا ڕەخنەگرانی سۆسیۆلۆژیا لەو بڕوایەدان ، کە بارودۆخی کۆمەڵایەتیی لە بار ڕەوتی ئەدەب دەستنیشان دەکات بۆ ئەو مەبەستەش هونەری کۆنی گریکی بە نمونە دێننەوە کە (( گریکەکان نمونەی هونەرێکی بەرایی بوون ، هونەرە جوانەکانیشیان هیچ نەیارییەکی لە گەڵ مۆرکی کۆمەڵگا سەرەتایی‌و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەی نەدەکرد ، کە ئەو هونەرەی تێدا هەڵقوڵابوو . بەڵکو ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە بوو ، کە ڕەنگە هەمان بارودۆخ ئەو هونەری بەرجەستە کردبێت )) [2] . هەر لەو ڕوانگەیەشەوە پەیوەندی لە نێوان شاعیرانی کوردی ئەو قۆناغەو ڕەوتی کۆمەڵی کوردەواری پالاکییەکی بەردەوام بوو . پرۆسەی ڕەخنەش بەبێ لە چاوگرتنی ئەو مەسەلەیە ناتەواوەو یەکسانی لە هاوکێشەی ئاستی هونەرو شیعردا پیادە ناکات . ئەو جۆرە پەیوەندییەی ، کە بە سۆسیۆلۆژیای شاعیر ناودەبرێت . ئەو گوتارە شیعرییە کوردییەی لەو قۆناغە پێشکەش بە خوێنەر کراوە ، لە میانەی دەقەکانەوە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی بەجێ گەیاندووەو لە هەمان کاتیشدا بوو بە ڕەگەزێکی سوودمەند بۆ کۆمەڵ .

بۆ نمونە شێخ سەلام لە شیعرێکی کۆمەڵایەتی — نەتەوایەتی ئاسادا دەڵێ:

هەرکەسێ ئیشی لە دنیا کەوتە سەر ڕێگەی تکا
سوك و ڕسوا بوو بە جارێ ئابڕووی تیادا تکا
کێ لە بازاڕی جیهانا سوودی دی بێ دەردو ڕەنج
تەمەڵێکی دەوڵەمەن کاتێ ئەزانی تێ شکا
کێ لە سەرکێ خۆی ئەخاتە زیللەت ودەوردی سەری
پیاو ئەبێ بۆ خۆی ببێ خۆی ئیشی قەومی خۆی بکا
قەت بەبێ باکی مەچۆ ناو لە شکری دوژمنەوە
شێری بێ باکی شکاکت چوو بە دوو ڕێوی شکا
میللەتێکی کوردی مەزلوم چارەیی هەر مردنە
پیاوێکی دیل وزەلیلە کێ سەلامی لێ ئەکا [1]

مەبەست لە سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی ئەو ڕێڕەوە کۆمەڵایەتییەیە، کە شاعیر دەیگرێتەبەر. یان بۆ زیاتر جەخت کردن دەتوانین بەو ملکەچییە کۆمەڵایەتی‌و ئایدیۆلۆژییەی ناوببەین ، کە شیعری کوردی وەکو کردارێکی هەنوکەیی‌و سەردەم لە ئاستێکی بالآدا لە هەر کات‌و ڕۆژگارێ بەهای دەهێنێ. لەو لایەنەشەوە پایەی شاعیری بەرهەمهێن لە کۆمەڵگای کوردیدا دەردەکەوێ. دەقیش لە سەر هەڕەمێتی سێکوچکەی سۆسیۆلۆژیای شاعیرو ، ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتیی بەرهەم و ، کاریگەریی ئەدەب لە کۆمەڵ رادەوەستێ.

بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە، کە شاعیر تەنها کار لە کۆمەڵ دەکا. بە پێچەوانەشەوە پێی کاریگەر دەبێ. ئەدەبیش بە تەنها دارشتنەوەی ژیان نییە، بەڵکو هەر بۆ ژیان خزمەتی. زۆرجار شاعیر نمونەکانی لە هزری خۆیدا دروست دەکا. ڕەنگە ئەو نمونانە کەسانێك بن لە خۆشیدا

---

(1) جورج لوكاتش ، دراسات في الواقعية ، ترجمة : نايف بلوز ، الطبعة الثانية ، دار الطليعة ، دمشق ١٩٧٢ ، ص٢٢ .

(2) ارنست فيشر ، الاشتراكية والفن ، ترجمة : اسعد حليم ، دار القلم ، بيروت ١٩٧٢ ، ص٥٨٢ .

(1) سەلام(دیوان) ، ئومێد کاکە ڕەش ، چاپی دووەم ، چاپخانەی (الحوادث ) ، بەغدا ١٩٩٠ ، ل ١٥٧ .

بژین، یان له مەرگەساتێکدا گوزەران به سەر ببەن . یان که شاعیرێکی کوردی ڕووی کۆمەڵگای کوردی دەخاته نێو بەرهەمەکانییەوە . مەرگەسات و بەزمەساتی ڕووداوەکانی له میانەی فیکرەیەکی بەرجەستەیی شاعیرانەی کاریگەردا به خوێنەر دەگەیەنێ . بەوەش دەزانێت چۆن "کاریگەیی له هەستی نیشتمانیو ئاکاریو رامیاریی کۆمەڵەکەی بکا[٢]." بەومەرجەی شیعرەکەی ڕەنگدانەوەی واقیعی سیاسیو کۆمەلأیەتیی کۆمەڵ بێ. شاعیرانی کوردی ئەو قۆناغه ئەو واقیعه کۆمەلأیەتیو کێشه نەتەوایەتییانەی کوردیان له میانەی بەرهەمه شیعرییەکانیاندا بەرجەستەدەکرد. بۆ نموونه دڵدار له شیعرێکدا وتوویەتی:

ئەرێ ئەی کورد له نێوگـــەلدا هەتاکەی ماتو داماوی؟
که عالەم سەر به خۆن گشتی ئەتوش پەیوەندی نێوداوی
دەسا بیرێ له حاڵی خۆت بکەو هەستێ به زیللەت که
بەڵێ دوێنێ ڕاوکەربووی و ئێستاکه به خۆت ڕاوی
کەمەر بەستن له نێو گەلدا بناغەو پێشڕەی ژینـــه
بەتیری کینەیه ئەمڕۆ له ژینا فەوت و کوژراوی
دەسا هەڵسه به هۆشیاری نەفەوتاوی به یەکجاری
له نێو بەندی ( معژبدا ) ئەمێنیی قوڕبەسەر ماوی
زەمان ئێمه به شیشی غەم له سەر ئاور ئەبرژێنێ
سەری سوڕما له جەهلی تۆ هەتاکەی ئەبرژاوی
دەمی (بیور) عەدوی (دارە) بەڵام کلکی ئەویـش داره
به هۆی کوردە ئەتۆ غافڵ کەوا ئیمڕۆ شکانـراوی
دەسا غیرەت، که مەوهومی له بەهرەی ژینا مەحرومی
دریغ وحەیفه مەزڵوومی، که زیندووی پەشمه فەوتاوی[١]

ڕەخنەگرانی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب زۆرجار ڕووبەڕووی دوو کێشه دەبنەوە :

یەکەمیان: پەیوەندی له نێوان ئەدەب و کۆمەڵ ، وەکو هاوکێشەیەکی کارتێکەری به سەر کۆمەڵ و ناوەڕۆکه کۆمەلأیەتییەکەی بەرهەمه ئەدەبییەکان و ئەنجامی کارتێکردنەکه .

دووەمیان : چۆنێتی هەڵسەنگاندنی دیاردەی بەهرەمەندیی تایبەتی شاعیرو بێلایەنی بەرهەمەکەی له هەر کاریگەرییەکی نێگەتیڤی دەرەکی . لەو ڕوانگەیەوە ڕەخنەگران به چاوێکی پۆزەتیڤییەوە دەڕواننه هاوکێشەی دووتای شاعیرو کۆمەڵ ، له میانەی بەکارهێنانی پێوەرێکی سۆسیۆلۆژی که (( شاعیر به ژیانی دەوروبەری خۆیو ژینگەی کۆمەلأیەتی ونەتەوایەتی کاریگەر دەبێت . هەروا بەرهەمەکەشی له هەمان ژینگەوە بەرهەم دێنێ ))[٢] .

شاعیرانی کورد به کۆمەڵەوە بەستراون وتێگەیشتن و زانستەکەیان به کۆمەڵ دەگەیەنن . واتا شاعیرانی کورد دەبێت ئامێری گواستنەوەی ڕووداوەکانی کۆمەڵ بن یان ئەو ئاوێنەیه بن ، که ژیانی کۆمەڵی تێدادەنوێنێ . بەو پێیه شاعیرانی کورد هەمیشه هەڵوێستێکی فیکری ونەتەوایەتییان بەرامبەر به کۆمەڵ وەرگرتووە . له هەمان کاتیشدا هەندێك له شاعیرانی تر هەڵوێستی فیکریی تایبەت به خۆیان هەبووە . سەرباری ئەوەش به مەبەستی گۆڕینی چەمکه کۆمەلأیەتیو نەریته ناشایستەکان ، پەیامێکیان به خەڵکی گەیاندووە . بۆ نموونه بەختیار

---

(٢) د. شفیق یوسف البقاعي،نظریة الادب ، الطبعة الاولی ، منشورات جامعة السابع من ابریل ، لیبیا ( د. ت ) ، ص٢٧٢ .

(١) دڵدار – شاعیری شۆڕشگێری کورد(دیوان) ، عبدالخالق علاء الدین ، چاپخانەی ( دار آفاق عربیة ) ، بەغدا ١٩٨٥ ،ل١٩١ .

(٢) د.عزالدین اسماعیل ، الادب وفنونه ،دار الفکر العربي ، مصر ١٩٧٦ ، ص ٤٣ .

زێوەر بە  (( هەستێکی پاك وسادەی کوردایەتی وزانست پەروەریو بە مەبەستی هاندانی گشت نەتەوە بۆ پێشکەوتن و زانستیو هونەر ))[1] ڕوو لە کورد دەکاو دەڵێت :

کوردینە وەرن با لە خەیاڵی هونەرابین
بۆ عیلم و ئەدەب گورج و لە ڕێگەی سەفەرابین
ئەم عەسرە زەمانێکە تقدم غەمی عامە
هەر وەلوەلەیی عیلمە کە ئومێدی تەمامە
وەتەن تۆ گوڵێکی ئەنیسی حەیاتم
وەتەن تۆ نیشاگی دڵی بێ قەراری
کەسێ قەدری تۆی لانەبێ بێ دەماغە
بە ئاب وهەوات جێگەی ئیفتیخاری
ئەو خاکە پێم ئەڵێ: بەحەقیقەت کە **گەوهەرم**
ئەو ئاوە پێم ئەڵێ: بەتەبیعەت کە **کەوسەرم**[2] .

کاتێك کە خوێنەر ئەو بەهایانە وەردەگرێت. بە پێی خواستەکانی سەردەم ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان لە گەڵدا دەکات . لەو  حاڵەتەشدا شاعیرانی کورد دەورێکی پۆزەتیفییان  گێڕاوە.چونکە هەمیشە شاعیر لە (( دروستکردنی پەیوەندییەکی ئۆرگانیزمی لە نێوان خۆیو کۆمەڵ دەگەڕێت . هەر ئەوەشە کە بە ئەدەبی پەیامدار ناودەبرێت ))[3] .

ئەنجام

شیعری کوردیی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بەهایەکی مرۆڤایەتی – نەتەوایەتی هەبووە . هەندێك لە ڕەخنەگران بە چاوی زانستی سۆسیۆلۆژییەوە دەڕواننە سەرجەم ڕەوتی مێژوو فاکتەرەکانی ژینگە ، بەوەی  کە ژینگە سەرچاوەی هەموو بەرهەمێکی شیعرییە . هەندێکی تر هەوڵی ئەوە دەدەن ، کە هەر چالاکییەکی مرۆڤایەتی بۆ بەهرەی تاکەکەسی بگەڕێننەوە . کەچی دەستەیەکی تر ، شیعر بە بەرهەمی داهێنانی شاعیر خۆی دادەنێن ، کە لەمیانەی  سەردەم و ڕەوشی ژیانی شاعیرو حاڵەتی دەروونییەوە دەق بەرهەم دێنێ . وێڕای ئەوەی کە فاکتەرەکانی باری ئابووری و کۆمەڵایەتیو سیاسی کار لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی دەکەن . بەڵام مەرجە لە تۆژینەوە لە هەر بەرهەمێك ، هۆکارە ئەگەرییەکانی ئەدەب دەستنیشان بکرێن . بە تایبەتی لە ڕووی کۆی بەرهەمی ژێریی  مرۆڤایەتییەوە ( مێژووی هزر ، مێژووی ئاین )و ئەو هۆکارانەی ، کە کار لە شێوازی ژیانی شاعیر دەکەن ، وەکو ( ڕق و خۆشەویستی، گیانی هاوکاری ، ناکۆکیو شەڕو شۆڕ ... هتد). چونکە ئەو هۆکارانە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە لە دروستکردنی ژینگەیەکی لە بار بۆ  بەرهەمهێنانی دەق.

شیعری کوردی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە بەگیانێکی کۆمەڵایەتیو نەتەوایەتی دەستیپێکرد .  ئەو قۆناغە بزاڤێکی ژیری بوو ، کە سەرجەم ژیانی شاعیرانی گرتبووەوە . پاشان بەرەبەرە ڕووی لە نێوەندەکانی تر کرد . هەرچەندە بزاڤەکە  بە کۆمەڵایەتی دەستیپێکرد . بەڵام ڕاستەوخۆش پەیوەندی بە بیری نەتەوایەتییەوە هەبوو . ئەو هەستەی لەلای شاعیرانی ئەو قۆناغەدا  سەری هەڵدا ، هەستێکی نەتەوایەتیی تێکەڵ بە ئاین  و بیری کۆمەڵایەتی بوو . سەرباری ئەوەش شاعیرانی ئەو قۆناغە بە وشیارییەوە ڕەفتاریان لە گەڵ ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە دەکرد .

لە میانەی ئەو بۆچوونەوە سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردیی قۆناغەکە چەند ڕاستییەك بەرجەستە دەکا:

---

(١) کاکەی فەللاح ، کاروانی شیعری نوێی کوردی ، بەرگی یەکەم ، چاپی دووەم ، چاپخانەی ( حسام ) ، بەغدا ١٩٨٠ ، ل٧٩-٨٠.

(٢)  بەختیار زێوەر(دیوان) ، مەحموود زێوەر ، چاپی دووەم ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،٢٠٠٣ ، ل١٧.

(٣) روبير اسكاربيت ، سوسيولوجيا الادب ،ت:امال عرموني،ط(١)،١٩٧٨، ص٢٨ .

یەکەم: شیعر تاقە هونەرێکە کە کاریگەرییەکیدیاریبەسەر کەسایەتیی کوردەوە هەیەولــە ســەرەتــای مێــژووی پەیدابوونی ڕێبازی کلاسـیکییەوە تەعبیری لـــە ڕەوتی کۆمەڵایەتی وگۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری کردووە .

دووەم : گۆڕانکارییە مێژووییەکانی پاش ئیسلام چەند بابەتێکی نوێی هێنایە نێو شیعری ڕۆژهەڵاتییەوە ، بە تایبەتی ئەدەبیاتی عەرەبی وفارسی وپاشان بۆ نێو ئەدەبیاتی کوردیش ،کـە کاریگەرییەکی بەرچاوی بە سەر شیعری کوردیی قۆناغەکەوە هەبووە .

سەرچاوە:


(أ) بە زمانی کوردی:

(١) بەختیار زێوەر(دیوان) ، مەحموود زێوەر ، چاپی دووەم ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،٢٠٠٣ .

(٢) بێ کەس(دیوان) ، محمدی مەلا کریم ، چاپی دووهەم ، چاپخانەی الادیب ، بەغدا ١٩٨٠ .

(٣) دڵدار – شاعیری شۆڕشگێری کورد(دیوان) ، عبدالخالق علاو الدین ، چاپخانەی ( دار ئافاق عربیە ) ، بەغدا ١٩٨٥ .

(٤) سەلام(دیوان) ، ئومێد کاکە ڕەش ، چاپی دووەم ، چاپخانەی (الحوادپ ) ، بەغدا ١٩٩٠ .

(٥) شێخ نووری شێخ ساڵح(دیوان) ، ئازاد عبد الواحد ، بەرگی یەکەم –بەشی دووەم ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاو کردنەوەی کوردی ، بەغدا ١٩٨٩ .

(٦) کاکەی فەللاح ، کاروانی شیعری نوێی کوردی ، بەرگی یەکەم ، چاپی دووەم ، چاپخانەی ( حسام ) ، بەغدا ١٩٨٠ .

(٧) گۆران (دیوان) ، محمدی مەلا کریم ، بەرگی یەکەم ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق ، بەغدا ١٩٨٠ .

(ب) بە زمانی عەرەبی:

(١) ارنست فیشر ، الاشتراکیە والفن ، ترجمە : اسعد حلیم ، دار القلم ، بیروت ١٩٧٣ .

(٢) جورج لوکاتش ، دراسات فی الواقعیە ، ترجمە : نایف بلوز ، الگبعە الپانیە ، دار الگلیعە ، دمشق ١٩٧٢ .

(٣) روبیر اسکاربیت ، سوسیولوجیا الادب ،ت:أمال عرمونی،گ(١)،١٩٧٨.

(٤) د. شفیق یوسف البقاعی،نقریە الادب ، الگبعە الاولی ، منشورات جامعە السابع من ابریل ، لیبیا ( د. ت ) .

(٥) د.عزالدین اسماعیل ، الادب وفنونە ،دار الفکر العربی ، مصر ١٩٧٦ .

(٦) د. معروف خزندار ، موجز تاریخ الادب الکردی المعاصر ، ترجمە عن الروسیە : د. عبدالمجید شیخو ، ١٩٩٣ .

(ج) نامەی ماستەر:

(١) ئازاد عبدالواحدکریم ، نوێکردنەوە لە شیعری کوردیدا ( نامەی ماستەر ) ، زانکۆی بەغدا ، کۆلێجی پەروەردە – ابن رشد – بەغدا ١٩٩٥ ،(دەستنووس).



بێ ئابڕووترین بەرنامەی جێری سپرینگەر:وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە:ڕۆزا گومەیی

ئامادەبووان: جێری ! جێری ! جێری !

جێری: میوانانی ئیمڕۆ لێرەن لەبەر ئەوەی لەسەر بنەما بناغەییەکانی فەلسەفە پێکەوە ناسازێن و ڕێکناکەون. حەز دەکەم بەخێرهاتنی (تۆد) بکەم بۆ ئەم بەرنامەیە.

(تۆد) لە پشتی دیکۆرەوە دێتە ژوورەوە.

جێری: هەللاو، تۆد.

تۆد: های، جێری.

جێری: (کارتەکەی دەستی دەخوێنێتەوە): باشە، تۆد، هاتووی بۆ ئێرە، بۆ ئەوەی شتێ بە کچە هاورێکەت بڵێی. دەتەوێ چیی پێ بڵێی؟

تۆد: بەڵێ، جێری، من و کچە هاورێکەم ئورسولا سێ ساڵە پەیوەندیمان پێکەوە هەیە. هەموو شتێکمان لەگەڵ یەکتر کردووە. قەد لە یەکتری دانەبڕاووین. بەڵام کاتێ کە سەرقاڵی خوێندنەوەی سیاسەت و ئەدەبیاتی مارکسی بوو، ئیتر لەو ڕۆژەوە هەر بەهۆی ئەوەوە ناکۆکی لە نێوماندا دروست بوو.

جێری: بۆچی وای لێ هات ؟

تۆد: دەبینی، جێری، من ڕاشنالیستێکی دیکارتیی تەقلیدیم. من بڕوام بەوە هەیە کە منی (خود) یاخود (ئیگۆ) داهێنەری هەموو دیاردە میتافیزیکیەکانم. ئەو، لەلای خۆیەوە، باوەڕی بەوە هەیە کە (مرۆڤی خود)ی ئەم سەردەمە بەرهەم و بەرەنجامی کۆمەڵگایەو بابەتێکە هەمە ڕوخسارییەو هەموو ڕەنگدانەوەکانی پەیامی واقیعی سیاسیو ئابووریی دوایین قۆناغی سەرمایەداریی ئیستهلاکیی لە خۆ گرتووە.

ئامادەبووان: ئۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆووووووو !

تۆد: دەزانم ! دەزانم ! مشەخۆرییە.

جێری: باشە تۆ دەتەوێ چیی پێ بڵێی ؟

تۆد: دەمەوێ پێی بڵێم کە تا ئەو دژی پۆست–مۆدێرنیزم بێ، ئێمە ناکۆکی لە نێوانماندا هەر دەمێنێ. من هەرگیز ناتوانم پەیوەندیم لەگەڵ ئافرەتێکدا بەردەوام بێ، کە باوەڕی بەوە نەبێ، من هەم.

جێرێ: باشە، وا شانسێکت دەدرێتێ. ئەوە ئورسولا لێرەیە !

(ئورسولا بە تاو خۆی دەکا بە ژووراو بە فیزێکەوە دەڕوانێتە تۆد.)

ئورسولا: کۆلۆنایزەرێکی پاتریارکی !

(وەك تاوانبارێ چەمۆڵەیەکی پیا دەدا. تۆد بوی رادەپەڕێ، بەڵام گەنجە پاسەوانەکان لە یەکیان دەترازێنن و دووریان دەخەونەوە پێش ئەوەی شتێ روو بداو بقەومێ.)

ئورسولا: جێری گوێ لەو مەگرە ! پیاو بە لۆژیك تووشی هیستیریا دەبێ ! عەقلانییەت چەوسانەوەو بێدەنگکردنی دەنگە خەفەکراوەکاندا هەر بە یەك شت دەزانێ !

تۆد: رێبازی دیالیکتیکی عەقلیی کلاسیکی تاقە رێگایەکمانە بۆ گەیشتنمان بە حەقیقەت ! هەوڵ مەدە نکوڵی لەوە بکەی !

ئورسولا: تۆو دیالیکتیکەکەت ! ئاخر هەر ئەوە بوو بە هۆی ئەوەی هەموو پەیوەندیی نێوانمان بڕوخێ، جێری. بەردەوام کۆپی کردنەوەی بێ مێشکانەی پۆست– رووناکگەریی میتا–بەسەرهاتی پڕوپووچ. ئورسولا، تۆ دەبێ لە گومانی رادیکالانەوە دەست پێبکەی. ئورسولا، پۆست–بونیادگەری هەر ئەو بیرە گومانگەرییە کلاسیکییەیە کە چۆتەوە ناو زمانی نیشانەکانەوە.

ئامادەبووان: بووووووو ! بووووووو !

جێری: باشە، ئورسولا، بەردەوام بە. ئایا باوڕت بەوە نییە، کە رەگ و ریشەی چەپی نوێی هاوچەرخ لە فەلسەفەی رووناکبیریی سیاسیشدا بکەوێتەوە روو ؟

ئورسولا: مێژوو مێژووی پەیامی دەسەڵاتە، کە بە شێوەیەکی تەوەری دەنگدان دەخاتە پەراوێزەوەو تەنها وەك رواڵەت بەکاری دێنێ،

تۆد: دەبنی من خۆم بە چییەوە خەریك کردووە؟ دەزانی ژیانی وا لەچی دەچی، ئەگەر لەگەڵ کەسێکی وەها دبیبەیتەسەر، کە وا سێکەس دەبینێ کە دەربڕینێکی شاراوەو مەجازی بێ بۆ دژایەتیکردنی فیمینیزم و بەکارهێنانی توندوتیژییەکی تەواو بێ لە ناو پەیامی ستراکتۆری هێزی دەسەلات؟ ئەمە کێشەیەکی گەورەیە. ئەمە درۆکردنە بە بیرکردنەوەی ئەندریا دۆرکین. هەر لەبەر ئەوە ئیتر هەرگیز سێکس ناکەین.

ئامادەبووان: هووووووو!

ئورسولا: تۆ درۆزنی! بۆ پێیان ناڵێی سێ مانگیش دەبێ لەبەر ئەوە ناتوانی بیکەی، چونکە نەتتوانیوە دان بەوەدا بنێی، کە راستی ئەوەیە هەرامەکەت برونی هەستیی لەدەست داوەو نەماوە، یاخود هەر تەنها بە رواڵت مێشك خستنەکارو بزواندنەوەی بووە.

تۆد: دەقەیك راوەستە! دەقەیك!

ئورسولا: من راستی دەڵێم!

جێری: باشە، دیارە ئەم کێشە چارەسەر ناکرێ. میوانی ترمان (لویس) و (تینا)ن. (تیانا) هەندێ شتی هەیە دەیەوێ دانی پیادا بنێ!

(لویس)و (تینا) لە پشتی پەردەوە دەردەکەن. (تۆد)و (ئورسولا) دەچنەوە پشتی پەردەوەو بەردەوام هەر مشتومڕیانە.

جێری: تینا، تۆ... (کارتەکەی نێو دەستی دەخوێنێتەوە) ... وجوودیت، راستە؟

تینا: بەڵێ راستە، جێری. لویس یش هەر وجوودییە.

جێری: ئەی دەتەوێ چی بڵێی ئیمڕۆ بە لویس؟

تینا: دەمەوێ قسە لەگەڵ لویس دا بکەم. دەمەوێ قسەی لەگەڵدا بکەم.

ئامادەبووان هاژەوهووژ دەکەن.

تینا: لویس ... بۆ ماوەیەکی زۆر دوورو درێژ خۆشم ویستی ...

لویس: منیش خۆشم دەوێی، تینا.

تینا: لویس، باش دەزانی، کە رای منیش هەر وەکو رای تۆ وایە، کە بوون لە پێش جەوهەرەوەیە، بەڵام ... باشە، تەنها دەمەوێ ئەوە بە تۆ بڵێم، کە من لەم دواییانەدا (نیچە)م خوێنیوەتەوەو ئیتر لەو بڕوایەدام کە ناتوانم بیرو بۆچوونەکانم لەگەڵ بیرو باوەڕە سیاسییە یەکسانێکانی تۆیدا یەك بخەم.

ئامادەبووان: ئووووووو! ئووووووو!

لویس: (رادەچڵەکێ‌و دەحەپەسێ‌و بڕوای نایەت) تینا، ئەمەی تۆ دەیڵێی شێتیە. دەزانی کە (سارتەر) ئەمانەی لە چڵەکاندا هەموو روونکردۆتەوە.

تینا: بەڵام حسابی بۆ بیرکردنەوەی (نیچە) نەکردۆتەوە سەبارەت بە رەخنەی رادیکالی لەسەر رەوشتی دیموکراتی، لویس. من داوای لێبوردنت لێ دەکەم. ئیتر لەمەودوا ناتوانم چاوپۆشی لە تەناقوز بکەم!

لویس: من دەزانم تۆ ئەم بیروباوەڕانەت لە (ڤیکتۆر)ەوە وەرگرتووە، وانییە؟ لەوەوە وەرتنەگرتووە؟

تینا: ڤیکتۆر مەنێنەرە ئاراوە! من تەنها ئەو کاتە بامدایە لای ئەو، کە ئەو یاریی دامەوداشەم لە تۆدا بینی! من پێویستم بە پیاوێکی راستەقینە هەیە! پێویستم بە سۆپەرمانێ هەیە!

لویس: (خۆی بە قورس دەگرێ) توانای ئەو یارمەتییەم نەبوو. ئەوە باری ئازادییەك بوو لە ئەستۆم. ئەو بارە زۆر گران بوو بە شانمەوە!

جێری: لێرەدا کەسێکمان لەگەڵدایە، کە رەنگە شتێکی هەبێ بیخاتە سەر ئەم باسە. با دەرکەوێ ... ڤیکتۆر!

ڤیکتۆر دێتە ژوورەوە. لە لویس دەچێتە پێشەوەو پەنجەی دەکا بە دەموچاویدا.

ڤیکتۆر: لویس، تۆ رۆشنبیرێکی پۆست- کرستیانی کلاسیکیت. لە جەوهەردا بێ هێزی!

لویس: (فرمێس دەرێژێ) وەرە قنگە مارکسیەکەم ماچ کە، هەی هەتیوە ئینفیعالییەکە!

ڤیکتۆر: حەیوان!

لویس: ملکەچ!

لویس کورسییەك دەگرێتە ڤیکتۆر" هەردوو قۆچ لەیەك دەدەن و زۆران لەگەڵ یەکدا دەگرن. ئامادەبووان دەیکەن بە قیژەو هەراو هاوار. پاش ململانێیەکی درێژخایەن، لاوە گاردیانەکان لە یەکتریان دەترازێنن و دووریان دەخەنەوە.

جێری: ئۆکەی، ئۆکەی. ئێستا کاتی ئەوەیە ئامادەبووان پرسیاریان هەبێ بیکەن. فەرموو مێژا.

یەکێ لە ئامادەبووان: ئۆکەی، ئەم پرسیارە بۆ تینایە، تۆ چۆن دەتوانی بە خۆت بڵێی وجوودی‌و هێشتا باوەڕت بە مرۆڤی باڵای نیچەیی هەیە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە تۆ لە قووڵایی ناخەوە بڕوات بەوە هەیە، کە لەگەڵ ئەم تەناقوزو دژایەتییە راستەوخۆیەدا هێشتا هەر لەگەڵ بنەما گەوهەرییەکانی وجوودییەتدا بی؟

تینا: نا نەخێر! نەخێر! ئەوە ناگەیەنێ. ئێمە دەتوانین لە رووی کارکردنەوە یەکسان بین، بێ ئەوەی یەکسان ب[illegible] خودی [illegible]وعییەتی کەسایەتییەوە. ئەمە مەسەلەیەکی بوونە نەك هەبوون.

یەکێ لە ئامادەبووان: ئەمە تەنها نکوڵی کردنە لە وجوودیەت! تۆ وجوودی نیت!

تینا: نەخێر من وجوودیم!

یەکێ لە ئامادەبووان: تۆ وجوودی نیت!

تینا: نەخێر هەتیوە زۆڵە من وجوودیم!

ئورسولا هەڵدەستێتە سەرپێو خۆی تێهەڵدەقورتێنێ.

ئورسولا: مەسەلە چییە؟ وجوودییەت تەنها سەرپۆشێکە بۆ دوا کاپیتالیستی دژ بە فیمینیزم! بروانە چۆن (سارتەر) ئازاری (سیمۆن دی بۆڤوار)ی داوە!

ژنێ لە ئامادەبووەکان بزەو خۆشی دەیگرێو خۆی تەپتەپێ دەکا.

تینا: تۆ! قنگ زلی فۆکۆییت!

ئورسولا: تەنها حەز بکە کەمێ ناسك بی بۆ ئەوەی لە (فۆکۆ) تێبگەی، کوڕی زۆڵ!

تینا: تۆ زۆڵی!

ئورسولا: تیتر! ئیتر!

جێری: تا دەگەڕێینەوە راستەوخۆ بۆ دوایین گفتوگۆ! لەگەڵماندا بمێننەوە!

ریکلامەیەك لەسەر قەرز بەخشین بۆ کڕینی شتومەکی بازرگانی لە دەزگای تەکنیکی ئای تی تی و تەونی هۆت لاین ی فیزیکی دێتە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکە.

جێری: هێی! دووبارە بەخێر بێن. دیسانەوە سوپاسی هەموو میوانە بەڕێزەکان دەکەم، کە لێرە ئامادەبوون و حەز دەکەم بڵێم، کە هیوادارم لەگەڵ هەموو جیاوازیو ناکۆکییەکیشتان لە نێوان یەکتردا بتوانن پێکەوە کار بکەن و لەناو ئەم هەموو ناسۆریو بێهودەییو بارو دۆخی ناهەموارییەوە بە هۆی پەیوەندیی مرۆڤایەتییەوە بەختەوەریی هەڵبهێنجێنن. (روو دەکاتە کامیرا). باشە، ئێمە هەموو وا تێدەگەین، کە فەلسەفە قسەی زل و بەتاڵ و گاڵتەبازییە.

هێماگەریو بنەماگەریو لاکانیی پۆست–دەروونناسیی فرۆیدی، هەموو ئەمانە لە بیرو رێبازی باش دەچن. بەڵام کە لێیان قووڵ دەبینەوە، دەبین هەرچیمان لە دڵ و ناخدایە، لە موعاناتی میتافیزیکیمان هەقووی یەکسەر لە پەنجەرەوە دەچێتە دەرەوەو دەکەوینە ئەوەی دژیایەتییان بکەین و بەرەنگاریان بینەوە. ئەوە جوان نییە.

ئەگەر ئێوە لە پەیوەندیدا بن بەیەکەوەو لە هەمان کاتدا ناکۆکیتان لە نێواندا هەبێ لەسەر بنەما بنچینەییەکان و رێز لە بیرو رای یەکتری نەگرن، هەموو شتەکان قورس و گران دەکەن. ئینجا کاتی ئەوە هاتووە بەو جۆرە ئاوڕ لە مەسەلەکان بدەنەوەو پەیوەندی لەگەڵ یەکتر ببەستنەوە. کەسێکی تازە بدۆزەرەوە، کەسێ کە قبووڵت بکاو ئەو رێگایە قبووڵ بکا، سنووریٚ بیری مرۆڤایەتییانەت بزانێو هەوڵ بدا بە عەقڵ و بابەتییانە بەشەکانی بوون تێکەڵ و پێکەڵ نەکا بەسەر یەکدا. پاش هەموو شتێ، لە بەرامبەر نەبوونی سرووشی روون و ئاشکراو بێ پرسیار لە یەزدانەوە، ئێمە هەموو رێگاکانمان گرتۆتە بەر. لەبەر ئەوە بیرتان نەچێ: ئاگاتان لە خۆتان بێ و ئاگاتان لە یەکتریش بێ.

ئەم فرتوفێڵەی جێری سپرینگەر لەسەر ئینتەرنێت دەرکەوتووە، بەڵام نازانرێ کێ نووسەرەکەیەتی. ئەگەر تۆ نووسەرەکەییت تکایە خۆتمان بۆ ئاشکرا بکە.

لەندەن ٥/ ٢/ ٢٠٠٢

# ئاڵای نیشتمانیی کوردستان

شاهۆ عوسمان سەید قادر




## لە رووکاری مێژوویی‌و پێکهاتەوە

ماوەیەکە دامو دەزگاکانی حکوومەتی هەریمی کوردستان ئاڵای (بەیداخی) کوردستانیان هەڵکردووە، تەنانەت وەك سیمبولێکی پیرۆز هاووڵاتیی کورد دەیکەنە سەر سنگیانەوەو رێزی لێدەنێن. ئەمە بۆ خۆی مایەی خۆشبەختییە، کە ئەمرۆ بەو ئاڵایە ئاشنابین، کە سەردەمانیکی زۆرە داگیر کەرانی کوردستان لێیان زەوت کردبووین‌و حەرامیانکردبوو. بەڵام پێچرابوەو هەلگیرابوو لە دڵو دەروونی کورددا تاکو ئەمرۆ، کە بزانرێ نەتەوەی کوردیش مۆرکی رەسەنی‌و رۆحیی خۆی هەیەو مرۆڤایەتی پێی بەخشیوە. ئەگەر چی رۆژگاری بێ پەیمان وبریارلێیسەندوینەتەوە، بۆ چەند نەوەو زەمەنێ دەبێ، کە زانیاری تەواو نییە، لای زۆر کەس‌و زۆربەی هەرە زۆری میللەتەکەمان، پێکهاتەو پێوەری ئەم ئاڵایە ئاشکرا نییە بە هۆی ئەو بارودۆخەی، کە پیایداتێپەریوین وەك نەبوونی کیان‌و دەوڵەت‌و دەسەڵاتی کوردی بەشێوەیەکی بەردەوام.

دەرخستنی زانیاریەکان‌و روونکردنەوەی چۆنیەتیی ئاڵاکە دەهێنێ بزانین ئەو بۆ چوونە مێژووییانەو رووداوەکانی، کە بەسەر کورداهاتووەو لە ئەرشیفی نەتەوەیەتیماندا هەیەو چۆنە؟ لەسەر پێکهاتەو درووستبوونی ئەم ئاڵای کوردستانە، کە لە ئێستادا دەبینرێ، پێویستە سیماو رەسەنایەتی مێژوویی‌و کولتووری‌و نیشانەی یاسایی خۆی بهێڵرێتەوە. دیارە لە سەرەتاو سەرهەڵدان‌و پەیدابوونی مرۆڤایەتی‌و دەرکەوتنی هەندێ بەهاو سیمبول وەك دەرەنجامی پێویستییەکانی ژیان هاتە ئاراوە. داهێنانی سیمبول‌و نیشانە یەکێ بووە لە کارەکانی مرۆڤ بە مەبەستی پێویستی‌و پیرۆزیی خاوەندارێتی‌و جیاکردنەوە. بوونی ئاڵای نیشتمانیی هەر میللەتێ‌و هەر دەوڵەتێ بۆ دەستنیشانکردنی سنوورو مۆرکی هەبوونییەتی. دەکرێ هۆکاری درووستبوونی ئاڵا لە بنچینەدا بگەرێتەوە بۆ هەریەکە لە دیاردەی ئایدۆلۆژیی یان جوگرافی‌و کۆمەلایەتی. کاریگەریی بووەو کاردانەوەشی لەسەر رەنگی ئاڵاکە هەیە. بەم هۆکارانە ئاڵا دەبێتە بەشێ لە کلتوورو مێژوو.

لێرەدا، کە باس لە ئاڵای کوردستان دەکەین، دەگەرێینەوە بۆ قۆناغەکانی بوونی دەسەڵاتی کورد لە ناوچەکان‌و بەشەکانی کوردستان. لێرەدا بە کورتی باس لە ئاڵای نیشتمانی کوردستان دەکەین لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی میدیاوە، کە ئاڵا بوونی بووەو لەو سەردەمەدا لەگەل ئەو جیاوازییانەی، کە بووە لە قۆناغەجیاوازەکانی دەسەڵات. هیوادارم، کە داموودەزگاکانی حوکمەت، حیزب، رێکخراوەکان، لایەنەکان‌و

کەسایەتییەکان لە ئێستاوە ئەو ئالایەی پێناسەکراوەو بریاری لەسەر دراوە، بەم شێوەیە بێ لە کوردستاندا، کە پێوەرو پێکهاتەکەی دیاری کراوە. لێردا باس لەو قۆناغانە دەکەین، کە ئالا بوونی بووە:

١-بوونی ئالای کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ماد، بوونی ئالا چەندین جار لە لایەن هیرۆدۆتو گزەینەفوونو نووسینەکانی بێستون باسی لێوە کراوە لەو سەردەمەدا.[2]

وەك ئاشكرایە وەکو بەرزکردنەوەی ئالای سەربەخۆییو ئالای راپەرینو هەلکردنی ئالای شۆرش، بۆ نموونە لە شەرێکی نێوان مادەکانو بابلیەکاندا هاتووە، کە دەلێ: "ئالاکان بخەنە زەوی. لە نێو هۆزەکاندا فوو بە کەرەناکاندا بکەن با دەنگیان بەرزبێتەوە لە دژی ئەو، دژی پاشای بابل خەلکی ئامادە بکەن، پادشای ئۆرارتوو ماناو ئەسکیت لە دژیان راپەڕێنن. پادشایانی مادو سەرۆکی ولاتەکەیان هەموو حاکمو جێنشینەکانو سەردارەکانو هەموو سەرزەمینەکان."

یاخود لە نووسراوەکانی بێستوندا، کە باس لە راپەرینەکانی فرەوەریش دەکا، کە ئالای سەربەخۆییان هەلکردووە. لەسەر خاکی ماد یاسای رەسمی (Nomos) بووە، یەکێتی هۆزەکانی ماد بووە، کە رێکخستنی ئیمپراتۆرییەتی ماد لە سەردەمی فەرمانفەرمای ماد کراوە، لە رووی چنینو تەونگەری بە شێوەی رازاوەو نەخشی جۆراو جۆر فەرهەنگی پێشکەوتویان بووە. ئەو سەرچاوانەی، کە هەن هەموو دانیشتوانی ماد یان مادی ناو بردووە، بەلام خاکی مادو زەویو زاری بە سێ بەشو سێ پادشای ناو بردووە.

خاکی ماد لە رووی مێژووو جوگرافیاوە کراوە بە سێ بەشەوە، کە بەشی یەکەم رۆژئاوا، کە پییشی وتراوە (مادی ئاترۆپاتین). بەشی دووەم (مادی بچووك). بەشی سێیەم، کە ناوبراوە بە (پارتاکتا).

دەکرێ بوونی ئەو سێ رەنگە لە ئالاکەدا لەو سێ بەشە یاخود لەو پادشایانەوە وەرگیرابێ، بوونی خۆر لە نێوەراستدا سیمبولی جێنشینیو پێگەی جوگرافیای ماد بووە لە رۆژهەلاتدا.

ئەگەر بگەرێینەوە بۆ هۆکاری ئایدۆلۆژیی، وەك سەرهەلدانی بیروڕای پەرستنی میهر (MITHRA)، واتە خوا پەرستی (خورشید)، کە باوەڕی گەلانی چیانشینی زاگرۆس بووە، کە سەرچاوەی وزەو رووناکیو هۆکاری ژیانی مرۆڤو رووەك بووە. رێزیان گرتووەو پەرستوویانەو رووگە (قبلە)و پەرستگایان بۆ دروستکردووە. سەرهەلدانی ئایینی زەردەشتی لە سەردەمی مادا، کە ئازادیی ئایینیو بیرو راهەبووە، مەرج نەبووە هەموو دانیشتوانی ماد زەردەشتی بووبن.[3] کە زەردەشت بەلێنی بە مرۆڤی پاكو چاكو خاوێن داوە (سپی)، کە دەبەخشرێن. پیرۆزترین کارێ، کە بکرێت مرۆڤ بیکا، بەرهەمهێنانی کشتوکاڵە (سەوزایی)، لە لایەن زەردەشتیەکانەوە لە بۆنە ئایینیەکان قوربانی کراوە، کە رەنگی (سوور) یان دەگەرێتەوە بۆ ئەم هۆکارە، کە ئەم رەنگانە دەگەرێتەوە بۆ بیرو باوەری زەردەشتی.

لەم بارەیەوە چاومان بە بەرێز مامۆستا کەریم زەند کەوتو گوتی:[4] "ئالای کوردستان لە چەرخی شاهەنشاهی (ئیمپراتۆریەتی) میدەوە هەیە، واتە تەمەنی لە (٧٠٠-٥٥٠) پ. ز، کە بۆ ماوەی (١٥٠) ساڵ ئالای میدەکان بووە. پاش ئەوەی دەولەتی مید رووخاوە، لە خەیالو مێشکی کورددا بووە، بۆ گەڕانەوەی ئەو شکۆیە بە بەردەوامی ماوەتەوەو پاریزراوە، رەنگدانەوەی بۆ رەنگەکان دەلێ: "لە سرووشتەوە لە پەلکە زێرینەی دوای بارانەوە وەرگیراوە، نیشانەی خۆرو بوونی واتا ئەم دەولەتە خۆر لە زۆربەی ناوچەکانی هەلدێ.

٢- لەلایەن میر بەدرخانی گەورەوە ١٦٣ ساڵ لەمەوبەر واتە ساڵی (١٨٤٢)ز، کە سەربەخۆیی ناوچەکەی راگەیاندووەو ئالای کوردستانی هەلکردووەو لە دەولتی عوسمانی جیابۆتەوە، کە زیاتر لە ماوەی (١٠) ساڵ. جێگای باسە لەم ماوەیەدا دراوو سکەی تایبەتی بەخۆی هەبووە.

---

[2] سەرچاوەی یەکەم

[3] سەرچاوەی دووهەم

[4] سەرچاوەی سێیەم

[5] سەرچاوەی چوارەم

٣- لە هەوڵێکی دیپلۆماسیدا جەنراڵ شەریف پاشا لە کۆنگرەی ئاشتیی پاریس لەساڵی[٦] (١٩١٩)، کە تەنها کوردێ بووە لە ئەورووپا داکۆکی بکاو داوای مافی سەربەخۆیی کوردستانی بکا. بۆ ئەم مەبەستە یادداشتو داواکاریی پێشکەشکردووە، کە لەگەڵ داواکاریەکەی ئاڵاو نەخشەی کوردستانی لەگەڵ بووە.



- مەلیك شیخ مەحمودی حەفید لە کوردستانی باشور، بە ئامادەبوونی نوێنەری بەریتانیا، لە ساڵی ١٩١٨ بوو بە حوکمداری کوردستان. لە رۆژی ١٨ تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨، پاش نیوەڕۆکەی میجر نۆئیل گەیشتە سلێمانیو لە بەردەرگای سەرای حکومەتدا لە پێش چاوی هەزاران کەس لە دانیشتوانی شاری سلێمانیو دەورووبەری بە زمانی فارسی گوتی[٧]: "بە ناوی حکومەتی بەریتانیاو حاکمی عامی عێراقەوە قسەتان لەگەڵ دەکەم: ئەوا لە یەخسیری رزگاربوون، ئیتر سەربەستو ئازادن، شێخ محمود حوکمداری کوردستانە، لەسەر فەرمایشی حاکمی عام لە بەغداد ئەم مژدەیەتان ئەدەمێ. شیخ محمود فەرمووی: براینە لەو هەورازە کوورەی لە پیشمانەوە بوو سەرکەوتین، لە ئیوە یەکیتیو لە منیش گیان بەختکردن. (ئاڵای کوردستان هەڵکرا لە شاری سلێمانی.)

نامەی مندوبی سامی لە بغداوە: بۆ حوکمدار شێخ مەحمود لە حکومەتی ساحب جەلالەوە فرمانم پیدرا پیتان راگەیەنم: "لەم رۆژانەدا لیدوانی سەربەستیی کوردستان تەواو دەبێ، کورد سەربەخۆو ئێوەش بە حوکمدار ناسراون."

پاشان بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە گۆڕاو ئینگلیز لەو بەڵینانەی پاشگەز بووەوەو کێشە لە نێوان حوکمداریەکەی شیخو بەریتانیا کێشە درووست بوو. شەری دەربەندی بازیان روویداو شیخ بە زامداری بە دیل گیرا. لە دوای ئەوەی بریتانیا بریاری گەرانەوەی (شیخ محمود)ی لە هندستانەوە بۆ کوردستان دا، ئینگلیزەکان لە سلێمانی پاشەکشەیان کردو گەرانەوەو سلیمانیان چۆڵکرد، کاروباری شار سپێردرا بە شێخ قادری حەفیدو کۆمەڵی خەلکی سلیمانی، تاکو شیخ مەحمود دەگاتەوە سلیمانی. لە رۆژی ١٧ ئەیلولی ١٩٢٢، بۆ هەڵکردنەوەی ئالای کوردستان لە مزگەوتی گەورەدا کۆبونەوەیەکی یەکجار مەزن کراو بەم پێیە وەستابوون:[٨] ریزی سەربازانو موسیقا، قوتابیانو سروودی نیشتمانی، پیاوە ناسراوەکانی شارو عەشایر، دانیشتوانی شار بە گشتی، موزیقای سوپاییو سروودی ئالای کورد. لە ژووروی ئەم رێزبەستانەوە کۆمەڵی دانایانو ئایینی، لە لایەن رەفیق حیلمیو یونس عبدالقادر دوو وتەی زۆر نایاب خوێنرایەوە. لە کاتژمێر ١٢ی نیوەرۆژەدا ئاڵای کوردستان لەسەر قشلەی سوپای هەڵکرا بە ئاگردانی جەکەوە.

جێگای سەرنجە، کە ئەم مەراسیمە تەنها چوار رۆژ پێش گەشتنەوەی شیخ محمودە بۆ شاری سلیمانی، لە ساڵی١٩٢٢ بۆتە مەلیکی کوردستان.

---

[٦] سەرچاوەی پێنجەمو سەرچاوەی شەشەم

[٧] سەرچاوەی شەشەم

[٨] سەرچاوەیشەشەم

بەلام ئالای حکومەتەکەی شێخ مەحمود جیاوازبووە، کە رووتەختی ئالاکە رەنگی سەوز بووەو لە نێوەراستیدا مانگی تیادا بووە بە شێوەی یەك شەوە، یاخود (هلال) بووە،[9] پوولیی بەکارهێناوە بۆ رسوماتی حکومەتەکەی بە بەهای جیاواز، کە رەنگی پوولەکە سەوز بووەو لەسەری نووسراوە حکومەتی کوردستانی جنوبی.

٥- پاش شکستەکەی شۆرشی شێخ سەعیدی پیران ساڵی ١٩٢٥ لە ناوچەی ئارارات، شۆرشێکی تر بەرپا بوو، لە ئەنجامی یەکگرتنی تێکرای کۆمەڵەو رێکخراوە کوردییەکان[10] لە کۆنگرەی (بوحمدون) لە لوبنان لە ئابی ١٩٢٧و دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبوون. بریاریاندا بە درێژەدان بە شۆرشو بەشداریبوونی ئەرمەنیەکان لەم کۆنگرەیەدا. لە ئەیلوولی ١٩٢٧ تاکو ساڵی ١٩٣٠ بە فرماندەیی جەنراڵ ئیحسان نوری پاشا بە سەرکردایەتیی کۆمەڵەی خۆیبوون شۆرشی ئارارات (ئاگری داخ) بەرپا بوو.

(حسکی تیلو)، کە بە نە ژاد ئەرمەنی بوو، راسپێردرا بۆ دامەزراندنی کابینەی حکومەت، ئالای کوردستان هەڵکرا، کۆمەڵەی خۆیبوون ئالاکەیان هەمان ئالای نەتەوەیی بوو، رەنگەکانی (سوور، سپی، سەوز)، بەلام جیاوازیی لە شێوەی خۆرەکەدا هەبوو.[11] کە لە بەشی سەرەوەی خۆرەکەدا بە شێوەی نیوە بوو، کە تیشکی خۆر لە بەشی سەرەوەی بەرەو خوار لە نزیك کۆتاییەکەی هاتووە، گوڵە گەنمو گوڵە جۆ لە شوێنی بەیەکگەیشتنی لاسکی گوڵە گەنمو جۆکە خەنجەرێ بەرەو ئاراستەی سەرەوە، واتە خۆرەکە بوو. لێرەدا لەگەڵ خۆرەکە گوڵە گەنمو جۆو خەنجەر بەکارهاتووە.

٦- کۆمەڵەی (ژ. ك) لە ساڵی ١٩٤٣ لە سابڵاخ دامەزراوە، پاشان گۆرا بوو بە حیزبی دیموکراتی کوردستان. ئەم رێکخراوە ئالای کوردستانیان زۆر لا پیرۆز بوو. لە بەر ئەم هۆکارە مەرجی بوون بە ئەندام لەم رێکخراوە سوێندخواردن بوو بە[12]: "قورئان، ئالای کوردستان، خەنجەر."

٧- لە کۆماری مهاباد لە رۆژی (٢٢/١/١٩٤٦) بەرامبەر ٢ رێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی لە سەربانی ساختمانی دادگای شاری مهاباد، ئالای کوردستان هەڵکراو بە سروودی ئەی رەقیبو مارشی سەربازیی رێو رەسمەکە بەرێوە چوو. وەك مامۆستا کەریم زەند لەو رۆژەدا ئامادەبووەو دەڵێ: "ئالای کوردستان لە کۆماری مهاباد، بە هەمان رەنگی (سوور، سپی، سەوز) خۆر لە نێوەراستیدا بوو، بەلام جیاوازی لە سیمبولی خۆرەکەدا هەبووە بەم شێوەیە: خۆرەکە بە شێوەی نیوە لە بەشی خوارەوە، رەنگە سپییەکە بووە تیشکەکانی بەرەو سەرەوە بووە، گوڵە گەنم گوڵە جۆ، کە کەوتۆتە قەراغو بنکەی خۆرەکە. بە ئاراستەی تیشکەکانی بوون لەگەڵ نووکی پێنووس، کە بە هەمان ئاراستە بووە. لە ناوەراستی تیشکی خۆرەکەدا رووەو سەرەوە.

لێرەدا کورتەیەك لەو مەراسیمەو ئامادەبووان باس دەکا: بە ئامادەبوونی نوێنەرانی هەموو پارچەکانی کوردستان، کە لەو کاتەدا (سەرکردایەتیی نەتەوەیی کوردستان)، کە بە شداریی‌و نوێنەرانی کەرتەکانی کوردستانی تیادا بووە.

ئەو رۆژە بوو، کە چاوی ئامادەبووانو هەر کوردیکی دڵسۆز جێگەی هیواو ئاوات بوو، زۆربەی دانیشتوانی مهاباد‌و دەوروبەری‌و کەسایەتیی کۆمەلایەتیی‌و رۆشنبیرانو نیشتمان پەروەران نوێنەرانی کەسایەتی‌و رێکخراو گروپی سیاسیی لە هەموو کوردستانەوە بەشداربوون، کە لەو کاتەدا (سەرکردایەتیی نەتەوەیی کوردستان)، کە بەشداریی نوێنەرانی حیزبو کەرتەکانی کوردستانی تیادابووە، لەو کەسایەتییانە لەو رۆژەدا ئامادەبوون: "پێشەوا قازی محمد، کابتن بوخدەسەر نوێنەری (K.G.B) روسیا، نوێنەری حیزبی دیموکراتی ئازربایجان، ئەسەدۆڤ نوێنەری یەکیتی سۆفیت، مستەفا بەرزانی، رشدی محمد، بەگ نوینەری کوردی سوریا، پاشان بۆتە پێشمەرگە، حیدر بگ لە کوردستانی تورکیا، محمد قودسی. کریم زەند لە (حزبی ئازادی، مستەفا خۆشناوو میر حاج ئەحمەد لە ( حزبی هیوا)، خیرالله عبد الکریم، عوسمان دانش، قانعو هێمن ی شاعیر، پێشمەرگەیەکی زۆر). ئەو رۆژە ئاسمانی کۆمارە ساوەکەمان، پرشنگی خۆرەتاو لە پەڵە هەوریکی سپی دەوری دەدا، لە دوورەوە

---

[9] سەرچاوەی هەشتەم

[10] سەرچاوەی پێنجەم

[11] سەرچاوەی سیهەم

[12] سەرچاوەی سیهەم

ئاوو هەوا دڵرفێن بوو، لە نمایشێکی هونەریدا لە دوای مارشی سەربازیو سروودی ئەی رەقیب لە کەژاوەیکدا کەسێ لە نێو دارە مەیتێکەوە لە کفنێکدا، کە کردبوویە بەرگی بەدەم هۆنراوەیەکی کوردیو بە ناوی (حاجی قادری کۆیی)وە پیرۆزبای لەگەڵی کورد کرد، ئاڵای کوردستانی لەسەر ساختمانەکە هەڵکرد، لەو رۆژەدا قانعی شاعیر سەری کڕنوشی بۆ ئاڵای کوردستان بردووە:[١٣]

ئەی ئاڵای بەرزی سێ رەنگی جوان

هەر شەکاوە بی تا ئاخر زەمان

تۆ یادگاری ئایینو دینی

*خوا بتپارێزێ چەندە شیرینی*

*کەریم خانی زەند بابە ئەردەڵان*

فیداکاری تۆن بە روحو بە گیان

سەوزت نیشانەی دەغڵو دانمانە

سوورت نیشانەی شەهیدانمانە

سثیت یانی ها کوردة بزانة

*نانی خۆت مەخە دەستی بێگانە*



هەڵکردنی ئاڵای کوردستان:[١٤]

لە ٢٦ مانگی سەرماوەرزی ساڵی ١٣٢٤ خەڵك بە هاندانی هەندی لە سەرکردەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەڵیان کوتایە سەر (شارەبانی مەهاباد)، کە دوایین نیشانەی رواڵەتی دەسەڵاتی تاران بو. پاش تەقوقۆقیکی کەم گرتیان. ئاڵای حکومەتی ئێران داگیرایەخوارو، ئاڵای کوردستان لە جیگەی هەڵکرا. خەڵك ئەیان ویست لەباتی زەبیحیو هاورێ گیراوەکانی ژاندارمو فەرمانبەرە گیراوەکانی ئێران

---

[١٣] سەرچاوەی نۆهەم

[١٤] سەرچاوەی دەهەم

بەبارمتەلەلای خۆیان گل بدەنەوە، تا کاربەدەستانی تاران ئەوان ئازاد نەکەن، ئەمانیش ئەوان بەرنەدەن. قازی محەمەد ئەم کارەی بەلاوە پەسەندنەبوئەوان بەردران. کوردستان هاتبووە جۆش.بەدوای مهابادا لە شارەکانی نەغەدەو بۆکانو لەزۆر شوینی تریئالای کوردستان هەڵکرا. هەڵکردنی ئاڵای کوردستان رووداویکی میژوویی بوو لە ژیانی سیاسی خەڵکی کوردستاندا. لیرەدا هەڵکردنی ئالا وەکو بلاوکراوەکانی ئەوسا نووسییانە، دەگیرینەوە، کە وەك خۆی نووسیومانەتەوە: گۆڤاری (کوردستان) لە ژمارە سێیەمیدا لە ژێر سەردێڕی (هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردستان لە مهاباد) نووسیویەتی:

"هەروەکو لە پێش دەرهاتی کوردستاندا عەرچ کرا رۆژی ٢٦ ی سەرماوەرز تەواوی نوێنەرەکانی ئەهالی کوردستان لە شاری مهابات کۆبونەوە. لە سەعات ١٠ ی بەیانی لە کانگای حیزب ئاڵای کورد بە حزووری دە هەزار نەفەر هەڵگیراو لە کاتیکدا دەستەی موزیك مارشی میللی لیدەداو لە سەرتاسەری شەقامی وەفایی دا صەفی نیزام، کە لوولەی تفەنگو موسەلسەلو سەرنێزەیان دەدرەوشا دەستەی لاوانو قوتابیەکانی مەکتەب، کچو کوڕ، لە لای راستی ئالا لە حەرەکەتدا بوون گەورەو بچووکی مهاباد هەیئەتو نوێنەرانی حیزبی دیموکرات لە پشت سەری ئالا سەری تەعزیمیان بۆ دانەواندبوو، بۆ ئیحترام چەپڵەیان لیدەداو هورایان دەکیشاو پێشەوای موعەزەمی کوردستان جەنابی قازی محمد وتاریکی بەتینی لە بابەت ئاڵای موقەددەسی کوردستان ئیراد فەرموو.

ئەو جار لە پاش نوتقو خیتابەو تیرهاوشتنێکی زۆرو بەجێهێنانی مەراسیمو نەصبی ئالا لەسەر عەمارەتی هەیئەتی رەئیسەی میللی کوردستان جیژنە دوایی هات.

هەلکردنی ئالا بە شیوەی رەسمی لە نەغەدەو بۆکان بە هەمان شیوە جێبەجی بووە. پاش چەند رۆژیكو لەلایەن چەند کەسایەتیەکی ئەو شوینانەو هەندێ ئەرمەنی. لێرەدا باس لە بڕیارێکی مێژوویی گرنگ، کە کاریگەریی رامیاریی هەیە، دەکەین، کە باس لە چۆنیتیی پیوەرو پیکهاتەو رەنگو ناساندنی ئاڵای کوردستان دەکا.

ئەو بڕیارەی سەنتەری راگەیاندنی کوردستانە لە لەندەن ساڵی ١٩٩٢ سەبارەت بە ئاڵای کوردستان دەڵێ:[١٥]

"کۆمەڵەی جوگرافیی سیاسی جیهانی، کە بارەگاکەی لە (لەندەن)ە، بڕیاریدا بە ئاڵای نیشتمانیی بۆ کوردستان بە هەر سێ رەنگەکەی، کە ناسراوە لەگەڵ دروشمی خۆر لە نێوەڕستیدا.

ئەم بڕیارە درا لە دوا کۆبوونەوەی ساڵانە، کە لە لەندەن بەسترا، وەك پەسەندکردنی ئاڵای فەلەستینیو ئوخلستان (ئاڵای سیخو ئەریتیری وەك میللەت) ئە لایەن هەمان ریکخراو، بریاردرا بە جێگیربوونی ئاڵای کوردستان لە هەموو بڵاوکراوەکانی جوگرافیایی سیاسیو لە هەموو لایەکی جیهان بە پێیی ئەم بڕیارە گرنگە، پێکهاتەو پێوەرەکانی ئاڵای نیشتمانیی کوردستان: ئاڵای نیشتمانیی کوردستان بە شێوەی لاکێشەییو لە سێ بەشی ئاسۆی، لاکێشەیی، رەنگاو رەنگیی سوور لە سەرەوە، رەنگی سپی لە ناوەڕاست، رەنگی سەوز لە خوارەوە. خۆر لە نێوەڕاستی رەنگە سپیەکە، بە شێوەی گۆیی یان خر (بازنەیی) رەنگەکەی ئاڵتونی یان زەرد، تیشکی خۆرەکە (٢١) تیشکە، کە مانای (٢١)ی نەورۆزە، کەیەکەم رۆژی ساڵی نوێی کوردییە، لێکدانەوەی بۆ رەنگەکان بە کورتی بەم شیوەیەیە: رەنگی سوور نیشانەی قوربانی دانە بۆ چەسپاندنی ئازادیو وەرگرتنی مافی رەوا. رەنگی سپی واتە ئەم نەتەوەیەنەتەوەیەکی ئاشتیخوازە. رەنگی سەوز واتای جوانی ئەم وڵاتەیە، کە وڵاتێکی کشتوکاڵیو سەوزاییە، خۆر سیمبولی کۆنی کوردە، کە نیشانەی ژیانو رووناکییو وزە بووەو جێگای جوگرافیی کوردستانو رۆژهەلات بووە.

[١٥] سەرچاوەی پانزەهەم




پێوەرەکان:

١ـ ئالاّکە بە شێوەی لاکێشەیە، درێژیو پانی بەم شێوەیەیە: درێژێکەی (سێ لەسەر دووی) پانیی ئالاّکە یان درێژێکەی ئەوەندەوو نیوی پانیەکەیەتی. (سێ یەکە درێژیو دوویەکەپانی) وەك لە کلێشەی یەکەم داهاتووە.

٢ـ هەربەشە لەباری لاکێشەیی رەنگەکان (سوور، سپی، سەوز) لە درێژییو پانیدا یەکسانن.

٣ـ تیشکی خۆرەکە بەم شێوەیە دەبێ: تیشکی نووکتیژ بەرەو کۆتایی راست لە لاتەنیشت، هەردوو تیشك پێچەوانەی یەکترین لەگەلّ بەرامبەرەکانیاندا، ژمارەی تیشکەکان (٢١) تیشك بێ، لە شێوەو قەبارەدا یەکسانن. وەك کلێشەی دووەم.

٤ـ تیرەی گۆی (بازنەیی) خۆرەکە بە تیشکەکانیەوە (١,٠٠) یەك یەکەی پێوانەی (ملم، سم، مەتر) بێ خۆرەکە بە تیشکەکانیەوە بەم شێوەیە دەبێ: وەك کلێشەی سێیەم.

ا– نیو (٠،٥)یەکەی پێوانەی بۆ تیرەی گۆ یان (بازنە)ی خۆرەکە، کە دەکاتە خۆرە، کە بەتەنها.

ب– نیو (٥،٠) یەکەی پێوانەکەی تر بۆ تیشکەکان لەدەرەوەی چێوەی بازنەکە (گۆ) یی خۆرەکە ،واتە تەنها بۆ تیشکەکان،

٥ـ جەقی گۆی خۆرەکە بکەوێتە ناوەڕاستی رەنگە سپیەکەو چەق (مرکز)ی، ناوەڕاستی رووتەختی ئالاکە. وەك کلێشەیچوارەم .

٦ـ تیشکی خۆرەکە وا دادەنرێ لە بەشی سەرەوەیدا، کە ستوونی ئالاّکە تیشکی خۆرەکە لەسەرەوە لەت بکا بیکا بە دوو بەشی یەکسانەوە، لە بەشی خوارەوە ستوونی ئالاّکە گۆشەی تیشکەکان لە خۆرەکەوە لەت بکا، وەك کلێشەی پینجەم.

٧ـ پرشنگ یاخود تیشکەکان بە نێو رەنگی سوور لە سەرەوە، رەنگی سەوز لە خوارەوە بڕوا.

٨ـ بۆیەو رەنگی ئالاّکە ( مەبەست لە کالّو تۆخی رەنگەکان) بەم شێوەیە دەبێ:

رەنگی سوور = PMS 032

رەنگی سەوز = PMS 354

رەنگی زەرد = PMS 116

Matching System

P.M.S= Pantane

سەرچاوەکان:


١ـ میدیا (ئی. م. دیاکۆنۆڤ)، وەرگێرانی لە فارسیەوە بورهان قانع، وەزارەتی رۆشنبیری هونەری–دەزگای رۆشنبیری بلاّوکردنەوەی کوردی، بەغداد.

٢ـ ئاوێستا، جلال ئەمین بەگ، چاپی یەکەم ١٩٩٩ .

٣- چاوپێکەوتنی مامۆستا کریم زەند.

٤- www.kurdish.com Bajan eliasi at( k.w.r.) rofessor M. Izajy .

٥- ناسیونالیزمی کوردی (١٨٨٠-١٩٣٩)، هیوا عەزیزسەعید. - سلیمانی: مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن .ك)، ٢٠٠٣

٦- چیم دی، نوسینی (نوسەرو گەنجینە داری شێخ مەحمود): ئەحمەد خواجە، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم. بەغداد: چاپخانەی شەفیق، ١٩٦٨.

٧- ژیاننامەیمێژوونوسانی کورد، عوسمان سەید قادر، سلیمانی: رێکخراوی بەسالآچوانی جیهانی، ئۆفسی سلیمانی، ٢٠٠١.

٨- کرد، ترك، عرب، (تالیف: س. جی ادمونز، ترجمه الی اللغه العربیه: جرجیس فتح الله، بغداد: دارالعروبەللنشر، ١٩٧١.

٩- دیوانی قانع، چاپیچوارەم، سلیمانی، ٢٠٠١.

١٠- حکومەتی کوردستان =کورد لەگەمەی سۆڤیەتی دا / نەوشیروان مستەفا ئەمین. - چاپیدووەم - هەولێر، ١٩٩٣.

١١- The flag Institute – kurdish flag

# چاوپێکەوتنێ لەگەڵ (سیوران)ی فەیلەسوف

وەرگێڕانی: محێدین مەحمود

(ئیمیل سیوران) لە جیهانی ئەمڕۆدا بە فەیلەسوفێ دادەنرێ، کە پتر لە هەموو فەیلەسوفەکانی تر دەخوێنرێتەوە. لە (ڕۆمانیا) لەدایک بووەو لە ساڵی ١٩٣٧دا لە (پاریس) نیشتەجێ بووە. یەکەم کتێبی (تاوانەکانی نائومێدی)یەو بە زمانی ڕۆمانی نووسیویەتی‌و لە ساڵی ١٩٣٣دا بلاویکردۆتەوە، بابەتەکەی بەرپەرچدانەوەیەکە لە هەموو ئەو واهیمانە، کە مرۆڤێ وەکو پاساوێ بۆ بوونی خۆی چنگیان لێ گیر دەکا. (سیوران) چەندین کتێبی تری داناوە. کە لە نێوانیاندا کتێبی گاڵتەئامێزیشی هەن، وەکو (کێشەی تۆ وەکو لەدایکبوویەك)و (دانپیانان‌و نەفرەت). (بنیامین ئەفری)یش ڕۆژنامەوانێکی گۆڤاری (نیوز ویك)ەو ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵدا ئەم فەیلەسووفەدا ڕێکخستووە: ـ (ئۆجین یونسکو)و (سامۆئیل پێکێت) دێرینترین هاوڕێتن‌و پەیوەندیت لەگەڵیاندا لە هەمووان نزیکترو بە تینتر بوو. لەم بارەیەوە چی لە یادگاریتدا ماوە؟

* لە قۆناغی خوێندنەوە (یونسکو)م ناسی, ئەوەندە سەرقاڵی بیرۆکەی ئایین بوو، هەتا سەر هەر لەو بیرۆکەیە لای نەدا, کەمەندکێشی بیرۆکەی "مردن"یش بوو. کەسێ بوو تووشی نەخۆشیی خەمۆکی ببوو. هونەرەکەی لەم نەخۆشییەوەوە وەرگرتبوو. (پێکێت)یش کەسێ بوو، کە بە هەموو واتاکانی وشە (بەلقان)ی بوو, خۆپارێزییەکەشی بەشێکە لە پەندی بەلقان. کەسێکی گیرۆدەو گرفتار بوو, بەڵام لە کاتێکدا، کە (یونسکو) بە گرفتەکەی خۆی دەتەقیەوە، ئەم دەیتوانی بەسەر گرفتەکەی خۆیدا زاڵ ببێ. *(یونسکۆ)و (پێکێت) لە ئاستی کەسێتییانەوە پێچەوانەی یەکتربوون, (پێکێت) دیاردەیەکی ڕاستەقینەیی بوو، چونکە سەرەڕای بەسەربردنی دەیان ساڵی ژیانی لە (پاریس)، بەڵام ڕێبازە باوەکانی ئەو کاتە نەیانتوانیبوو کاریگەریی خۆیانیان بە کەسێتیی ئەم بەجێبهێڵن. (پێکێت) بینایەك بوو، بە ڕەسەنی مایەوە.

ـ جارێکیان ڕەخنەگرەکان نازناوی مەزنترین پەندیاریان لە سەردەمی (نیچە)وە لە تۆ نابوو. (نیچە) کاتێ گەیشتە قۆناغی شێتبوون، کەوتە پەند نووسین، بەڵام من دوور لە شەکەتی‌و ماندوویی ئەقڵ پەندم نووسیوە. بۆچی لە کاتی ڕوونکردنەوە، یان سەلماندنی بیروباوەڕی مرۆڤدا زۆربەی فەیلەسووفەکان وەڕس دەبن؟ من وا هەست دەکەم ئەمە ڕەفتارێکە شایەنی ڕێزی نییە، من شتێ دەخەمە ڕوو, تۆ ئەگەر بە دڵت بوو، ئەوە شتی چاکە, ئەگەر بە دڵیشت نەبوو ئەوە شتی خراپە. من دوور لە وەڕسبوونم، بۆ هەر شتێ پەند بێ دەنووسم. چونکە (پەندیاری) دوا بەرهەمی بیرۆکەکانەو من بە پێچەوانەی ئەو پرۆفیسۆرەوەم، کە نەخشە بۆ شتەکان دادەنێ. چونکە نەخشە بۆ شت دانانم پێخۆش نییە.

ـ تۆ بەوە ناسراوی، کە مۆسیقای (باخ)ت زۆر خۆشدەوێ؟

* مۆسیقای (باخ) تاکە شتێکە، کە واتا بە ژیان‌و بەردەوامبوونی دەدا. دیارە کارێکی چاکە بزانین ئێمە دەتوانین لەسەر خواستی خۆمان‌و کەی ئارەزوومان کرد کۆتایی بە ژیانی خۆمان بهێنین.

بەر لە (مەسیحیەت) خۆکوشتن ڕەفتارێکی شارستانیانەی بەرز بوو، ئەوەی وا لە ژیان دەکا، کە مەحاڵ نەبێ، ئەو بیرۆکەیەیە، کە ئێمە هەمیشە دەتوانین لە دەستی ژیان هەڵبێین، خۆکوشتن لە ژیاندا تاکە ڕەفتارێکی ئازادو ڕاستەقینەیە.

ـ خەڵات‌و ڕێزلێنانەکانت ڕەت کردووەتەوەو پێت باش بوو لە ماڵەکەی خۆتدا لە شەشەم نهۆمدا بمێنیتەوە؟

* پزیشکەکەم پێی وتم، مانەوەم لە ژیاندا هەتا ئەم تەمەنەم بۆ ئەو پێپلیکانە دەگەڕێتەوە. هۆگری مۆسیقای (تانگۆ)م‌و ئەمە خاڵی لاوازیمە. جارێکیان بۆ بینینی نمایشێکی (تانگۆ)ی ئەرجەنتینی چووبووم، لە ماوەی پشوودا پارچە کاغەزێکم بۆ دەرهێنەرەکە نارد، کە تیایدا داوای مۆسیقایەکی خەم ئامێزم کرد، چونکە بە شێوازێکی ناقۆڵا (تانگۆ)کەیان پێشکەش دەکرد، لەو کاتەی یەکەمی جار بوو سەمای (تانگۆ) بکەم, (تانگۆ)کەم زۆرا لا قووڵترو وردتر نەخشا. (تانگۆ)ی ئەرجەنتینی دوا ڕۆح‌و سۆزی منە.

**- تۆ وەک نووسەریّ جاران رات لەگەڵ بوونی ئەدەبی کرێکاریدا هەبوو، ئایا ئێستایش هەمان رات هەیەو هەر وا دەڕوانییتە ئەدەب؟**

- من نەک رام لە ئەدەبی کرێکاری هەبوو، بەڵکو مورەویجو هاندەری ئەو جۆرە تەوژمە ئەدەبییە بووم. گەر لێم قبووڵ بکریّ، بە دامەزرێنەری ئەو تەوژمە، بە تایبەت لە کوردستانو لە شاری سلەیمانیدا، ناسراوم. زۆرم لە تەمەنی خۆمم بۆ تەرخان کرد. وەک فینلەندییەکان دەڵێن ژیان هەمیشە لە گۆڕاندایە، دیارە من هەنووکە لە ژێر کاریگەریی کلتووری رۆژئاواییدا گۆڕانێکم لە دنیابینیی خۆمدا کردووە. بۆیە ئاساییە هەمان رەئم نەبیّ. هەوڵ دەدەم لە وەڵامی پرسیارەکانی دیدا زیاتر تیشک بخەمەسەر ئەو گۆڕانە.

**- چۆن دەڕوانیتە ئەدەبی ئیشتراکی؟**

- کە دەوتریّ ئەدەبی کرێکاری، ئەویش وەک هەر دیاریدەیەکی دی لە دیدو بۆچوونی جۆراوجۆر بێبەش نییە. ئەدەبی کرێکاری هەمەگیرو بەرفرەوانترە، دەکریّ ئەدەبی سۆسیالیستی لقێکی یان بەشێکی نێو ئەو تەرزە ئەدەبییە بیّ. ئێرە شوێنی چوونە نێو ئەو جەدەلەوە نییە، راماندەکێشێتە نێو قسەو باسیّ تا ئێستا بە کۆتایی خۆی نەگەیشتووەو*لەو براویەدام ناشگا. بەڵام ناکری بڵێن ئەو ئەدەبە خاڵی شوناسو ناسینەوەی نییە. هێندەی لە ئەدەبی سۆشیالیستی گەیشتبێتم؛ هێڵێکی رادیکاڵی نێو رێبازی ئەدەبی کرێکارییە.

**- پێت وا نییە مارکسیزم کارێکی بۆ کورد نەکردووە؟**

- مارکسیزم، وەک هەر رێبازێکی دی، ئەویش ناکریّ بڵێین خزمەتیّ، یان کاریکی بۆ کورد نەکردووە! خۆشو ترشمان بویّ، ئیتر لە هەر شوێنێکەوە هاتبیّ، گرنگ ئەوەیە بەشێک لە خەڵکی لایەنگری لێدەکەنو خەباتو گیانفیدایيان بۆ کردووەو دەیکەن، مێژووو رابەرانی خۆی درووستکردووەو هەیە. مۆری داوە لە کۆمەڵگای کوردی، بۆیە خۆلێبوردنی کاریکی نادرووستە. هەر دیاریدەیەکیش بۆ خۆی سوودو قازانجو زیان، کاریگەری لەسەر کۆمەڵگاکان رێژەییە، نادرووستە بڵێین ئەمەیان لەوی دیان سوودمەندتر بووە.



**- لەویّ چۆن دەڕوانن شیعر؟**

- لێم بوورە، وەڵامی ئەو پرسیارە لای من هەرچی بیّ، نادرووستە. چەند فاکتەر بۆتە هۆی بێئاگاییم لەو ژانەرە ئەدەبییە لە فینلاند.

- ئەدەبی کرێکاری بایەخێکی وەهای لەوێدا هەیە؟

- هەر وەک وەڵامی پێشوو، بێئاگام. بەڵام هێندە هەیە فینلاند ماوەیەکی زۆر لە ژێر چەکمەی رووسەکاندا بووە. ماوەیەکی زۆریش رابەری بەلشفیکەکانی رووسیا (لینین) لە یەکی لە شارەکانی فینلاند بە ناوی (تامپێرێ Tampere) مەخفی بووە، ئێستا ئەو شوێنە کراوەتە مۆزەخانە بۆی. لەساڵی ١٩١٧ ئەو کاتەی (لینین) لەسەر حوکم بوو، فینلاند ئازاد بووە. سنوورێکی زۆری بە رووسیاوە هەیە. بۆیە زۆر ئاساییە لە سەردەمە جیاوازەکاندا کەڵچەری رووسی کاریگەریی لەسەر فینلەندییەکان هەبووبێ. گەر ئەو کات کاریگەرییەکە گەورە بووبێ، ئەوا لە ئێستادا بێگومان کەمترو کاڵترە.

- **چۆن سەیری بیری نەتەوەیی دەکەی؟ ئەگەر گۆڕانکارییەک هەبێ دیارە لە خیلالی ئیحتکاکی ئێوەوەیە بە رۆژئاواوە، تەعلیقت لەسەر ئەمە چییە؟**

- من بۆ خۆم قۆناغێکی زۆر لە ژیانم وەک کەسێکی مارکسی بیری نەتەوەییم بە لاوە گرنگ نەبووە، تا رادەیەک دژی بووم. هەرچەندە لە چاو خەڵکانی هاورێبازمدا رەگی ناسۆنالیستیم کەمێ تێدابووەو زۆر بە قورسو گران نەمگرتبوو. چوونم بۆ ئەورووپا وەرچەرخانێکی گرنگ بوو، نەک لە مەسەلەی نەتەوایەتیدا، بەڵکو لە هەموو کایەکانی تری ژیاندا، گۆڕانم بەسەردا هات. ئەمە مانای ئەوە نییە ئێستا بووبێتمە کوردێکی توندڕەوی غەیری خۆمان کەسی دی نەبینم. هەموو جۆرە توندڕەوییەک جێی پەسەندم نییە. من ژیان ئێستا لە جاران جوانو هەمەرەنگتر دەبینم. ئەوکات خۆم لە قاڵب دابوو، وەک ئەوە وابووم لە سندوقێکدا بم، گەر دروست بێ رۆبۆت ئاسا دەجووڵامەوە. ژیان ئەوە ناخوازێ.

- **ئێستا چۆن سەیری ئاین دەکەی؟**

- توندڕەویم لە بەرانبەر ئایینو ئەنتی ئایینی بوونم بە پلەی یەکەم بۆ بیری ئایدۆلۆژی مارکسیزمو پلەی دووەم ناسیۆنالیستیم دەگەڕایەوە. لەو پێناوەدا گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان خەریک بوو تیرۆرمان بکەن. تێڕوانینم بۆ ئایین وەک هەر ئایدۆلۆژیایەک ئەوەیە، کە دەکرێ لایەنی جوانو باش و مرۆڤانەی تیا بدۆزینەوەو هەبێ، لەسەر بناغەی ئەوەی لە دنیاو ژیاندا شتێ نییە لە سەدا سەدیو رەها بێ. هەر دیاردە هەر مرۆڤێ دەبینی بەشێکی جوانو بەشیکی ناشیرینە، بەشێکی تەواو بەشێکی ناتەواو. بەشێ راستی لا هەیە. جا ئەو حاڵەتە، یان ئەو بینینە لە کەسێکەوە بۆ کەسیکی دی دەگۆڕێو رێژەکەی بەرزو نزم دەبێتەوە. مەرج نییە لای من جوان بوو لای خەڵکی دی هەروا بێ. هەر دیاردەیەک ناکرێ تاک رەهەندی بێ، یان ناکرێ یەک مۆتیڤ پێ ببەخشێ! بۆیە ئێستا بە هەناسەیەکی دییەوە کار دەکەم. شتەکان بە کاڵتر دەبینم. تایبەتمەندییەتی کێشەی ئایین لەم سەردەمەدا؛ هاوکێشەو ململانێ سیاسییەکانی ناوچەکە خولقاندوویەتی، ئەگینا نەیاندەتوانی کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگا دابنێن! بۆیە دەبێ دەستو پەنجەی لەگەڵ ئەو رەوشەدا نەرم بکەین. لە وڵاتانی شەرقی ئیستبدادیدا هەمیشە ئایین وەک پاڵپشتێکی ئایدیۆلۆژی بۆ دەسەلات کاری کردووەو لە خزمەتیدا بووە، بە بست لێی جیانەبۆتەوە، هەموو ناشیرینییەکانی بە پەردەیەک داپۆشیووە. بۆیە، ئەگەر ئایین لایەنی جوانیشی تیابووبێ، یان تیابێ، بێگومان رێژەیەکی کەمی تیا دەبینرێ. ئەوا بەشێ لە خەڵکی لە رقاندا نەیانبینیوەو هەستیان پێ نەکردووە، بۆیە بە نەعلەتیان کردووە!

- **چالاکیی نوێ؟**

- چالاکی شتیکی ئەوتۆ نییە. من بۆ خۆم زۆر هەوڵمدا لە بواری ئەلکترۆناتدا بخوێنم، ببمە شتێ، بەڵام سەرکەوتوو نەبووم. خۆ بە خود لە چەند بەشیکی ئەو بوارەدا، ئێستا کەمێ شارەزا بووم. بە گوێرەی توانا مێژووی رەوەندی کوردیم تۆمار کردووە، هەرچی سیمینارو بۆنەیەک ئاگام لێبووبێ، وەک رۆژنامەنووسێ کردووومە بە راپۆرتو لە ماڵپەرەکانو رۆژنامەکاندا بڵاومکردوونەتەوە. سەرپەرشتی ئەم ماڵپەرە ئەنتەرنێتیانە دەکەم:

http://www.kall.tk ئەمیان تایبەتە بە بابەتە کۆنو نوێکانی خۆم. بەشێکیشی گشتییە، بۆ دووبارەکردنەوەی ئەو بابەتانەی، کە لەگەڵ ئێستای بیرکردنەوەم دەگونجێو دێتەوە. سەردانیکەرانیکی باشی هەیە.

http://www.edu.lahti.fi/~kurdi

ئەمەیان پەروەردەییە. لەبەر ئەوەی بۆ ماوەی پێنج ساڵ دەبێ مامۆستای وانەی زمانی دایکم، بۆ منداڵانی کورد. بۆ کاروباری تایبەت بەو کارەوە ئەو ماڵپەڕەم هاتۆتە دروستکردن. لەوەتی چوومەتە ئەورووپا، لەجیاتیی گۆڤارو کتێبو ڕۆژنامە، دیسکو فلاشو سی دی بەکاردەهێنم. رووی خوێندنەوەم گۆڕاوە بۆ سەر شاشەی کۆمپیوتەر. کەمێکیش لام لە ئەدەب کردۆتەوە. کاتێکی زۆرم بۆ نووسینەوەی بەرهەمە کۆنەکانم تەرخانکردووە. وەک نوێنەری کورد، خۆبەخشانە لە شارەکەماندا بۆ ماوەی چوار ساڵ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری مولتی کولتووری (یانەی ڕۆشنبیری بێگانەکان) بووم، کە سەر بە شارەوانییە. وەک خزمەتگوزارییەکی فەرمانگەی ناوبراو، سێ ساڵ زیاترە، هەفتانە ڕۆژنامەکانی کوردستانی وەک هاوڵاتیو جەماوەرو هەواڵو باسەرەو میدیاو ئاسۆو چاپو پرێنت دەکەمو بۆ خوێندنەوە دادەنێم. ئەوەیش لەوەوە هات، کە زۆر لە نەتەوەکان ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی هەیە، پێشنیارم کرد، یان ئەوەتا ڕۆژنامە، یان گۆڤارێ بۆ ئێمەش دابین بکەنو بکڕن، سەرئەنجام ڕێگایاندا خۆمان لەسەر مەسرەفی ئەوان، هەفتانە ئەو کارە ئەنجام بدەین.




**خوێندنەوەی کتێب:**

**فەرەیدون پێنجوێنی ئامادەی کردووە:**

**(١)**

## رۆمانی سیاسی
## (راپۆرتی میلیس) وەك نموونە

**ناوی کتێب: راپۆرتی میلیس**

**بابەت: رۆمان**

**ناوی نووسەر: رەبیع جابر**

**خوێندنەوە: شەوقی بزیغ**

(راپۆرتی میلیس) دوایین رۆمانی (رەبیع جابر)ە. خوێنەر، کە دەست بۆ ئەم رۆمانە دەبا، یەکسەر هەست بە سەرسوڕمان دەکا، لەبەر دوو هۆ: یەکەم: پەیوەندیی بە فرەبەرهەمیی ئەم نووسەرەوە هەیە، کە تا ئێستا، سەرەڕای ئەوەی تا رادەیەك کەم تەمەنە، سیانزە رۆمانی بڵاوکردۆتەوە. دووەم: پەیوەندیی بە توانای ئەوەوە هەیە لە قۆستنەوەو بەکارهێنانی رووداوی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا بە جۆرێ، کە رووداوەکە لە هەنووکەییبوون دەرباز دەکاو دەیکاتە خاوەنی روانگەو رەهەندی مرۆڤایەتییانەی پڕ واتا.

ئەم رۆمانە نوێیە دەبێ هەر بمانگەڕێنێتەوە لای هەندێ لە بەرهەمەکانی پێشوتری، وەك: (دوایین ماڵ)، کە بە مردنی سینەماکاری لوبنانی (مارون بەغداد) دەست پێدەکا، (مارۆن لە بەیرووت, لەو خانووەی، کە ژیانی تیادا دەگوزەراند, کەوتە خوارەوەو مردووە.) یاخود رۆمانی (رالف رزق الله لە ئاوێنەدا)، کە ئەمیش بە رووداوی خۆکوشتنەکەی مامۆستای زانکۆ (رالف رزق الله) لە نێوەڕاستی نەوەتەکانی سەدەی رابوردوو دەست پێدەکا.

لەوانەیە هەندێ لە خوێنەران هەر لە خوێندنەوەی ناونیشانی رۆمانەکەی ئەم دواییەی ئەم نووسەرە بکەونە تەقەو بەدبینی بیانگرێ, چونکە بەرهەمێکە رووداوەکانی نێوی لە نێو ئەم قۆناغە ناسکەی (لوبنان)دا دێنو دەچن. تیرۆرکردنی رەفیق حەریریو راپۆرتی (میلیس)، کە بۆ لوبنان شارەگو چرکەساتی یەکلاییکەرەوەیەو سەر لە بەری ژیانی وڵاتێ بە دەوری ئەو چرکەساتەدا دەخولێتەوە. وڵاتێ، کە دەستبەرداری نوێکردنەوەی تراژیدیاکانو شەڕە ناوخۆییەکانی نابێو دەستیان لێ هەڵناگرێ.

ئەم بەدبینییەی خوێنەر پەیوەندیی بە بەرهەمی خودی ئەم نووسەرەوە نییە, چونکە ئەم بەوە ناسراوە، کە نووسەرێکی جدییەو خوێندنەوەی قووڵی هەیە بۆ داکەوت. نەك هەر ئەوە, بەڵکو پەیوەندیشی بە ئاشنایی خوێنەرانەوە هەیە لەگەڵ هەندێ لەو بەرهەمانەدا، کە بە پەلەپڕوزێ دەنووسرێنو مەبەستی خاوەنەکانیان ئەوەیە دەستو برد قازانجێ لە رووداوە هەنووکەییە گەرمو گوڕکانو مەرگی ناوادەی خەڵکانێکی دیارو ناسراو بکەن. جگە لەوە، کەس نییە یەکسەرو کتوپڕ بە خەیاڵیدا بێ، کە (راپۆرتی میلیس)، سەرەڕای بابەخە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکەی, بابەتێکی گونجاوەو دەست بۆ بابەتی رۆمانو ئەدەبیش دەدا. بەڵام ئەم ترسو دڵەڕاوکێیەی خوێنەر، هەر خێرا لەگەڵ دەستکردن بە خوێندنەوەی رۆمانەکە، بەرەبەرە دەڕەوێتەوە. لەگەڵ تەواوکردنی رۆمانەکەشدا بە یەکجاری کۆتایی دێ, چونکە دواجار بۆمان دەردەکەوێ، کە ناونانی رۆمانەکە بە (راپۆرتی میلیس) بەهانەیەکی نووسەر بووە بۆ تەواوکردنی پرۆژە رۆماننوسیەکەیو هیچی تر، کە بەشی یەکەمیانی بە (بەیرووت شاری جیهان) دەست پێکردووەو پاشان لە بەشی دووەمدا تەواوی کردووە. لە نێوانیشیاندا رۆمانی سێیەمی بڵاوکردۆتەوە بە ناونیشانی (بیریتوس, شارێك لە بن زەویدا).

کەواتە ناکرێ (راپۆرتی میلیس) بەو جۆرەی، کە (رەبیع جابر) وێنەی کردووە، لە وێنەکردنەکانی تری نووسەر بۆ (بەیرووت)ی سەدەی نۆزدە جیابکەینەوەو بە تەنیا بیخوێننەوە.

لە تێکڕای زنجیرە رۆمانە بەردەوامەکانی (جابر)دا، کردەی نووسین بریتی بووە لە خۆشەویستییەکی راستەقینە بۆ (بەیرووت)، ئەو شارە مرواری ئاسایەی، کە لەسەر هێڵی بوومەلەرزە سرووشتییەکان هەڵکەوتووەو کەوتوویشەتە سەر هێڵی بوومەلەرزە سیاسییەکان، کە لەبوومەلەرزە سرووشتیەکان کەم مەترسیتر نییە.

(رەبیع جابر) لە (راپۆرتی میلیس)دا، وەك كۆی رۆمانەکانی تری، کاری لەسەر هێڵی کاتو شوێن کردووە. شوێن (بەیروت)ە، (بەیروت)ی دابەشکراو بەسەر کاولکردنو بنیاتنانەوەدا، دابەشکراو بەسەر (بەگوندکردن)و (بەجیهانی کردندا، دابەشکراو بەسەر دەنگەکانی کۆنو بانگەشەکانی مۆدێرنیزمدا. بەڵام کات تەنها ساتی تیرۆرکردنی رەفیق حەریرییەوە پەیوەستە، بە تایبەتیّ چەند هەفتەی بەر لەگەڵاکردنی راپۆرتی میلیس، کە تیایدا لوبنانییەکان بە تەواوی هەناسەی خۆیانیان راگرتبووو چاوەڕوانییان دەکێشا.

ئەوجا لەبەر ئەوەی برواری روداوەکان دەگەڕێتەوە بۆ چەند هەفتەیەکی نزیکی لەوەوبەر, ئیدی ئەوەندە هەست بە تازەییو نزیکی کاتی رووادانی رۆمانەکە دەکەین، کە بە تەواوی لە نامۆیی دووری دەخاتەوەو دەیکا بەسەربوردەیەکی راستەقینەی وەها، کە هێشتا ئاونگەکەی بەسەر ژیانمانەوە وشك نەبووەتەوە. هەروەها بە جۆرێ دەمانخات چاوەڕوانیی راپۆرتەکەی (میلیس)ەوە، وەك ئەوەی سەر لە بەری بوونمان بەسترابێتەوە بەم لاپەڕانەوە، کە (میلیس)ی قازیی ئەڵمانی خەریکی ئامادەکردنیەتی.

لەگەڵ ئەوەشدا خودی ئەم راپۆرتە ئەوەندە ناوی ناهێنرێ لە رۆمانەکەدا، تەنها بایی ئەوە نەبێ، کە یارمەتیی درووستکردنی زەمینەو کەشو هەواو ریزبەستنی رۆژانەو لەسەرخۆیی رووداوەکان بدا، چونکە (جابر) بە هۆی دەوڵەمەندیو کارایی خۆیەوە لە بواری رۆماننووسیدا, ئامادە نییە خودی راپۆرتەکە بکاتە بنەمای گێڕانەوە، یاخود بیکاتە سەکۆی رووداوەکان، بەڵکو تەنها گوزەرێکی بەسەردا دەکا ئەویش بۆ ئەوەی وێنەیەکی شارە نیگەرانەکەمان، کە (بەیرووت)ە، بۆ بکێشێ، کە سەرەڕای سەختیو نارەحەتیی ئەو مەرگەی بەردەوام هەڕەشەی لێ دەکاو چۆکی داداوەتە سەرسنگی, کەچی هێشتا هەر بە هیواو ئاواتەوە دەژی. لەوانەیە هەڵبژاردنی وێنەی سەر بەرگی کتێبەکەشی، کە بریتییە لە وێنەی ژمارەیەك تاوەرو بینای بەرز لە سەروەختی درووستکردنو بنیاتناندا, هەروا بەڕێکەوت نەبووبێو لە خزمەتی خودی رۆمانەکەو دەلالەتە رەمزیەکانیدا بووبێ.

جگە لەوە هەڵبژاردنی (سەمعان یارد) وەك کاراکتەری سەرەکیی رۆمانەکە, کە کەسایەتییەکی تێکەڵ لە ئەرەستۆکراتیەتو تەکنۆکراتیەتە, دیسانەوە بە رێکەوت نەبووە، بەڵکو بۆ ئەوە بووە بکەوێتە ناوجەرگەی پرۆژە (رۆمان)ەکەوە، کە سێرەی لە وەرچەرخانەکانی (بەیرووت)و پاشەکشەی توێژە ئەرستۆکراتیەکەی نێوی گرتووە. (بەیرووت) بە کۆشکە مۆدێرنەکانیەوەو بە فەرهەنگە تایبەتیەکەیەوە لە بەردەم هاشاوڵی جیهانگیریو یاساکانی قازانجی خێراو پاشانیش تا وەرە بەرزەکانو کۆمەڵگە بازرگانیە گەورەو گرانەکاندا. "ئەوەتا تەمەنم چل ساڵەو تا ئێستا لە ژیانمدا هیچم بە هیچ نەکردووە. سەمعان یارد تێدەفکرێ! هەست بە قورساییو سەختیەکی نارۆشن دەکا لەسەر سینەیی ئەم بیرو رایانە، ئەم هەستو نەستانە، گوژم دێنو پاشان پاشەکشە دەکەن. لەم سەر وەختانەی دوایدا، پاشان ریزبەستی تەقینەوەکانو سەرهەڵدانەوەی گرژیو ئاڵۆزی لە وڵاتدا، نێو بە نێو ترسو بیمێکی نارۆشن دڵو دەرونی دادەگرێ."

ئەم پەرەگرافە، کە لە بەرایی رۆمانەکەدا هاتووە, زەمینەسازی بۆ زربەی هەرە زۆری رووداوەکانی پاش خۆی دەکا.

لەم رۆمانەدا (سمعان یارد) کاراکتەری سەرەکیی نێو رۆمانەکە کوری تاقانەی خێزانێکە، کە جگە لە خۆی لە سێ خوشك پێکهاتوە: (ماری)، کە لەگەڵ مێردەکەیو چوار منداڵەکەیدا پێکەوە لە (باڵتیمۆر) ژیان بەسەر دەبەن، (ئیمیلی)، کە لەگەڵ خێزانێکدا لە پاریس دەژیو کاری وەرگێڕە لە رێکخراوی یونسکۆ، (جۆزفین)، کە لە ساڵی ١٩٨٣دا لە (هێڵی تەماس)دا رفێندراو کوژرا، بەڵام لە پشت گۆڕەکەیەوە بەشداریی ئەم رۆمانە پڕ لە فەنتازیایە دەکا.

(سەمعان) لە خانووی بنەماڵەکەیادا دەژی لە (ئەشرەفیە)و بەڕێوەبەری کۆمپانیای (یارد، بۆ کاروباری ئەندازیاریو نەخشەسازی)ە، کە لە نهۆمی سێیەمی ئەپارتمانتی (ئیسترالّ)دایە لە نێو جەرگەی ناوچە بازرگانیەکەی (بەیرووت).

ڕێگای نێوان ماڵەکەی (سەمعان)و ئۆفیسی کارەکەی، شوێنێکی سەرەکی پێکدێنێ لە ڕۆمانی (ڕاپۆرتی میلیس)دا.

ماڵەکەی (سەمعان) نزیکی زانکۆی یەسوعییە، ئۆفیسی کارەکەیشی لە نێو جەرگەی ناوچە بازرگانیەکەی شاردایەو، وا بە پاڵ چەندین چێشتخانەو گازینۆو (نایت کلّاپ)ەوەیە.

واتە هێشتاکە ناوجەرگەی (بەیرووت) یاخود بڵێین سنووری کۆنەکەی شارەوانی (بەیرووت)، بە وەرچەرخانە مێژووییەکانیشیەوە چ ئەوەی کە رووخاوە, چ ئەوەی، کە دروستکراوەو بنیاتنراوە، چ ئەوەی، کە چاکسازی تێداکراوەو پۆشتەو پەرداخ کراوەتەوە, مایەی سەرقاڵیو رامانی (رەبیع جابر)ی نووسەری ئەم ڕۆمانەیە، کە لە یەك کاتدا لێوانلێوە لە خۆشەویستی شارەکەیو لێوانلێویشە لە لاواندنەوە بۆ شارەکەی.

(سەمعان) دەتوانێ وەکو جووتە خوشکەکەی (ماریو ئیمیلی) (بەیرووت) بەجێ بهێڵێ، چونکە ئەو نە لە پارەی کەمەو نە پیاوێکی دەستو پێ سپیو نەکردەیشە، بەلام بەڵێنی داوە دەستبەرداری ئەو شوێنو جێگایانە نەبێ، کە یادەوەریی لا پێکهێناوەو بوونەتە سەرچاوەی سۆزو هیواو ئومێدەکانی. هەروەها بەڵێنی داوە، وەکو زۆرێ لە لوبنانیەکان, دوایین بڕیاری خۆی بە (ڕاپۆرتەکەی میلیس)و ئەو دەرەنجامەی، کە لێی دەکەوێتەوە ببەستێتەوە. ئیتر ئاشتییەکی یەکجارەکی بێ، یاخود شەڕێکی ماڵوێرانکەر.

ئەگەرچی ڕۆمانەکە بە دوای تیرۆرکردنی (حەریری)شەوە هێشتا هەر لێوانلێوە لە تەقینەوەو تیرۆرو تیرۆرکاری، لەوانە: تیرۆرکردنی سەمیر قەصیرو جۆرج حاوی، بەلام سەمعان یارد هەوڵ دەدا دڵخۆشیی خۆی بە ئیشەکەیو وەرزشە ڕۆژانەییەکانی: ڕێکردن، مەلە، یاخود بە خوودانە ژنان بداتەوە، کە چەندین ئاماژە لە ڕۆمانەکەدا هەن فرەیی پەیوەندییە سێکسیو سۆزداریەکانی دەردەخەن، بەلام پەیوەندیی هەرە گرنگی سەمعان ئەوە دەبێ، کە لەگەڵ (سیسیلیا)دا هەیبووە. (سیسیلیا)ش بەش بە حاڵی خۆی، بە هۆی کوژرانی کوڕە هاوڕێکەیەوە، بەردەوام مۆتەکە وا بە شوێنیەوەو دەستبەرداری نابێ! باقی پەیوەندیەکانی تری سەمعان، بە یەکجاری لەگەڵ سەرهەڵگرتنی یەکجارەکی (یارا)ی هاوڕێیو هەرەسهێنانی پەیوەندیی نێوان خۆیو (لیلیان) دەڕەوێتەوەو کۆتایی دێ. بەلام ئەوەی، کە سەمعان بڕیاری خۆ ڕاگری دەدا، بەس نییە بۆ ئەوەی بیپارێزێو دووری لە تواناییو ناساغیەکانی دڵی دووی بخاتەوە، یاخود شارەکەی بپارێزێ لە ترسو بیمو خەڵکی شارەکەی وا لێ بکا ترسیان لە چارەنووسی خۆیان نەبێ، کە سەرلەبەری ئەم چارەنووسەیان بەستۆتەوە بە ڕاپۆرتی کابرایەکی ڕۆژئاواییەوە.

کەواتە هەڵەکە (بە بۆچوونی نووسەر) لە هەڵەکارانەوە نییە، بەڵکو لە جوگرافیاو مێژوودایە، لە جێو شوێنی شارەکەدایە، کە کەوتۆتە نێوان بەهەشتو دۆزەخەوە: "لەوانەیە هەڵە لە تۆوە نەبێ, لەوانەیە تۆ لە سەعاتێکی شوومدا لەدایك بووبی، شار ماوەیەك دەژیو ماوەو دوا هەرەس دێنێ، ماڵ چەند دەیەیەك دەژیو پاشان دادەڕوخێ، شاریش بە هەمان شێوە دادەڕوخێ. گرفتی تۆ لەوەدایە لە چرکەساتێکدا لەدایکبووی، کە ئاخری ماڵەکەی تێدا دەڕوخێ. گەڕەکە ئەرستۆکراتیەکەش لەرەلەرێتی، گوزەرەکانی زەمەن توندو تیژن، ئیتر چۆن چیرۆکێ بۆ ژیانت وەدۆزی تۆ، کە لەم شارەدایو لەم سەعاتەدا؟ (بەیرووت) چاوەڕوانی شتێکە، کە تۆ لێی بێئاگایو تۆش وایت بە حەواوە."

ئەم پەرەگرافە، گفتوگۆیەکی ژێر لێوی سەمعان نییە لەگەڵ خۆیداو لە زمانی ئەوەوە نەگوتراوە، بەڵکو لە زمانی جۆزفینەوە دەربڕاوە، کە یەك لەسەر یەك لە پشت گۆڕەکەیەوە ئاماژە ڕەوانەی لای برا نەخۆشەکەی دەکا. (سەمعان نەخۆشیی دڵی لەگەڵدایەو بەردەوامیش خۆی لە فەحسەکانی دەدزێتەوە).

جۆزفین سەرەڕای ئەوەی، کە بیست ساڵ لەوەوبەر بەدەستی میلیشیا چەکدارەکان کوژراوە، کتوپڕ دێتە نێو ڕۆمانەکەوەو ئاماژەکانی خۆی لە ڕێی پەیوەندیگەلێکی نارۆشنو کەموکورتو ژمارە شێواوەوە، ڕەوانەی مۆبایلی براکەی دەکا.

بەم جۆرە نووسەر جارێکی تر (بەیروت) دەکاتەوە بە دوو بەشەوە: نیوەی بەسەر خاکەوەو نیوەکەی تری لە ژێر خاکدا.

نیوەی یەکەم لە (بەیروت شاری جیهان)دا خۆ دەردەخاو نیوەکەی تر لە (بیریتوس، شارێ لە بن زەویدا).. ڕۆمانی ڕاپۆرتی میلیس, بەش لەدوای بەش, هەردوو جیهانەکە بەڕووی یەکتردا ئاوەڵا دەکا، بە جۆرێ، کە واقع لەگەڵ فەنتازیاو, حەقیقەت لەگەڵ خورافەو بینراو لەگەڵ

نەبینراو بە تەواوی‌و بە بێ هیچ زۆرلێکردنێ دەئاڵێنە یەکتر، بە بێ ئەوەی ئێمەی خوێنەر هەست بە بوونی شتێکی وەها بکەین، کە جیهانی زیندووان‌و جیهانی مردووان لە یەکتر جیابکاتەوە.

رۆمانی راپۆرتی میلیس باسی جرجێکی گەورەی تێدا هاتووە، کە لە ماڵێکدایە، بەڵام ئەم جرجە رەهەندە راستەقینەکەی خۆی بزر دەکاو دەبێتە خاوەنی رەهەندێکی مەجازی.. جرجێکی تریش هەیە، کە چەند دەیە جارێ دەپەرێتە رەحمی شارو شار سکی پێ پڕ دەبێ، ئەم جرجەیان لەسەر خوێنی کوژراوان‌و قوربانیانی شەرە ناوخۆییەکان دەلەوەڕێ‌و دەخوا.

رەبیع جابر لەم رۆمانەیدا ئەو رووبارە ئەفسانەییە دێنێتەوە ناو ناوان‌و رێزو شکۆی بۆ دەگێڕێتەوە، کە بە پێی ئەفسانە یۆنانیەکە جیهانی زیندووان‌و جیهانی مردووان لە یەکتر جیادەکاتەوە.. ئەو رووبارە ئەفسانەییەی، کە بۆ پەڕینەوە لە بەرزەخ‌و پێچانەوەی رێگەی نێوان دوو جیهانەکە (بەهەشت‌و دۆزەخ) دەبێ هەر لەوێوە رەت ببێ.

لە (راپۆرتی میلیس)دا، هەروەك چۆن زیندووەکان لە پێناوی زیندوو هێشتنەوەی یادەوەریەکانیاندا خۆ بە نووسینەوەی یادداشتەکانیانەوە سەرقاڵ دەکەن، مردووەکانیش بە هەمان شێوە سەرقاڵی هەمان کارن: رەفیق (حەریری) پاش تەقاندنەوەی کاروانەکەی سەرقاڵی نووسینی تێبینی‌و خوێندنەوەی دۆسیەی ئەو بیست شەهیدەیە، کە پێکەوە لەگەڵ ئەمدا کوژرا، ئەمەش پاش ئەوەی، کە سەمعان یارد کتوپڕ جەڵتەی دڵ لێی دەداو دەیکوژێ‌و هیچ بوارێکی دەربازبوونی لە بەردەمدا ناهێڵێتەوەو دەیکوژێ.

ئەم دوو پیاوە (حەریری‌و سەمعان یارد) هەردووکیان بە هۆی خۆشەویستییانەوە بۆ شارەکەیان‌و بە دەم ئارەزووی بنیاتنانەوەی شارەکەیانەوە گیانیان سپارد.

بە هەرحاڵ، ژیان مۆڵەتی سەمعان یارد نادا چاوێ بە (راپۆرتەکەی میلیس)دا بخشێنێ، کە سەرلەبەری هیواکانی خۆیی پێوە بەستبۆوە، بەڵکو رێك چەند سەعاتێ بەر لە دەرچوونی راپۆرتەکە مەرگ یەخەی پێ دەگرێ‌و شار بە چارەنووسی نادیاری خۆی دەسپێرێ. ئێمەش بە بە کاروانەکە دەسپێرێ.

٧

ژمارە ٣٨ ی ٢٠٠٦

## (٢)
## (ئەو ڕێگایانەی دەچنەوە سەر مۆدێرنیزم)
### لە نووسینی: گێرترۆد هیمیل گاری

توێژەری ئەمریکایی خاتوو (گێرترۆد هیمیل گاری)، کە لە ساڵی ١٩٧٨ەوە مامۆستای زانستی مێژووە لە زانکۆی نیویۆرک, نووسەری ئەم کتێبەیەتی (ئەو ڕێگایانەی دەچنەوە سەر مۆدێرنیزم).

ئەم نووسەرە ساڵی ١٩٩١ بۆتە مامۆستای لێکۆڵینەوە مرۆڤایەتییەکان، کە ئەمە بەرزترین کورسیی ئاکادیمییە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

ئەم ژنە نووسەرە، کە خەڵاتێکی گەورەی لەسەر بەرهەمەکانی وەرگرتووە، لەم کتێبەیدا باس لە چۆنیەتیی سەرهەڵدانی مۆدێرنیزم لە ڕۆژئاوا (ئەورووپاو ئەمریکا)دا دەکا. هەر لە چاخی ڕۆشنگەرییەوە تا ئەمڕۆ.

لە کتێبەکەیدا دەڵێ: "هەندێ نووسەر چاخی ڕۆشنگەری ئەوەندە بە پیرۆز دەزانن، کە ڕێ نادەن ڕەخنەی لێبگیرێ، گوایە چاخێکی بێگەردو بێگوناهە. کەچی هەندێکی تر ستەمکارانە هەڵمەتی توندی دەبەنە سەر ئەم چاخی ڕۆشنگەرییە، کە گوایە ئەو چاخەیە، کە بەرپرسی هەموو تاوانەکانی ژیاریی ڕۆژئاواو لادانەکانی سەردەمی کۆلۆنیالیزمە.

دەڵێ: بێگومان هەردوو هەڵوێستەکە هەڵەن, چونکە ڕۆشنگەری وەك هەر ئەزموونێکی دیکەی نێو مێژوو, ڕەخنەی بونیادنەری داهێناوە، نەك ڕەخنەی رووخێنەر، بەڵام پۆست مۆدێرنیزم زیادەڕەویی زۆری کردووە لە ڕەخنەگریی ڕۆشنگەریو تا ئاستی رووخاندنو هەڵتەکاندنی پەلاماری داوە، ئەمەش بێگومان کارێکی نەشیاوە، چونکە دەبێتە هۆی هەڵتەکاندنی دەسکەوتە گەورەکانی مۆدێرنیزم.

فەیلەسوفە فەرەنسیە هاوچەرخەکان لە (میشێل فۆکۆ)و (جاك دیریدا)وە بگرە تا دەگاتە (جیل دۆلۆز)و (جان فرانسوا لیوتارد) زیادەڕۆیی زۆریان بەم ئاراستەیەدا کردووە، کە ئاراستەیەکی نهێلیزمی گومانهەڵگرەو جگە لە وێرانی نەبێ هیچی لێ ناکەوێتەوە. ڕۆشنگەری لە بناغەدا نەریتێکی ئینگلیزیی تێدا بووە، بەڵام فەرەنسیەکان دەستیان بەسەردا گرتو قۆرخیان کرد بۆ خۆیانو بە دەستکردی خۆیانیان دایە قەڵەم، کە ئەمە کارێکی ناپەسەندەو دەبی شتەکان بخرێنەوە سەر ڕێچکەی خۆیانو دان بەوەدا بنێین، کە فەیلەسوفە ئینگلیزەکان لەم بوارەدا دەستپێشخەر بوون، چونکە ئەگەر جۆن لۆکو ئیسحاق نیوتن نەبوونایە, ڤۆڵتێرو دیدرۆو نەوەکانی تریشیان نەدەبوون. کەس ناتوانێ نکوڵی لە دەسکەوتەکانی شافتسبریو دەیڤید هیومو ئێدمۆند بێرگو ئادەم سمیتو زۆری دیکە بکا. جگە لەوە، ڕێ ڕۆشنکردنەوەو ڕچەشکێنیەکەش لە سەرەتادا ئینگلیزی بووە بەر لەوەی ببێتە فەرەنسایيو ئەڵمانیو ئەورووپایی. گەورەترین بەڵگەی ئەم قسەیەش ئەوەیە، کە: شۆڕشی ئینگلیز بەلای کەمەوە سەدەیەك پێش شۆڕشی فەرەنسا سەری هەڵداوە، هەروەها گەلی ئینگلیز بەر لە گەلی فەرەنسا ڕزگاریی سیاسی بەدەستهێناوەو مافەکانی خۆی دەستەبەر کردووەو کۆتایی بە دیکتاتۆریەتو تایەفەگەریو دەمارگیریی کوێرانە هێناوە. شۆڕشی دووەمی ئینگلیز، کە ساڵی ١٦٨٨ هەڵگیرساوە، بە لایەنی کەمەوە سەد ساڵ پێش شۆڕشی فەرەنسا بووە، کە ساڵی ١٧٨٩ سەری هەڵداوە.

لەبەر ئەم هۆکارە دەڵێین، کە: دیموکراتیی ئینگلتەر ڕەسەنترین دیموکراتییە لە جیهاندا، بەتایبەتی، کە شۆڕشی ئینگلیز بە شێوەیەکی بێ خوێنو ئاشتییانە سەری دەرهێناوەو مافەکانی گەلی دەستەبەر کردووەو وەکو شۆڕشی فەرەنسا خوێناوی نەبووە, هەر لە مافە تاکەکەسیو ئاینیو سیاسیەکانەوە بگرە تا دەگاتە مافی موڵکدارێتیو شوێن گۆڕکێو ڕادەربڕینو بڵاوکردنەوەو ڕۆژنامەگەریو هتد.. ئەوجا، لە پاش شۆڕشی ئینگلیز, شۆڕشی ئەمریکاش لە ساڵی ١٧٧٦دا سەری هەڵداو پرەنسیپەکانی چاخی ڕۆشنگەری بەهرەمەند کردو کڵێسەو دەوڵەتی لە یەکتر جیاکردەوەو چەمکی هاووڵاتیبوونی لەسەر بنەمایەکی نوێدا دامەزراند، کە نە پەیوەندیی بە ئاینو نە تایەفەگەریەوە هەبوو. هەروەها ئەو پرنسیپە بە ناوبانگەی چەسپاندو کاری پێکرد، کە دەڵێ: "ئاین بۆ خواو نیشتمانیش بۆ خەڵکی. پاشان دوای هەردوو شۆڕشی ئینگلیزو

شۆڕشی ئەمریکا، شۆڕشی فەرەنسا ساڵی ١٧٨٩ سەری هەڵداو ڕێچکەی ئەو دوو شۆڕشەی گرتو مافی گوزارشت لەخۆ کردنو هەڵبژاردنی فەرمانڕەوایی گێڕایەوە بۆ گەلو سیستمی پاشایەتیی کۆنی هەڵوەشاندەوە."

هیمیل گاری نووسیویەتیو دەڵێ: " ـ بەڵام ئایا کامانەن ئەو پرنسیپانەی، کە هەموو ئەم شۆڕشانەیان لەسەر هەڵایسا؟ ئەو پرنسیپانە ڕێك پرنسیپەکانی فەلسەفەی ڕۆشنگەری بوون, ئەو فەلسەفەیەی، کە بیرمەندەکانی ئینگلتەراو فەرەنساو ئەمریکا لە سەدەی حەڤدەوە تا سەدەی هەژدە پێوەی خەریکبوونو دایانڕشت.

بیرمەندی فەرەنسایی (بیرل بایل) یەکێکە لە فەیلەسوفە بەراییەکانی ڕۆشنگەری لە فەرەنسا، کە لە ساڵی ١٦٩٧, واتە لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەدا کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیی بڵاوکردەوە, تیایدا سەرجەم بیروباوەڕە ئوسووڵیە مەسیحیە کۆنەکانی ڕەخنەکردو ئەو پێشبینییەی خستەڕوو، کە چاخی داهاتوو، واتە سەدەی هەژدە، زۆر ڕۆشنایی بەخش دەبێو ڕۆژگاریش پێشبینییەکەی سەلماند، چونکە سەدەی هەژدە چاخی ڕۆشنگەری بوو بە پلەی باڵا.

زاراوەی ڕۆشنگەری گوزارشت لەو بزووتنەوە فیکرییە ڕەخنەگرانەیە دەکا، کە لە سەدەی هەژدەدا گەشایەوەو بووە هۆی پشکووتنو بڵاوبوونەوەی فیکری نوێو وەلاوەنانی فیکری کۆن.

پاشان خانمی نووسەر تێهەڵدەچێتەوەو دەڵێ: "ڕۆشنبیرانی سەدەی هەژدە خاوەنی هەستی ڕەخنەگرانەی وەها قوڵ بوون، کە ئاستی بەرزی جیهانییان هەبوو. هەروەها بڕوایان وابوو، کە مرۆڤ بەوە لە ئاژەڵ جیادەکرێتەوە، کە خاوەنی هۆشو گۆشو ژیرییەو دەتوانێ پەی بە یاساکانی گەردوون بباو بارودۆخی مادیو مەعنەویی خۆی لەسەر ئەم هەسارەیەدا باش بکا."

(کانت) دەیگوت: "پێویستە مرۆڤ بە باشی عەقڵی خۆی بەکاربێنێ, دەنا تەسلیمی تەمەڵیو وەهمو خورافەت دەبێ." ئەمانەش ئەو شتانەن، کە مرۆڤی چاخە کۆنەکانیان قەتیس کردبوو نەیاندەهێشت قۆناغی هەمەجیەتو بەربەریەت جێبهێڵێ.

هەروەها دەیگوت: "کۆپەرنیکۆسو گالیلۆو کیبلرو دیکارتو نیوتن ئەو یاسایانەیان بۆمان دۆزییەوە، کە تەحەکومی بە زەویو ئاسمانەوە دەکرد, یاساگەلێکی فیزیاویو ماتماتیکی..." ئێمەش هیچمان لە ئەستۆدا نییە، ئەوەنەبێ، کە بە شێوەیەکی باش شان بکەین بە بەریانداو بەکاریان بهێنین تا بەو جۆرە خەونەکەی دیکارت وەدی بێنینو مرۆڤ کۆنترۆڵی سروشت بکاو لە ڕێی داهێنراوو ئامرازو تەکنەلۆجیاوە ببێتە سەرداری سروشت. ئەمە ڕێك ئەو شتەبوو، کە پاشان لە داکەوتدا روویدا, واتە: پرۆژە زانستیو فەلسەفییەکەی ڕۆشنگەری بوو، کە بووە هۆی دروستبوونی سەرلەبەری ئەم ژیانە تازەیەی ئەورووپاو ئەمریکای باکوور.

لە سەدەی حەڤدەدا، پێش دەرکەوتنی چاخی ڕۆشنگەری، بیرمەندی فەرەنسایی (بیرل بایل)و بیرمەندی ئینگلیزی (جۆن لۆك), بەشداریی باشیان لە دروستکردنو پەرەپێدانی میتۆدێکی ڕەخنەگرانەدا کرد لە پێناوی هەڵوەشاندنەوەی ئەو بیرو باوەڕە مەسیحیە کۆنانەی، کە خۆیان لەسەر موعجیزەکاریو خورافات ڕاگرتبوو، نەك لەسەر زانست. پاش ئەوان فەیلەسوفەکانی ڕۆشنگەری دەرکەوتنو هەمان ڕێچکەیانگرت. لە پێش هەموویانەوە (مۆنتسکیو ١٦٨٩–١٧٥٥)ی سەرۆکی پەرلەمانی شاری (بۆردۆ)و خاوەنی کتێبی بەناوبانگی (نامە فارسیەکان ١٧٢١)، کە تیایدا زۆر بە توندی بیرو باوەڕو نەریتە فەرەنساییە باوەکانی سەردەمەکەی خۆی کوتاوەو داپڵۆسیوە.

ئەم فەیلەسوفە دەیگوت: "هەڵکشانو داکشانی ژیانی ژیارو شارستانیەکان ملکەچی یاساگەلێکە, دروست بەو جۆرەی، کە جیهانی مادی ملکەچی یاساکانی کیمیاو فیزیاو ماتماتیکە. شارستانیەتی یۆنان، کە هەڵکشا, بە هۆی کۆمەڵێ فاکتەرو هۆکارەوە بوو، کە هەڵکشانی درووست دەکرد, بەڵام پاش ئەوە, لە ژێر کاریگەریی فاکتەرگەلێکی نێگەتیڤدا، کە پەیوەندییان بە ناوخۆوە هەبوو. پلانەکە بە لاڕێدا براو تیاچوو.

شارستانیی ڕۆمانیش، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان باڵی بەسەر سەرلەبەری ناوچەی دەریای سپیی ناوەڕاستدا کێشابوو، بە هەمان شێوە، وەك هەر کام لە شارستانیەتەکانی دیکە هەرەسی هێنا. ئەگەرچی خەڵکی سەردەمەکە بڕوایان وابوو شارستانیەتێکی هەتا هەتاییو نەمرو لە رووخاننەهاتووە.

خاتوو (گێرترۆد هیمیل گاری) پاش ئەوەی بە دوورو درێژی لە کتێبەکەیدا باسی بایەخو کاریگەریی ڕۆشنگەریی ئینگلیزی دەکا، لەسەر ڕێنیسانسی ئەوروپا, فەسڵێکی گرنگی بە ناونیشانی (ئایدیۆلۆجیای عەقڵ) تەرخان دەکا بۆ ڕۆشنگەریی فەرەنسایی, هەروەها فەسڵێکی دیکەی گرنگ بە ناونیشانی (سیاسەتی ئازادی) تەرخان دەکا بۆ ڕۆشنگەری ئەمریکایی.

دەربارەی فەرەنسایەکان دەڵێ: " ـ ساڵی ١٧٤٨ وەرچەرخانێکی گرنگ لە مێژووی فیکری ئەوروپیدا رویدا بە هۆی بڵاوبوونەوەی کتێبە بەناوبانگەکەی (مۆنتسکێۆ)وە (گیانی یاساکان)، کە تیایدا سەرجەمی سیستمە سیاسیەکان شی دەکاتەوەو ئەو یاسایانە پوخت دەکاتەوە، کە سیستمی هەر وڵاتێ گری دەدەنەوە بە دابو نەریتو کەشو هەواو جوگرافیاو ئابوورییەکەیەوە. مۆنتسکیو ڕێژەیی بوونی (نسبیە) ڕژێمی فەرەنسای سەلماندو گوتی: " ـ ئەم سیستمە بە هۆی فاکتەرێکی تایبەتییەوە کەوتۆتە سەرپێو ڕەنگە بە هۆی فاکتەرێکی دیکەوە هەرەس بهێنێ, جگە لەوە ڕژێمێکی ڕەهاو هەتا هەتایە سەرمەدی نییە."

هەر مۆنتسکیو ئەوەشی گوت: " ـ کە ئەگەر دابو نەریتو کەلتوورو ئابووری ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هات، ئەوا سیستمیش دەگۆڕێ.

مۆنتسکیو لەم کتێبە بەناوبانگەیدا بە وردی باسی سێ دەسەڵاتەکەی دەوڵەت دەکا، کە دەبێ پێکەوە فەرمانڕەوایی سیستمە کۆماریەکان, یان سیستمە دیموکراتیەکان, یاخود سیستمە پاشایەتییە دەستووریەکان بکەنو بریتین لە: " ـ دەسەڵاتی یاسادانان، واتە ئەنجومەنی نوێنەرانو دەسەڵاتی جێبەجێکردن، واتە حکومەتو دەسەڵاتی دادوەری. هەر دەوڵەتێکیش جیاوازیی لە نێوان ئەم سێ دەسەڵاتەدا نەکاو ددانیان پێدا نەنێ، ئەوا ناچار بەرەو هەڵدێری دیکتاتۆریەتو زۆرداری مل دەنێ! جگە لەوە، گرنگترین سیمای چاخی ڕۆشنگەری لە شکۆمەندکردنی عەقڵدا خۆ دەنوێنێ.

جاران، لە چاخەکانی نێوەڕاستدا پیاوی ئایینی نوێنەرایەتیی فیکرو مەعریفەتی دەکردو کەس نەیدەتوانیو بوێ نەبوو ڕەخنەی لێ بگرێ، یان سەرپێچیی لێ بکا، چونکە بە ناوی دەسەڵاتی باڵاو پیرۆزەکانی ئایینی مەسیحییەوە قسەی دەکرد. بەم جۆرە خورافەتو حیکایەتی ئەفسانەییو موعجیزەو موعجیزەکاریو پشت بەخۆ نەبەستن لە نێو خەڵکیدا بڵاوبووەو تەشەنەی کرد، لەبەر ئەوە بوو، کە ئەوروپا نەزانو ئوسوڵیو هەژارو پاشکەوتە بوو، هەتا پیاوانی ئایینو کاهینەکانیش باڵیان بەسەردا کێشابوو، هەروا مایەوە. بەڵام لە سەردەمی ڕۆشنگەری بە دواوە، ئیتر پیاوی ئایینی وەك نوێنەری دەسەڵاتی باڵاو فیکرو مەعریفەت نەمایەوە، بەڵکو فەیلەسوفو زاناکان ئەم نوێنەرایەتیەیان گرتە ئەستۆ. بەم شێوەیە ئەوروپا تاریکایی چاخەکانی ناوەڕاستی بەجێهێشتو چووە نێو ڕووناکایی چاخە تازەکانەوە، ئا لەبەر ئەوە ئەو چاخە نوێیە ناونرا چاخی ڕۆشنگەری.

دواجار نووسەری (ئەو ڕێگایانەی دەچنەوە سەر مۆدێرنیزم) کۆتایی بە قسەکانی دێنێو دەڵێ: " ـ بەم جۆرە عەقڵ بووە سەرداری هەر هەڵوێستێکو کەوتە شەنو کەوکردنی سەرجەم بیروباوەڕەکان. ئەوەی لەگەڵ خۆیدا دەهاتەوە لیی گەڕاو هێشتییەوە. ئەوەشی لەگەڵ خۆیدا نەهاتەوە، مەحفی کردەوەو نەیهێشت. ئیدی فیکرە زانستیو فەلسەفیەکان بە نێو گەلانی ئەوروپادا بڵاوبوونەوەو تەشەنەیان کردو سەرەنجام بوون بە هۆی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمە کۆنەکەو دامەزراندنی سیستمی نوێ، لە پاڵ ئەوەدا عەقڵی ئەزموونگەریو زانستی، کە عەقڵێکی داکەوتی بوو، شوێنی عەقڵی خورافیو میتافیزیکیی گرتەوە، کە عەقڵی زۆر ناداکەوتی بوو. بۆیە، ئەگەر بمانەوێ هۆی باڵادەستی ئەوروپا بەسەر باقیی گەلانی دیکەی دنیادا بزانینو تێبگەین, دەبێ سەرلەبەری ئەم شتانە ڕەچاو بکەین.



● ماری مەکارتی

## (٢)

## ماری مەکارتی

### ساڵی ١٩١٨ باوكو دایکی بە ئەنفلۆنزای باڵندە مردوون

ماوەیەکی کەم، بەر لە بڵاوبوونەوەی رۆمانە ناو زراوەکەی: کە لە ساڵی ١٩٦٣دا زۆرترین فرۆشتنی هەبووە، خاتوو ماری مەکارتی بابەتێکی نووسینی بۆ (پاریس ریڤیو) ناردووە، کە تیایدا گوتوویەتی: "بێزاربووم لە گەڕانو جستوجۆ بە شوێن (خود), مرۆڤ لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیدا بە پێویستیی دەزانێ خوو بداتە خۆ پێکەوەنان. بۆیە دەکەوێتە هەڵبژاردنو دروستکردنی ئەو (خود)ەی، کە خوازیارێتی. ئەم خانمە رۆماننووسە بەناوبانگەی فەرەنسا، پاش ئەوەی، کە لە ساڵی ١٩٨٩دا لە تەمەنی ٧٧ ساڵییدا بە نەخۆشیی شێرپەنجە بە یەکجاری بارگەو بنەی خۆی پێچایەوە، نەك هەر باشترین مەقالاتی رەخنەییو بێپەردەیی زەمانی خۆی لە پاش بەجێما، بەڵکو چەندین مەقالاتی رۆژنامەوانیو (مێژوویی رۆشنبیری)و رۆمانو یادداشتنامەی پڕ لە بیروڕای بوێرانەشی لە پاش بەجێما، بگرە کەسێتییەکی ئەفسانەیی زەقبێژی توانج هاوێژیشی بۆ خۆی دروستکرد، کە پاشان بوو بە ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ئاسمانی ئەدەبی ئەمریکاییو بە هۆی (شەڕە دەنووکیو شەڕە

نووسینەکانیەوە)، بە تایبەتی لەگەڵ (لیلیان هیلمان). هەروەها بە هۆی جوانییە بێ وێنەکەی‌و پەیوەندیە سۆزداریەکانی‌و زیرەکییە زۆرەکەیەوە نێوبانگی گەورەی پەیدا کرد.

خولیاکانی ماری مەکارتی لە ئامێزی منداڵییەکی ئازارچەشتووەوە چەکەرەیان کردووە, چونکە هەر لە تەمەنی شەش ساڵییەوەی هەتیوو کەوتووەو بە جارێ باوك‌و دایکی لە دەست چووە. سەرچاوەکان وا دەگێڕنەوە، کە باوك‌و دایکی مەوکارتی ساڵی ١٩١٨ بە هۆی نەخۆشیی ئەنفلۆنزاوە گیانیان لە دەست داوە، کە رەنگە ئێستا منی کوردیش لەگەڵ ئێوەی خوێنەری ئەم چەند دێڕەی بەردەستتاندا وای بۆ بچم جۆری ئەو ئەنفلۆنزایە ئەنفلۆنزای باڵندە بووبێ.

ئەم نووسەرە پاش مردنی دایك‌و باوکی بە منداڵی کەس‌و کارەکەی گرتوویانەتە خۆیان، بەڵام رەفتاریان زۆر توندو تیژ بووەو زۆر بێ رەحم بوون.

هەر، کە تەمەنی (١٠) بووە، خەڵاتی باشترین نووسەری مەقالەی دراوەتێ. لەسەر ئەمە مامی تێرو پڕی کوتاوەو گوتوویەتی: "ـ با لە خۆی بایی نەبێ!"

کاتێکیش، کە پەنای بۆ لای نەنکی بردووە، بۆ ئەوەی کەمێ لە ﻻیدا بحەوێتەوەو ئارام بگرێ‌و ژیانێکی ئاسایی بەسەر بەرێ، نەنکی رەوانەی قوتابخانەی رەبەنەکانی کردووە.

مەکارتی لە پاش تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ خووی داوەتە گرووپە ئەدەبیە چەپەکانی نێو نیویۆرك‌و بەم مەبەستەوە دەستی بە نووسینی رەخنەی ئەدەبی کردووەو تیتر بە خێرایی بووە بە ناوێکی دیارو بەرچاوی بواری رەخنەی شانۆیی لە (باریستیان ریڤیوو). بە پاڵپشت‌و هانی نووسەرو رەخنەگر (ئێدمۆند ویلسۆن)یش، کە دووەم مێردی بووەو باوکی تاقە منداڵێتی دەستی بە رۆماننووسی کردووە. ساڵی ١٩٤٢ یەکەم رۆمانی خۆی بە ناوی (دە هاورێیان) نووسیوە. ئەم رۆمانەی لەو سەردەمەدا رەخنەی ئەوەی لێگیراوە، کە گوایە بە زەقی‌و بێ پەردە باسی سێکس‌و رووداوی نەشیاو دەکا, بە تایبەتی لەو دێڕو لاپەڕانەدا، کە تیشك دەخاتە سەر رووداوی ئەتککردنی کچێ لە ئوتۆمبێلێکدا. لە راستیدا ئەم رۆمانە (وەك رەخنەگرەکان دەڵێن گێڕانەوەو سەربووردەی ژیانی نووسەر خۆیەتی‌و هەر باسێکیش لەسەر پاڵەوانی رۆمانەکەی, باسی خۆیەتی‌و ئەم حاڵەتە بۆتە زەمینەی بابەتی هەموو رۆمانەکانی‌و بگرە نووسینەکانی تریشی. ئەم ژنە نووسەرە خاوەنی هەڵوێستی سیاسی بوێرانەش بووەو بە توندی بەرپەرچی ستالینیزم‌و شەڕی ڤێتنامی داوەتەوە.

ئەلفرید کازین لە بارەی (مەکارتی)یەوە دەڵێ:

"ـ عەقڵێکی رەخنەگرانەی رووخێنەری هەبووە. بەڵام ئەلیزابیت هاردویك دەڵێ:

" ـ زیرەکییە زۆرەکەی‌و شێوازی نووسینی تا رادەیەك قسە رەقەکانی‌و بیرورا بوێرانەکانی نەرمەقوت دەکەن.

(لیلیان هیلمان)، کە ژنە نووسەرێکی هاوسەردەمی مەکارتی بووە, کاتی خۆی لە دادگادا شکاتی لێ کردووەو داوای زیاتر لە دوو ملیۆن دۆلار قەرەبووی لێکردووە لەسەر ئەوەی لە گفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنیدا گوتبووی:

" ـ هەر هەموو ئەو بابەتانەی لیلیان هیلمان دەیاننووسێ, لە ئەلفەوە درۆن لە نێو درۆدا."

ئەوە بوو لیلیان هیلمان کۆچی دوایی کردو نەگەییە ئەوەی ئەم کێشەیە لە دادگادا یەکلایی بکاتەوە. بەڵام شتی سەیرتر لە ژیانی (مەکارتی)دا ئەوە بوووە، کە لە منداڵیدا خەوی بەوەوە دیوە، کە ببێتە رەبەن یان ببێتە ئەکتەر. مەکارتی ژنێکی زۆر شۆخ‌و شەنگ بووەو لە پشت قسە زبرو رەقەکانیەوە سیمایەکی منداڵانەی رۆمانسیی حەشاردابوو. ئەم خانمە نووسەرە لە سایەی کۆنە دیپلۆمات (جیمس وێست)دا، کە مێردی چوارەمی بووە, حەسانەوەو ئاسودەیی تەواوی بە ژیانی خۆیەوە بینیوەو باقیی تەمەنی بە گەشت‌و گەڕان لە نێوان پاریس‌و ئەمریکادا بەسەر بردووە. ساڵی ١٩٨٤ میدالیای نیشتمانیی بۆ ئەدەب‌و میدالیای (ئێدوارد ماکدویل)ی پێ بەخشراوە.

## نۆیەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژ

یەکێ لەو چالاکییە گرنگانەی، کە هێندەی بەسەردا تێنەپەڕیوە سازدانی نۆیەمین فیستیڤاڵی ساڵانەی بنکەکەمانە، کە هەر وەک هەمووان دەزانین بنکەکەمان وەک نەریتێکی ڕۆشنبیری ساڵانە دوای سازدانی هەشت فیستیڤاڵی ئەدەبی و ڕووناکبیری لە ژێر دروشمی (سلێمانی ژوانی هۆگرانی پەیڤی ئازادە) لە ڕۆژانی ٢٠-٢٦/١١/٢٠٠٥دا سازی کرد.



سەرەتا لە رۆژی ٢٠/١١/٢٠٠٥دا لە هۆڵی سلێمانی تەنیشت سەنتەری چالاکیی گەنجانو بە ئامادەبوونی بەڕێز (کۆسرەت رەسووڵ علی) لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەڕێز (عومەر فەتاح) سەرۆکی حوکمەتی هەرێمی کوردستانو خاتوو (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد)و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی سەرکردایەتیی یەکێتیو وەزیرانو نوێنەرانی حیزبو لایەنەکانو میوانداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەدیبو رووناکبیرانی فارسو عەرەبو رۆژهەڵاتو باکورو رۆژئاوای کوردستان فیستیفاڵەکە دەستی پێکرد. سەرەتای فیستیڤاڵەکە بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان بە هە رسێ زمانی کوردی، عەرەبی، فارسی کرایەوەو ئەمجا ئامادەبووان یەک دەقیقە بە بێدەنگی وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان، دواتر وتاری بنکە بە زمانی کوردی لە لایەن خاتوو (ئەرخەوان)وە پێشکەش کراو تیایدا ئاماژەی بە هەڵو مەرجی بنکەی گەلاوێژو کارو چالاکیی بەردەوامی کرد لەو ماوەیەدا. دوای ئەمەش لە لایەن مامۆستا (رەئوف عوسمان)ەوە وتاری بنکەی گەلاوێژ بە زمانی عەرەبی خوێندرایەوە. پاشان وتاری مەکتەبی سیاسیی (ی.ن.ک) لە لایەن بەڕێز (کۆسرەت رەسووڵ علی) لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیەوە پێشکەش کراو تێدا وێڕای پیرۆزبایی لە بنکەی گەلاوێژو ئەدیبو رووناکبیران بۆ سازدانی ئەو فیستڤاڵە گەورەیە، جەخت لەسەر رۆڵی رۆشنبیران لە خەباتی رزگاریخوازیی گەلەکەمان کردەوە، هەر وەک راشیگەیاند، کە پێویستە لەو ساتە وەختەشدا رۆڵیان لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەردا هەبێ، بە تایبەتی بەرامبەر هەڵبژاردنو پرسە نەتەوەییە چارەنووس سازەکاندا. بەڕێز (عومەر فەتاح) وتاری حکومەتی هەرێمی کوردستانی خوێندەوە. لە وتارەکەیدا باسی لە دەستکەوتەکانی حکومەت کرد. لە دیداری رووناکبیریو بۆ نوسەرانو هونەرماندان. پاش ئەوە وتاری بنکەکەمان بە زمانی فارسی لە لایەن خاتوو (ناهیدی حوسینی) پێشکەش کرا، ئەوجا ووتاری (اتحاد الادباء العراقيين) لە لایەن (الفريد سمعان)و وتاری بنکەش بە زاراوەی کرمانجی ژووروو لە لایەن (مامەند رۆژ)ەوە خوێندرایەوە. دوای ئەمەش بەڕێز (مەلا بەختیار) سەرپەرشتیاری فیستیڤاڵ لە وتەیەکیدا هێمای بۆ ئەوە کرد، کە ئەگەر سەرکەوتنی دیموکراسی لە هەزارەی دووەمدا بەشی رۆژئاوا بووبێ، ئەوا سەرکەوتنی دیموکراسی لە هەزارەی سێیەمدا بەشی رۆژهەڵات دەبێ. هەروەک سەبارەت بە دروشمی ڤیستیڤاڵەکە مایەی دڵخۆشییە، کە ئەمڕۆ سلێمانی خانەخوێی ئەو هەموو میوانە ئازیزانەیەو لە رۆڵی شاری سلێمانی لە بزافی رووناکبیریی کوردیدا دواو بە هەلەو مەرجی ئێستای گرێدایەوە، کە لەم ناوچەیەی حکومەتی هەرێمو یەکێتیی نیشتمانیدا هەلی فرەوان لە بەردەم رووناکبیریو ئەدیبو هونەرمەندانو میدیای ئازاد رەخساوە. ئەمەشی بە درێژکراوەی ئەو دروشمەی شاخ وەسف کرد، کە یەکێتی بە ناوی (نانو ئازادی) بەرزی کردبووەوە. بەم جۆرە، دانیشتنی یەکەمی نۆیەمی فیستیڤاڵ کۆتایی پێهاتو ئامادەبووانو میوانان بەرەو کتێبخانەی گشتیی سلێمانی کەوتنە رێو لەوێ لە لایەن (بایەزیدی مەردۆخی)ەوە پێشانگایەکی گەوری کتێب کرایەوە، کە تێیدا بە بەشداریی (١٩) دەزگای بڵاوکردنەوەو کتێبخانە شەش هەزار کتێب خرابوونە روو.



(ساڵحی نیگبەخت)ەوە، خوێندنەوەی شیعرێ لە لایەن شاعیری عەرەب (خزعل ماجدی)ەوە، شیعرێکی کەلهوڕی لە لایەن (فەریاد شیری)، خوێندنەوەی دوو شیعر لە لایەن (سالار عوسمان)و (سابیر سدیق)ەوە. لە کۆتاییدا (سەعیدی ساعیدی) شیعرێکی وەرگێڕاوی (سەید علی ساڵحی) بە ناونیشانی (مەرگی دیکتاتۆر) خوێندەوە.



ڕۆژی دووشمە (٢٠٠٥/١١/٢١) کاتژمێر (١٠)ی بەیانی (دیداری عوسمان شەیدا) بۆ شیعر دەستی پێکرد. لە سەرەتای دیدارەکەدا بە گەشتێ بە نێو پەیڤەکانی وشەدا کرۆنۆلۆژیی هەشت ساڵی ڕابوردووی فیستیڤاڵی گەلاوێژ نمایش کراو ئەم بەرهەمە لە لایەن هەردوو هونەرمەند (تایەر عبدولواحید، کامەران جەمال)ەوە ئامادەکرابوو. پاشان هەریەرک لە شاعیران (جەواد حەیدەری، دڵزار حەسەن، بڵند حەمەد، عەلی پێنجوێنی، عومەر کەریم بەرزنجی، غەمگین کۆساری، ڕەوشت ڕەشید، ئارام ناجی، ئومێد عوسمان) شیعرەکانیان خوێندەوە. دواتر ئامادەبوونی فیستیڤاڵ ئامادەی کردنەوەی پێشانگای هونەرمەند (بابک کرمچی) لە گەلەریی مۆزەخانەی سلێمانی بوون. پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژیش ئەم شاعیرانە شیعرەکانیان خوێندەوە (موزەفەر یوسفی) (ئێران)، (گۆران سدیق) (سلێمانی) (هێمن حەمە جەزا) (سلێمانی)، (محمد عبدولڕەحمان) (هەولێر)، (ماردینی ئیبراهیم) (سلێمانی)، (ئازاد مارف) (سلێمانی)، (سەبری نهێلی) (دهۆک)، (موحسین ئەدیب) (سلێمانی).



سەر لە بەیانی سێ شەممە ٢٠٠٥/١١/٢٢ دیداری (محەمەد ئۆزون) بۆ چیرۆک دەستی پێکردو هەر یەک لە چیرۆک نووسان (فەیسەل هەمەوەندی) (کەرکوک)، (خالید ساڵح) (دهۆک)، (کاوە قورەیشی) (ئێران)، (سەبا هەڵەبجەیی) (سلێمانی) چیرۆکەکانیان خوێندەوە. پاشان لە لایەن (د. مەحمود عیبادیان)ەوە باسێ بە زمانی فارسی لەسەر (فەلسەفەی هونەر) پێشکەش کراو لە لایەن (مەلا بەختیار)ەوە بە وەرگێڕانی خێرا کرا بە کوردی. پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لە سەرەتادا چەند شاعیرێکی کوردو عەرەبو فارس شیعریان خوێندەوە، کە پێکهاتبوون لە (شێرکۆ بێکەس، خەزعەل ئەلماجدی، کەریم شغێدلو سەید علی ساڵحی)، دواتر ئەم چیرۆکنووسانە چیرۆکەکانیان خوێندەوە (کارۆ شەیخول ئیسلامی) (ئێران)، (دانا فایەق) (سلێمانی)، کە (عەلی پێنجوێنی) چیرۆکەکەی بۆ خوێندەوەو (نەجات نوری) (سلێمانی). دواجار لە لایەن هەریەک لە (سابیر ڕەشید)و (سیامەند هادی)یەوە خوێندنەوە بۆ هەر سێ چیرۆکی (شەوی نەنووسینەوەی حیکایەتەکان، ئێوارەیەک بۆ خەونی مەیموون، جگەرەیەک تا مەرگ)کرا. سەر لە بەیانیی ڕۆژی چوارشەممە دیداری (هادی ئەلعەلەوی) بۆ لێکۆڵینەوە دەستی پێکردو ئەم بەڕێزانە لێکۆڵینەوەکانیان پێشکەشکرد: (د. شجاع موسلم العانی،

د. فائیق مستەفا، د. نازم عۆدە، سامی داوود). پاش نیوەڕۆش دیداری لاوان دەستی پێکردو ئەم شاعیرە لاوانە: (ئاری حامید، شەنگە جەمال، ئارام قەرەداغی، داسیار رەئوف، مەحموود ئاسۆ، ئاریان ئەبوو بەکر) شیعرەکانیان خوێندەوەو دوای پشوویەکی کورت ئەم چیرۆکنووسانەش: (سەردەشت حەمە ساڵح، موحەمەد ناکام، سەیدەوان موحەمەد کەریم) چیرۆکەکانیان خوێندەوە.



کاتژمێر ١٠ی سەر لە بەیانی ٢٤/ ١١/ ٢٠٠٥ دیداری (مەحموودی مەلا عیزەت) بۆ لێکۆڵینەوە دەستی پێکرد. سەرەتا (رەشید فندی) بابەتێکی سەبارەت بە (سەیدا ساڵح یوسفی)ی پێشکەشکرد. دواتر (سۆزان مامە) لێکۆڵینەوهیەکی بە ناونیشانی (فەلسەفەی جەستە لە رۆمانی ئەژ هژدیهای محەمەد مۆکری)دا پێشکەش کرد. پاشان شاعیری عەرەب (ئەلفرێد سەمعان) شیعرێکی خوێندەوەو دوای ئەوەش (سەلام عەبدولکەریم عەبدوللا) لێکۆڵینەوەیەکی بە ناونیشانی (تیووری دەسەڵاتخوزیی ئیسلامیو رەنگدانەوەی لە سەر بەرهەمەکانی توندو تیژیو تیرۆریی ئایینی) پێشکەشکرد.

پاش نیوەڕۆی هەمان رۆژ (د. فەرهاد پیرباڵ) لێکۆڵینەوەیەکی بە ناونشانی (گەنجە کوردەکان یەکەم پرۆژەی مەعریفی)ی پێشکەشکرد. دواتر (مەلا بەختیار) باسێکی بە ناونیشانی (ئایینو دەسەڵات لە نێو فرە نەتەکاندا) پێشکەشکرد. لە درێژەی دیداری (مەحموودی مەلا عیزەت)دا، بۆ لێکۆڵینەوە، سەر لە بەیانیی رۆژی ٢٥/ ١١/ ٢٠٠٥ (عەزیز رەئوف) بابەتێکی بە ناونیشانی (کۆمەڵە لە بەردەم هەڕەشەی تیرۆردا) پێشکەشکرد. پاشان گفتوگۆ لەسەر بابەتەکە کرو کاتژمێری ٣ی پاش نیوەڕۆش وەکو میوان (مومتاز حەیدەری) بابەتێکی پێشکەشکردو پاش پشوویەکی کورت مونازەرەیەک بۆ (د. رەفیق سابیرو هاوژین مەلا ئەمین) رێکخرا. مشتومڕێکی زۆر لەسەر بابەتەکە کراو کاتێکی زۆری خایاند.

کاتژمێری ٣ی پاش نیوەڕۆ خەڵاتەکانی نۆیەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژدا بەشکران، کە بەم جۆرەی لای خوارەوە بوو.



خەڵاتی یەکەم بۆ شیعر:

١-ماردین ئیبراهیم

٢-رەوشت رەشید

خەڵاتی دووەم بۆ شیعر:

١-ئازاد مارف

٢-هێمن حەمە جەزا

خەڵاتی سێیەم بۆ شیعر:

١-گۆران سدیق

٢-موحسین ئەدیب

لیژنەی هەڵسەنگاندنی بەرهەمە شیعرییەکان پێکهاتبوون لە: (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، هاشم سەڕاج، عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا).

١- خەڵاتی یەکەم بۆ چیرۆک (دانا فائیق)

٢- خەڵاتی دووەم بۆ چیرۆک (نەجات نووری)

٣- خەڵاتی سێیەم بۆ چیرۆک (کاوە قورەیشی)

لیژنەی هەڵسەنگاندنی چیرۆکەکانیش: (تەئوف بێگەرد، شێرزاد حەسەن، سابیر رەشد بوون).

١- خەڵاتی یەکەم بۆ لێکۆڵینەوە (د. فەرهاد پیرباڵ)

٢- خەڵاتی دووەم بۆ لێکۆڵینەوە (سەلام عەبدولکەریم)

٣- خەڵاتی سێیەم بۆ لێکۆڵینەوە (عادل محەمەد پوور)





لیژنەی هەڵسەنگاندنی لێکۆڵینەوەکانیش پێکهاتبوون لە (شاهۆ سەعید، سابیر بۆکانی، دڵشاد عەلی).

شایانی باسە، لە هەموو رۆژەکانی فیستیڤاڵدا بڵاوکراوەیەکی رۆژانەی تایبەت بە فیستیڤاڵەکە بڵاوکرایەوە، کە بە فرەوانی باسی لە چالاکییەکانی فیستیڤاڵەکە لە هەر یەکە لە رۆژەکاندا کرد.

بەم چەشنە کۆتایی بە فیسڤیاڵی نۆیەمی گەلاوێژ هات، کە دەتوانین ئەم فیستیڤاڵە بە کەرنەڤاڵێکی رۆشنبیریی وێنە دەگمەن لە مێژووی گەلەکەماندا، کە لە هەموو لایەکانەوە هاتبوون. بۆ یەکەم جارو بە چەندیە زمانو بە چەندین دەنگی جیا جیا بابەتی هەمەڕەنگی تیادا پێشکەش بکەن.

## پێنجەمین کۆنگرەی
## بنکەی گەلاوێژ

یەکێکی دیکە لە دیارترین چالاکییەکانی ساڵی پاری بنکەکەمان، کە دوا بە دوای ڤیستیڤاڵەکە ئەنجام درا، پێنجەمین کۆنگرەی بنکە بوو. لە ژێر دروشمی (وەرچەرخان بەرەو رووناکبیریی جیهانی)، کە لە رۆژی شەممە (٢٤/ ١٢/ ٢٠٠٥) لە هۆڵی دیالۆگی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان سازدرا، کە سەرەتا لە بەیانییەکەی (مەلا بەختیار) لێپرسراوی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان تەواوی پشتگیریو هاوکاریی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکانی بۆ بەرەوپێشبردنی بنکە نیشاندا، پاشان لە لایەن دەستەی کارگێڕیی پێشوو باس لە کارو چالاکییەکانی خولی دوو ساڵی پێشوو کراو دەستەکە هەڵوەشاندنەوەی خۆیانیان راگەیاند. پاش نیوەڕۆش بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی بنکەو دادوەر (گەشاو موحەمەد ئەمین) هەڵبژاردنێکی دیموکراتییانە بۆ دەستەی نوێی کارگێڕیی بنکە سازداو چەندین کارمەند خۆیان کاندی کرد. لە ئەنجامدا بە زۆرینەی دەنگەکان ئەم بەڕێزانە بۆ دەستەی کارگێڕیی نوێی بنکەکە هەڵبژێردران:

١- یاسین فەتاح سەعید (سەرۆک) (١٠٢) دەنگ

٢- کاوە عەزیز (جێگری سەرۆک) (٩٦) دەنگ

٣- سابیر سدیق (سکرتێری رووناکبیری) (٩٥) دەنگ

٤- ئەرخەوان رەسووڵ (کە وازی لە بنکە هێنا) (٧٥) دەنگ

٥- عیرفان ئەحمەد (سکرتێری ئیداری) (٧٤) دەنگ

٦-حەمیدبانەیی (سکرتێری پەیوەندیو راگەیاندن) (٦١) دەنگ

بەم چەشنە بنکەکەمان ئێستا خۆی لە بەردەم قۆناغێکی نوێو کۆمەڵێ ئەرکو چالاکیی نوێدا دەبینێتەوە، کە وای لێ چاوەڕوان دەکرێ تەوژمو گوڕو تینێکی نوێی تێ بکەوێو لەم خولەدا لە هەر روویەکەوە گۆڕانکاریی باشترو چالاکیی فرەوانتی بە ئەنجام بگەیەنرێ.



وێنەیەک بەپێنوس: کاوە عەزیز

## سەلام مستەفا سنووری بێ فیزی دەبەزێنێ

لە هەشتاکاندا، ئەو کاتەی گوێم لە کەمال محەمەدی گۆرانی بێژ بوو، کە گۆرانیی (خەمی شەو)ی دەوت، بە عەشقەوە گوێم لێدەگرتو لەگەڵ ئەوەشدا خولیای ئەوە بووم بزانم ئەم شیعرە هی کێیە؟ وا رێکەوت لە (کەمال)ی هونەرمەند بپرسم. ئەویش وتی: "شیعری سەلام مستەفایە." ئیدی لە هەوڵی ئەوەدا بووم شیعرەکانی بخوێنمەوە. دوایی (پەرەسێلکەی سپی)و (کۆماری نان)م خوێندەوە، بە راستی لە کاتی خوێندنەوەیدا زۆر دەترسام، چونکە زەنگێکی خەتەرناکی تێدابوو! لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ خۆیدا گرانی هێنا. لە هەموو بەرهەمی شاعیرێکدا جۆرێ لە هەڵچوونو نیشتنەوە بەدی دەکرێ. ئا لەو دەلاقەیەوە دەتوانم بڵێم: وەکو بەرهەمی شیعری لە نەوەکەی خۆی هیچی کەمتر نییە، لەو رووەوە توانیوێتی قۆناغێکی باش ببڕێ. لەگەڵ ئەوەشدا کاک (سەلام) تەنها شاعیر نییە وەک (دەقی شیعری)، وەلێ بە خەمی شیعرەوە دێ کاری رۆژنامەنوسی دەکا! وەرن مێژووی رووناکبیری هەڵەبجە بنووسنەوە، بزانم دەتوانن ناوی ئەو نەبەنو بڵاوکراوەی ٣/١٦ بسڕنەوە؟!

نکوڵی لەوەش ناکرێ، کە لە بواری رۆژنامەنووسیدا دەست رەنگینەو خەمنووسێکی بە توانایە. بەدەر لە شیعرو رۆژنامەو خەت خۆشی. ئەوەتا زنجیرەی تەلەفزیۆنیی (گوڵەکانی ماڵئاوا)ی نووسیودو خۆیشی سیناریۆی بۆ داناوە. لە لای ئەو تەنها شیعرو کاری رۆژنامەنووسی دیاردە کۆمەڵایەتی‌و بەها مێژووییەکانی نانووسێتەوە. بۆیە، پەیی بە هونەرێکی گەورەی وەك دراما بردووەو لەو دەرگا گەورەیەی داوە. ئیدی نازانم رێی دەکەن بچێتە ژوورەوە؟ من پیاهەڵنایەم، بەڵام دەزانم زۆرجار ئەم زاتە وەك خۆی ناناسرێ، خەڵکانێ هەن ناگەنە ئاستی ئەو، لەبەر بێ فیزی‌و رۆح سووکیی خۆی زەفەری پێدەبەن، کەچی سەیرە، تا ئێستا نەمبینیوە لەو حاڵەتە تورەبێ، لەوە دەچێ چاوەڕوانیی بێژنگی زەمەن بکا! زۆربەی شیعرو بەرهەمە رۆژنامەوانیەکانی ئەوم خوێندووەتەوە. وا دێتە بەر چاوم، کە سۆفیەکەو موڵکی نییەو ناشبێتە موڵکی کەس. زۆرجار بە پەستی‌و بێزاری بینیومە، بەڵام تەمەڵی نەکردووەو چا[illegible]انە کاری کرد[illegible]. لەگەڵ ئەمەشدا هەر داماویی پێوە دیارە، خۆزگە وەك سەری ئەم داماوییەی رەش دەکردەوە.

---